گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، ژمارە (٣٧) هاوینی ٢٠٢٢

بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم

٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٢٢٦٢٧٦٦٤
tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین: عادل سدیق

بەڕێوەبەری هونەریی: ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاری یاسایی: بەکر حەمەسدیق

**دەستەی نووسەران**

د. ئیسماعیل بەرزنجی

ڕێدار ئەحمەد

ئیسماعیل تەها

د. مەریوان حەمەدەروێش

د.حسێن محەمەد ئیبراهیم

**دەستەی ڕاوێژکاران**

پ. د.موحسین عەبدولحەمید

پ. د. سەباح بەرزنجی

پ. د. عوسمان هەڵەبجەیی

پ.ی. د. عوسمان عەلی

پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی

م.ی ئیدریس سیوەیلی

سایتی گۆڤاری خاڵ
www.xallkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار

# ناوەڕۆک

تەوەری ژمارە:


بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستان و میکانیزمەکانی گۆڕانکاری — نازم عەبدوڵڵا ٥
ئیسلامییەکان پێویستیان بە گۆڕینی میکانیزمە — محەمەد ڕەئوف محەمەد ١٧
پڕۆسەی پەروەردە وەك مانیفێستۆی چاکسازیی کۆمەڵگە — بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ ٤٠
ڕۆڵی میدیای ئاڕاستە ئیسلامیی لە چەسپاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستاندا — د. یەحیا عومەر ڕێشاوی ٥٣
عادل باخەوان: تەنها دەرگایەك بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی، ئیسلامە — ئیدریس سیوەیلی ٦٣
پێگەی پارتە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا — ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی ٨٢
ڕێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکان; ژیانەوە و بوونیاتنان (ڕابیتەی مرۆیی و بەخشین بەنموونە) — هەژار حاتەم ٩٧
نەبوونی هۆشیاریی ڕەخنەیی و پەنگخواردوویی گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستان — د. یادگار لەتیف شارەزووری ١٠٩
هەڵسەنگاندنێك بۆ بەشداری ئیسلامییەکان لە حکومەتەکانی هەرێم — پ.د.ڕەعد ڕەفعەت محەمەد ١١٤
گفتوگۆی نووسەرانی عەلمانی لەسەر چەند پرسێکی ئیسلامی سیاسی — د.عوسمان عەلی ١٢٢
گەشەکردن و خەسڵەتەکانی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان — پ.د.ئاراس محەمەد صاڵح ١٣٤
چی بکەین؟ — د. ئیدریس کاریتانی ١٤٢


بابەتی گشتی:


مەولانزادە ڕەفعەت بەگ — د.هێمن عومەر خۆشناو ١٤٨
حەسەن فەهمی بەگی جاف لە زاری هۆشمەند جافی کوڕییەوە — ئا: عادل صدیق ١٥١
ڕەوشی خوێندنەوەی کتێب لە هەرێمی کوردستان — کۆمەڵێك نووسەر ١٥٧
دەستنووسی زانایانی کورد لە کتێبخانەی دائیرەتولمەعاریفی گەورەی ئیسلامی ئێران لە تاران — کاروان عوسمان خەیات «ڕێبین» ١٧٨




تەوەری داهاتوو

## لادانە سێکسییەکان و گرفتی جێندەری
# لە نێوان زانست و بەرژەوەندیدا

بەر لە زیاتر لە سەدەیەک و دوای کاڵبوونەوەی هەژموونی ئایین بەسەر کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانەوە زانستی دەروونناسی وەک جێگرەوەیەکی ئایین هاتە مەیدانەوە، توێژینەوە و تیز و بۆچوونی زانایانی بوارەکە وەک بەڵگە و سەلمێنراو نیشان دران، ئەمە لەکاتێکدایە کە زانستی هاوچەرخ پرسیاری بە ئایدیاکردن و کەوتنەژێر کاریگەریی بەرژەوەندی ئابووریی و سیاسی لەسەرە، سەرەڕای ئەوەی گیانی ماددیگەرایی و کاریگەری شارستانێتی هاوچەرخ سەرتاپای گرتووە، لێرەوە دەپرسین:

- گرفتی جێندەری لە ڕووی زانستییەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟ حەقیقەت و سروشتی چۆنە؟
- ئایا لادانە سێکسییەکان نەخۆشین یان حاڵەتی ئاسایین؟ ڕای ناوەند و توێژینەوە جیاوەرەکان چییە؟
- خودی زانستی دەروونناسی بە لق و قوتابخانە جۆراوجۆرەکانییەوە ڕۆڵی چی بووە لەو کێشەیەدا؟
- ئایا ئەنجامی هەندێک لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی بەشەکی(جزئی) بۆ مەرامی سیاسیی و ئابووری بەکارنەهێنراون؟
- گرنگترین ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی دەروونناسی هاوچەرخ دەکرێن بەتایبەتی دەرونشیکاری فرۆیدی چین؟
- ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لەبرەوپێدان یان ڕەتکردنەوەی ئەو دیاردەیەدا چییە؟
- تا چەند کۆنگرە و کۆڕبەندە جیهانییەکان کاریگەرییان لەسەر فەرزکردنی ئەو کلتوورە بەسەر وڵاتانی جیهاندا هەیە؟
- ڕۆڵی دەسەڵات و حکومەتە پاشکەوتە و لاوازەکان لە پەرەپێدانی ئەو کلتوورەدا بۆ مانەوەیان چییە؟
- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

تەوەری ژمارە

# ڕێکخراو و گرووپە ئیسلامییەکان

## لە کوێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدان

ئیسلام لەناو کورددا ئاینێکی لەمێژینەیە و کاریگەریی بەسەر گشت جومگەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بەم پێکهاتەی ئێستایان نوێن و تەمەنیان لە چەند دەیەیەک تێناپەڕێت.

سەرەتای هاتنیان بە نامۆ پیشاندرا، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا نامۆبوونی خۆیان ڕەواندەوە، جێگە دەستی خۆیان لە بوارە جیاوازەکاندا دیاریکرد، کەچی بەتێپەڕبوونی کات خاوبوونەوە و بە هێواشتر لە جاران دەبزوان. کەواتە دەکرێت توێژینەوە لەسەر سەرهەڵدان و هەڵبەز و دابەز لە کاروانەکەیاندا بکرێت:

تائێستا چەندە خزمەتیان بەم کۆمەڵگەیە کردووە؟ چەندیش جێگەی ئومێدن؟ ئایا دەتوانن ببنە بەدیل؟ بۆ نەیانتوانیوە بچنە ناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە؟ کێشە ناوخۆییەکانیان چەندە کاریگەریی نەرێنی لە سەر دروستکردوون؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە، ڕوومان لە کۆمەڵێک شارەزا و نوسەر و توێژەری بەڕێز نا، تا توێژینەوەیان لە سەر بکەن و بەرچاومان لەبارەیانەوە ڕوونکەنەوە.

ئەوانیش بە سوپاسەوە کۆمەڵێک بابەتی گرنگیان بۆ نوسین، ئێمە لەم ژمارەیەی گۆڤاری(خاڵ)دا دەیانخەینە ڕوو، بەهیوای ئەوەین خوێنەران خۆیان بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان بدەن.

گۆڤاری خاڵ



نازم عەبدوڵڵا

# بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستان و میکانیزمەکانی گۆڕانکاری

**بزاڤی ئیسلامی: هەموو ئەو بزوتنەوە و جموجوڵ و قوتابخانە ئیسلامییە ڕەسەنانە ئەگرێتەوە، لە گۆڕەپانی کوردستاندا مێژوویەکی نزیك، یان دووریان لە بانگەواز و پەروەردە و کار و خەبات و خزمەت بە ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامی کوردستاندا جێگە دەستیان دیارە.**

**میکانیزم: هەموو ئەو ئامڕاز و هۆکارە جۆربەجۆرانە ئەگرێتەوە، لە قۆناغ و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بزاڤە: ئیسلامییەکان بەکاریان هێناوە، یان ئەبوو بەکاری بهێنن، بەڵام بۆیان نەکراوە، یان کەمتەرخەم بوون لەئەنجامدانیاندا.**

### مەبەست لە گۆڕانکاری؟

بریتیە لە میکانیزمەکانی کارکردن و دونیابینی و گوتارەکانی ئەو بزاڤانە کە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا لەسەری ڕۆیشتوون و ئێستاش پێوەی پابەندن، لەکاتێکدا ئەبوو بەپێی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگار گۆڕانکارییان تێدا بکات، هەروەکو گۆڕانکاریی و خۆگونجاندن لە گەڵ ژینگەی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکاندا تایبەت نیە بە پارتێک، یان بزاڤێکی ئیسلامی دیاری کراو، بەڵکو هەموو ئەو پارت و تەوژمانە ئەگرێتەوە لەو ژینگەیەدا کار دەکەن.

### سروشتی گۆڕانکاری:

گۆڕانکاری بریتییە لە پلان و بەرنامە و میکانیزمی بزاڤە ئیسلامییەکاندا، هەروەها گۆڕینی شێوازی کاری پێشوویان و گواستنەوەی گۆڕەپانی ململانێ و کێبڕکێکان بۆ دەرەوەی گۆڕەپانی ئیسلامییەکان، بۆیە ئەم هەنگاوە ئەگەر پلان و بەرنامەی توندوتۆڵیان لە پشتەوە بێت و بە ستراتیجییەتێکی باشترەوە سیاسەت و حیزبایەتی بکرێت، دەستپێکی بیرکردنەوەی باشە و پێ ئەخەنە قۆناغێکی ترەوە و ئەچنە ئاستی پارتە خاوەن جەماوەر و پێگە فراوانەکانەوە، ئەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت گۆڕانکاری نابێ تەنها بۆ نەوەیەک بێت و ڕۆژ و مانگی بۆ بژمێردرێت، گۆڕانکاری گەورە پلان و بیندرێژیی و ئارامی زۆری ئەوێت، هەروەکو کۆڵنەدان و پلانی بەردەوامی ئەوێت، هەرکات پلانێک شکستی هێنا پلانی بەدیل بخرێتە پێش چاو، سروشتی گۆڕانکاری وایە کاتێک بیرۆکەیەک ئەخرێتە پێش چاو هەندێک لەوانەی دژ بە گۆڕانکارین بۆئەوەی لە بەهای کەم بکەنەوە و لە پێش چاوی خەڵکی ناشیرینی بکەن ئەڵێن: هیچی تازەی تێدا نیە پێشتر بیستومانە، **(لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَذَا إِنْ هَذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ)** الانفال: ٣١. لە قۆناغی دووەمدا بۆئەوەی لەباری بەرن، تۆمەتی بۆ هەڵئەبەستن و ئەڵێن ئەملاولا دەستیان لە پشتی داوە، یان ئەڵێن خەڵکی بە گوێیاندا چپاندووە.

### چ کاتێك دەست بە گۆڕانکاری بکرێت؟

ئەگەر ئەم پرسیارە تایبەت بێت بە یەکێک لە بزاڤە ئیسلامییەکانەوە ئەوە ئەبێ دڵسۆزان و مشوورخۆرانی ئەو بزاڤە وەڵامی بدەنەوە، بەڵام ئەگەر ڕووی لە کۆی گشتی تەوژم و بزاڤەکە بوو، ئەکرێت بە بەشداری نوێنەرانی لایەن و تەوژمە ئیسلامییەکە لە سیمینارێکدا وەڵامی بدەنەوە، هەندێک کات لەبەرئەوەی بزاڤە ئیسلامییەکان خۆیان بە کەمتەرخەم نازانن، یان ئامادە نین دان بە کەموکورتییەکانیاندا بنێن، لەوکاتەدا باشتر

وایە کەسانی تر وەڵامبدەنەوە، وەڵامی پرسیار گەلێکی وەکو: گۆڕانکاری میکانیزمی حیزبایەتی و چۆنیەتی پێکەوە بوون، یان چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنەکان، یان ڕای لایەنەکان لەسەر فرەلایەنی ئایینی و سیاسی، ئەبێ پێش فیقهی فەرەزی کە لەناو کتێبەکاندا باسکراوە خۆیان لەچوارچێوەی فیقهی سەردەمدا وەڵامی ئەو پرسیارانەیان لا گەڵاڵە بوو بێت.

## سازاندنی ژینگەی لەبار بۆ گۆڕانکاری:

گۆڕانکاری ئەبێ بە وریاییەکی زۆر و پاش لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و مەیدانی ئەنجام بدرێت و زەمینەسازی باشی بۆ بکرێت، ئەگەر هەروا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بێ هەڵوێستەکردن ئەنجام بدرێت زۆرجار زیانی زۆر بەدوای خۆیدا ئەهێنێت، کاتێکی زۆریشی ئەوێت تا قەرەبووی زیانەکانی ئەکرێتەوە، لەلایەکی تریش گۆڕانکاری ئەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەباتی هاندان بۆ گۆڕانکاری زیاتر دەوروبەر سارد ئەکاتەوە و جورئەتی هەنگاونانیان لاواز ئەبێت، بۆیە زۆرجار کار و پرۆژەی نوێ پێش ناحەز و نەیارەکانی، لەسەردەستی دۆست و بانگەشەکارانی لە گۆڕ ئەنرێت.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت هەرکات گۆڕانکاری بەشێوەیەکی سروشتی کاتی هات و ژینگەی لەبار بوو شکست و لەمپەرەکان ڕێگەی پێناگرن، وەکو ئەو گیایەی لە بەهاردا سەوز ئەبێت، لەبەرئەوەی کاتی خۆیەتی هەرچەند مەڕوماڵات بیخوات و خەڵکی هەڵیکەنێت، لە شوێنێکی ترەوە سەر هەڵئەدات و لە جووڵەی سروشتی خۆی ناکەوێت.

تەوەژمی ئیسلامی کوردستان لە نەوەدەکانەوە تا ئێستا ناوبەناو هەندێک گۆڕانکارییان لە ناو و دروشم و پێکەوەژیان و قبوڵکردنی ئەوانی تردا کردووە، بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی ساڵی ١٩٩٤ لە ئیخوانەوە ناوی خۆیان گۆڕی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، یان یان دووپارتی ئیسلامی کە بزوتنەوەی ئیسلامی و بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی بوو ناوەکانی خۆیان گۆڕی بۆ بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، پاش دوو ساڵ ئەو ناوەش گۆڕا و کرا بە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢١ جارێکی تر کۆمەڵی ئیسلامی ناوی خۆی گۆڕی بۆ کۆمەڵی دادگەری، هەروەها ناوبەناو هاوپەیمانی و کاری هاوبەشیان لەگەڵ لایەنە نیشتیمانی و سیکۆلارەکاندا کردووە، ئەم گۆڕانکارییانە وەڵامێک بوون بۆ ئەو قۆناغانە.

لەلایەکی تریشەوە ئەو گۆڕانکارییانە لەبەرئەوەی زۆر جەوهەری نەبوون، نەبوون بەهۆی بەرەوپێش چوون، یان بەربەستێک لەبەردەم سەرهەڵدنی هەندێک لە کێشە نێوخۆییەکان، هەروەکو یەکێک لە دیارترین سیماکانی گۆڕانکاری ئەوەیە سەرکردایەتی

و کادێرەباڵاکانی ئەو بزاڤە لەچوارچێوەی گۆڕانکارییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گۆڕانکاریدا پلان و بەرنامەی ستراتیجییان هەبێت، هەروەها هەموو پێکەوە هەنگاو بنێن بۆ بەدەستخستنی ئامانجەکان، ئەم جۆرە گۆڕانکارییەش کێشە نێوخۆییەکان ناهێڵن، ئەوکاتە چاوەکان هەموو لە سەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانی دەرەوەی حیزب ئەبێت، بەڵام کاتێک بڕیارەکان تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوون، یان بەشێک لەوانەی نەیارن بە گۆڕانکاری تەسلیم بە ئیرادەی زۆرینە نەبن، ڕێگەنادەن کاری یەک تیمی لەناو حیزبدا سەربگرێت و ئەبنە بەربەست لەبەردەم حیزبدا وەکو تیمێک هەموو پێکەوە بەیەک ئاڕاستە بەرەو ئامانجەکان هەنگاو بنێن.

## چەند نموونەیەك لەسەر دەستنیسشان کردنی خاڵی لاوازی بزاڤە ئیسلامییەکان:

ساڵی ١٩٩٦ لە میسر حیزبی وەسەت لە بزوتنەوەی ئیخوان جیابوونەوە کە پارتێکی ئیسلامی ناسراوە، دەستەی دامەزرێنەرانیان لە (٢٠٠) ئەندامی جۆراوجۆر پێکهێنا کە کەسانی وەکو د.محەمەد مەسیری بیرمەندی میسرییان لەناودا بوو، هەروەها (٧) کەسیان قیبتی بوون، دوای ڕووخانی حوسنی موبارەک چوونە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١، کە لە میسر ئەنجامدرا، ئەوان لەو هەڵبژاردنەدا تەنها (١٠) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا (پێگەی حیزبی وەسەتی میسری) لەبەرانبەردا ئیخوان و سەلەفییەکان ( ٢٢٣ ) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، لەکاتێکدا پارتی وەسەت چاوییان بڕیبووە پشتیوانی هەموو خەڵکی میسر بە قیبتییەکانیشەوە، خۆیان بەهی هەموو خەڵکی میسر ئەزانی، بە هەموو پێوەرەکانی خۆیان ئەبوو ئەوان کورسی زۆر بەدەست بهێنن، بەڵام پێش بینییەکەیان وادەرنەچوو، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستەکە ئەوە بوو لەو هەڵبژاردنەدا ململانێیەکی توند لە نێوان هەرسێ باڵی ئیخوان و سەلەفییەکان و حیزبی وەسەتدا دروست بوو، لەڕێگەی بانگخوازەکانیانەوە و لەناو جەماوەردا لە بەرانبەر پارتی وەسەتدا خۆیان بە پارێزگاری ئایین و پابەندی زیاترییان بەئاینداریيەوە پیشان ئەدا، هەردوولایەنی سەلەفی و ئیخوان هەوڵیان ئەدا بە جەماوەرە ئیسلامییەکەی بسەلمێنن هەریەکەیان لەویتریان پابەند ترە بەئاینداریيەوە، هەردوولاشیان کاریيان لەسەر حیزبی وەسەت ئەکرد و جەماوەرەکەیان لێ سارد ئەکردنەوە و تۆمەتباریان ئەکردن بەوەی پابەندی ئاینییان لاوازە، حیزبی وەسەتیش وەکو پارتێکی تازەی سەر گۆڕەپانی سیاسی، بەو هەموو کرانەوەیەی کە بانگەشەیان بۆ ئەکرد، نەیانتوانی گۆڕەپانی ململانێ بگوازنەوە بۆ گۆڕەپانی پارتە سیکۆلارەکان و ڕای ئەوان بەدەستبهێنن، دیسانەوە ئەوانیش مەیدانی کێبڕکێیان گۆڕەپانە ئیسلامییەکە بوو، لەلایەکی تریشەوە بەهەندێک لە هەنگاوە تازەکانیان کەلێنیان خستبووە نێوان خۆیان

و جەماوەرە ئیسلامییەکەوە، هەروەها ناو و دروشمی ئیسلامی کەرەستەی کێبڕکێی لایەنە ئیسلامییەکان بوو ئەوان لەدەستیاندابوو لەهەمانکاتیشدا کەوتبوونە ململانێ و کێبڕکێی لایەنە ئیسلامییەکان و ڕاکێشانی دەنگی جەماوەرە ئیسلامیەکە بۆ خۆیان، ئەمەش بوو بەهۆی لەدەستدانی بەشێک لە جەماوەرەکەیان. پارتی وەسەت ئەبوو پلانیان وا بوایە لەلایەک کار بکەن بۆ پاراستنی پێگەیان لەناو جەماوەرە ئیسلامییەکە و ئەوانیان مسۆگەر بکردایە، لەلایەکی تریش بۆ ڕاکێشانی سەرەنجی جەماوەرە خۆڵەمێشی و غەیرە ئیسلامییەکان لە گۆڕەپانی سیکۆلارەکاندا کاریان بکردایە، بەڵام ئەوان ململانێکەیان لە چوارچێوەی جەماوەرە ئیسلامییەکەدا هێشتەوە، نەشیان توانی جەماوەرە گشتی و سیکۆلارەکان لە خۆیان نزیک بکەنەوە.

**زۆرجار کار و پرۆژەی نوێ پێش ناحەز و نەیارەکانی، لەسەردەستی دۆست و بانگەشەکارانی لە گۆڕ ئەنرێت.**

پارتی وەسەت وایان حیساب کردبوو جەماوەرە ئیسلامییەکەیان مسۆگەرە، بەڵام ئیخوان و سەلەفییەکان بە گوتارە ئیسلامییەکەیان کارییان لەسەر کردبوون و ئەوانیان بە جوداخواز و دوورکەوتنەوە لە ئیسلام و لادەر تۆمەتبار دەکرد، جەماوەری ئیسلامیش وەکو پوختەیەکی ڕۆشنبیر لە ئەجیندا و پلانی پارتی وەسەت تێنەگەیشتوون، بەڵکو واتێگەیەنرابوون، مادام هیچ ناو و ناونیشانێکی ئیسلامیان پێوە نیە، لە ئیسلام دوورکەوتوونەوە، خۆ خەڵکی ئاگایان لە نیەت و دڵی ئەوان نیە، نازانن ئەوان لە بازنە ئیسلامییەکەدا ماون و پابەندن بە بنەما نەگۆڕەکانییەوە، یان ئەوان نازانن نەبوونی ناونیشانی ئیسلامی هیچ زەرەرێکی نیە و زیان بە ناوەرۆک ناگەیەنێت، بۆیە بە نەبوونی پلانی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قۆناغە زەرەری زۆرییان کرد، هەروەکو ئەبێ لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین و لە خۆمان بپرسین کاتێک جەماوەری ئیسلامی وەکو پێویست لە مەبەست و گوتاری بزاڤە ئیسلامییەکان تێناگەن، ئەی کۆی گشتی خەڵکی و جەماوەری لایەن و بزاڤە ناسیۆنالیستی و سیکۆلارەکان چۆن لە گوتار و مەبەستەکانمان تێ دەگەن؟!

له هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆمەڵی دادگەری لەکوێی پارتی وەسەت ئەچێت؟

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان کۆمەڵی دادگەری لە هەرێمی کوردستان و پارتی وەسەتی میسریدا هەیە، بۆ نموونە: کۆمەڵ سەرکردایەتی و سەرۆک و بانگخواز و ئەندام و کادیرەباڵاکانی و بنکە و بارەگاکانیان هەر هەمان ئەوانەن پێش لێکردنەوەی پاشگری ئیسلامی هەیانبووە، هەروەها خاوەن مێژووی جیهاد و بەرخوردانن، پاشان زیاتر لە بیست ساڵ تەمەنی هەیە و درێژەپێدەری دووپارتی ئیسلامی پێشووە، بەڵام لەوانەیە لە کێبرکێی هەڵبژاردندا، لێکچوونێک لە قۆستنەوەی لایەنەکانی تر لەسەر لێکردنەوەی پاشگری ئیسلامی لەلایەک و هەندێک گوتاری سەرکردایەتی سیاسی کۆمەڵدا هەبێت، هەروەها پڕوپاگەندەی نەیارەکانی گۆڕانکاریی لە ناوخۆ و دەرەوە کاریگەرییان لەسەر جەماوەری کۆمەڵ هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە و بۆ بەرچاوڕوونی هەندێک تێبینی و نموونە ئەهێنینەوە، ئەگەر ئەنجام بدرانایە لەوانە بوو ئەو گرفت و لەمپەرانە نەهاتنایەتە پێش، یان لە ئەگەری بوونیاندا کاریگەرییەکی زۆریان نەبوایە، هەرچەند دەنگ کەم هێنانی کۆمەڵ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە٢٠٢٢، بەشێکی پەیوەندی بە ئاگادار نەبوون لە یاسای هەڵبژاردن و پلانی هەڵبژاردن و هەلومەرجی ترەوە هەبووە، لەهەمانکاتیشدا هەندێک ئەڵێن لێکردنەوەی پاشگری ئیسلامی خەڵکانێکی نیگەران کردووە...

## چەند سەرەنجێك سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵی دادگەری:

### سەرەنجی یەکەم: پلان و گوتارو پەیوەندییەکان:

سەرکردایەتی سیاسی کۆمەڵ دەبوو پێش گۆڕانکارییەکان بەتایبەت پێش ناوگۆڕین گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی بێوچانی لەگەڵ سەرکردایەتی و خاوەن ڕەئی و کادیری باڵا و ئەندامان و جەماوەرەکەی و شارەزایانی سەرگۆڕەپانەکەدا بکردایە، دوای ناوگۆڕینیش پلان و ئەجیندای تایبەتی بە گۆڕانکارییەکان و ئامانجییان لە گۆڕانکارییەکان و ناوگۆڕین ڕوون بکردایەتەوە، ئەمەش وایئەکرد ئەو باوەڕەی پێشتر خەڵکی بەسەر ڕاستی و دینداری کۆمەڵ و پارێزگاری لە دینداریی و بنەما و بەها بەرزە ئیسلامییەکان هەیان بووە، بەهۆی هەندێک پڕوپاگەندەوە متمانەیان لەق نەبێت، هەروەها ڕوونیان بکردایەتەوە گۆڕانکارییەکانی ئێمە بەشێکی بۆ دوورکەوتنەوەیە لە ململانێی و کێبرکێی گۆڕەپانە بەرتەسکە ئیسلامییەکە کە بە ڕێژەی ١٧٪ هەژمار دەکرێت، بەڵکو ئەمانەوێت بچینە گۆڕەپانەکەی تر کە جێهێڵراوە بۆ پارتەکانی تر کە بە ڕێژەی ٨٣٪ هەژمار دەکرێت، هەروەها ویستوومانە لەگەڵ لایەن و تەوژمە ئیسلامییەکانی تردا لەسەر هەندێک ڕواڵەتی هاوبەشی وەکو ناو و دروشم لە

پانتاییەکی بەرتەسکدا کێبڕکێ نەکەین، بەڵکو ئەمانەوێت لە داهاتوودا زیاتر هەوڵەکان چڕ بکەینەوە بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ پارت و ڕێکخراو و کەسایەتی نێو تەوژمە ئیسلامییەکە و لە داهاتوودا دروشممان ئەمە ئەبێت: کار و پڕۆژە و سەرکەوتنەکانی تەوژم و لایەنە ئیسلامییەکان بە هی خۆمان ئەزانین، هەروەکو ئامانجێکی تریش لەم ناو گۆڕینە ئەوەیە نامانەوێت خۆمان لە خەڵکی ئیسلام دۆستی کوردستان جیابکەینەوە کە بەڕێژەی ٩٥٪ مسوڵمانن، ئێمە بزاڤەکەمان بە بزاڤی هەموان ئەزانین.

**سەرەنجی دووەم دەسەڵات:**

ڕەخنە لەگەندەڵییەکانی دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی و داکۆکی لە مافی ڕەوای هاوڵاتیان، کە تا ئەندازەیەک لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و فراکسیۆنەکانییەوە کۆمەڵ کاری لەسەر کردووە، لەم قۆناغەدا بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی لە پەرلەماندا تێبینی بدەن و ڕەخنە بگرن و ڕێنمایی دام و دەزگا حکومییەکان بکەن، لەهەمانکاتیشدا خۆیان لە بەشداری حکومەت بپارێزن.

**سەرەنجی سێیەم: پرۆژەی هاوبەش:**

لەگەڵ لایەن و پارتەکان بەتایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن هەرکەس بەپێی قەوارە و بوون و پلان و بەرنامەیان لەسەر خاڵەهاوبەشەکان پێکەوە کار بکرایە بۆئەوەی قەوارەی هەرێم و بەهاو ئاکارە ئیسلامییەکان و دابونەرێتی ڕەسەنی کوردەواری هێڵی سوور بن، ئەوەندەی لە توانادایە پارێزگارییان لێ بکرایە، هەروەها گوتارێکی سیاسی هاوبەشیان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق هەبوایە، ئەم هەنگاوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر جەماوەری پارت و لایەن و ڕێکخراوەکان دروست ئەکرد، چونکە سروشتی مامەڵەی نەرم و دروست وایە دەمارگیری لاواز ئەکات و هەستیاریشیان لەگەڵ بەرانبەرەکاندا کەم ئەکاتەوە.

**سەرەنجی چوارەم: یەکێتی زانایان و ڕێکخراوەکان:**

لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی و کەسایەتی و ڕێکخراوە ڕەسەن و دڵسۆزەکان، لەڕووی ئەو دامودەزگا و ڕێکخراوانەدا بوەستن کە ئەیانەوێت کۆمەڵێک دابونەرێت و ئاکاری خراپ لە کوردستاندا بەناوی جۆربەجۆر بڵاوبکەنەوە و چارەنووسی کوڕان و کچانی ئەم میللەتە مسوڵمانە بەرەو هەڵدێر و مەترسی بەرن.

**سەرەنجی پێنجەم: ڕێکخراو و دەزگا خزمەتگوزارییەکان:**

دروستکردنی ڕایەڵەیەکی توندوتۆڵ لەگەڵ ڕێکخراوەکان بەگشتی و بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی پڕۆژەی خزمەتگوزاریی و خێرخوازیی و مرۆڤدۆستانەیان هەیە، لەگەڵ ڕێکخراوە خزمەتگوزارییەکانی خۆیاندا هاوکاریی و هەماهەنگیەکی باش دروست بکەن.

## هۆکارەکانی شکستی بزاڤە ئیسلامییەکان:

هۆکاری شکستی بزاڤە ئیسلامییەکان ئەبن بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان دەرەکین و پەیوەندییان بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هەیە لەوانە:

١. ڕۆژئاوا وەکو بزوتنەوەیەکی خاوەن ئایدۆلۆجیایەکی مەترسیدار تەماشای بزاڤە ئیسلامییەکان ئەکەن، ئەمەش وایکردووە بڕیاری پێش وەختەیان بۆیان هەبێت، ئەوان چەپ و سیکۆلارە گەندەڵ و دیکتاتۆرەکانیان لە هاتنە پێشەوەی بزاڤە ئیسلامییەکان پێ باشترە، بۆیە دوای بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی وەکو میسر و سوریا و لیبیا و دوایش تونس، لەمپەری زۆرییان بۆیان دروستکرد، پشتیوانی زەمینەسازی هێنانە پێشەوەی پارت و کەسایەتییە سیکۆلارەکانیان کرد، ڕاستە بزاڤە ئیسلامییەکان خاوەن ئەزموونی حوکمڕانی و دەسەڵات نەبوون، بەڵام ئەگەر بڕیاری پێش وەختەیان بۆیان نەبووایە ئەکرا لەباتی ئەوەی هاوکاریان نەبن بەربەستیان بۆ دروست نەکەن. ئەم هەڵوێستەی ڕۆژئاواش شپرزیی و ناڕوونی لە گوتار و ڕیزی بزاڤە ئیسلامییەکاندا دروست کرد، هەرچەند ئەیانویست لەگەڵ ڕۆژئاوادا لێک تێگەیشتنیان هەبێت و خۆیان بگونجێنن، بەڵام دیارە لە ئاستی چاوەڕوانی ئەواندا نەبوون، وەکو هیلاری کلنتۆن ئەڵێت :(ئەو پارتە ئیسلامییانەی لە میسر و تونس گەیشتوون بە دەسەڵات ئەگەر پابەند بن بە یاساکانی گەمەی سیاسییەوە ئەمریکا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. سەرچاوە: د. سماح مهدی صالح العلبان، و د.زید عدنان ناجی الطائی: الواقع العربی فی ظل المتغیرات الدولیة الجدیدة، بعد عام ٢٠١٠م ، الطبعة الاولی، ٢٠١٨)

گەمەی سیاسی مەبەست و واتای زۆری هەیە، ئەکرێت لە گەمەی سیاسیدا بەرژەوەندی هەردوو جەمسەر بپارێزرێت، بەڵام بەپلەی یەک گەمەی سیاسی لای ئەمریکا پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکایە وەکو کۆندالیزاڕایس ئەڵێت :(ماوەی شەش گرێ ڕێکەوتنی بنەڕەتی نێوان ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی گەورە هەبوو لەسەر ئەوەی ئێمە پشتیوانی دەسەڵاتەخۆسەپێنەکان بکەین، ئەوانیش بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان بپارێزن کە خۆی ئەبینییەوە لە ئارامگیری هەرێمایەتی. سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٨)، کە بەپلەی یەک مەبەست لە جێگیری هەرێمایەتی پارێزگارییە لە ئیسرائیل، ئایا تا چەندێک بزاڤە ئیسلامییەکان لەگەڵ پارێزگاری لە بنەما ئیسلامییەکان و ستراتیجیەتی خۆیاندا ئەتوانن لەو گەمانەدا سەرکەوتوو بن؟

کاتێک کە سەرۆکی حکومەت لای پارتی دادوگەشەپێدانی مەغریبی بوو لەسەر داوای مەلیک بڕیاری ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، هەروەها بڕیاری گۆڕینی زمانی ڕەسمی خوێندن بۆ زمانی فەرەنسیدا، هەروەها لە پەرلەمان بەیاسا ڕێگەپێدانی مادەی هۆشبەر (القنب الهندی) یان دەرکرد، ئەوە بوو لە هەڵبژاردنی ٢٠٢١/٩/٩

له کۆی ( ١٢٥ ) کورسی پەرلەمان کە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦ بەدەستیان هێنا بوو، دابەزی بۆ ( ١٢ ) کورسی پەرلەمان! (سەرچاوە: موقع الميادين، وقنطره، والقدس العربی) خاڵێکی تری ستراتیجی ئەمریکا وەکو جۆن کیری ئەڵێت: (سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. سەرچاوە: الواقع العربی فی ظل المتغيرات الدولية الجديدة، ل٤٢٩). وەکو بنیامین نەتەنیاهۆ ئەڵێت :(لەواقیعدا گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی لە بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسرائیلە، بۆیە بەهاری عەرەبی بەهاری ئیسرائیلە، (سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٩). ئایا بزاڤە ئیسلامییەکان چەندێک لەم گەمانەدا لەگەڵ پارێزگاری لە ئامانج و ستراتیجەکانیان ئەتوانن سەرکەوتوو بن و گەمە سیاسییەکاندا بیبەنەوە و هاوکێشەکە لە بەرژەوەندی خۆیان بهێڵنەوە؟

پاشان رۆژئاوا دژی بزاڤە ئیسلامییەکان پشتیوانی کودەتاچیەکانیان کرد کە هەڵگری پاشخانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی پێشوو بوون، دوای کودەتاش لە رووی ئابووریی و خزمەتگوزاریی و چاکسازیی و ئازادی رادەربرینەوە، بارودۆخی وڵاتیان لە سەردەمی دەسەڵاتەکانی پێشوو نزیک تر کردەوە!

٢. بۆ بەلاڕێدا بردنی گەنجان و تازە پیگەیشتووان لە رێگەی راگەیاندنەکان و رێکخراوەکانی سەربەخۆیانەوە کار ئەکەن بۆ پیادەکردنی کۆمەڵێک دابونەریت و ئاکاری رۆژئاوا وەکو: نەریتی هاورەگەزبازیی و پشتیوانی ئەو رێکخراوانەی لە پشتی ئەو جۆرە کار و پرۆژانەوەن.

٣. برەودان بەو رێرەو و ئایدیایانەی لە بەرژەوەندی مانەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵییە سەپێنراوەکانە، یان بەربەستن لەبەردەم کار و چالاکی بزاڤە ئیسلامییە هوشیار و رەسەنەکاندا.

**بەشێکی تری شکستەکان پەیوەندییان بە خودی بزاڤەکانەوە هەیە:**

پێش ئەوەی بچمە سەرباسەکە دوو تێبینی ئەخەمەڕوو:

تێبینی یەکەم: ئەبێ دان بەو راستییەدا بنێین بزاڤە ئیسلامییەکان توانیویانە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش، پارێزگاری لە پێناسەی ئیسلامی و نیشتیمانی خۆیان بکەن و بێ گوێدانە بەرژەوەندییەکانیان هەمیشە لەبەرەی خەڵکیدا وەکو ئۆپۆزۆسیۆن قوربانیان داوە، بەرانبەر هەموو ئایدیا و رێباز و تەوژمە نامۆکان بەدین و ژینی گەلەکەیان سەنگەرێک بوون و توانیویانە مەترسیەکانیان بە خەڵکە مسوڵمانەکە بناسێنن.

تێبینی دووەم: کاتێک باس لە شکست و کەموکورتی ئیسلامییەکان ئەکرێت هەموو چاو ئەخەنەسەر بزاڤە سیاسییە ئیسلامییە ناسراوە میانرەوەکان کە باوەڕیان بە پێکەوژیان هەیە و ململانێی بیری سێکیۆلار و دەسەڵاتە گەندەڵەکان ئەکەن، بەڵام لە دوورونزیک باسی هەڵە و کەموکورتی تەوژمی سەلەفی ناکەن، کە زۆرترین موجامەلەی

دەسەڵات ئەکەن، بەهەندێک ڕوواڵەتیش خۆیان بەسەر لایەنە ئیسلامییەکاندا هەڵئەکێشن، هەروەها هێزە ئیسلامییە جیهادییەکانیش بەهەمان شێوە لەسەر ئەوان هەژمار ئەکرێت، لەکاتێکدا هەردوولایان مەگەر بەدەگمەن، هیچ لێک تێگەیشتنێکیان لەگەڵ بزاڤە ئیسلامییە میانڕەوەکاندا نیە، بەڵکو لەمپەریان بۆ دروست ئەکەن، بۆیە ئەم بەیەک چاو تەماشاکردنە ستەمێکە لە بزاڤە ئیسلامییەکانی تر ئەکرێت، هەموو کەم و کورتییە سیاسیی و گوتارە ناهاوسەنگ و هەڵوێستە نارێکەکانی ئەوانیش لەسەر ئەمان هەژمار ئەکرێت.

**بابچینە سەر شکستی خودی بزاڤە ئیسلامییەکان:**

ئەوەی جێگەی تێبینی یارونەیارە چەقبەستوویی لایەنە ئیسلامییەکانە و مانەوەیانە لە ئاستێکدا و ئەنجام نەدانی گۆڕانکاریی و نەبوونی پلانە بۆ بوون بە بەدیلی لایەنەکانی تر، وەکو پێشتر باسمان کرد بوون بە بەدیل تەنها بە لێدوان و قسە نابێت، بەڵکو پلاندانانە بۆ چوونە نێو گۆڕەپان و مەیدانی پارتەکانی تر، خۆ ئەگەر ئەمە لەبەرئەوە بێت ڕۆژئاوا لەپێناو سەلامەتی بەرژەوەندییەکانیان ڕێگەنادەن بزاڤە ئیسلامییەکان بگەن بە دەسەڵات، ئەمە بە بەرنامە و پلان بێت جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام خۆخەریک کردن بە هەندێک بابەتی لاوەکی و خۆپارێزی لە بابەتە جەوهەرییەکان شوێنەواری نێگەتیفی زۆریان لەسەر جەماوەری ئیسلامی و گەنجان و تازە پێگەیشتووان دروستکردووە، ئەمەش بووە بەهۆی سەرهەڵدانی سەدان قوتابخانە و ڕێکخراو کە زیاتر بۆ دوو هۆکاری سەرەکی ئەگەڕێتەوە:

هۆکاری یەکەم: نائومێدی ئەو خەڵکە پیشان ئەدات لە بزاڤە ئیسلامییەکە، کە لە ناچاریدا دوای نائومێدی لەوان ڕوویان لە سەنتەر و ڕێکخراوەکان کردووە، خۆ ئەگەر سەنتەر و ڕێکخراوەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و و فەرموودە و ئاکارە ئیسلامییەکان و پڕۆژەی خێرخوازی بە پلان و بەرنامەی ئەوان بوایە جارێکی تر جێگەی دڵخۆشی بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەرنامەی ئەوانەوە زۆربەی ئەو گەنجانەی لەو سەنتەر و ڕێکخراوانەدان، باوەڕیان بە هیچ جۆرە ئینتیمایەکی سیاسی نەماوە، بەڵکو هەیانە دژایەتی هەموو ئینتیمایەکی سیاسیش ئەکات، بزاڤە ئیسلامییەکان زۆر بە ئەوە دڵخۆشن کە بیر و ئایدۆلۆجیەتی چەپ و سێکیولارەکان هەرەسیان هێناوە، جگە لە بیری ئیسلامی هیچ بیروباوەڕێکی تر لەسەر گۆڕەپانی کوردستاندا ڕۆڵیان نەماوە، مزگەوتەکان پڕن لە گەنج و تازە پێگەیشتوو، دەیان ڕێکخراوی ئاداب و ئاکاری ئیسلامی و خزمەتی قورئان و فەرمووده چالاکی ئەنوێنن، ئەمانە هەموو جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشین، نیشانەی دینداریی و پابەندی و دڵسۆزی ئەم گەلەیە بۆ ئایین و دینداری، بەڵام ئەمانە نابنە بەدیلی دەسەڵاتی گەندەڵ و ستەمکار، لایەنە ئیسلامییەکانیش تا ئێستا لە پانتاییەکی بەرتەسکی گۆڕەپانە ئیسلامییەکەدا جووڵە ئەکەن و نەیانتوانیوە پلان و بەرنامەی خۆیان بگوازنەوە

بۆ مەیدانی کاروچالاکی لایەنە چەپ و سێکیولارەکان، ئەمەش وا ئەکات ئەوان بەدیلی ئەم بارودۆخە سیاسییە نەبن، هەروەکو زۆرجار تۆمەتی ئەوەش ئەخەنە پاڵ تەوژمی ئیسلامی کە ناتوانن شەقام بجولێنن یان ئەگەر هەڵوێستیشیان هەبێت هەڵوێستێکی شەرمنانەیە، ناتوانن وەکو چەپ و لایەن سێکیولارەکان پێشەوایەتی نارەزاییەتیەکان بکەن، ئەوانیش پاساوی ئەوەیان هەیە کە لەم هەلومەرجەدا هەڵوێستی وڵاتە زلهێز و هەرێمایەتییەکان لە بەرژەوەندی ئێمە نییە، بەڵکو بۆ دژایەتی کردنمان پشتیوانی لەلایەن سێکیولارەکان ئەکەن.

هۆکاری دووەم: تا ئێستاش بزاڤە ئیسلامییەکان بۆ چارەسەری کێشە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە گوتارە گشتییە بەهابەرزەکانی ئیسلام وەڵامی جەماوەر ئەدەنەوە، وەکو خوێندنەوەی ئایەتەکانی بەزەیی کە ئیسلام ڕەحمەت و بەزەییە بۆ هەموو جیهان، یان ئیسلام تاکە چارەسەری کێشەی ژیانی مرۆڤایەتییە، یان لەخوا ترسان کلیلی چارەسەری کێشەکانی دونیاو دوارۆژە، ئەمانە هەموو ڕاستن، بەڵام نیازپاکی و گوتاری گشتی نابێتە بەدیلی هۆکار و میکانیزمەکان، بۆیە جیاوازی بزاڤێکی ئیسلامی لەگەڵ مامۆستایەکی ئاینی وتاربێژدا ئەوەیە ئەبێ سەرکردەی بزاڤێکی ئیسلامی لەگەڵ وتار و ئامۆژگارییەکانیدا پلانی هەبێت، بۆ نموونە چۆن خەڵکی لە بەزەیی ئیسلام بەهرەمەندبن، یان بە چ پلانێک چارەسەری کێشەی گەل و قەیرانی ئابووری وڵاتەکەمان بکەین و ستەم و گەندەڵی نەهێڵین، یان ئەو پلان و میکانیزمانە چین وڵات، یان پارتەکەمان ئەبات بەرەو ئاسودەیی و کەناری دڵنیایی، یان ئەو میکانیزمانە چین دەمانبەن بۆ لەخوا ترسان؟! دەیان پرسیاری تر.

## ئەو ئەگەرانەی لەکاتی ئەنجام نەدانی گۆڕانکاریدا چاوەڕوان ئەکرێن:

ئەگەری یەکەم: ستراتیجی سەرکردایەتی بزاڤەکان ئەبێتە ململانێ لەپێناو مانەوەدا، لەوکاتەدا ئەو کەسانە لە پلەباڵاکانی ئەو بزاڤانەدا ڕۆڵیان ئەبێت باش بزانن پارێزگاری لە قەوارەکەی بکەن، هەرچەند ئەم جۆرە مانەوانە ناتوانێت ئەو بزاڤە لە مردنێکی سست ڕزگار بکەن، لەمکاتەدا سەرکردایەتی بزاڤەکە ئەبن بەدوو بەشەوە، بەشێکی پارێزکار و بەشێکی گۆڕانکار و ڕیفۆرمخواز، لە ئەنجامدا زۆرجار لەبەرئەوەی پارێزگارەکان لە پێگەی بڕیاردان و جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدان، ڕیفۆرمخوازەکان، یان پەراوێز ئەخرێن، یان تەحەمولی ئەو چەقبەستوییە ناکەن و دووردەکەونەوە، یان وەدەر ئەنرێن، کە ئەمەش سەر ئەکێشێت بۆ نائومێدی و دووبەرەکی و لێکترازان و وازهێنان، بۆئەوەی بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستان بەتەواوەتی ڕووبەڕووی ئەو ئەگەرانە نەبنەوە، ئەبێ هەڵوێستەیەک بکەن تا بزانن خاڵی لاوازیان لەکوێدایە؟ بۆ ناتوانن بچنە گۆڕەپانی پارت و ڕێکخراوە سێکیولارەکانەوە

و لەوێدا کێبڕکێ و ململانێ بکەن؟ ئایا خاڵی لاوازیان لەپیادەکردندایە، یان لە دروشم و ڕواڵەتدا؟ ئەم واقیعەش جەماوەری لایەنە ئیسلامییەکانی تووشی سەراسیمە و واق وڕمان کردووە، هەمیشە ڕەخنە ئەگرن لە ئەدای سەرکردایەتی پارتەکانیان و گلەیی و ڕەخنەیان ڕووبەڕووئەکەنەوە، ئەوانیش تا ئێستا وەڵامی قەناعەت پێهێنەرییان پێ نیە بۆیان..

ئەبێ لێرەشدا جارێکی تر هەڵوێستەیەک لەسەر ئیبتیلا و ئیعتیبار بکەین، لێرەدا مەبەستمان لە ئیبتیلا ئەو تاقیکردنەوانەیە لە ڕێگەی ناڕەحەتی و ناخۆشییەکانەوە بەسەر بزاڤە ئیسلامییەکاندا دێت، مەبەستمان لە ئیعتیباریش پەندوەرگرتن و بەخۆداچوونەوە و دووبارەنەکردنەوەی ئەو هەڵە و کەموکورتیانەیە ڕوویانداوە و بونەتە هۆکاری بەڵا و ناڕحەتییەکان، وەکو لە چیرۆکی گەلانی پێشوو لە سیرەی پیغەمبەران و ڕووداوە مێژووییەکاندا کە لە قورئاندا باسکراون، ئەم دوو دەستەواژەیە پەیوەندییەکی لێک نەپچڕاوییان پێکەوە هەیە، بەڵا و ناڕەحەتی سەر هیچ تاقم و گەل و وڵاتێک لاناچێت تا بەخۆیاندا نەچنەوە و پەند و ئیعتیبار لە ڕابردوویان وەرنەگرن.

ئەگەری دووەم: لەدایکبوونی بزاڤێکە لەگەڵ سەردەم و هەلومەرجی ئێستادا بگونجێت، مەبەستمان ئەوەیە ئەم بزاڤانە لەدایکبووی ژینگە و هەلومەرجی قۆناغی خۆیان بوون، ئێستاش ئەو هەلومەرج و ژینگەیە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، لەلایەکی تریش جیهان بەگشتی پێی ناوەتە قۆناغێکی ترەوە جیاواز لە قۆناغی پێشوو، ئەوکات ئەبێ هەموو ئەو بزاڤانەی لەدایکبووی هەلومەرج و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت بوون، ئێستاش ناوچەکە پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە، ئەوانیش لەکاتێکدا ڕەچاوی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان و سروشتی گۆڕانکاری کۆمەڵگە ناکەن، ئەبێ لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕ و شارەزایانی بواری فیکری سیاسی ئیسلامی و زانستی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکرێت، ئایا داهاتووی گۆڕانکارییەکان بەرەو چ ئاقارێک ئەڕۆن؟ ئەگەری سەرهەڵدانی بزاڤی سیاسی تر ئەکرێت؟ یان دۆخەکە زۆر چەقبەستووە و لە قۆناغی ئێستادا چاوەڕوانی هیچ ناکرێت، هەرکات گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیی و ئابووری وڵاتدا ڕوویاندا ئەوکاتە ئەگەری سەرهەڵدانی بزاڤی تازە هەیە، یان نەخێر لەوانەیە لە داهاتوودا لە منداڵدانی ئەم بزاڤانەدا لە هەلومەرجێکی تردا بە کۆمەڵێک دەم و چاو و سەرکردایەتی تازەوە بزاڤی تر لەدایک ببێت کە گونجاو بێت لەگەڵ قۆناغ و بارودۆخی خۆیاندا؟ هەموو ئەمانە کۆمەڵێک ئەگەر و پێش بینین، بۆی هەیە هیچیان وادەرنەچێت و جۆرە گۆڕانکارییەکی چاوەڕوان نەکراوی وەکو بەهاری عەرەبی بێتە پێشەوە، ئەوکات هەموو پێشبینی و هاو کێشەکان بگۆڕێت، ئەوە تەنها خوا ئەیزانێت.



محەمەد ڕەئوف محەمەد

# ئیسلامییەکان پێویستیان بە گۆڕینی میکانیزمە

پێشەکی:

ئەمە ئەو پرسیارەیە کەزۆربەی ئیسلامییەکان بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێن و قەناعەتیان بە گۆڕینی میکانیزم هەیە، بەڵام هێشتا بەتەواوی تێگەیشتنێکی یەکلاکەرەوەیان نیە لەسەر ئەوەی لەکوێوە و لەچیەوە و چۆن دەستپێبکەن؟ مەبەستی سەرەکی لەم پرسیارە و گەڕان بەدوای چارەسەردا بریتییە لە :بوژاندنەوەی ناوخۆیی، دەربازبوون لەچەقبەستوویی، دروستکردنی ئومێد بۆ خەڵک، ئامادەبوونێکی زیندوو لە گۆڕەپانی سیاسی و بانگەوازدا، گونجاندن لەگەڵ سەردەمی نوێدا. ئەم پرسیارە نوێ نیە و لە هەندێک وڵات تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی بیست و لە هەندێکی دیکە بۆ حەفتاکان و هەشتاکان و دواتریش، پشکنین و مشورخواردنی بەردەوامە..

لەماوەی شەست ساڵی ڕابردوودا چەندین جۆری میکانیزم تاقیکراوەتەوە، بەڵام دواجار هیچکامیان نەگەیشتنە ئامانجی تەواو بەتایبەت لە بواری سیاسەت و گەیشتن بەدەسەڵات و دروستکردنی حکومەت و دەوڵەتێک کە لە ژینگەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا دانیپێدا بنرێت وەک پرۆژەیەکی نوێ بۆ دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای هزر و پرۆژەی هێزێکی ئیسلامی، نەک هەرئەوەندە بەڵکو زۆربەی ڕێکخراو و گرووپە ئیسلامییەکان ئەوەندە میکانیزمی جیاوازیان تاقیکردەوە یان ئەسڵی کارەکەی خۆیان لێتێکچوو یان دابەشبوون بەسەر گرووپی جیاواز و زۆر دوور لەیەکدا، لە نێوان پەروەردەیی و جیهادیی و سیاسیی و پەرلەمانی و ڕادیکالیی و ئیسلاحیی و پەڕگیر و ئەمەش ئەو ڕاستییە بەڵگە نەویستە دەسەلمێنێت کە لە هەموو کار و پرۆسە و کردەیەکی ژیاندا میکانیزم و شوێنکەوتەی فیکر و ئەندێشە و جیهانبینییە، بۆئەوەی گۆڕین لە میکانیزمەکاندا دروست ببێت و کاریگەری هەبێت پێویستە ڕوانین و وێناکردن و تێگەیشتنمان بۆ پرسەکان بگۆڕێن. بۆئەوەی بتوانین وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە و خزمەتێک بکەین لەم بوارەدا هەوڵ دەدەین پەنجە بخەینەسەر هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەی بۆچی تا ئێستا ئیسلامییەکان موەففەق نەبوون و نەگەیشتوونەتە ئامانجەکانیان هەرچەندە زۆر میکانیزم و شێوازی جیاوازیان گرتووەتەبەر..

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە شرۆڤە و قسەکردن لەسەر ئەم بابەت و پرسیارە مەبەست لەو حیزب و کۆمەڵە و گرووپانەی هەناوی جوڵانەوەی ئیسلامی یان کاری ئیسلامییە کە یان باوەڕیان بە گەڕانەوەی خەلافەی ئیسلامی هەبووە؟ یان باوەڕیان بەگەیشتن بەدەسەڵات هەبووە؟ یان باوەڕیان بە جێبەجێکردنی شەریعەت هەبووە بەپێی پێوەر و چوارچێوەیەک کە قەناعەتیان پێی هەبووە. ئێمە لەم فرسەتەدا دەتوانین بڵێین ئیسلامییەکان وەک زانا و سەرکردە یان وەک گرووپ و بزووتنەوە و حیزب ئەوسا و تا ئێستاش بەباشی خۆیان نەداوە لەدوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەمیان: هۆکاری ڕووخان و لەدەستدانی دەسەڵاتی ئیسلامی-ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

دووەمیان: باش دەرک نەکردنی ئەو واقیعە سیاسییەی کە هات و هێنرایە ناو کایەی ژیانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان لە شێوازی حوکمڕانی و دەوڵەتی نوێ و تۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و ئابووریی و بەرژەوەندییە نوێیەکان..

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لەوانەیە زیاد لە پێویست خۆیان ماندوو و هیلاک کردبێت و قوربانی زۆریشیان داوە و باجی زۆر گەورەشیان داوە، هەرکاتیش هەوڵەکان شکستیان خواردووە و بێ دەرئەنجام بوون یان گوتوویانە ئەمە ڕێگا و سوننەتی پێغەمبەران و ژیانە، یان گوتوویانە ئێمە بە ئەرک و

واجبی خۆمان هەڵەستین و دەرئەنجامیش هەرچی بێت ئێمە لێی بەرپرس نین..

ئەم قسە و بۆچوونە لە ڕواڵەتدا قسەیەکی جوانە، بەڵام نابێت و ناکرێت بکرێتە پاساو بۆ پشتگوێخستن یان حساب نەکردن بۆ هۆکار و فاکتەرە سەرەکییەکان، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە شێوازی قۆناغبەندی مێژوویی دەکەین، شرۆڤەی قۆناغەکانی کاری ئیسلامی و میکانیزمەکان و هۆکارەکانی شکست و کەوتن، ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووداوەکانی پاش دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت دۆزی فەڵەستین و کاریگەرییەکانی و شۆڕشی ئیسلامی ئێران و کاریگەرییەکان و لێکەوتەکانیان..

## قۆناغی یەکەم ۱۸۳۸-۱۹۳۸:

قۆناغی هۆشیارکردنەوە و هۆشیاریدان لەلایەن بیرمەندان و زانایان و فەیلەسوفانەوە.

لەم قۆناغەدا کە سەرەتای دەستپێکردن و گەشەکردنی مافی مرۆڤ و شۆڕشی پیشەسازیی و زانست و داهێنانەکانە لە ئەورووپا و ڕۆژئاوا، لەهەمانکاتدا سەرەتای چەقبەستن و ترس و نائومێدی و دەستەپاچەیی و نەخۆش کەوتن و دارمانی هەمەلایەنەیە لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی و تواناکانی ئوممەتی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە لەم کات و قۆناغە هەستیارەدا زانایان و بیرمەندانی ئوممەت لە تورکیا و لە هەرێمە جیاوازەکاندا هەر لە پاکستانەوە تا مەغریبی عەرەبی هەوڵیاندا بیرۆکە و ئەفکار و تێزی جوان و فریادڕەسیان پێشکەش دەکرد بەدەوڵەتی عوسمانی و خەڵک بەگشتی، بەڵام بەداخەوە بێسوود بوو گوێیان لێنەدەگرتن و هەندێک جار تۆمەتیشیان بۆ دروست دەکردن، هەروەک چۆن تۆمەتی زندیقی و لادان و تاوانیان لەکاتی خۆیدا دەدایە پاڵ ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد و ئەو فەیلەسوف و زانایانەی دەیانویست لە دەرگای زانست و داهێنان بدەن و لەگەڵ سوننەتەکانی بونەوەرو **«مُسخّرات»** مامەڵە بکەن بۆ پێشخستنی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی..

لەم فرسەتە کورتەدا ئاماژە بە هەوڵ و تێزی تەنها چوار زانا و بیرمەند و فەیلەسوف دەکەین لەچوار هەرێمی جیاواز و چوار ژینگەی جیاوازدا، ئەم چوار بلیمەتە هەڵکەوتووە تائێستاش ئەوەندەی ئەورووپیەکان و نائیسلامییەکان لێیان بەهرەمەند بوون نە دەوڵەتی عوسمانی ئوممەتی ئیسلامی ئەوکاتە و نەئوممەتی ئیسلامی ئێستاش بایەخیان پێنادەن و لێیان سوودمەند نەبوون و گوێیان لێناگرن، بەڵکو هەندێک جار تۆمەتی ناڕەوا و نا لۆژیکیشیان دەخەنەپاڵ.

ئەم چوار خوێندەوارە هەرزوو دەرکی ئەوەیانکرد کە شۆڕشی پیشەسازیی و زانست و مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسان و مرۆڤ بەسەنتەرکردن لە ئەورووپا و

ڕۆژئاوا ئەوەندە زوو پەرەدەسەنێت ئوممەتی ئیسلامی ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت ئیتر بۆ چەند سەدەیەک ناتوانێت ڕکابەریی بکات و لەوانەیە نەشتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت ئەگەر بێباکانە مامەڵە لەگەڵ پەرەسەندنەکانی ژیاندا بکات و بەمیکانیزمە کۆنەکان مامەڵەی ژیانی سەردەم بکات، بۆیە بەردەوام ئەوان و بیرمەند و زانایانی دیکەش هەوڵیان دەدا دەوڵەت و دەسەڵاتداران و ئوممەتیش قەناعەت پێبکەن بە گرنگی کارکردن بە مەبدەئی شورا و دەستهەڵگرتن لە تاکڕەویی و خەمی خوێندەواری و زانست و داهێنان و کەرامەت و مافی مرۆڤ و مافی گەلانی جیاواز و ئازادییەکان.

بۆ ناساندنی ئەم چوار زانا و بیرمەندە د.حسن عوسمان لە کتێبی (رواد الوعي الانساني في الشرق الاوسط) دا دەڵێت:

ـ جمال الدینی ئەفغانی کە ساڵی ١٨٣٨ لەدایکبووە و لە ساڵ ١٨٩٧ وەفاتی کردووە، هەوڵیدا کەرامەتی مرۆڤ بکاتە سەنتەری بیرکردنەوەی نوێ و بوژانەوەی فیکری..

سەرەتای شۆڕشێکی فیکری دەستپێدەکات لە هیندستان و پاکستانەوە تا دەگاتە میسر، نزیک بوو لەوەی دەسەڵات و ئوممەت بەخەبەر بێنێت بەپەلە دوژمنانی ئوممەت تۆمەتی ماسۆنی بوونیان بۆ بڵاوکردەوە و خستییانە سەرزمانی نەیارەکانی کە بەنازناو و دیکۆر زانا و خوێندەوار بوون و بەعەقڵ و زانستیش نەخوێندەوار بوون بۆئەوەی لە میسر دەریپەڕێنن و هەوڵەکەی سەرنەگرێت و تێزەکانی نەبنە قوتابخانەیەکی فیکری و هۆشیاریی..

ـ محەمەد عەبدەی میسری ساڵی ١٨٤ ٩لەدایکبووە و ساڵی ١٩٠٥وەفاتی کردووە، ئەم زانا و بیرمەندە ئەزهەرییە کە کاریگەریی جەمالەدینی لەسەربووە و  هەوڵیداوە کە ئیش لەسەر عەقڵ بکات و ئوممەت و خەڵک بخاتە سەررێچکەی بیرکردنەوە و ڕۆڵێکی باشی لە میسردا بینیوە.

ـ (عبدالرحمن كواكبی)ی سوری ساڵی ١٨٥٥ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٠٢ وەفاتی کردووە، ئەم زانا بیرمەندە ئیش لەسەر ئازادی دەکات هەوڵ دەدات ئوممەت و خوێندەوار و تاکەکانی هۆشیارکاتەوە و پێیان بڵێت تاوەکو خۆسەپاندن و ئیستبداد و حوکمی زۆرەملێ بەردەوام بێت، پێشکەوتن مەحاڵە و قەیرانەکان و دواکەوتوویی بەردەوام دەبێت.

ـ محەمەد ئیقبالی لاهوری هیندی، لە ساڵی١٨٨٧ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٣٨ وەفاتی کردووە، ئەم بیرمەند و فەیلەسوفە تا ئێستاش فەلسەفە و شیعر و تێزەکانی لە ئەوروپا و زانکۆکانی ئەوروپا بایەخی پێدەدرێت کەچی هێشتا لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا غەریبە و نەناسراوە و جێگای بایەخ نیە، ئەم پیاوە هەڵکەوتووە کە زمان و عەقڵ و هزری بەقورئان دەکرێتەوە هەوڵ دەدات زۆر جەسورانە و جەریئانە فەلسەفە و تێزەکانی بگەیەنێتە ئوممەت و تەواوی مرۆڤایەتی، تەرحی نوێی خوێندەوارانە و ئیماندارانە و

عاشقانه بەرابەری مرۆڤایەتی و رزگاری مرۆڤ لەهەردوو دونیا لە دووتویی کۆمەڵێک بابەتی فیکریی و شیعر و فەلسەفەدا نەخشاند و بە چەندەها زمانی جیاواز گەیاندی، بۆئەوەی ئوممەت لە نائومێدیی و دەستەپاچەیی بەخەبەربێنێتەوە تێزی فەلسەفەکەی ناونا «فلسفة الذات»..

بۆ زیاتر خزمەت بەخوێنەر ناوی چەند کتێبێکی ناوازەی ئەو چوار بیرمەندە ئاماژە پێدەکەین:

**لە کتێب و نوسراوەکانی جەمالەدین:**

البیان في الانجلیز والافغان.

العروة الوثقى بە هاوبەش لەگەل محەمەد عەبدە.

تتمة البیان في تأریخ الأفغان.

**لە کتێب و نوسراوەکانی محەمەد عەبدە:**

الاسلام بین العلم والمدنیة.

العروة الوثقى.

**لە کتێب و نوسراوەکانی کەواکبی:**

طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد.

أم القرى.

**لە کتێب و نوسراوەکانی محەمەد ئیقبال:**

تجدید الفکر الدینی.

ضرب الکلیم (اعلان الحرب على العصر الحاضر).

روضة الاسرار.

زۆربەداخەوە ئەم قۆناغە کۆتایی دێت و بایەخێکی ئەوتۆ و پێویست بەتێز و فکر و فەلسەفەی ئەم هەڵکەوتووانە نادرێت و دواتر هۆکاری ئەم پشتگوێخستنە روون دەکەینەوە لە بابەتی هۆکارەکانی رووخانی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.

### قۆناغی دووەم ١٩٢٤-١٩٤٨:

پاش راگەیاندنی هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی بە دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ١٩٢٤/٣/٣. لە رێکەوتی ١٩١٤/١٠/٢٩ دەوڵەتی عوسمانی بەحساباتێکی هەڵەی ستراتیجی دەبێتە بەشێک لە شەری یەکەمی جیهانی و دەبێتە هاوپەیمانی بەرەی ئەڵمانیا و دەیدۆرێنێت و هاوپەیمانانی سەرکەوتوو ئیمپراتۆریەتەکەی وەک میراتی و غەنیمە و ئەنفالی جەنگ بەش دەکەن..

لەو ڕۆژ و ساتەوە ئوممەتی ئیسلامی و زانایان و بیرمەندان و شێخانی تەریقەت و ڕێکخراو و گرووپە ئیسلامییەکان لەهەوڵدان مامەڵەی مەرگەساتەکانی پاش دۆڕانی شەڕ و کەوتنی دەسەڵات و دەوڵەت دەکەن و بەقەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی پاش جەنگەوە دەتلێنەوە و بەردەوام و بێ پشوودان هەوڵی هەستانەوە دەدەن و سەدان جۆری جیهاد و بەرخۆدانیان ئەنجامداوە، بەڵام مەخابن تا ئێستا هیچ هەوڵێک سەرکەوتوو نەبووە، چونکە دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتە ٦٠٠ ساڵییەکەی تەنها ئەوەنەبوو کە بەشداری شەڕێکی کرد و شکستی خوارد، بەڵکو لەوەگرنگتر ئەوەیە بزانین ئەم ئیمپراتۆریەتە قووڵە بۆچی ڕووخا و هۆکار و فاکتەرە سەرەکییەکانی چی بوون؟ ئەگەر ئوممەت باش لەوە تێنەگات و دەرکی نەکات و دانیپێدانەنێت چەندەها سەدەی دیکەش ناکەوێتەوە سەرپێی خۆیی و نابێتەوە بە بەشێکی زیندوو لە ژیاری مرۆڤایەتی.

بۆئەوەی هۆکارە ڕاست و دروستەکانی کەوتن و دۆڕاندن بزانین هەوڵدەدەین ئاماژەی کورت و پوخت بەناونیشانەکانی بکەین :

کەناڵی «الجزیرە» پوختەی شرۆڤەی کەناڵی «التاریخ» (history.tv) ئەمریکی بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە شەش هۆکاری سەرەکی کەوتنی دەوڵەت و دەسەڵاتی عوسمانی : ئەم پوختەیە قسەی لێکۆڵەرێکی پسپۆرە لەزانکۆی برینستۆن بەناوی «مایکل أی ڕینۆلدز» پسپۆڕ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک..

**هۆکاری یەکەم : ئیمپراتۆریەتێکی کشتوکاڵی**

ئەم دەوڵەتە پان و بەرینە بەو سوپا گەورە و زەبەلاحەوە پشتی بەستووە بە داهاتی باجی کشتوکاڵ و بازووی جوتیاران، لەکاتێکدا کە شۆڕشی پیشەسازی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە دەستپێدەکات لە سەدەی نۆزدەدا گەشەدەکات و دونیا دەگۆڕێت، لەوکاتی جەنگەدا عوسمانییەکان پێویستیان بەکارخانەی گەورە هەبوو بۆ دروستکردنی چەک و جبەخانە، پێویستیان بە بەرهەمهێنانی ئاسنی زۆر هەبوو بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسن بۆئەوەی هەرێمەکان ببەستن بەیەکەوە و دەرەقەتی شەڕ بێن و بتوانن کێبڕکێی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا بکەن، بەڵام نەیانبوو.

-دواجار بەشێکی زۆر لە داهاتە کشتوکاڵییەکەشی دەدایەوە بە قەرزی ئەو دەوڵەتە ئەورووپیانەی کە لە دەرئەنجامی شەڕی درێژخایەنی بێ سوود کەڵەکە ببوو لەسەری-

کەواتە:« هەرگیز دەوڵەتی کشتوکاڵی دەرەقەتی دەوڵەتی پیشەسازی نایەت»

**هۆکاری دووەم: دۆخی ناوچە و هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی.**

دەوڵەتی عوسمانی لە ترۆپکی دەسەڵاتیدا قەڵەمڕەوی گەشتبووە بولغاریا و میسر و یۆنان و مەجەڕ و ئەردەن و لوبنان و فەلەستین و مەقدۆنیا و سوریا و عێراق و بەشێک لە کەنداوی عەرەبی و کەناراوەکای باکووری ئەفریقا..

ڕینۆلد دەڵێت: ئەو فرەچەشنییە بێ ئەندازە و زۆرە لە زمان و نەتەوە و کلتوور و ئابووریی و جوگرافیای جیاواز گونجاو نەبوو لەگەڵ پەرەسەندنەکانی سەردەمدا وەک کۆمەڵگا گونجاو و لێکچووەکان -دیارە مەبەستی سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنە و نەتەوەییە. هەربۆیە گەلانی جیاوازی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەستیانکرد بە یاخیبوون بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک و دواجار دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا ڕێگا بدات بە بولغاریا و چەند دەوڵەت و گەلێکی دیکە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیەنن و بەوشێوەیە پانتایی و قوڵاییەکی ستراتیجی زۆری لەدەستدا و پاش ئەوەش دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١٢و ١٩١٣چووە شەڕێکی قورس و خوێناوی لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی ئەورووپی کە پێشتر لەژێر ڕکێفی خۆی بوون شەڕەکەشی دۆڕاند کە بریتی بوون لە بولغاریا و یونان و جبل الاسود و سڕبیا و دواجار سوپای عوسمانی بەیەکجاریی ئەورووپای بەجێهێشت و کشایەوە.

**سەرچاوە ویکیپیدیا-حرب البلقان**

کەواتە: هەر دەوڵەت و حکومەت و هێزێک ناوخۆی قەیراناوی بێت بەرگەی هیچ شەڕێکی دەرەکی ناگرێت.

**هۆکاری سێیەم: دواکەوتن لە خوێندەواریی**

دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی هەژدەدا هەوڵدەدات کە باری خوێندەواری چاک کات و ڕێژەی نەخوێندەواران کەمکاتەوە و، دەستدەکات بە کردنەوەی کۆمەڵێک زانکۆ و قوتابخانە لە چەند ولایەتێکدا، بەڵام بەهۆی قەیران و کێشەی زۆر و جەنگی بەردەوامەوە فریاناکەوێت و ناتوانێت کێبڕکێی ئەورووپا بکات. ئەم قەیران و گوێ پێنەدانە بە زانست و خوێندەواری درێژە دەکێشێت تا سەدەی بیستیش، بۆیە زۆرکەس بەردەوام هەوڵ دەدەن کە زانکۆ و قوتابخانە بکرێتەوە، بەڵام هەر پشتگوێ دەخرێت، یەکێک لەو زانا و بیرمەند و خەمخۆرانە شێخ سەعیدی نورسی کوردی بووە کە پرۆژەی زانکۆی زەهرا بۆ هەموو زانستەکان لە ساڵی ١٩٠٨ پێشکەش دەکات بە سوڵتان عەبدولحەمید، لەم بابەتەدا کەنعان دەمیرتاش نوسەری تورکی دەڵێت: بەدیعولزەمان نورسی داوای کردبوو زانکۆی زەهراء هاوشێوەی (الازهر) بکەوێتە کار و زانستە نوێیەکان و زانستی ئایینی پێکەوە بخوێنرێن و

ئامانجەکەشی دیاریکردبوو کە دوو ئامانج بوو، یەکەمیان خوێندکاران پێکەوە پەروەردەی عەقڵی و قەلبی وەرگرن، دووەمیشیان زانکۆکە بکرێتە بەردی بناغەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا..«asjp.cerist.dz» کەواتە: هیچ شتێک لەهێز، لەشەڕ، لە پێشکەوتن، لە سەرکەوتن و داهێنان لە دونیا و قیامەت بێ زانست مەحاڵە و وەدەست نایەت، بۆیە خوای گەورە یەکەم وشەی قورئانی پیرۆز بە «إقرأ» دەستپێدەکات و دواوشەی هەمان سورەت بە «واسجد واقترب» کۆتایی پێدێنێت.

## هۆکاری چوارەم: ململانێی بەردەوام لەگەڵ ئیمپراتۆریەتەکانی دیکەدا

دەوڵەتی عوسمانی چەند سەدەیەک بوو تەواوی دەوڵەتە ئەوروپیەکان و دەسەڵاتەکانیانی هەراسان و لاواز و دەستەپاچە کردبوو، بۆیە ئەوانیش لەکۆتاییدا ناچاربوون بیرکەنەوە لە کۆتایی هێنان بەشەڕ و قەیرانەکانی ناوخۆی خۆیان کە ٤٥٠ ساڵی خایاندبوو، هەروەها بیرمەند و زانا و ڕۆشنبیرەکانیان چەند سەدەیەک هەوڵی بێ وچانیان دا تاوەکو گەیشتنە حەقیقەتی زانست و مرۆڤ سالاری بەدوای ئەو دوو حەقیقەتەدا داهێنانە زانستییەکان دەستیپێکرد.

بۆیە بۆ فرسەت و هەل و مەرجێکی گونجاو دەگەڕان ڕزگاربن لە هەژموونی دەسەڵات و هێزی عوسمانی و تۆڵەی کۆنیشی لێبکەنەوە، لێرەدا بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ لێکۆلینەوە(سانتانتۆنی یۆجینرۆغان) دەڵێت: چاوتێبڕین و تموحی هێزە ئەوروپیەکان یارمەتیدەربوو بۆ زوو ئاوابوونی خۆری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەربۆیە زوو هاتنەدەست و ڕووسیا و نەمسا یارمەتی هێزە ناسیۆنالیستە یاخیبووەکانی بەڵکانیاندا و سەرکەوتن، هەروەها بەریتانیا و فەرەنسا سوربوون لەسەر ئەوەی دەبێت بەش و پشکیان هەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و پاش تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی جێبەجێیان کرد. کەواتە: شەڕی بەردەوام بە کەرەستە و ئامێری تەقلیدیی و داتاشینی دوژمنی بەردەوام شەڕکردنە لەگەڵ سوننەتەکانی کەونی و ئینسانی و پێچەوانەی عەقڵ و لۆژیکە و شکست بەرهەم دێنێ.

## هۆکاری پێنجەم: ناکۆکی لەگەڵ ڕووسیا

ڕینۆلدز دەڵێت: ڕووسیای قەیسەریی – کە بەشێکی زۆر لە مسوڵمانان لەژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیدا بوو- ئەویش بەشێک بوو لە جەنگ و ڕەکابەرە جددییەکانی عوسمانی و هەڕەشەی وجودی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروستکردبوو..

ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە هەریەکەیان کەوت بەلای لایەنێکی شەڕەکەدا و، سەرەتای

شەڕ بەشکستی ڕووسەکان دەستیپێکرد، چونکە دەوڵەتی عوسمانی ڕێگربوو لەوەی هاوکاریی ئەوروپییەکان لە ڕێگای دەریای ڕەشەوە بگاتە ڕووسیا.

«چیرۆک و داستانەکانی شەڕو ململانێی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی ڕوسی و عوسمانی لە سەدەی١٦وە دەسپێدەکات و تاسەدەی ٢٠ بەردەوام بووە و، سەرەتای جەنگ لەوێوە دەستپێدەکات کەعوسمانیەکان یارمەتی کیانە تورکی و ئیسلامییەکانی ژێردەسەڵاتی ڕوسیا دەدەن بۆ سەربەخۆیی و ڕوسەکانیش یارمەتی کەمایەتیە مەسیحی و سلاڤیەکان دەدەن بۆ شۆڕش دژی دەوڵەتی عوسمانی»

Arm.m.wikipidya.org

ئەم شەڕە درێژخایەنانە بەتەواوی جەستەی دەوڵەتی عوسمانی ماندوو دەکەن و زەرەری ئابووری گەورەی بەردەوامی لێدەدەن و خەڵکی جوتیار و کاسبکاریش بەردەوام شەکەت و ماندوو دەبن بەدەست زیادکردنی باج بۆ دەستەبەرکردنی خەرجی شەڕەکان.

کەواتە: جەنگی درێژخایەن بێ خێر و بێ دەرئەنجامە و دەبێت ڕێگاچارەی ئاشتی لەکات و ساتێکدا بدۆزرێتەوە و کۆتایی پێبهێنرێت.

## هۆکاری شەشەم: جەنگی یەکەمی جیهانی

جەنگەکە هۆکارێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە بوو بۆ کەوتن و داڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، پێش ئەوەی جەنگ هەڵبگیرسێت دەوڵەتی عوسمانی ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ئەڵمانیا دەبەستێت، بۆیە کە شەڕ دەستپێدەکات دەبنە هاوپەیمانی ئەڵمانیا.

بۆ ئەو کات ڕوونبوو کە ئەڵمان و هاپەیمانەکانی لە شەڕەکەدا دەدۆڕێن و دواتر ئەوروپییەکان گەلەکۆمە لە دەوڵەتی عوسمانی دەکەن بۆ گرتنەوەی «قسطنطينية-اسطنبول» شەڕێکی قورس و خوێناوی لە نێوان ساڵی١٩١٥-١٩١٦ ڕوودەدات دەوڵەتی عوسمانی نیو ملیۆنی لێدەکوژرێت و زیاتر لە سێ ملیۆن زامدار و پەککەوتەی لێدەکەوێتەوە. پاشان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨عوسمانییەکان هودنەیەک لەگەڵ ئینگلیز ئیمزادەکەن و لە جەنگەکە دەردەچن و وڵاتە سەرکەوتووەکان وەک میراتی خاکی عوسمانی بەش دەکەن.

هەندێک لە توێژەر و پسپۆران پێیانوایە ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی بەشداری جەنگەکەی نەکردایە، لەوانەبوو فرسەتی هەستانەوە و بوژانەوەی هەبووایە، لەم بابەتەدا مێژوونوس (مصطفى میناوي) دەڵێت: «دەوڵەتی عوسمانی دەیتوانی و دەرفەتی ئەوەی هەبوو ئیمپراتۆریەتەکەی بکات بە دەوڵەتێکی فیدراڵی فرەڕەگەز و فرەزمان، بەڵام فرسەتەکەی لە کیس چوو»

لە کۆتایی ئەم هۆکارە گرنگەدا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە ڕا و سەرنجی مێژوونووسان بۆ هۆکارەکانی کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی هەندێک جار جیاوازی پێوەدیارە بەپێی جیاوازی فیکریی و ئایدۆلۆژی و ڕۆشنبیریی و ئەکادیمی ئەوکەسانەی قسەی لەسەر دەکەن، (اطلس المعرفة) چوار هۆکار دەستنیشان دەکات بۆ کەوتن:

١-زۆربوونی بزووتنەوە جوداخوازەکان لە زۆربەی هەرێمەکاندا.
٢-بەردەوامی جەنگی خاچپەرستان.
٣-هەژموونی عەسکەر بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی و حوکمڕانییەوە.
٤- فراوانی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی حوکمڕانی و فریانەکەوتنی بۆ ئیدارەدان.

(محمد علی صلابي)ش لە کتێبێکی تایبەتدا بەناوی«الدولة العثمانية عوامل النهوض واسباب السقوط» کە زیاتر لە ٥٠٠ لاپەڕەیە شەن و کەوی بابەتەکە دەکات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە زیاتر ئاماژە بە هۆکارە ئەخلاقی و لادانەکان دەکات کە دەسەڵاتداران پێوەی سەرقاڵ بوون و زیاتریش تیشک دەخاتە سەر خیانەتە ناوخۆییەکان.

لەکۆتاییدا دەڵێین زانایان و بیرمەندان و دڵسۆزان زۆر هەوڵیاندا دەسەڵاتداران قەناعەت پێبکەن کە لەبری شەڕی بەردەوام و پشتگوێخستنی ئوممەت لایەک بەلای ناوخۆدا بکەنەوە و دەستبکەن بە چارەسەری قەیرانە کەڵەکەبووەکانی ناوخۆ و پرسەکانی ئیدارەی وڵات و زانست و ئابووریی و وەڵامی داخوازییەکانی خەڵک بدەنەوە، بەڵام بێ سوود بوو، تەنها شتێک کە بەناچاریی و لەژێر فشاردا قبوڵیانکرد «المشروطية» بوو واتە قبوڵکردنی حوکمڕانی کردنی خەلیفە بەمەرجی دەستوری بوونی ئەویش هەر لە سەرەتاوە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە پەکخرا. «ئەم بابەتە لە بەشێکی کتێبی (الأزمة الدستورية للحضارةالاسلامية..) محمد مختار الشنقيتي تیشکی خراوەتە سەر.

کەواتە: دەبێت ئێمە بپرسین ئایا دەوڵەتی عوسمانی پێویستی بەو هەمووە شەڕە درێژخایەنە هەبووە؟ ئەگەر کەسێک قەناعەتی وایە دەبێت بپرسین بۆچی؟

ئایا دەوڵەتی عوسمانی کاتێک دەرگای دەعوە و بانگەواز و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەبەردەمدا کراوە بووە لە ئەوروپا، ئایا پێویستی بەو هەمووە شەڕە درێژ خایەنە ئوممەت پڕوکێنە هەبووە؟ ئایا نەدەکرا دەوڵەتی عوسمانیش بیرۆکەی شەڕ و فەتحی بەردەوام بگۆڕێت بۆ زانست و داهێنان؟ ئایا نەدەکرا ناوی (الدولة الغازية)بگۆڕێت بۆ دەوڵەتی ڕەحمەت و زانست و مافی گەلان و ئاشتی بۆ جیهان؟

ئەم پرسیارانە هەردەمێنن و پێویستیان بە وەڵام هەیە.

**قۆناغی دووەم و سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان:**

پاش ئەوەی هەوڵی زانایان و بیرمەندان شکست دەهێنێت بۆ هەستانەوە یان گواستنەوەی ناوەندی خەلافەت لە ئەستانەوە بۆ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی لەوکاتەدا زیاتر میصر و سعودیە پاڵێوراو بوون، بەڵام ئەوان لەلایەک ناکۆکی قوڵیان هەبوو، لەلایەکیش سیستەمی حوکمڕانییەکەیان گونجاو نەبوو بۆیە ئەو هەوڵانە و کۆنگرەکانیش شکستیان هێنا.

ئیتر زانا و بیرمەند و سەرکردەکان بیریان لە ڕێگاچارەی تر کردەوە ئەوەبوو سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوە و کاری ئیسلامی ڕێکخراو بەشێوازی جیاواز دەستپێکرد. لە تورکیا هەوڵەکانی سەعید نورسی(بديع الزمان) دەستپێدەکات بەتایبەت لە قۆناغی سەعیدی دووەمدا پرۆژەی (ڕزگارکردنی ئیمان) دەستپێدەکات وەک هەوڵێکی تاکەکەسی و بەرهەمێکی پڕ خێر و بەرەکەتی دەبێت و تا ئێستاش بەردەوامە. لە میصریش شەهید حەسەن بەنا کۆمەڵەی (اخوان المسلمين) دروست دەکات و بە دوو قۆناغی زۆر جیاوازدا تێدەپەڕێت، قۆناغی خەونی خەلافەت پێش شەهیدکردنی حەسەن بەنا و قۆناغی بانگەواز و حکومەتی ئیسلامی ماوەیەک دای شەهیدکردنی حەسەن بەنا. لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستیشەوە میکانیزمی پەسەندکردنی دەوڵەتی مەدەنی دەبێتە قۆناغی سێیەم کە ئەویش ئەبو عەلای مەودودی کۆمەڵەی ئیسلامی پاکستان لە پاکستان پێکدەهێنێت نزیک لە شێواز و بیرکردنەوە و ئەدەبیاتی برایانی مسوڵمان. ئەم بزووتنەوانە چڵ و پۆپ و لێکەوتەکانیان تا ئێستاش بەردەوامن بە میکانیزمی جیاوازەوە.

**قۆناغی سێیەم: ١٩٤٨تا شۆڕشی ئیسلامی ئێران و پاشان داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە و دەستپێکردنی جیهادی ئەفغانی..**

سیما دیارەکانی کاری ئیسلامی لەو چل ساڵەدا واتە لە ١٩٤٨بۆ ١٩٨٨:

لە ساڵی ١٩٤٨دا دەوڵەتێک بۆ جولەکە لە فەلەستین دروست دەکرێت، ئیدی لەو ڕۆژەوە خەمەکانی گەڕانەوەی خەلافەت و سەروەریی و هەستانەوەی ئوممەت دەگۆڕێت بۆ بەرگریکردن لە فەڵەستین و بەیتولموقەدەس و مافی فەڵەستینییەکان..

زۆر گرنگە ئاماژە بە قۆناغە هەستیارەکانی دۆز و دۆسیەی فەڵەستین بکەین، چونکە دوو خاڵی زۆر گرنگی تێدایە یەکەمیان نەشارەزایی و کەم خیبرەیی ئوممەت و عەرەب لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و نەزانین لەوەی لە ماوەی سەد ساڵدا چی ڕوویداوە و دووەمیشیان گۆڕانکاری قووڵ بەسەر هەڵوێستی کاری ئیسلامیدا بەپێی قۆناغەکانی دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل.

**قۆناغە سەرەکییەکانی دۆز و دۆسییەی فەڵەستین:**

قۆناغی یەکەم ١٩٤٨–١٩٦٧/ قۆناغی نێودەوڵەتی بە هەموو پێکهاتەکانی ئوممەتی ئیسلامیشەوە.

قۆناغی دووەم ١٩٦٧–١٩٧٢/ قۆناغی ئوممەی عەرەبی و هاوسۆزی بەشێک لە ئوممەی ئیسلامی.

قۆناغی سێیەم ١٩٧٢ – ١٩٧٨/ قۆناغی جامیعەی دەوڵەتە عەرەبییەکان.

قۆناغی چوارەم ١٩٧٨/ قۆناغی کامپ دێڤید و لەتبوونی عەرەب و دابڕانی میسر لە عەرەب.

قۆناغی پێنجەم ١٩٧٨ – ١٩٨٧/ قۆناغی تەواو بێکەسی و لێدانی فەڵەستینییەکان و ئاوارەبوون و سەردەمی ڕێکەوتنە نهێنییەکان و ڕێکەوتنامەی ئۆسلۆساڵی ١٩٩٣ و«زەوی لە بەرانبەر ئاشتیی» هەژموونی ئیسرائیل بەسەر تەواوی دۆخەکەدا.

قۆناغی شەشەم ١٩٨٧ – ٢٠٢٢/ قۆناغی موقاوەمەی ئیسلامی حەماس و لاوازبوون و دەستەپاچە بوونی فتح و جەبهەی تەحریر و بەهێزبوونی حەماس، لە بەردەفڕکێ و بەردەقانییەوە بۆ چەک و لە چەکەوە بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت و دابەشبوونی فەڵەستین بۆ دوو زۆنی دەسەڵات.

کەواتە لە قۆناغی یەکەمدا دۆزی فەڵەستین –ئیسرائیل جێگای بایەخی هەموو دونیا بووە بە هەموو ئوممەتی ئیسلامیشەوە و بەردەوام لە نەتەوەیەکگرتوەکان دۆسیەیەکی گەرم بووە و لەناو ئوممەتیشدا بەردەوام هەڵوێستەکان لە بەیاننامە و خۆپیشاندانەوە چالاکی هەبووە تا دروستکردنی کەتائیبی چەکدار و کۆکردنەوەی کۆمەک لەسەر ئاستی تاک و ڕێکخراو و حکومەتەکان..

لە قۆناغی دووەمدا بەپێی واقیعی نێودەوڵەتی و گۆڕانکاری سەرزەوی لەسەر خاکی فەڵەستین دۆزەکە دەگۆڕێت بۆ دۆزێکی ناسیۆنالیستی و هاوسۆزی بەشێک لە ئوممەی ئیسلامی، بەشەکەی ئوممەت زیاتر زانایانی ئاینی و ڕێکخراوە ئیسلامی و نیشتمانییەکان دەیجولێنن.

لە قۆناغی سێیەمدا جامیعەی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەفەرمی دۆسیەکە دەگرنە دەست و دەبێتە دۆسیەیەکی سیاسی و موزایەدات لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و سەرکردە جوارو جۆرەکانی.

لە قۆناغی چوارەمدا میسر بەسەرکردایەتی ئەنوەر سادات بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی دەدات و دەڵێت: هەموو بارگرانی و باجی دۆزەکە میسر دەیدات و کەس خۆی ناکات بەخاوەنی و دەبێت ئەم خۆێنبەربوونە بوەستێت و ئاشتی بەرپا بێت، گەلی میسریش لەوەزیاتر باجی بێئاکام نەدات، بۆیە ڕێکەوتننامەی کامپ دێڤید ئیمزا دەکات لەگەڵ ئیسرائیل بە سەرپەرشتی ئەمریکا و بەتەواوی لە عەرب و جامیعەی دەوڵەتە عەرەبییەکان دادەبڕێت.

لە قۆناغی پێنجەمدا فەڵەستینییەکان دەبن بە دوو بەشەوە، بەشی فەتح و جەبهەی

تەحریر و بەشی ئیسلامییەکان، هەروەها عەرەبیش دەبن بەسێ بەشەوە بەشی موقاوەمە و بەشی ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل و بەشی بێلایەن، لەم قۆناغەدا پاش بێئومێدیی و لێدان و ئاوارەبوون ڕێکخراوی فتح بە سەرکردایەتی یاسر عەرەفات ناچار دەکرێن بڕۆنە نێو دانوستانی نهێنی و پاش ماوەیەک ڕێکەوتنەکان دێنە ئاشکراکردن و لەسەر مەبدەئی «زەوی لەبەرانبەر ئاشتیدا» ڕێکدەکەون و دەگەڕێنەوە بۆ فەڵەستین و دەسەڵاتی خۆجێیی فەڵەستین دادەمەزرێنن.

**هەر دەوڵەت و حکومەت و هێزێک ناوخۆی قەیراناوی بێت بەرگەی هیچ شەڕێکی دەرەکی ناگرێت.**

لە قۆناغی شەشەم و کۆتاییدا، دوای ئەوەی ئیسرائیل پابەند نابێت بەتەواوی بەندەکانی ڕێکەتنەکانەوە، ئیدی ڕێکخراوی حەماسی ئیسلامی موقاوەمە و بەرخۆدانی بەردەفڕکێ و بەردەقانی ڕادەگەیەنن بەشێوەکی زۆر ڕێکخراو و دواتر سەردەکێشێت بۆ چەک و پاش چەند ساڵێک دۆخی سیاسی گونجاو دێتە پێش و هەڵبژاردن دەبێتە بژاردەی دۆخی ناوخۆیی و حەماس هەڵبژاردن دەبەنەوە و پاش ماوەیەک دۆخەکە بەدڵی فەتح و ئیسرائیل نابێت و قەیرانی ناوخۆیی دروست دەبێت و سەردەکێشێت بۆ دروستکردنی دوو زۆنی دەسەڵات و تائێستاش بەردەوامە و حەماس حکومەتداریی خۆی دەکات لە کەرتی غەززە بەردەوامە لە موقاوەمە، فەتحیش لە زۆنی خۆی لە زیففەی غەربی دەسەڵاتدارە و بێدەنگە و ئیسرائیلیش هیچ بایەخێک بە فتح نادات.

هەڵوێستی کاری ئیسلامی ڕێکخراوەکان لەمەڕ ئەم دۆسییە ئاڵۆز و پڕ گرێ کوێرەدا:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد سەرەتا ئوممەت بەهەموو پێکهاتەکانییەوە بەگەرمی هەڵوێستیان وەرگرت و چالاکی هەمەجۆریان ئەنجامدا، بەڵام دواتر بەپێی گۆڕانکاری لە دۆزەکە و هەڵسوڕێنەرانی دۆسیەکە ئیتر ڕێکخراو و گرووپە ئیسلامییەکان تووشی سەراسیمە دەبن و نازانن چۆن مامەڵەی واقیعەکە بکەن و ڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکی مەیدانی بەوانەوە نامێنێت جگە لە مەبدەئی موقەددەسات و بە بەیاننامە و هاوسۆزی عاتیفی و دوعای خێر جێدەستیان نامێنێت.

**لەکۆتاییدا ئەوەی باجە گەورەکەیدا «ئیخوان موسلیمین بوو»**

هەر لە سەرەتای دۆزی فەڵەستینەوە ئیوان موسلیمین بڕیاردەدات کە دۆزی فەڵەستین بکاتە دۆزی مەرکەزیی و سەنتەری خۆی و ئەوەی پێی بکرێت بیکات، بێ ئەوەی هیچ حساب و ڕیعایەتێک بکات بۆ کۆی دۆزەکە لەسەر ئاستی جیهان و ناوخۆی دەوڵەتە عەرەبیەکانیش، لەم هەڵویستەدا بەڕوونی دیارە کە عاتیفەی ئایینی و نەتەوەیی زاڵە، بۆیە ڕۆژی باجە گەورەکە دێتە پێشەوە کە ساڵی ٢٠١٢ و مەرحومی محەمەد مورسی سەرۆککۆمارە و ئیخوانیش لەبەرئەوەی لە پڕێکدا کەوتووە بەسەر حوکمڕانی میسردا فریای ئەوە ناکەوێت دۆسیەکە باش دیراسە بکات و حسابێکی نوێ و جددی بکات بۆ ئیسرائیل و ئیرادەی نێودەوڵەتی و میسری و عەرەبی، بۆیە درێژەدەدات بە هەڵوێستە سۆزدارییەکە و دواجار ئەو هەڵوێستە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ لێدانی ئیخوان موسلیمین کودەتایەکی ناڕەوا کرا بەسەر شەرعیەتی هەڵبژاردندا و دواتر دونیایەک زوڵمی جۆراوجۆری لێکەوتەوە و هەندێک دەوڵەتی عەرەبیش دەستیان سووربوو بەخوێنی میسرییەکان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەمیشە ڕێکخراو و گرووپە ئیسلامییەکان گەورەبن یان بچووک زۆربەی کات لە پاش ڕووداوەکان هەڵوێست وەردەگرن و لەبەرئەوەی یاریزانی سەرەکی یان خولقێنەری ڕووداوەکان نین و لە فیکری سیاسیشدا قوڵ نین، چونکە زۆر ئیشیان پێی نییە، بۆیە باجی هەڵوێستەکان دەدەن.

هەروەها عەرەبیش دەبن بەسێ بەشەوە بەشی موقاوەمە و بەشی ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل و بەشی بێلایەن، لەم قۆناغەدا پاش بێ ئومێدیی و لێدان و ئاوارەبوون ڕێکخراوی فەتح بەسەرکردایەتی یاسر عەرەفات ناچار دەکرێن بڕۆنە نێو دانوستانی نهێنی و خاوەنداری ئەسڵی بن، یان خاوەنداری شەرعین لەسەر ئاستی ڕووداوە ناوخۆکە بەڵام هیچیان بۆ نەکردووە نە لە ژینگە ئیقلیمییەکەدا و نەلە ژینگە نێودەوڵەتییەکەدا..

لەوانەیە خوێنەرێک بڵێت تۆی ئیسلامی هەرچی بکەیت و هەرچۆن بکەیت هەر جێگای ڕەزامەندی ئەوان نیت ئیتر لە شتەکە بزانیت یان نەیزانیت قیمەتی چیە؟

ئێمەش لێرەدا ئەم هەمووە شەن و کەوەمان لەبەرئەوە کرد کە بە ئارامی لە هۆکارە سەرەکیەکان تێبگەین کە بۆچی هیچ حسابێکمان بۆ ناکرێت؟ بۆچی هەر لە دەوڵەتی عوسمانییەوە باش دەرکی واقیع و دۆخەکەمان نەکردووە؟ بۆچی هەمیشە عاتیفە زاڵ بووە بەسەر بیرکردنەوە و عەقڵ و لۆژیکدا؟

**لە بەشی دووەمی قۆناغی سێیەمدا وەک لە ناونیشانەکەدا هاتووە باسی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و جیهادی گەلی ئەفغانە:**

پێویستە سەرەتا سەرنجی ئەوە بدەین کە کاری ئیسلامی و شۆڕشە نەتەوەییەکان لە سەدەی بیستەمدا لەبەرئەوەی هەمیشە بەدوای فریادڕەسدا گەڕاون بۆئەوەی فرسەت و دەریچەیەک بدۆزنەوە بۆ خۆیان و دۆزەکەیان ئیتر زۆر حسابیان نە بۆ باکگراوندی فریادڕەسەکە کردووە نە بۆ بەرژەوەندییەکانی و نە بۆ ژینگەناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکەی، بۆیە بەردەوام ڕەنجی بێئەنجام و خەباتی کەمدەستکەوت بەرهەمیان بووە و هەندێک جاریش بوونەتە سووتەمەنی ڕووداوەکان..

لەکۆتایی حەفتاکاندا زەمینەساز دەبێت بۆ شۆڕشێک لە ئێراندا دژ بەرژێمی شاهنشاهی ئێران و هەریەک لە هێزە شیعەکان بەسەرکردایەتی ئیمام خومەینی و هێزە چەپڕەوەکان بەسەرکردایەتی حیزبی توودەی ئێران و هێزە تێکەڵاوەکەی مجاهیدینی خەلق خۆیان سازدەدەن بۆئەوەی شۆڕشەکە بۆئەوان بێت سەرکردایەتی بکەن و ببنە ئەلتەرناتیڤی شا و ڕژێمەکەی.

**شای ئێران بۆچی کەوت؟ شۆڕش بۆچی سەریگرت؟ پرسیاری دیکەش زۆرن..**

«ئەسەدوڵڵای عەلەم» کە خۆی ڕازگر و وەزیر و متمانەپێکراوی شا بووە و باوکیشی هەمان باوەڕپێکراوبووە لە سەردەمی ڕەزاشادا لە یاداشتنامەکانیدا کە دوو بەرگە بە زمانی فارسی دەڵێت: ناکۆکییەکی قوڵ دەکەوێتە نێوان شای ئێران و ئەمریکاوە و دواجار دەگاتە شەڕەقسە لەسەر پشتهەڵکردنی ئەمریکا لە شا لە بابەتی کەنداوی- عەرەبی فارسیدا- شا داخوازی ئەوە دەکات کە ئەمریکا دان بنێت بە خاوەندارێتی ئێراندا بۆ جەزیرەکانی (طنب الکبری) کە ساڵی ١٩٧١ داگیری کردووە و دەڵێت بەشێکە لە کەنداوی فارس، ئەم جزیرەیە پێکدێت لەشەش جزیرەی بچووک و ئەرخەبیلی تەنگەی هورموز پێکدێنن و سەر بە ئەمارەتی (رأس الخیمە)ی ئیماراتییە، ئەمڕۆ سەر بە پارێزگای هورموزگانی ئێرانە و ئیمارات بەردەوام داوای دەکات، ڕووبەری جزیرەکە(٩١)کیلۆمەتر دوجایە و دانیشتوانی بەپێی ئاماری ساڵی« ٢٠١٠ » ٧٠٠ کەسە و درێژی ١٢ کم و پانی٧ کم، ساڵی ١٩٣٠ ئێران لە ڕێگای بەریتانیاوە داوا لە (رأس الخیمە) دەکات پێی بفرۆشێت، بەڵام ئەمیری (رأس الخیمە) دەڵێت بەهیچ جۆرێک ڕازی نابین ئەو جەزیرەیە بخرێتە سەر خاک و نەخشەی فارسی..«ویکیپیدیا»

دواجار دوای چەند ساڵێک بەتەواوی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئێران تێکدەچێت و ئێران بڕیاردەدات یەکێتی سۆڤیەت بکاتە بەدیلی ئەمریکا وەک شەریک و هاوپەیمان و ئەمریکاش دەیەوێت بەدیل بۆ ڕژێمی شا بدۆزێتەوە، هێزەکانی ناوخۆیی و دەرەکی

ئێرانیش لەو نێوەندەدا یاری خۆیان دەکەن، یەکێتی سۆڤیەت دەکەوێتە هەڵەیەکی مەغرورانەی ستراتیجییەوە کە دەیەوێت چەپەکان و حیزبی کۆمۆنیست بکاتە بەدیل و لەهەمانکاتدا لەگەڵ شا و ڕژێمەکەشیدا پەیوەندی دروستکردووە، ئەو هەڵوێستەی یەکێتی سۆڤیەت کارئاسانی تەواوی کرد بۆ ئیمام خومەینی و هێزە شیعییەکان و پاڵپشتی ڕۆژئاوا و ئەوروپایان بەدەستهێنا و گرەوەکەیان بردەوە و دواجار هەموو هێزەکانی دیکە بوونە هاوکار و تەواوکاری شۆڕش لە چەپەکان و کورد و عەرەب و بلوج و هەرکەس وایدەزانی بۆ خۆی دەکات و بەمەرامی خۆی دەگات، بەڵام هیچی وادەرنەچوو، بەڵکو ئەوەی بردییەوە خاوەنە ئەسڵییەکەی شۆڕش و سەرکردەکەی بوو کە پێش ئەوەی دەستپێبکات هەموو پێداویستییەکانی ناوەوە و دەرەوەی تەواوکردبوو، زۆر بەرچاو ڕوونانە و ستراتیجیانە هەنگاوی دەنا بۆئەوە نەهاتبوو تەنها ڕژێمێک بڕوخێنێت و بزانێت دوای ئەوە لە پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا چی ڕوودەدات و چاوەڕوانی پشکێک بێت، بەڵکو ئەو کە لە نەجەف دادەنیشێت و دواتر کە بەرەو فەرەنسا دەڕوات و بەرنامەی گەڕانەوە دادەڕێژێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ دەگەڕێتەوە و لەیەکەم دەرکەوتنیدا دەڵێت: «من ئەمڕۆ دەوڵەت تشکیل دەکەم BBC یش دواتر لە نورەدینی کیانوری سەرۆکی حیزبی توودە دەپرسێت ئەی ئێوە خەریکی چی بوون؟ ئەویش ئەڵێت: ئێمە وامانزانی ئێمەخاوەنی شۆڕشین کەچی لەپڕێکدا ئاخوونێک پەیدا بوو دەوڵەتی ڕاگەیاند، لە بەرهەمی شۆڕش هەرئەوەندە بەشی حیزبی توودە بوو کە یەکێتی سۆڤیەتی لەپشت بوو، ئەی چەندێک بەر هێزەکانی دیکە کەوت؟!

کورد و عەرەب و بلوج و سوننە تائێستاش نازانن چیان کرد و چۆنیان کرد و بۆچی کردیان جگەلەوەی تەنها ویستیان ڕژێمێک بڕوخێنن و نوقتە سەری دێڕ و نووسینەکەش لەسەری دێڕەوە دەستوورەکەی بۆ ئامادەکراوە..

**شۆڕشی ئیسلامی ئێران لێکەوتەکانی لە جیهانی سوننی و عەرەبیدا:**

ڕووخانی ڕژێمی شاهنشاهی لەسەر دەستی ئیمام خومەینی و گەلانی ئێران حاڵەتی دەروونی جیاوازی دروستکرد بۆ ئیسلامییەکانی جیهان و تەماعی خستەبەر هەندێکیان کەبیر لە شۆڕش و هێز و چەکداری یان خۆپیشاندان و ڕووبەڕوو بکەنەوە لەگەڵ ڕژێمی وڵاتەکانیان و هەندێکیان بڕیاریاندا ڕژێمی پەروەردە و بانگەواز بگۆڕن بۆ شێوازی ڕادیکاڵی، ئەوەبوو لە ١٩٨٧دا خالید ئیسلامبولی و هاوڕێکانی ئەنوەر ساداتیان تیرۆر کرد و بەشێک لە ئیخوان موسلیمینی سوریایش بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەیان دانا و سەرەتا لەگەڵ کۆماری ئسلامی ئێران نزیکییان کرد و، دواتر و پاش قەسابخانەی شاری

«حەمما»بنکە و بارەگا و ڕادیۆیان هێنایە بەغدا.

ئیخوان موسلیمینی تونسیش سەرەتا پشتگیرییان لە شۆڕشی ئێران کرد و یەکەم کەس شێخ ڕاشید ئەلغەنووشی نازناوی ڕابەری شۆڕشەکەی بە «إمام» هێناو باجی قورسیشیان لەسەر ئەو پشتگیرییەدا. پاش ئەوانەش بەشێکی تری بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دیکەی لوبنان و سودان و میصر و جەزائیر پشتگیریی و هاوکاری و هاوخەمیان دەستپێکرد لەگەڵ ئێران و شۆڕشەکەی و ڕابەرەکەی.

لێرەدا پێویستە بە ڕوونی و ڕاشکاوی بڵێین هیچ سەرکردە و بزووتنەوەیەک لە دیدێکی قووڵی سیاسی و مێژوویی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە سەیری ئێرانیان نەدەکرد و بنەمای سەرەکی هەڵوێستەکان عاتیفە و سۆز و گەڕان بووە بەدوای فریادڕەسدا، بۆیە ١٠ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا و شەڕی ئێران –عیراق کۆتایی دێت و هەموو باجەکان دەدرێن پاشان (ئیخوان موسلیمین) کتێبی (الخلافة بين أهل السنة و الشيعة )دەنووسن و بڵاویدەکەنەوە و لە پێشەکیەیکەیدا هەندێک گلەیی لە ئێران دەکەن.

ئێران پرۆژەی (تصدير الثورة) پەسەند دەکات و دەستدەکات بە دروستکردنی شانەکانی حزب الله، لە زۆربەی دەوڵەتەکان و خەونی ئیمپراتۆرییەتی کۆنی ئێرانی نوێدەکاتەوە، کەچی هێشتا بەشێکی زۆری تەوژمە ئیسلامییە سوننییەکان خەبەرییان نەبووەتەوە، پاش چل ساڵ بە فەرمی ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێران ڕایدەگەیەنێت کە ئێران ئێستا خاوەنی پێنج پایتەختە و بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی لە دەستچووی گەڕاندووەتەوە سەر نەخشەی جارانی خۆی.

## هەنگاوێکی سیاسی کورتخایەن و پاشەکشێیەکی بێ ئاکام:

پاش ئەوەی بزووتنەوە ئیسلامییە سوننییەکان دەگەنە ئەو قەناعەتەی بەهەڵە ئومێدیان بەستووە بە ئێرانەوە، ئیتر لە هەشتاکانی سەدەی بیست تاوەکو ٢٠١١ باڵە جیاوازەکانی ئیخوان موسلیمین و هەندێک گرووپی ئیسلامی دیکە لە میسر و سودان و کوەیت و عێراق و لوبنان و جەزائیر و ئەردەن بە خیتابێکی نوێ و بە تەنزیرێکی کاڵ و کرچەوە هەنگاویان نا بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی وڵاتەکانیاندا و هەندێکیان گەیشتنە پەرلەمان و بەشداری لە حکومەت، بەڵام پاش چەند خولێک لەژێر فشاری خیتابی تەکفیرییەکان و سەلەفی جیهادی و ناکۆکی ناوخۆیاندا لە نێوان دەعەویی و سیاسیدا بوون بەدوو بەرە و بەشەوە، بەرەیەک باوەڕی بە بەشداری پرۆسەی سیاسی نەما بەتایبەت لە حکومەتدا و بەشێکی دیکەیان باوەڕیان بە جددی کارکردن هەبوو لەکۆی پرۆسەی سیاسیدا، ئەم جیاوازیی و ناکۆکییانە لە نێوان گرووپەکاندا لە هەندێک وڵات سەریکێشا بۆ لەتبوون،

له هەندێک وڵاتیشدا کە جیهادی تەکفیری چەکداربوون سەریکێشا بۆ کوشتن و بڕین دژ بە ئیسلامییە سیاسییە میانڕەوەکان لە هەندێک جێگا زۆر خوێناوی بوو بەتایبەت لە جەزائیر. ئەوەی کە ماوە ئاماژەی پێبکەین لەم قۆناغ و تەوەرەیەدا باسی جیهادی ئەفغانی و کاریگەریی لەسەر گرووپە ئیسلامییەکان و هەڵوێست و بیرکردنەوەی سیاسییان:

هەرکە یەکێتی سۆڤیەت هەڵە گەورەکە دەکات هەرچی زووتر ئەمریکا دەیقۆزێتەوە، ئەمریکا دەترسێت دەست و قاچی سۆڤیەت بگاتە ئاوەگەرمەکانی کەنداوی عەرەبی بۆیە بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە لای هاوپەیمانەکانی و تەگبیری ستراتیجی بۆ خۆی دەکات و لە سعودییەوە دەچێتە نێوهاوکێشە و شەڕەکەوە، ڕۆڵەکان بەش دەکەن پارە و فەتوا و ئاسانکاریی لە سعودییەوە و چەک و ڕاگەیاندن و گەلەکۆمێی نێودەوڵەتی لەسەر ئەمریکا و بەهەردووکییانەوە زۆر بەباشی توانیان ئامانجەکان بپێکن و ئەو ئامانجانەش بەشێکیان بریتی بوون لە:

* لێدان و لاوازکردنی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکا بوو.

* بەمەرجەع کردنی سعودییە لە کەیس و دۆسیەی جیهادی ئەفغانیدا بۆ زۆربەی جیهانی ئیسلامی، ئەوەش لە بەرژەوەندی سعودییە بوو.

* هەڵمژینی سۆز و عاتیفەی گەنجانی مسوڵمان و گرووپە ئیسلامییەکان و دوورخستنەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی بیرۆکەی توندڕەوی یان ڕووبەڕووبوونەوە لە کەیس و دۆسیەی جیهاد ئەفغانیدا بۆ زۆربەی جیهانی ئیسلامی، ئەوەش لە بەرژەوەندی سعودییە بوو.

* هەڵمژینی سۆز و عاتیفەی گەنجانی موسوڵمان و گرووپە ئیسلامییەکان و دوورخستنەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی بیرۆکەی توندڕەوی یان ڕووبەڕووبوونەوە لە سعودیە و تەواوی وڵاتانی عەرەبی و بەسووتەمەنیکردنی ئەو گەنج و گرووپانەی ترسیان لێیان هەبوو و وەناردنیان بۆ ئەفغانستان، ئەم ئامانجەش هاوبەشی وڵاتانی ناوچەکە بوو.

## دەرئەنجام:

*ئەفغانستان و داگیرکردنی هەیبەتی سۆڤیەتی شکاند و دایبڕی لە جیهانی ئیسلامی دەرئەنجام ئەوەندە قەرز و شکست و بارگرانی بۆ دروستکرد دوای هەوڵێکی لەلایەن گۆرباتشۆڤەوە بەناوی «بیرۆستریکا» بۆ چاکسازی سەری لە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە دەرچوو، لە ساڵی ١٩٨٩ و پاش ١٣ ساڵ لە داگیرکردنی ئەفغانستان لە ڕۆمانیاوە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دەستیپێکرد.

*ئەفغانستان کاول بوو، بە ملیۆنەها کوژراو و بریندار و کەمئەندام و بێ باوک و بێوەژنی لێکەوتەوە.

*دەیان گرووپ و ئەفکاری توندڕەوی لێکەوتەوە، وەک قاعیدە و دواتر تاڵیبان و ئەو گەنجانەش دەگەڕانەوە هەندێکیان بیری جیهادییان لە وڵاتەکانی خۆیان بڵاودەکردەوە و چەندەها قەیرانی ناوخۆیی دروستکرد.

*دوای دروستبوونی قاعیدە و تاڵیبان، سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکە بڕیاریاندا کە هیچ موجاهدێکی وڵاتەکانی خۆیان وەرنەگرنەوە، ئەوەش ڕێگا خۆشکردن بوو بۆ زیاتر تووڕەکردنی گەنجەکان و گرووپە ئیسلامییەکان و لێکەوتەی خراپی هەبوو.

*تائەمرۆش نە ئەفغانستان هێور بووەتەوە و نە ڕووسیاش بەتەواوی لەسەر پێی خۆی وەک کارەکتەرێکی نێودەوڵەتی کاریگەر وەستاوەتەوە.

**دەرئەنجامگیری بۆ بابەتەکەی خۆمان و ناونیشانی سەرەکی و پرسیارەکە:**

زۆر بە کورتی و پوختی دەتوانین بڵێین، گرووپ و ڕێکخراو و ئەحزابی ئیسلامی و پرۆژە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ، میراتگری ئەو دوو سەدەیەن کە باسمان کرد. تا ئێستا زۆر بەکەمی نەبێت نەیانتوانیوە لەژێر هەژموونی فیکریی و عاتیفی ئەو هەمووە ڕووداوە دەرچن، تائێستاش باسی مەجدی کۆن و ئەدەبیاتی کۆن سەرچاوەی خیتابی دینی و سیاسی و ئایدۆلۆژییانە، تا ئێستاش ئوممەتی ئیسلامیی و گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان زۆر بەکەمی نەبێت نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی ورد و واقیعی بکەن بۆ ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازیی و بایەخی زانست و بابەتەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ، هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی بێ ئەرزشن لای ئەوان، چونکە ئەوروپا سەرکەوتووە و دەوڵەتی عوسمانی ڕووخاوە.

## شرۆڤە بۆ ئەنجامگیری:

کاری ئیسلامی لە کوردستان بۆچی دروست بوو؟ خەڵکی چی لێ چاوەڕوان دەکرد؟

سەرەتای کاری ئیسلامی لە کوردستاندا بە ئامانجی بانگەواز و پەروەردەی تاک بوو بە میکانیزمی ڕێکخستنی نهێنی و بەڕابەرایەتی کۆمەڵێک زانا و وتاربێژی بەتوانا لەسەر ئاستی هەموو عێراق و کوردستان و بە هەڵسوڕاندنی کاری مەیدانی و ڕێکخستن لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی هەڵسوڕاو لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا..

مەبەست لە بانگەواز لەوکاتەدا و تا ئێستاش بریتی بووە لە هۆشیارکردنەوەی ئوممەت و ڕاستکرنەوەی چەمکە ئاوەژوو کراوەکان دەربارەی ئیسلام و بنەما و پرنسیپەکانی و بەشێوازێکی گشتی ئەوەندەی پەیوەندی بە کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینەوە هەیە چڕکراوەتەوە لە بیست ئەسڵدا بەناوی « بیست ئەسڵ و بنەما » بەقەڵەمی پێشەوای شەهید حەسەن بەنا..

ئەم شێوازە لە کار و بەرنامە لە کوردستاندا بە چەند هەوراز و نشێوێکدا تێدەپەڕێت وەک هەموو وڵاتانی دیکە، و بەردەوام دەبێت تاساڵی ١٩٨٧ و ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی چەکدار بەڕابەرایەتی کەسی یەکەمی «بانگەوازی ئیخوان موسلیمین» لە کوردستاندا جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، ئیتر لەو ساڵەوە کاری ئیسلامی دەبێتە دوو ڕەوت و دوو سەرکردایەتی و دوو بەرنامەی کار، پەروەردە و بانگەواز لای ڕەوتی چەکداری بۆ پێگەیاندنی تاک بوو لەسەر بنەمای پێشمەرگایەتی و جیهاد و چەکداریی بەردەوام..

پەروەردە و بانگەواز لای ڕەوتی برایان هەر بریتی بوو لە درێژەدان بە کاری بانگەواز و ڕێکخستن، ئەوانیش لە ئێرانەوە خۆیان ڕێکخستەوە و بە شورا و ڕێکخستنێکی تەقلیدییەوە دوای بەهاری ١٩٩١ گەڕانەوە بۆ کوردستان، ڕەوتە چەکدارییەکە تا ساڵی ١٩٩٣ زۆر پەرەی سەند و لە هەموو کوردستاندا مەڵبەند و بارەگایان کردەوە و لە چەند ناوچەیەکیش سەربازگەیان دامەزراند و دەستیانکرد بەمەشق و ڕاهێنانی سەربازی.

لەناو ئەم ڕەوتەدا چەند کەس و گرووپێک هەبوون باوەڕیان بەڕووبەروبونەوە هەبوو لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆدا و لەهەمانکاتدا باوەڕیان نەبوو بە سەرکردایەتیکردنی ڕابەری گشتی بزووتنەوە و ئەو زانایانەی کە هاوکاری  بوون و پێکەوە بزوتنەوەیان ڕاگەیاند چونکە ئەوان لەگەڵ هیچ دەرگیرییەکی ناوخۆییدا نەبوون، بۆیە کە شەڕیش هەڵگیرسا ڕابەری گشتی و ئەو چەند زانایە نە ئاگایان لێبوو نە پرسیشیان پێکردبوون بۆ هەندێک هەنگاو و هەڵوێستی سەربازی، بەڵام بەشێکیش لە باجە قورسەکەی ئەو شەڕە بوو بەتووشی ڕابەری گشتی و خانەوادەکەیەوە..

**ئەو شەڕە کۆمەڵێک زەرەری گەورەی لێکەوتەوە لەوانە:**

١- سەرکەوتنی ئەو باڵەی یەکێتی نیشتمانی کە باوەڕیان بەڕووبەڕووبوونەوە و پاکسازی بزووتنەوە هەبوو لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی.

٢- جڵەوگرتنەدەستی ئەو گرووپانەی ناو بزووتنەوە کە باوەڕیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری هەبوو بێگوێدان بە هەڵوێست و قەناعەتی ڕابەری گشتی و سەرکردایەتی.

٣- ڕاگەیاندن و ڕێکخستنەکانی یەکێتی و چەپەکان توانیان ڕای گشتی دروست بکەن دژ بە بزووتنەوە، بەشێوازێک کە کۆمەڵگەی کوردەواریی و پرسی نەتەوە و نیشتمان پێویستی بە ئیسلامی و پرۆژەی ئیسلامی نیە و، خەڵک خۆی بۆ خۆی مسوڵمانە و پێویست ناکات جارێکی تر مسوڵمان بکرێتەوە، بەم زمانە سادەیە خەڵکی گشتییان قەناعەت پێدەکرد لە دژی هەموو ئیسلامییەکان. ئەم قەناعەت و ڕایگشتییە وایکرد کە پرۆژەی ئیسلامی ببێتە پرۆژەی تاقم و گرووپ و حیزب و نەتوانێت ببێتە خاوەنی پرسە

گشتییەکان و پرسی خەڵک و نەتەوە و نیشتمان بەگشتی.

ئالێرەوە ئیتر ڕەوتی چەکداریی لە زیھنییەتی زۆرینەی خەڵکدا نەک نابێتە نوێنەر و هەڵگری پرسەکانی خەڵک و نەتەوە و نیشتمان، بەڵکو وەک ڕێگر و مەترسی لەسەر ئەو پرسانە، سەیر دەکرێت، لێرەوە هەر هەوڵێک لەلایەن بزووتنەوەوە دەدرا بۆ چاککردنەوەی قەناعەتی خەڵک و گۆڕینی ئەو ڕا گشتییە هەر شکستی هێناوە، چونکە لەلایەک دەسەڵات و هێز و ناوچەکان بەدەست یەکێتییەوە بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنێکی بەهێزدا، لەلاکەی دیکەشەوە گرووپە توند مەشرەبەکانی ناو بزووتنەوە فرسەتیان نەدەدا کە دۆخەکە ئاسایی بێتەوە و هەرجارەی شتێکیان دەخولقاند و فتوایەکیان دەداو هاوکارێکی باش بوون بۆ ئەو یەکێتییانەی کە باوەڕیان بە یەکلاییکردنەوەی دەسەڵات بوو بۆ خۆیان.

بزوتنەوەی ئیسلامی بەهۆی ناکۆکی و نەگونجاوی پێکهاتەکانی ناوخۆییەوە لە نێوان گرووپە توندمەشرەبەکان و زانا میانەڕەوەکانەوە دواجار دۆخی نەگونجاوی ناوخۆ دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە دوای کۆنگرەی تەوێڵە و لێکەوتەکانی دواتری هێزێکی لێ جیادەبێتەوە و کۆمەڵی ئیسلامی دروست دەکەن.

**گرووپی دووەم لە کاری ئیسلامی لە کوردستان:**

ڕەوتی برایان «اخوان المسلمین» پاش ساڵی ١٩٩٣:

ئەم ڕەوتە پاش دەرچوونی یاسای حیزب و ڕێکخراوەکان لە پەرلەمان ساڵی ١٩٩٢ پاش دراسەی دۆخەکە و ڕاپرسی ناوخۆ لەگەڵ هەموو کادیر و ڕێکخستنەکان شورا بڕیاریدا بەپێی ئەو یاسایە خۆی ڕێکبخات و لەژێر ناونیشانی حیزبێکدا بەردەوامی بدات بەکاری بانگەواز و ڕێکخستن. برایان پێش ئەوەی مۆڵەتی فەرمی لە حکومەتی هەرێم وەربگرن وەفدێکیان نارد بۆ لای ڕابەری گشتی و سەرکردایەتی بزوتنەوە لە سەرئەشکەوتان بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە لەو هەنگاو و هەڵوێستە، ڕابەری گشتی بزووتنەوە لاری نەبوو، و ڕێگریشی پیشان نەدا، بەڵام هەندێک لە سەرکردە توندمەشرەبەکان وتبوویان پێویست ناکات و جائز نییە لە دەسەڵاتی عەلمانی مۆڵەت وەرگرن، بەهەرحاڵ برایان بەپێی یاساکە خۆیان ڕێکخست و مۆڵەتیان وەرگرت و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان پێکهێنا..

ئامانجی ستراتیجی «اخوان مسلمین - یەکگرتوو» لەو هەل و مەرجەدا زیاتر ئەوەبوو مادام یاسا دەرچووە با هەر لەئێستەوە خۆیان دەربازکەن لە کاری نهێنی و قەدەغەکردن و دەردیسەرییەکانی کاری نهێنی، ئەم لافیتەیەش تەنها بۆ بەردەوامی بانگەواز و ڕێکخستنەکەیە و هیچ مەرامێکی سیاسی گەورەی لە پشتەوە نیە..

ئەم ڕەوتە لە سەرەتاوە بەخۆیدا ڕانەدەبینی خۆی بکاتە خاوەنی پرسە گشتییە گەورەکان و ئەگەر لە پێڕەو و پرۆگرامیشدا نوسیبای زیاتر هەر بۆ مۆڵەت وەرگرتن بوو، چونکە کادیر و ئەندامی کەمتر لەسەر پێدەگەیاند، سەرکردە و ئەمینداری ئەم ڕەوتە قەناعەتی وابوو کە پرسی نەتەوە لای پارتی و یەکێتی و سەرکردەکانی ئەوانە و ئەم و حیزبەکەی ناتوانن لەو بوارەدا خۆیان بکەن بەخاوەن، ئەم ئاوە بەو جۆرە ڕژا و ڕەنگی گرت. ئیتر لەناو ڕای گشتیدا و لە هەموو کوردستاندا یەکگرتوو ناسرا بە :حیزبە خێرخوازەکە، حیزبە میانەڕەوەکە، حیزبە پەروەردەییەکە، حیزبە ئیسلاحییەکە...

ئەم ناسین و ناساندنە بەشێکی یەکگرتوو خۆی دەیکرد و بەشەکەی دیکەشی ئیعلامی حیزبەکان بۆیان دەکرد، یەکەم هەڵەی ستراتیجی یەکگرتوو ئەوەبوو، لەبەرئەوەی خیبرەی سیاسی قووڵی نەبوو و نەیدەزانی باش دۆخەکە بخوێنێتەوە بڕیاریدا بەجیا لە هێزە کوردستانیەکان بەشداری یەکەم هەڵبژاردنی عێراق بکات بە لیستی سەربەخۆ و شیعاری دژە گەندەڵی بەرزکردەوە و باجێکی گەورە و قورسیدا، لە بادینان جگەلە شەهیدکردنی چەند سەرکردەیەک و سووتاندنی بارەگاکانی بادینان، پارتی کە پێشتر ئیشی لەسەرئەوە دەکرد کە پارتی و یەکگرتوو دوو بەشی درەختێکن دوای ئەو ڕووداوە دەستیانکرد بە دروستکردنی ڕای گشتی دژ بەیەکگرتوو لەسەر هەموو ئاستەکان، تاوەکو گەیشتە ئەوەش کە ئیشیان کرد لەسەر لاوازکردن و کەمکردنەوەی چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی ڕابیتە و ئیغاسە و نەدوەی ئیسلامی، ڕێگەشیان نەدا زانکۆی گەشەپێدان لە دەڤەری هەولێر بکرێتەوە.

ئەم دوو ڕەوتە هێشتا لەڕووی فیکریی و سیاسی و پەروەردەیی و دەعەوییەوە کێشەیان هەیە و بۆیان چارەسەر نەکراوە، کۆمەڵی ئیسلامی کە میراتگری بەشە زۆرەکەی بزوتنەوەیە، هەرچەندە چەکی داناوە و بووە بە حیزبێکی کوردستانی سیاسی، بەڵام هێشتا پێکهاتەکەی بریتییە لە تێکەڵەیەکی سەلەفی، جیهادی، سیاسی، پەروەردەیی و لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەم تێکڵەیە شۆڕ بووەتەوە. ئەو دوو ڕەوتە ئەوە حاڵ و سیاسەت و بارودۆخیان بوو کەچی لە نێوان خۆیاندا ململانێیەکی زۆر خراپ هەبووە و هەیە و جەماوەرە دیندارەکەش کێشەی بۆ دروست بووە لە نێوان هەردوولایان، ئەم دووانە ئەوەندەی موونافەسەی یەکتر دەکەن ئەوەندە موونافەسەی لایەنەکانی تر ناکەن و خەڵکیش پێی زانیون و ئامادەش نین دەست لەو ململانێ نەزۆکە هەڵگرن و میکانیزمێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەو ڕێژە دەنگەی یەکلاییبووەتەوە بۆ ئیسلامییەکان و پێکەوە بڕۆنە پەرلەمانی عێراق و کوردستان و پێکەوەش پلانێک دابنێن بۆ بانگەوازە گشتییەکە.

## قسەیەک لەبری کۆتایی:

ئەگەر بەوردی سەرنجی قۆناغەکای کاری ئیسلامی بەتایبەت بزووتنەوەکانی سەدەی بیست و پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵە ١٩٢٤ لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک بدەین، دەبینین زۆربەی گۆڕانکاری لە میکانیزمەکامدا یان ناچاری بوون، یان پاش دەرک نەکردنی دۆخی سیاسی و حکومڕانی جیهانی و هەرێمایەتی و پەرەسەندنەکانی بووە. هەربۆیە تا ئەم ساتەوەختەش و پاش تاقیکردنەوەی زۆربەی بژاردەکان هێشتا دونیایەکی جیاواز و قوڵ هەیە لە نێوان تەوژمە ئیسلامییەکاندا. هێشتا بابەتاکانی خەلافەت و دەوڵەت و دیموکراسیەت و مەدەنییەت و سەلەفییەت و جیهادییەت و (تکفیریەت و سطیەت و تعدودیت) و ئافرەت و بەشداری سیاسی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە عەلمانی نیشتمانییەکان و هەڵوێست لە ڕۆژئاواو...هتد هەموو ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارانە جێگای مشتومڕ و جیاوازیی و ناکۆکین و لە ڕای جیاوازەوە دەستپێدەکات تا تەکفیر. ئەم جیاوازییە لە فیکر و دونیابینییەدا هەمیشە و بەردەوام جیاوازی لە میکانیزم و هەنگاوەکانی کار و پرۆژەکاندا دروست دەکات.

**ڕووخانی ڕژێمی شاهنشاهی لەسەر دەستی ئیمام خومەینی و گەلانی ئێران حاڵەتی دەروونی جیاوازی دروستکرد بۆ ئیسلامییەکانی جیهان و تەماعی خستەبەر هەندێکیان کەبیر لە شۆڕش و هێز و چەکداری یان خۆپیشاندان و ڕووبەڕوو بکەنەوە لەگەڵ ڕژێمی وڵاتەکانیان**



بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ

# پرۆسەی پەروەردە

## وەك مانیفێستۆی چاكسازیی كۆمەڵگە

ئەقڵی دەستەوکۆمەڵیی وایە کاتێک ڕووداوێک دێتە پێش، یان دیاردەیەک تەشەنە دەکات، خەڵک تەنیا دیوی ڕووکەشییانەی سەرەوەی شتەکان دەبینن و هەستیپێدەکەن، قسەوباس لەسەر ئەوە دێننە گۆڕێ کە چی دەرهاویشتە و ئەڵقەی کۆتایی زنجیرەکەیە، بەڵام لەژێر بنمیچی ئەم ڕووداوانەدا ئاریشەیەکی باڵاتر، درزێکی قوڵتر، بوارێکی فراوانتر بوونی هەیە کە (ژێرخان)ی ڕووداو و ئاریشەکانە، بەڵام کۆمەڵگە درکی پێناکات، ناتوانێت پەی پێ ببات، یان بە ئانقەست خۆی لێ کەنارگیر دەکات. ئەقڵی دەستەوکۆمەڵیی ناتوانێ هەموو شتەکان ببینێت، سروشتێکی بەهەڵەشە و بەکاردانەوە و خێرای هەیە، بینین و بڕیار و بوارەکانی کورتن، دەستەبژێرێکی نێو کۆمەڵگە بڕێکجار هەست بە قوڵایی باسەکان دەکەن. جا پەروەردە ئەم دیوە نەبینراوەی کۆمەڵگە و دەستە و جڤاتە. یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی هێزی نەستی دەستەوکۆمەڵیی collective unconsciousness بریتییە لە دەرهاویشتەکانی (پەروەردە) و ڕەگ و ڕیشاڵەکانی لەنێو خەڵک، چین و توێژەکان، هاوڵاتیان، ئاست و تەمەنەکان، پیشەکان، و بەگشتیش سەرجەم مرۆڤەکان.

پەروەردە، بە واتا فراوانەکەی لە ئاڕاستەکردنی مرۆڤ و ڕێنماییکردن و ڕاهێنانی، داڕێژەرێکی هەرە بنەڕەتیی جیهانی(دەروون)ی مرۆڤە، بۆ هەر تەمەنێک بە شێواز و ڕێژەی خۆی، دیوێکی هەرە بە بایەخ و، تاڕادەیەک لەبیرکراوی (دەروونەدروستی)یشە، کە شوێنپەنجەی کاریگەر دادەنێت لەوەدا کە تاکەکانی (کۆمەڵ) بەرەو چ لایەک ڕەفتار دەکەن، بنیاتنەر، یان ڕووخێنەر.

ئەم نوسینەم، دەیەوێت و هەوڵدەدات کە بە کورتی و پوختی، پرۆژەیەک بێت بۆ لایەن و پارت و دەستگا هزریی و پەروەردەییە ئاینییەکان – ناسراون بە ئیسلامییەکان- بەوپێیەی گوتارێکی بەرچاویان تا ئێستاش لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، تا پێکەوە بەشێک بن لە گەڵاڵەکردنی (مانیفیستۆ)یەکی هەمەلایەن بۆ گرێدانی (چاکسازی کۆمەڵگە) بە (چاکسازی پەروەردەیی) بەتایبەت لە ئاڕاستەی (دەروونەدروستی) تاکی کورددا، دوای ئەوەی تێبینیم کرد تا ئەم لەحزەیەش خاوەنی گوتارێکی ڕوون و ڕاشکاو و دیدگەیەکی پەروەردەیی هەمەلایەن و گشتگیر نین، و نەیانتوانیوە لەچوارچێوەی (دروشم) و خرۆشانی سۆزەکان پەرواز بکەن بەرەو گوتارێکی خاوەن (ڕووانین). ئەمەش دوای ئەوە دێت کە دیاردە و لێکەوتەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵگە، بۆتە دروستکردنی زۆرترین دەنگەشە و ڕاجیایی و دیبەیت و گوریسپچڕکێنە لەناو ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکاندا، بە لیبراڵ و پارێزگارەکان، بەوەی کۆمەڵگە لە چ شێوەژیانێکدا ئاڕاستەیەکی «دروست» وەردەگرێت، ئەسڵەن کۆمەڵگەی «دروست» خۆی کێیە؟ چۆن بتوانرێت بەر بە ناشیرینییەکان بگیرێن، چین

ئەوانەی «ناشیرین»ن و، چۆن هاودید بین لەوەی کە ڕێگە لە تەشەنەکردنیان بگیردرێت.

هەڵبەت دەمەوێ ئاماژە بەو خاڵە بدەم کە بۆ بەکارهێنانی چەمکی (مانیفێستۆ) بەو غەرەز و مەبەستە پەروەردەییە، سودم وەرگرتووە لە پەرتوکی (پەروەردەناسیی ڕەخنەیی) د. عەبدوڕەحمان وەهاب، کە هەوڵیداوە بەیانێکی گشتگیر بۆ چاککردن و ڕیفۆرمی دۆخی پەروەردە بهێنێتە کایەوە و، لەوێدا بیرۆکە و ڕەخنەی جدیی تازە گەڵاڵە دەکات.

> **گەشەی ژیاریی لە دیوی هەرە قوڵ و بەرپیشاڵ و نەبینراویدا، پشتئەستوورە بە (دەروونذروستی) و (هۆشیاری) تاک، هەرکام لەم دوو حاڵەتەش بەبێ ڕۆڵگێڕانی (پەروەردە) ناهێنرێنە دی.**

سەیر لەوەدایە کە ئیسلامییەکان و سێکیۆلارەکان، دیندار و بێدین و دژەدینەکان، لیبڕاڵ و کۆنسێرڤەتیڤەکان...هتد، هەموویان باس لە پەروەردە دەکەن، هەموو پێکەوە پەروەردە بە مەیدانی کارکردنی خۆیان دەزانن، هەموویان وێکڕا چەمکی پەروەردە بە «گرنگ» دەزانن، بە نزیکەیی هەمووشیان وای دەبینن کە پەروەردە لە «پاشەکشێ» دایە، بەڵام ڕوانین و پێناسەی هیچیان بۆ ئەوەی کە پەروەردە لە خودی خۆیدا چییە ڕوون نیە، دەبێت پەروەردە (چۆن) بێت جێگەی مشتومڕێکی نەبڕاوەی ئەم لایەنانەیە، ئەم هێزانە کە هەرکامیان لایەنگر و پاڵپشتیکار و هاندەری خۆی هەیە لە گۆڕەپانی کوردستاندا کۆک و هاوئاواز نین، ئەم قڵیشان و درزەی ئایدیۆلۆژیا بۆ سەیرکردنی پەروەردە گەرچی فرەیی و جۆرێک لە داینامیکییەت و جوڵەی بەخشیوە بە دیبەیتەکان، گەرچی ڕاجیایی زۆرجار پرۆسەکە دەوڵەمەند دەکات، بەڵام نەدۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و ڕوون ئاریشەیەکی قوڵە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، چونکە کاردانەوەی نەرێنی لەسەر پرۆسێسی (پەروەردە)ی مرۆڤی کورد دادەنێت.

لەم نوسینەمدا، کاتێک وشەی (پەروەردە) بەکاردێنم، مەبەستم پێی پرۆسەی گەشەکردنی دەروون و بیرکردنەوە و کەسایەتی و ئاکاری مرۆڤی فێرخوازە، لە چوارچێوەی ژینگەیەکی ئەرێنی، لەلایەن کەسانی شارەزا، بە کەرەستە و ئامرازە جیاوازەکانی فێربوونەوە، لەپێناوی ئامادەکردن و نەشونمای: ١-جەستەیی ٢-دەروونی ٣- ڕۆحی ٤-هزریی ئەو فێرخوازەدا. بۆیە مەبەستم لە وشەی (پەروەردە) تەنها

پرۆسەی بەڕێوەچوونی جموجۆڵە ڕۆتینییەکان و سیستەمی نێو دەزگا پەروەردەییەکانی دەوڵەت و حوکومەت نییە، بەڵکو من پەروەردە دەخەمە نێو کەوانەیەکی گەورەترەوە کە سەرەتاکەی خێزانە و ناوەڕاستەکەی دانیشگا پەروەردەییەکانە و کۆتاییەکەی کۆمەڵگەیە. هەروەها کاتێکیش وشەی (ڕووانین) بەکاردێنم بۆ هێزە ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان لەبارەی ئەوەی کە پەروەردە چییە؟ مەبەستم لێی هەرسێک دەستەواژەی : فەلسەفەی پەروەردە و سیاسەتی پەروەردەیی و پلانی پەروەردەییە. هەرچەندە هەرسێک چەمک پێناسەی جیاوازی خۆیان هەیە و ئەکادیمیست و توێژەران وردتر لێی دواون.

توێژەر (ماری کێنێدی) لە جۆرناڵی ئەکادیمی (Teacher Education) دا بەم شێوازە گوزارشت لە وشەی (ڕووانین)ی پەروەردەیی دەکات، بەوەی کە: «پلانێکی داڕێژراوی دوورخایەنی پەروەردەکارانەیە بە ئاڕاستەیەکی ئامانجداری دیاریکراو بە ڕێگە و شێوازی ئەقڵانی».

هەروەها دکتۆر (ئیوا بەیلێک) کە مامۆستای پەیمانگای دەرونزانیی پەروەردەیی وارشۆی پۆڵەندایە، وەهای دەبینێت کە پرۆسێسی پەروەردە لەغیابی ڕووانیندا «دەمرێت»، بۆیە لەم سەردەمەدا پەروەردە لەڕێگەی (ڕووانین) ی تازەوە پێویستی بە خۆنوێکردنەوەو  کەرستەی تازەی سەردەمییانە هەیە، چونکە ئاریشەکانی ژیان ئێستا گۆڕاون. ئەو پێی وایە کە ژیانی تازە (مانا)ی تازەی دەوێت بۆیە دەبێت پەروەردە ئەو مانایە نوێیە بنەخشێنێت بە ژیان. هەروەها دکتۆر (ئیوا) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕووانینی پەروەردەیی دەبێت خزمەت بە دۆزینەوەی تازە (new discoveries) و خۆپەروەردەکردنی رۆحی (Spiritual self-education) پتر بدات.

هەروەها  توێژەر  (ئەسڵان بێگ نەزیف) پێناسەی پەروەردە لەم سێ دەستەواژەیە کورت دەکاتەوە:

**یەکەم: تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییانە لەگەڵ مرۆڤی دیکە.**

**دووەم: گواستنەوەی ئەزموونی کەڵەکەبوو لە وەچەیەک بۆ وەچەیەکی تر.**

**سێیەم: ڕاهێنان و پەرەپێدان لەژێر چەتری سیستەمێکدا.**

بەم بەرکۆڵ و دەستپێکە، پێدەنێمە نێو باس  و خواسی ئەوەی کە پەروەردە چ ژێرخانێک بۆ کۆمەڵگە دادەڕێژێت؟ هێز و لایەنە چاکسازەکانی کۆمەڵگە پێویستە لەو خاڵە جەوهەرییە ئاگاداربن کە سێ کۆڵەکەی گرنگ هەن ژێرخانی کۆمەڵگە پێکدەهێنن و پرۆسێسی پەروەردە دەتوانێت داڕشتەی ئەندازیارییانەی ئەم سێ کۆڵەکەیە بکات و، ڕۆڵێکی لەبیرنەکراوی هەبێت لە سازکردنیاندا، ئەمانیش بریتین لە: دەروونددروستیی تاک، هۆشیاریی ژیارییانە و شوناسی خێزانیی.

## یەکەم، دەروونوندروستیی تاك:

لەڕاستیدا، جوڵەی ژیاریی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا ئەگەرچی لە دیوە بینراوەکەیدا بەندە بە کرداری ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوە و جوڵەی ئابوورییانە و بەرهەمهێنان و داهێنان و دۆزینەوەی زانستی، بەڵام ئەمانە بەشێکی چیرۆکەکەن، چونکە گەشەی ژیاریی لە دیوی هەرە قوڵ و بەڕیشاڵ و نەبینراویدا، پشتئەستوورە بە (دەروونوندروستی) و (هۆشیاری) تاک، هەرکام لەم دوو حاڵەتەش بەبێ ڕۆڵگێڕانی (پەروەردە) ناهێنرێنە دی. دوو توێژەری پەروەردەناس و دەرونزان بەناوی (میهیلیا و کامیلیا) لەژێر ناوی (پەروەردە لەپێناوی دەروونوندروستییدا) وتارێکیان بڵاوکردەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەدەن کە: ڕاهێنان و بڵاوەپێکردنی هۆشیاری لەناو کۆمەڵگە لەڕێگەی دامودەزگاکانی (پەروەردە)وە ڕۆڵێکی لەبننەهاتوو دەگێڕن بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە دەروونییەکان و گەشەدان بە دەروونسەلامەتیی، دواتریش لە ئەگەری زۆردا دەبێتەهۆی هێنانەدی مرۆڤی چاکپەروەر و هاونیشتیمانی چاکپەروەر (المواطن الصالح).

هەرچەندە ئاسان نییە ڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی پێناسەیەکدا بزانین خودی «دەروونوندروستیی» چییە و چۆنە، ڕەنگە ئەمە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر پێناسەکەی بگۆڕێت، بەڵام زۆر ئاسان هەست بە شوێنپەنجە و شوێنەواری دەروونوندروستیی تاک دەکەین لەنێو کۆمەڵگەدا، بەوپێیەی کە کۆمەڵگەی دەروونوندروست دەتوانێت ئاسانتر لە دیوە کەلتووریی و ئابووریی و ڕامیاریی و زانستییەکەی گەشەبسەنێت تا کۆمەڵگەیەک کە کێشەی نەبوونی دڵنیایی دەروونوندروستی تێدا بەرقەرارە، بەجۆرێک کە دەروونوندروستی گەرچی حاڵەتێکی (ناوەکیی) ناخی مرۆڤە، بەڵام پەرش دەبێت بەسەر (دەرەوە)دا و کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییانە و دەروبەری دەبێت. لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا خەمخۆر و پەروەرشیار و توێژەران هەست بە ئاستەنگەکانی بەردەم دەروونوندروستی دەکەن، ئامارەکانی ڕێژەی خۆکوشتن و کوشتن و توندوتیژی و لێدان و ئازاردان کە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە دڵخۆشکەر نین و، هێڵێکی سوور دەهێنن بەژێرسەلامەتیی (دەروون)ی تاک لە کۆمەڵگەدا. هەرچەندە ئێستا زووە ئێمە بڕیاری گشتگیرانەی لێوە بدەین، بەڵام دەبێت خەمخۆرانی پەروەردە بیر لە کاراترکردنی ڕۆڵی پەروەردە بکەنەوە بەسەر کۆمەڵگە تا لەوێوە دەرچەی چارەی دەروونییانە بۆ کێشەکانی توندوتیژی ببینرێتەوە.

ڕەنگە ئەم حاڵەتە تەنها پەیوەندی بە کارتێکەرە سایکۆلۆژییەکانیشەوە نەبێت، بەوپێیەی کەوا شێوەژیانی مۆدێرن لە ئێستادا قەرەباڵغی و پاڵەپەستۆ و ژاوەژاوێکی داوە بە مرۆڤ، ئاسان نییە لە دنیای هاوچەرخدا ڕۆحی مرۆڤ شەکەت و هیلاک نەبێت.

ستیڤن ڕۆس لە کتێبی Modernist Ethics; Critique and Utopia دا لەمبارەیەوە دەنوسێت: مرۆڤی مۆدێرن ڕاڕا و بێقەرارە، دەروونێکی یاخییانەی هەیە، چونکە هەرچی ئێستا دەیبینێت پێشتر لە واقیعێکی دیکەدا ئەزموونیکردووە، لەڕێگەی دۆزینەوەی زانستەوە گەیشتووە بە نوقتەی کەماڵ، مرۆڤی مۆدێرن گەیشتووە بە ئەوپەڕی وردبینی و لێزانی و دیققەت، ئەوەی بیهەوێت و بیخوازێت دەیهێنێتە بندەستی خۆی، ئەوەی پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە دەتوانێت بیکاتە (بەدیل)، بۆیە هەمیشە بەدوای بەدیل بۆ واقیعی ئێستای دەگەڕێت.

بێگومان ئاماژەکانی سیتڤن ڕۆس بەڵگەی بەهێزن بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی کە ژیانی مۆدێرن ژیانێکی جەنجاڵە و مرۆڤ لەژێر ڕەحمی ئەو قەرەباڵغییەدا مەترسی شڵەژان یان لانیکەم گرژیی باری (دەروونی) لێدەکرێت. ئەمەش پێوەندیدار نییە بە کەلتوور و نەتەوەیەکی دیاریکراوی جیهان، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی جیهانیی تەشەنەکردووە.

بۆیە ڕەوتە چاکسازەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کە دەشێت مامۆستایانی زانکۆ، توێژەران، مامۆستایانی ئاینی، لایەنە ئایندارەکان، پارێزگارەکان، یان میدیاکار و نوسەران بن، هەوڵ بدەن کۆدەنگییەک دروست بکەن لەوەدا کە مەیدانی (پەروەردە) هەڵبژێرن بە خاڵی وەرچەرخان بۆ خزمەتکردنی (دەروونددروستی) تاکی کورد، بەوپێیەی کە پەروەردە پرۆسێسێکی هێواش و بنیاتنەر و دوورخایەنە و ئیش لەسەر داهاتوی کۆمەڵ دەکات. شیفای کێشەی (بارگرژیی دەروونی) بە پلانی درێژخایەن و ڕووانینی پەروەردەییانەوە دێتە دی. یاخود لانیکەم پاراستنی دەروونددروستی تاک لە ژاوەژاوەکانی ڕۆژگار پێویستی بە تۆخکردنەوەی هێزی (ڕۆحی) و (هزریی) هەیە کە مرۆڤ لەژێر چەپۆکی خۆشڕەفاهییەتی (مادده)دا بۆی سازکراوە، دەبێت تینوێتییە ڕۆحی و هزرییەکەی ئاوڕی لێوەبدرێتەوە. ئەم هێزە مەعنەوییە تەنها بە کایەی پرۆسەی پەروەردەی ڕاستەقینەوە دەبوژێنرێتەوە. (بۆ زانیاریی: ئەم بابەتە لە دنیای ڕۆژئاواشدا جێگەی بایەخە، بۆ وێنە بڕوانە توێژینەوەی (مایکڵ هاند) لەژێر ناونیشانی : (What is Spiritual Education?).

من وای بۆ دەچم کە حەوجێمان بەوەیە ڕیفۆرمی پەروەردەیی ڕاستەقینەی دوور لە دروشمگەرایی بکەینە هێزی شیفابەخش بۆ کۆمەڵگە، ئامانجە ئینسانییەکانی پەروەردە بەشێوەیەکی زیندوو جارێکی دیکە بلکێنرێتەوە بە ژیانی تاکی کورد، پەروەردە و پرۆسەی خوێندن و فێرکردن (بەسەرجەم دەزگا و سیستەمەکانییەوە) لە قەیرانی بەڕێکردن و (ڕۆتین) و دووبارەبوونەوە و پەڕینەوە ڕزگار بکرێت. یەکێک لە فەلسەفە هەرەباڵاکانی پەروەردە دەبێت جەختکردنەوە بێت لەسەر (دەروونددروستی) تاک یان ئەوەی ناوی دەنرێت (ئاشتیی دەروونی). بێگومان ئەم خاڵە لەخودی خۆیدا دەیان توێژینەوە و نوسین

و وتار و کۆڕبەند و کۆنفرانسی دەوێت کە (چۆن) و (بە چ میکانیزمێک) ئەمە ئەنجام بدرێت؟ ئەمە دەمانباتەوە نێو ئەو دیبەیتەی کە چ کەرەستەیەکمان پێویستە؟ بۆ نموونە فێرکردنەکانی ترادیسیۆنی ئایین چ ڕۆڵێک دەگێڕن لەوەدا کە گەشە بە (دەروونی دروستی) بدەین، ڕۆحانییەت لە پەیوەندیدا بە پەروەردەوە چۆن هێزی ئاشتی دەروونی بۆ مرۆڤ بەرقەرار دەکات، ئایا پەروەردەی ڕۆحی و میتافیزیکی فێرخوازان چۆن بەجێ دەگەیەنرێت؟ پێگەی ئایین لەناو پەروەردەدا چۆنە؟ ڕۆڵی ئاین لە تۆخکردنەوەی (دەروونی دروستی)دا چییە؟ ئەمانە دەیان پرسیارن کە دەبێت بە زمانی حیوار و توێژینەوە و ژیریی وەڵامبدرێنەوە، بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی گەشەکردوو.

پەروەردە، لەپاڵ فێرکردنی بەها زانستییەکان و ئەزموونکردنە هزرییەکاندا، هەوڵێکە بۆ شیاندنی مرۆڤی هاوچەرخ بە شێوەژیانی ئەرێنییانە و تەندروستانەی هاوچەرخ، بۆیە بەڕای زۆرێک لە توێژەران بۆ نموونە (نامیتا پاتێل)، پرۆسێسی گەشەکردووی پەروەردە بریتییە لە پەڕینەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغی (سەرەتایی و دواکەوتوو) بۆ قۆناغی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) وە هەر ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە پێهەڵهێنانە بەرەو ڕووی ژیار و گەشەکردنی کۆمەڵایەتییانە. (پاتێل) پێیوایە کە ئەوە پرۆسێسی پەروەردەیە کە هێندە کاریگەرە بەسەر هزر و هۆشی تاکدا کە دەتوانێت گۆڕانێکی جەوهەریی لە (تاک)دا بهێنێتە ئاراوە بە لابردنی خوو و نەریتی بەد و ئاکاری نامرۆڤانە و ویستی خراپە. هەر ئەمانەش بەڕای توێژەر بنچینەی چاکسازیی ڕاستەقینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورین.

قسە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە کە کاتێک بزاوت و هێزە پارێزگارەکانی کۆمەڵگە (ئەم دەستەواژەیەم پێ پەسەندترە تا دەستەواژەی لایەنە دینییەکان یاخود ئیسلامییەکان) ئەم ڕووانینەی سەرەوە یاخود هی تریان بۆ پەروەردە نەبێت، ئەوا تەنها لەچوارچێوەی دروشم و هوتافی سۆزدارانە دەمێننەوە و، ناتوانن (گۆڕانی کۆمەڵایەتی social change ) بخولقێنن. بەڵکو خۆیان دەبنە قوربانی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی. ئەم هێزانە بەجۆرێک لە جۆرەکان ناچارن لەچوارچێوەی هەمان ئەو دروشمانە بمێننەوە کە بەبێ بیرکردنەوەی سەردەمییانە کۆی مێژوو بە چەق دادەنێت و، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە ئەو مێژووە کتومت وەکو خۆی بە ئەمانەتەوە دووبارە بکاتەوە، بۆیە وەکو بازنەیەکی بۆش لەناویدا دەخولێنەوە، بەبێ ئەوەی ڕووانینیان هەبێت لە (ئێستادا) چیمان دەوێت؟ ژیانی ئێستا ئاریشە و دۆز و کێشەکانی چین؟ شیفای کێشەکانی ئێستا لەژێر تیشکی چ ژیرییەک ببینین؟ بۆ پرسیارەکانی ئێستامان چ وەڵامێک چنگ بخەین؟ هێز و بزاوتە چاکسازەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بە ئایندار و دوور لە ئایینەوە، نەک نەیانتوانیوە ئەم پرسیارانە

بخەنەژێر نەشتەری توێکاریی و لێکۆڵینەوەوە، بەڵکو نەیانتوانیوە (مانیفێستۆ) «بەیان»ێکی ڕوون و ئاشکرایان هەبێت لەوەدا کە دەرد و دەرمانی پرۆسەی پەروەردە لە کۆمەڵی ئێمەدا چین و چۆن پەروەردە بکەینە هێزی هەڵسانەوەی کۆمەڵگە. زمانی ڕەخنەکەشم لێرەدا نەفەسێکی دڵسۆزیی تێدایە و وای بەباش دەزانم کە بە هەند وەربگیرێت.

## دووەم، هۆشیاریی ژیارییانە.

ڕەگەزێکی دیکەی گەوهەریی کە لەوێوە مانیفێستۆی پەروەردە دەشێت بەشێوەیەکی ئەرێنی و کارا نێومالی کۆمەڵگەی کوردی ڕێک بخاتەوە و، پێویستە بزاوتە پارێزگارەکان کاری لەسەر بکەن، بریتییە لە بڵاوەپێکردنی هۆشیاریی ژیارییانە، کە برێکجاران بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیش ناودەبرێت. بەپێی پێناسەی (ئەندرێ ڕاکۆتۆن) «هۆشیاری کۆمەڵایەتی» بریتییە لە ڕێژەی ئاگایی و زانیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەمبەر دۆخ و دیاردە و نۆرم و ڕێسا و نەریتەکانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کۆمەڵگە لەپێناوی خوێندنەوەی دروست و تێگەیشتنی دروست و بڕیاردانی دروست. ئەندرێ پێیوایە کە پرسیاری ئێمە (چۆن ڕەفتار دەکەین لە کۆمەڵگەدا و هەڵسوکەوتەکانمان چین؟) دەگەڕێتەوە سەر وەڵامی ئەو پرسیارە کە (ڕێژەی چاوکراوەیی و هۆشیاریی و خودئاگاییمان چۆنە؟) بەوپێیە بێت، کۆمەڵگەی کوردی کە هێشتا نەپەڕیوەتەوە بۆ قۆناغی هۆشیاریی ژیاریی، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین هێشتا کێشە و کەموکورتی لە ئاستی هۆشیاری تاکدا هەیە، لەمەڕ ئەم ئاریشانەی خوارەوەدا هێشتا پێویستیمان بە خودئاگایی و هۆشیاریی پتر هەیە: ژینگەدۆستی، منداڵپارێزی، لێبوردەیی خێزانی، پاراستنی شکۆی ئافرەت، ڕێزگرتنی جیاوازییەکان، تۆلێرانس، بەزەیی بەرانبەر ئاژەڵان، هۆشیاریی گەشتوگوزاریی، هۆشیاری هاتوچۆ، هۆشیاری پابەندبوون بە یاسا، هۆشیاری ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران، قبوڵکردنی بیروڕای ڕەخنەیی، وەرگرتنی بیروڕای جیاواز و ڕێزگرتن لە فرەیی، مامەڵەی گەشبینانە بەرانبەر کێشە خێزانییەکان، ڕێزگرتن لە تقوسات و پیرۆزییە ئاینییەکانی ئەوانیدی...هتد.

بۆیە پێویستە مانیفێستۆی پەروەردە جەختکردنەوەیەکی بەپلان بێت بۆ چاندنی تۆوی هۆشیاریی لەنێو ناخی تاکەکانی کۆمەڵ بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان وەکو (پێکوتنی ڕاستەوخۆ، بڵاوەکردنی ڕێنمایی، وانەوتنەوە، ڕاهێنان، مەشق، خولگێران، سێمینار، نووسین و خوێندنەوە، گەشتی زانستی....هتد)، کە بۆ هەر ئاست و تەمەن و بازنەیەکی پەروەردە میکانیزم و ڕێگەوشێوازی تایبەت و وردەکارانە پیادە بکرێت.

## سێیەم: پاراستنی شکۆی خێزان.

لایەنێکی دیکەی بەبایەخ لە کۆمەڵگەدا کە دەشێت پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە ڕیفۆرمکردن و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵ، بریتییە لە پارێزبەندکردنی پتەویی خێزان و هێشتنەوەی شکۆی خێزان. بەوپێیەی کە مرۆڤ لەنێو بازنەی خێزاندا وجودی خۆی فۆرمەڵە دەکات، شوناس وەردەگرێت، خۆی دەناسێت، فێری زمان دەبێت، ڕێنمایی «بکە و مەکە« و یاساکانی ژیان وەردەگرێت، هەروەها بەها و مۆرڵەکان قبوڵ دەکات، بۆیە پرۆسێسی ڕاستەقینەی (پەروەردە) لە هەناوی خێزانەوە مرۆڤ لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی وەردەچەرخێنێت بۆ بوونەوەرێکی کولتووریی و کۆمەڵایەتییانە. ئەم بوونەوەرە بایۆلۆژییە کە پڕاوپڕە لە (هەست) و (نەست) و (غەریزە)و هێزە ناوخۆییەکان، بە قیبلەنومای یاسا و ڕێسا و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، لەنێو باوەشی خێزاندا پەرواز دەکات لە قاڵبە بایۆلۆژییە جەستەییەکەیەوە دێتە دەرێ بەرەو بوونێکی باڵاتر کە ژێرمەندانەیە، شکڵ دەدات بە شێوەژیانێکی کولتوورییانە. بۆیە یەکێک لەو تەوەرە سەرەکییانەی کە پرۆسێسی پەروەردە لە دیوە سروشتییەکەیدا کاری تێدا دەکات بریتییە لە ڕەنگرێژکردنی هەست و نەست و دید و بۆچوون و ئاکاری (تاک) بە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییانە، بەگوێرەی فێرکردنەکانی ئەو شوێن و کاتەی کە تێیدا دەژیت و نەش و نما دەکات. توێژینەوەیەک کە توێژەران (هێند شەهرانی و موحەممەد حەمەد) ئەنجامیانداوە دەریدەخات کە پەڕاگەندەبوونی تاکەکانی خێزان و نەمانی چەتری پارێزبەندیی و پچڕانی شیرازەی خێزان دەبێتە هۆی زیادبوونی پەرگیریی و تاوان و تیرۆر و پاڵەپەستۆ و بارگرژیی دەروونی. بۆیە ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئەو بۆچوونە دەکاتەوە کە پتەویی پەیوەندییە خێزانییەکان (ئاسایشی دەروونی) فەراهەمدەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە جەخت لەسەر هەبوونی وتوێژ و حیوار و لێبوردەیی خێزانیی پتر دەکاتەوە.

لەڕاستیدا پرۆسێسی پەروەردە، لە دەزگاکانی دەوڵەتدا هەر لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکانەوە بگرە تا پەیمانگە و زانکۆکان، دەبێت تەواوکردنی فەلسەفەی پرۆژەی پەروەردەیی نێو ماڵ و بازنەی خێزان بێت، دەزگای خوێندنگە فۆرمێکی جیاوازتری هەمان دیسپلین و بنەمای سەرەکی پەروەردەیە کە لە ماڵدا هەیە، بەڵام بە ڕێککاری وردتری سیستەمئامێز و هەنگاوی ئاڵۆزتر و ڕژێمی بیرۆکراتی جیاوازترەوە کە ڕاستەوخۆ میریی سەرپەرشتی دەکات و بڕیاری لێوەدەدات. بۆیە نابێت درزی هەمئاهەنگیی نێوان خێزان و قوتابخانە (یانیش زانکۆ) وا گەورە بێت و لێکبترازێت کە کۆی گشتی پرۆسەی پەروەردە ئەو هێز و کاراییەی نەبێت ئاڕاستەی تەندروستیی ئاکاری کۆمەڵایەتییانەی نێو خێزان بکات. فەلسەفەی پرۆسێسی

پەروەردە لە کوردستاندا، وەک ئەوەی کە ئێستا هەیە و بەڕێوەدەچێت، نابێت تەنها کار لەسەر پتەوکردنی بازاڕی کار بکات بە پەیداکردنی «پرۆفیشناڵییەت»ی (دەستی کار) و گەیاندنی زانیاری و، فێربوونی زمان و بزنس و زانست بۆ پیشەکان، یان مامەڵەی پیشەییانە و هونەری خۆبەڕێوەبردن لە مارکێت دا –گەرچی ئەمانەش لە خودی خۆیاندا گرنگن بۆ دنیای ئێستای سەردەم- بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا یەکێک لە فەلسەفەکانی پەروەردە ئەوەیە کە جەخت بکاتەوە لەسەر تەندروستی و ئاسایشی پێوەندییە خێزانییەکان و ئەرێنی بوونی ئاکاری کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا، بەوەی کە هەست بکات لە چوارچێوەی (خێزان) دا هێمنایەتی دەروونی و تەندروستیی جەستەیی و ناوو شوناسی خانەوادەیی لەژێر مەترسیدا نییە.

> **پەڕاگەندەبوونی تاکەکانی خێزان و نەمانی چەتری پارێزبەندیی و پچڕانی شیرازەی خێزان دەبێتە هۆی زیادبوونی پەرگیریی و تاوان و تیرۆر و پاڵەپەستۆ و بارگرژیی دەروونی.**

دیبەیت و تێکپڕژانە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەت لەبارەی هەندێک ڕەوتی دژەباوی سێکچواڵی، ئاماژەی تەمومژاوی و نادروست دەدەن بە دەستەوە لەوەی کە دیدێک لەئارادا هەبێت بیەوێت حاڵەت و شوناسی خێزانی ناوکیی nucleus family  کە لە باوک و دایک و منداڵ پێکدێت کزۆڵ بکات و، لە جێگرەوەیدا، «خێزانی هاوڕەگەزیی بێتە ئاراوە کە ئەم پێکەوەبوونەی (نێر و مێ) ی تێدا نییە، بەڵکو مومارەسەیەکی ئازادانەی (سێکس)ە بەبێ سنوربەندیی ئایینی و کەلتووریی و عورفی. ڕەوت و ئاڕاستە پارێزگارەکان–بەتایبەت ئەوانەی کە پاشخانێکی ئایینی ڕاشکاوانەیان هەیە- دەمێکە باسی ئەم مەترسییانە دەکەن، بەڵام کێشەی سەرەکییان لەوەدایە کە یەک گوتار نین، هەمیش بە پلان و پرۆژە و مانیفێستۆیەکی ئامادەکراو نەیانتوانیوە کار لەسەر پێشپێگرتنی بکەن. ئەو بزاڤ و ڕەوتە پارێزگارانە، دەتوانن بە گوتاری ژیرانە و بنیاتنەرانە (دوور لە توندوتیژی و هەڵەشەیی) سوود لە ڕۆحی دەقە ئایینییەکان وەربگرن بەوەی کە شوناسی خێزان

لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە شکۆی خۆی بمێنێتەوە، بەوپێیەی کە پتەویی خێزان لە کۆمەڵگەدا هەم مایەی زیادبوونی هۆشیاری پتر و هەمیش بەرگرتنە لە تەشەنەکردنی پەڕگیریی و تاوان و لادانی سێکسی و پاڵەپەستۆی دەروونی، هەمیش سوودوەرگرتنە لە توانستی ئەندامانی خێزان و گەشەی خودیی، پارێزگاریکردن لە بەهاکانی خێزان دەکرێت بەسوودوەرگرتن لە بەها سەردەمییەکانی وەک تۆلێرانس و قبوڵکردنی جیاوازیی و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و حیواری خێزانیی.

دەشێت مانیفێستۆی بزاڤ و نووسەرە ئایندار و پارێزگارەکان جەخت لەسەر ئەو خاڵە گەوهەرییە بکاتەوە کە پەروەردەکردنی تاکی دروست لەناو باوەشی خێزانی دروستەوە بناغەی دادەڕێژرێت، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە چڕ بکرێتەوە کە خێزانی پتەو دوور لە توندوتیژی و توندڕەویی و نەفامی زێتر برەوی پێبدرێت، ئەندامانی خێزان بە زانین و هۆشیاریی و مەعریفەت پڕچەک بکرێن بۆ ئاڵنگارییە مۆراڵییەکانی دنیای ئێستا، دواتر لەناو ناوەندەکانی خوێندندا دەوڵەمەندتر دەکرێت بە توانستی هزریی و زانستی و هونەریی سەردەمییانە، بۆ هەڵکردن لەگەڵ دۆخی ئێستای هاوچەرخ، تا خێزان و خوێندنگە تەواوکەری یەکتر بن بۆ فۆرمەڵەکردنی کەسایەتییەکی هاوسەنگ و چاکپەروەر، کە دواجار بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بێتەوەکار. ئەمەش بەتایبەت کە دنیای ئێستا لەگەڵ شەپۆلی تەکنەلۆژیای شاشەیی و سۆشیال میدیا، ڕووبەڕووی دنیایەک پرسیار و ئاریشە و ئاستەنگی نوێ بۆتەوە و، پێویستی بە ئەقڵێکی وردتر و هۆشیارییەکی پتر هەیە.

گوتاری بزاڤە ئایندارەکان نابێت کاردانەوەی کاتی بێت بەوەی کە حاڵەتی (بەرگری لەخۆکردن)ی بەسەردا زاڵ بێت، یان جۆرێک بێت لە نووزانەوەیەکی دەردەدڵییانە، بەوەی کە «موئامەرە«یەکی گەردوونیی لەسەر ئایین و کەلتوور و نەریتی شەرقییانەی ئێمە هەیە، بەڵکو لەبری ئەم گوتارە سەلبییە کزۆڵە، -کە لە سۆشیال میدیا زۆر دەیبینم، وا پێویست دەکات بزاڤە ئاینییەکان مانیفێستۆیەکی ورد و درشت گەڵاڵە بکەن کە گوتارێکی بەرنامەڕێژ و خاوەن پەیام و خاوەن ڕووانینی هەبێت، بە ئیجتیهادی نوێ لێوانلێو بێت، لەگەڵ ڕۆحی دنیای تازە هەڵبکات کە مامەڵە کردنە لەگەڵ کۆمەڵگەی کۆزمۆپۆلیتان (فرەنەتەوە و فرەئایین و فرە زمان)، بۆ داهاتووی کۆمەڵگە دیدگەی ئەرێنیی تازەی پەروەردەییانەی دیموکراتییانەی هەبێت کە قبوڵی فرەیی بکات، ئەم گوتارە دەبێت بە زمانی مۆدێرن بێت، ئاستەنگ و کێشە و دۆزەکانی دنیای هاوچەرخ ببینێت و لە پردی ڕابردوو و مێژوودا پەڕیبێتەوە ئەوبەر، خۆی بۆ دنیای تازە ئامادە بکات، کار لەسەر پرۆسێسی پەروەردە بکات بە

توانستەکانی سەدەی ٢١ کە کەرەستەی تازەن و بریتین لە: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، چارەسەرکردنی کێشە، کاری بە هەرەوەزیی، پێوەندیگرتن و زمانزانین.

گوتاری بزاڤە پارێزگارییەکان لەبارەی پەروەردەوە ئەگەر ئەم خاسیەتانەی سەرەوەی نەبێت ناتوانێت لە هێڵی (بەرگریکردن) و (نوزانەوە) بپەڕێتەوە بۆ بنیاتنان و کارابوون. بەم شێوەیە بزاڤە ئایندارەکان و نوسەر و توێژەرانی خاوەن مۆراڵ و پارێزگار چیتر پەڕاگەندە و پەراوێزخراو نابن، دێنەوە کایە و خاوەنی گوتاری خۆیان دەبن، دەتوانن پەروەردە بە بواری خۆیان بزانن و ئیشی تێدا بکەن.

## پوختەی مەبەست و پێشنیاز:

ئەگەر سەرخانی شارستانییەتی هەر کۆمەڵگەیەک بریتی بێت لە بیناکردنی ئەندازیارییانە و، پێشکەوتنی ڕێ و بان و باڵەخانە و پارک و شوێنە گشتییەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە ژێرخانی ئەو شارستانییەتە بریتییە لە ئامادەیی (دەروونی) و (کەلتووریی) و (پەروەردەیی) ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو گەشەکردن و بنیاتنان. بەو واتایەی ئەوەی کە ئێمە لە ڕووکەش و سیمادا دەیبینین پێشکەوتنە مادییەکەیە، بەڵام ئەوەی کە کاریگەرتر و بەبایەخترە ئەو دیوە نەبینراوەیە کە بریتییە لە بیناکردنی (خود)ی مرۆڤ کە پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵی هەرە باڵای تێدا دەگێڕێت.

بۆیە ئەم نوسینەم هاندانێکە بۆ بزاوت و نوسەر و ڕەوشەنفیکرانی ئایندار کە پێکەوە ببنە خاوەنی ڕووانینێکی هاوبەشی مەبەستداری ئەرێنی کە چیتر کار لەسەر بەرپەچدانەوە و کاردانەوە نەکات، بەڵکو دارشتەی مانیفێستۆیەکی ورد و درشت و خاوەن دیدگا جێبەجێ بکەن، کە سێ خاڵی سەرەکی بکاتە فەلسەفەی پرۆژە و پلانە پەروەردەییەکانی لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی خوێندن، ئەمانیش: دەروونددروستی و هۆشیاری ژیاریی و سەلامەتیی خێزانیین. لەو ڕێگەیەشەوە، من پێشنیازی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە دەکەم:

١- کۆنفرانسێک ببەسترێت بە بەشداری (بەرپرسانی پەروەردە، توێژەران، مامۆستایانی زانکۆ، مامۆستایانی ئایینی، پسپۆرانی پەروەردە، مامۆستایانی ئەزموونداری، بانگخوازان، دایکان و باوکان...هتد) کە دەستنیشانی کەموکورپیی و کێشە و ئاریشە و بەربەستەکانی ئێستای (ڕەوشی پەروەردە)ی تێدا بکرێت، لەدووتوێی چەند گرووپاتێکی بچووکی وێرکشۆپ و مێزگرد، کە بە چەندین گفتوگۆ و دەنگەشە و حیوار بتوانن ڕاپۆرتی ورد بنووسن و لەداهاتوودا کاری جدی لەسەر بکرێت، تا تەکانێک بدرێت بە دۆخی ئێستای پرۆسێسی پەروەردە لە هەرسێک بازنەی (خێزان، خوێندنگە، کۆمەڵگە).

هەڵبەت پرۆسەی پەروەردە بە چاویلکەیەکی ڕۆشن و گەورە سەیر بکرێت نەک تەنها تۆخکردنەوەی «سیستەم»ی ئێستای خوێندنی دەزگاکانی فێرکردن.

٢- بزاڤ و ڕەوت و لایەن و نووسەر و پەیمانگە و سەنتەر و توێژەرە پارێزگارەکان (پاشخان ئاینییەکان) بە هەماهەنگیی هەڵبستن بە نوسینەوەی ڕەشنووسێکی هەمەلایەنەی (فەلسەفەی پەروەردە) دوای چەندین مێزگرد و گفتوگۆ و دیبەیت و کۆنگرەی پەروەردەیی کە ئەم سێ خاڵەی سەرەوە بکاتە خاڵی وەرچەرخان بۆ چاکسازیکردنی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کۆمەڵگەی ئێستای کوردستان. ئەم مانیفێستۆیە دەبێتە دیدگەیەکی باش لەوەی کە (پەروەردە) چیە؟ بۆچی گرنگە؟ چیمان لێی دەوێت؟


## سەرچاوەکان

- بە کوردی:

عەبدوڕەحمان وەهاب، «مانیفێستۆی چاکسازیی پەروەردەیی»، پەروەردەناسیی ڕەخنەیی، دەزگای چاپی (فام)، ٢٠٢٢.

- بە ئینگلیزی

- Rakotonirainy, Andry and Loke, Seng Wai and Obst, Patricia L. (2009) Social Awareness Concepts to Support Social Computing. In: Symposium on Social Intelligence and Networking, 2009 IEEE International Conference on Social Computing , 29-31 August, 2009 , Vancouver, Canada.
- KELEMEN, Gabriela and Mihaila Ardelean. Education for Mental Health. Journal Plus Education, 2068-1151 Vol XIV (2016), No. 1. pp. 48-58.
- Chakraborty, Saikat and et al. "Education as an instrument of social change and enhancing teaching-learning process with the help of technological development". Nilai University, Research Gates.
- Kennedy, Mary. "Knowledge and Vision in Teaching" Journal of Teacher Education, Vol. 57, No. 3, May/June 2006. Pp. 205-211.
- Naziev, Aslanbek. "What is an Education?" International Conference of the Future of Education. 12th June 2017.
- Michael Hand (2003) 'The Meaning of ‹Spiritual Education›, Oxford Review of Education, 29:3, 391-401, DOI: 10.1080/03054980307446.
- Bialek, Ewa. "VISION FOR LIFELONG EDUCATION: AS áEDUCATION FOR THE FUTURE" OF MAN AND THE WORLD" Journal of Psych synthesis Institute-Poland. 5th Feb. 2022.



د. یەحیا عومەر ڕێشاوی/ مامۆستای زانکۆ

# ڕۆڵی میدیای ئاڕاستە ئیسلامیی لە چەسپاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستاندا

**دەستپێك**

**کاریگەریی میدیا لەسەر کۆمەڵگە لە هەڵکشاندایە، بەرنامە و ناوەڕۆکی کەناڵە میدیاییەکان بەشدارن لە داڕشتنی ئاڕاستەکان و پێکهێنانی دید و تێڕوانین سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایینی و ئابووریی و بابەتەکانی دیکەدا، لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی ئەم کەناڵە میدیاییەکان زیادیان کرد و دیمەنی میدیاییان بەشێوەیەکی بێوێنە داگیرکرد، یەکێک لەو بوارە گرنگانەی کە میدیا و بەتایبەت کەناڵە ئاسمانییەکان کاریگەرییان لەسەر دروستکردووە، بواری کۆمەڵایەتییە، بەوپێیەی میدیا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئامرازەکانی دیکەی میدیا لە گشت ماڵەکاندا ئامادەن و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت.**

* ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکی زانستییە، لە ڕۆژانی (٢٨-٢٩/٧/٢٠٢١) پێشکەش بە کۆنگرەیەکی زانستی دەزگای (منارات الفكر االدولية) لە وڵاتی سربیا کراوە، ئەمەی لێرەدا بڵاوبوەتەوە پوختە و بەکوردیکراوی ئەو توێژینەوەیە.

لەنێو ئەو ڕەوتە ئاینیی و کۆمەڵایەتییانەی کە ئەم تەکنەلۆجیا نوێیەیان بەکارهێناوە و هەوڵی گەیاندنی پەیام و دیدگاکانیان دەدەن بە جەماوەر، گرووپ و ڕەوتە ئیسلامییەکانن، لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزاوتی ڕۆژنامەگەریی تا سەردەمی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم ڕەوتە ئیسلامییانە هەوڵیانداوە ئامادەییان لە گۆڕەپانی میدیاییدا هەبێت، بەوپێیەی میدیا هۆکارێکی گرنگ و هەستیارە بۆ گەیاندنی پەیامەکانت بە جەماوەرێکی بەرفراوان.

لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕەوت و لایەنە ئیسلامییەکان لە بواری میدیا (بوارەکانی تری سیاسیی و خزمەتگوزاریی و کۆمەڵایەتیی) چەندین کەناڵی تایبەتیان بۆ ئەم بوارانە دامەزراند، کە دەیانویست لە ڕێگەی دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و کردنەوەی کەناڵە ڕادیۆییەکان و کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆییەکان و دواتر لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و میدیای نوێ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، گوزارشت لە واقیعی گەلی کوردی مسوڵمان بکەن. هەربۆیە چارەکە سەدەیەک لە ئەزموونی میدیای ئیسلامیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیی و زانینی دیدگا و فیدباکی جەماوەر سەبارەت بەم کەناڵانە هەیە، بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا، کە ئامانجی ئەم نووسینەیە و دەمانەوێت لە ڕێگەی شرۆڤەیەکی زانستییانە بەشێک لەم ئامانجە بپێکین.

## کاتێك میدیا کۆمەڵگە دروست دەکات

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان میدیا و کۆمەڵگادا هەیە، دامەزراوەکانی میدیا لە بۆشاییدا کار ناکەن، بەڵکو ئامانجیان ئەوەیە کە پەیام و ناوەڕۆکەکانیان بگەیەننە ئاوەز و دڵ و دەروونی ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیدا کار دەکەن، دامەزراوەکانی میدیا ئامانجیان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر وەرگرەکانیان و گۆڕینی هەڵوێست و ڕەفتاریانە بەوشێوەیەی کە دەیانەوێت، وێڕای ئەوەی پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان میدیا و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆڵە دەگەڕێتەوە کە میدیا دەتوانێت بیگێڕێت لە دروستکردنی فەزاو دەرفەت بۆ کۆمەڵگە لەگەڵ دامەزراوە جیاوازەکانیدا، بۆ دەربڕینی هەڵوێست و بۆچوون و جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی، جگە لەوەی میدیا دەتوانێت فەزای گفتوگۆ و پێشکەشکردنی بۆچوون و دیدگای جۆراوجۆر بخاتە ڕوو.

تەوەری پەیوەندی نێوان میدیا و کۆمەڵگە پانتاییەکی بەرفراوانی میدیا و ئەدەبیاتی میدیایی و کۆمەڵایەتیی داگیرکردووە و چەندین تیۆر و بیرۆکە و دیدگای زانستیی سەریان هەڵداوە، کە هەوڵیانداوە سروشتی ئەم پەیوەندییە ڕوون بکەنەوە، هەروەها پەیوەندییە

جەدەلییەکەی نێوان هەردوو بابەتی میدیا و کۆمەڵگە شرۆڤە بکەن، لەم میانەیەدا چەندین تیۆری وەک تیۆری کاریگەریی ڕاستەوخۆ، کاریگەریی سنووردار، تیۆری ئەجێنداسازیی، بەکارهێنانەکان و تێرکردنەکان، تیۆری چاندنی کولتووریی و تیۆری دیکەیان لێکەوتۆتەوە، کە هەوڵیانداوە سروشتی ئەم پەیوەندییە بۆ ئێمە بخەنە ڕوو.

سەرچاوەی ئەم بایەخپێدانەش بۆ پەرەسەندنی هەڵکشاوی ئامرازە میدیاییەکان لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و میدیای نویٚ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی، کە کۆمەڵناسان و دەروونناسان و زانایانی میدیا هەستیان بەم کاریگەرییە گەشەسەندووە کرد، هەربۆیە دەستەواژە و زاراوەی وەک: گوندی گەردوونیی، کاریگەریی جادووییانەی میدیا و فەزای مەعریفیی و چەندین دەربڕین و دەستەواژەی دیکە، کە ڕەنگدانەوەی ئەم واقیعە نوێیەن دەرکەوتن، هەروەها بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆرێکی بەناوبانگ لە بواری میدیادا، کە ئەویش تیۆری (بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی)یە، کە جەخت لە پێویستی  دانانی چوارچێوەی ئەخلاقیی و ئیتیکیی دەکات لە کارکردنی میدیاییدا، بەشێوەیەک کە خزمەت بەو کۆمەڵگایانە بکات کە تێیدا کار دەکەن، جگە لە پێشکەشکردنی سەدان توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ئیتیکیی کاری میدیایی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ ناوەڕۆکی میدیاییدا، بەوپێیەی میدیا کایەیەکی هەستیارە و کاریگەریی جددی لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە جیاوازەکان دروست دەکات.

لەلایەکی دیکەوە ئامرازە میدیاییەکان لە سەردەمی نوێدا ڕۆڵێکی گەورەیان لە ئاڕاستەکردنی پرۆسەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕی ئینتەرنێت، کە لەڕێگەیەوە بەرنامەو هەواڵ و زانیارییەکان دەگوازرێتەوە، بەبیٚ ئەوەی هیچ سنوورێک ببێتە ڕێگر لەبەردەمیدا، هەربۆیە هەندێک جار کاریگەریی و هەستیاریی و مەترسیداریی ئامرازە میدیاییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: خێزان، مزگەوت، کڵێسا و قوتابخانە تێدەپەڕێنێت و لە ئەرکەکەیدا وەک مامۆستا و ڕێبەر و ڕێنیشاندەرێک خۆی نمایش دەکات، ڕەنگە ئەمەش ئەو ڕۆڵە مەترسیدارە پشتڕاست بکاتەوە کە میدیا لە داڕشتنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێت، هەربۆیە کۆمەڵگەکان کاریگەرییان لەسەرە بەو بابەتانەی کە لە میدیاکانەوە دەخرێنە ڕوو، بەشێوەیەکی نەرێنی یاخود ئەرێنی، لەڕووی سۆزداریی و لەڕووی مەعریفیی و لەڕووی ڕەفتارییەوە.

خودی ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن بۆ ئەو پێداویستییە دەروونیی و مەعریفییەی مرۆڤ دروستبوون بۆ زانینی زانیارییەکانی ژینگەی دوور و نزیکی، و ئەم ئامرازانە بوونە هۆی

بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و دروستکردنی ئارەزووی زانین بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی ژینگەی تاکەوە ڕوودەدەن، هەربۆیە خەڵک لە کولتوورە جیاوازەکاندا گرنگی بەو ڕووداوانە دەدەن کە لە دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە ڕوودەدەن، تەنانەت ئەگەر کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئەویش نەبێت. یاخود تەنانەت کاریگەریی لەسەر چارەنووسی ژیانی ئەوان دروست نەکات، لەلایەکی دیکەوە ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەریی ڕۆڵێکی گرنگ لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی لەنێو جەماوەردا دەگێڕن و میدیا ڕۆڵێکی دیار لە گەشەکردنی کۆمەڵگەکاندا دەبینێت، جگە لەوەی میدیا ڕۆژ بەرۆژ ڕۆڵەکەی بەدیارتر دەرەکەوێت لە پرۆسەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی و لە (تۆخکردنەوە – قەلاچۆکردن)ی دیاردە نێگەتیڤەکانی نێو کۆمەڵگە، چونکە هەر دەزگا و کایەیەکی تر ئەگەر بتوانێت پەیوەندی و کاریگەریی لەسەر چەند کەسێک دروست بکات، ئەوا دەزگا میدیاییەکان گوتاریان ئاڕاستەی ملیۆنەها کەسە و کات و شوێن تێدەپەڕێنن.

بەدڵنیاییەوە کارلێکێکی بەردەوام لە نێوان خود و میدیادا هەیە و ئەم کارلێکە ڕۆڵی لە داڕشتنی ڕەفتارەکانی و تێگەیشتنی لەمەر خودی خۆی هەیە، ئێمە هەر لە ڕێگەی ئامرازە میدیاییەکانەوە فێردەبین کە ژینگەی کۆمەڵایەتیمان چییە و چۆنە و کاردانەوەمان بەرامبەر ڕووداوەکان بۆ دروست دەبێت، هەروەها چاوەڕوانی ئەوە لە ئامرازە میدیاکان دەکەین کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانمان پێ ئاشنا بکەن، بەبڕوای بیریار (فیلیپ جیە. تشینۆر)، ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن بەشێکی دانەبراون لە پرۆسەکانی ململانێی نێو ژینگە کۆمەڵایەتیەکانمان و لەم کایەیدا بە ڕۆڵی خۆیان هەڵدەستن، جا ئەو ڕۆڵە بونیادنەرانە بێت یاخود ڕووخێنەرانە.

بەدڵنیاییەوە میدیا کاریگەرییەکی بەهێز و زیندووی لەسەر پرۆسەی چەسپاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا هەیە، یاخود ڕەنگە بەپێچەوانەشەوە، لەوانەیە خودی میدیا مەترسی بێت بۆ سەر کۆمەڵگە و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، بەوپێیەی میدیا چەکێکی دوو سەرە، دەکرێت ئاشتی دروست بکات و دەشکرێت شەڕ و وێرانکاریی، جیاوازییەکە لە میکانیزمی بەکارهێنان و چۆنیەتی بەکارهێنانی میدیایە، دەزگای میدیاییەکان دەتوانن ببنە ڕایەڵی پەیوەندی نێوان گەلان، دەشتوانن ببنە بەربەستێکی کۆنکرێتی لەبەردەم پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی کولتووریی نێوان گەلان و تاکەکان.

## میدیای ئیسلامیی، دید و تێڕوانینە جیاوازەکان

نووسینی زۆر هەن کە هەوڵیانداوە چەمکی میدیای ئیسلامیی و سروشت و شێوازی کارکردنی ڕوونبکەنەوە، ئەم چەمکە دوو بەرەی دروستکردووە، بەرەیەک کە پشتگیریی

له دەستەواژەی (میدیای ئیسلامیی) دەکەن و بە چەمکێکی ئاسایی و سروشتی سەیر دەکەن و بەهانەشیان بۆ ئەو بڵاوبوونەوە بەرچاوەی ئەو کەناڵ و دەزگا میدیاییانەیە کە ناوەرۆکێکی ئیسلامییان هەیە و بە ئاڕاستەیەکی (ئیسلامیی)یانە کار دەکەن، بە بۆچوونی ئەوان ئەم دیاردەیە ڕەنگدانەوەیەکی واقیعیی و سروشتیی کۆمەڵگە و بزاوتە ئیسلامییەکانە و پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، کەسانێکیش هەن کە لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدا نین و بە نامۆ سەیری دەکەن، پێیانوایە کە پێویست بە زیادکردنی دەستەواژەی (ئیسلامیی) بۆ میدیا ناکات و ئەم دەستەواژەیە میدیا دەکاتە موڵکی ڕەوت و ئایدۆلۆژیا و ئایینێکی دیاریکراو، کە پێچەوانەی ئامانجی ڕاستەقینەی میدیایە، کە خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی گشتی، میدیا و ئامرازی میدیایی خۆیان هەن و ئامراز و شێوازی کارکردنیان جێگیر و ناسراون، هەربۆیە هیچ پێویست ناکات بە ئیسلامیی، یا لیبراڵی یان سۆسیالیستی وەسفی بکەین، ڕاستە میدیای ئیسلامیی واقیعێکی زیندووە و ناکرێت ئەم واقیعە پشتگوێ بخرێت، بەڵام مەرج نییە ئەم میدیایە ناوی میدیای ئیسلامیی لێ بنێین، بەڵکو ناوەرۆک و سروشتی کارەکەی لەوانی تر جیای دەکاتەوە و دەیناسینەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا نووسین و دیدگای جۆراوجۆر لەسەر ئەم بابەتە دەرکەوتن، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو کەناڵە میدیاییانەی کە هەوڵیانداوە ئایینی ئیسلام بەخەڵکی ئاشنا بکەن و هەندێکیان سەر بە جموجوڵ و بزاوتە ئیسلامییەکانن. جگە لە خواستی گەورەی نامسوڵمانانەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایینی ئیسلام، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی (١١ سێپتەمبەر)و زیادبوونی تیشکخستنە سەر ئایینی ئیسلام، هەروەها زیادبوونی ژمارەی مسوڵمانان و جالییەی ئیسلامیی لە ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئاوا.

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ میدیای ئیسلامیی کراوە، وەک نووسەر محەمەد قوتب پێناسەی کردووە بەوەی: خستنەڕووی ناوەرۆکە میدیاییەکان لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە، هەروەها دکتۆر مونیر حیجاب پێناسەی کردووە بەوەی: هەوڵێکی هونەرییانە و زانستییانەی پلان بۆ داڕێژراوە، لەلایەن نێرەری پەیامی میدیاییەوە، کە پاشخانێکی فراوانی لە بابەتی ئەو پەیامەدا هەیە و ئامانجی پەیوەندیکردنە لەگەڵ خەڵکی بەگشتی و بە ئاڕاستەی دروستکردنی تێڕوانینێکی دروست لەمەڕ بابەتە ئاینییەکان و کەسەکە بخاتە سەر ڕێگەی باشترکردنی هەڵسوکەوتی لە خواپەرستیی و ڕەفتارەکانیدا. توێژەر مەحمود کەرەم سەلمان پێیوایە کە میدیای ئیسلامیی پرۆسەی کۆمنیکەشنە کە سەرجەم چالاکیە میدیاییەکانی کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان لەخۆبگرێت و بتوانێت ئەرکە هەواڵیی و ڕێنمایکاریی و ڕەواجپێدانەکان جێبەجێ بکات و لە ئامرازەکانیدا پابەندی ئاینی ئیسلام بێت، هەروەها

تەها ئەحمەد ئەلزەیدی بەم شێوەیە پێناسەی میدیای ئیسلامیی دەکات: ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ناوەوە و دەرەوەی ئوممەتی ئیسلامیی، لە حەقیقەتەکانی ئایینی ئیسلام و گەیاندنی هەواڵ و ڕاستی و زانیاریی بەشێوەیەکی دروست و دیسپلینکراو لە ڕێگەی ئامرازی تایبەتەوە، بە ئامانجی قایلکردن و دروستکردنی کاریگەریی.

لەژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی پێشوو و پێناسەکانی تردا دەتوانین میدیای ئیسلامیی بەوە پێناسە بکەین کە: گواستنەوەی ناوەرۆکێکی میدیایی گونجاو لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا و بە بەکارهێنانی ئامرازی میدیایی جۆراوجۆر بۆ جەماوەر، بە ئامانجی پێکهێنانی هۆشیاریی و دروستکردنی کاریگەریی و گۆڕینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان.

لەنێو سەرچاوە میدیاییەکاندا بۆچوونی جیاواز لەسەر چەمکی میدیای ئیسلامیی هەن، کە بەم بۆچوونانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- میدیای ئیسلامیی لە ڕوانگەی مێژووییەوە: هەموو ئەو ڕووداوە مێژووییانە لەخۆدەگرێت کە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا ڕوویانداوە و خۆی لەو بەرنامە و زنجیرە تەمسیلیی و فلیمانەدا دەبینێتەوە کە لایەنێکی ئەم شارستانیاتە دەخەنە ڕوو.

٢- میدیای ئیسلامیی لە ڕوانگەی جوگرافییەوە: هەموو دامودەزگا میدیاییەکانی وڵاتانی ئیسلامیی دەگرێتەوە، یان ئەو لایەنانەی خۆیان بە مسوڵمان ناوزەد دەکەن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەرۆکی میدیایدا بکرێت.

٣- میدیای ئیسلامیی لە ڕوانگەیەکی تایبەتمەندێتییەوە: هەموو ئەو بابەتە ئیسلامییانەی لە کەناڵە میدیاییەکاندا پەخش دەکرێن، وەک فەتوا، بۆنە ئاینییەکان یان ئەو بەرنامەی تایبەت دەکرێت بۆ کاروباری ئاییینی، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان کاتی تایبەت بۆ ئەم بابەتانە تەرخان دەکەن و گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش لاپەڕە و گۆشەی تایبەت.

٤- میدیای ئیسلامیی لە ڕوانگەی نێرەر و ناوەڕۆکەکەیەوە: ئەم بۆچوونە وای دەبینێت کە میدیای ئیسلامیی لە ڕوانگەی ئەو کەسەوە دەناسێنرێت کە پەیامەکە ئاڕاستە دەکات، هەربۆیە پێویستە ئەو دەزگایە بەتەواوی پابەندی ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام بێت و ئامانجی بڵاوکردنەوەی بنەما و بەهاکانی ئیسلام بێت. جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ و ئەو کەسانەش کە میدیایەکە بەڕێوە دەبەن پابەندی ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلام بن و ناوەرۆکەکەی ناوەرۆکێکی پڕاوپڕ ئیسلامییانە بێت.

لە ڕوانگەی ئەم خاڵانەوە دەتوانین تایبەتمەندییەکانی میدیای ئیسلامیی لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١- میدیایەکی پابەندە و پەیامێکی هەیە: میدیای ئیسلامیی لە ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت و لە گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا بەها و

بنەما ئیسلامییەکان ڕەچاو دەکات، کاتێک هەواڵێک یان ڕاپۆرتێک یاخود فیلمێک یان هەر بابەتێکی تر پەخش دەکات، ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە کە بەدوای بەدەستهێنانیدا دەگەڕێت.

٢- میدیایەکە هەڵگری ناوەرۆکێکی ئامانجدارە: دامەزراوەکانی میدیای ئیسلامیی گرنگی بە ناوەڕۆکی مانادار دەدەن، کە خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و لەبەرئەوەی میدیایەکی پابەندە، ئەو بابەتانە بڵاو ناکاتەوە کە دوورن لە بنەما ئەخلاقییەکان، یان زیان بە بەهاو ڕەوشتی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، هەر بۆیە ئەم میدیایە لە بەها و بیروباوەڕی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە.

٣- میدیایەکی ئازاد و بەرپرسە: میدیای ئیسلامیی تاڕادەیەکی زۆر لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییەوە نزیکە، لەکاتێکدا پانتاییەک دەداتە ئازادی ڕادەربرین، بەڵام لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتییەوە ئەم میدیایە ئاڕاستە دەکرێت، هەربۆیە ڕێگە بە ناوزڕاندن و هەواڵی فەیک و دەستێوەردران لە ژیانی تایبەتی کەسەکان نادرێت و هەمیشە جەخت لە پرەنسیپ و مۆراڵ و ئیتیکی میدیایی دەکاتەوە.

٤- میدیایەکی گشتگیرە: ئەم میدیایە هەوڵ دەدات قسە لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە بکات و شرۆڤەی پرسە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فیکریی و لایەنەکانی تر بکات، هەروەها بایەخ بە زانست و ئەدەب و فیکری نوێ دەدات، لەو ڕوانگەی کە خودی ئایینی ئیسلام ئاینێکی گشتگیرە و میدیای ئیسلامیش دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەم واقیعە بێت.

٥- مامەڵەیەکی ڕاستگۆیانە دەکات: میدیایەکە ڕەچاوی وردبینیی و هاوسەنگیی و ڕاستگۆیی دەکات و هەوڵ دەدات کە ڕەنگدانەوەیەکی واقیعبینانە کۆمەڵگەکەی بێت.

٦- میدیای بابەتیانەیە: میدیای ئیسلامیی جەخت لەسەر (بابەتیی بوون) دەکات، بە پشتبەستن بە شیکردنەوە و ڕوونێتی و بیرکردنەوەی قووڵ، و پەنا دەباتە بەر گشت ئەو ئامرازانەی کە بیرکردنەوەی مرۆڤ پەروەردە دەکات و هانی دەدات بۆ ئافراندن و داهێنان و کاراکردنی ئاوەز.

## فیدباکی جەماوەر

بۆ زانینی ڕای جەماوەری هەرێمی کوردستان بەشێوازی کارکردنی کەناڵە ئیسلامییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، فۆرمێکی ڕاپرسیمان بەسەر سامپڵێک لە هاوڵاتیان لە هەردوو پارێزگەی سلێمانی و هەڵەبجە دابەش کرد، دەرەنجامی ئەو ڕاپرسییە لێرە دەخەینە ڕوو.

### خشتەی ژمارە (١)

ئاستی بینینی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان

| ئاستی بینین | دووبارە | (٪) |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | 97 | 68 |
| نەخێر | 44 | 32 |
| کۆ | 141 | 100 |

### خشتەی ژمارە (٢)

هۆکاری سەیرنەکردنی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان

| هۆکار | دووبارە | (%) |
| --- | --- | --- |
| کاتم نییە بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن | 12 | 27.3 |
| کەناڵەکانیان لاوازە و کاریگەرییان نیە | 6 | 13.6 |
| متمانەم پێیان نییە و ڕاستگۆ نین | 6 | 13.6 |
| بەهۆی بوونی کەناڵی ئیسلامیی بەهێزتر لە هەرێمی کوردستان | 14 | 31.8 |
| ئەم کەناڵە لەگەڵ ئایدۆلۆجیا و بیرکردنەوەمدا ناگونجێت | 3 | 6.8 |
| بەهۆی زاڵبوونی لایەنی ئامۆژگاریی و بانگەوازیی لەم کەناڵە | 1 | 2.4 |
| گرنگی بە کێشە و خەمەکانی خەڵک نادەن | 2 | 4.5 |
| کۆ | 44 | 100 |

### خشتەی ژمارە (٣)

بەشداریی کەناڵە ئاسمانییە کوردییە ئیسلامییەکان لە پرۆسەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
| --- | --- | --- |
| لەگەڵیدام | 84 | 86.5 |
| بێلایەنم | 9 | 9.3 |
| لەگەڵیدا نیم | 4 | 4.2 |
| کۆ | 97 | |

## خشتەی ژمارە (٤)

مامەڵەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییە ئیسلامییەکان لەگەڵ قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 25 | 25.7 |
| بێلایەنم | 23 | 23.7 |
| لەگەڵیدا نیم | 49 | 50.6 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (٥)

ناوەڕۆکی کەناڵە ئیسلامییە کوردییەکان هانی دووبەرەکی و ناتەبایی کۆمەڵایەتی دەدەن

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 4 | 4.2 |
| بێلایەنم | 11 | 11.3 |
| لەگەڵیدا نیم | 82 | 84.5 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (٦)

سەیرکردنی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان و هەستکردن بە شڵەژان و دڵەراوکێی دەروونیی

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 4 | 4.2 |
| بێلایەنم | 16 | 16.4 |
| لەگەڵیدانیم | 77 | 79.4 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (٧)

کەناڵە ئاسمانییە کوردییە ئیسلامییەکان ماف دەدەنە کەمایەتییە ئاینییەکان

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 33 | 34 |
| بێلایەنم | 31 | 32 |
| لەگەڵیدا نیم | 33 | 34 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (٨)

کەناڵە ئاسمانییە کوردییە ئیسلامییەکان ڕەچاوی بەها و دابونەریتی کوردەواریی ناکەن

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 10 | 10.1 |
| بێلایەنم | 6 | 6.2 |
| لەگەڵیدا نیم | 81 | 83.7 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (٩)

ناوەرۆکی بەرنامەی کەناڵە ئاسامانییە کوردییە ئیسلامییەکان لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا گونجاوە

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 90 | 92.8 |
| بێلایەنم | 2 | 2.1 |
| لەگەڵیدا نیم | 5 | 5.1 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (١٠)

بوونی بیرۆکەی نامۆ لە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی کەناڵە ئیسلامییە کوردییەکاندا، کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 3 | 3.1 |
| بێلایەنم | 7 | 7.2 |
| لەگەڵیدا نیم | 87 | 89.7 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (١١)

کەناڵە ئاسمانییە کوردییە ئیسلامییەکان، دیمەنی توندوتیژیی و پەڕگیریان تێدا نییە

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 75 | 77.3 |
| بێلایەنم | 15 | 15.4 |
| لەگەڵیدا نیم | 7 | 7.3 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە(١٢)

هەواڵ و بەرنامەی سیاسی کەناڵە ئیسلامییە کوردییەکان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی گەلی کوردن

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 7 | 7.2 |
| بێلایەنم | 5 | 5.1 |
| لەگەڵیدا نیم | 85 | 87.7 |
| کۆ | 97 | 100 |

**خشتەی ژمارە (١٣)**

ناوەڕۆکی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان فاکتەرێکن بۆ پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 63 | 65 |
| بێلایەنم | 8 | 8.2 |
| لەگەڵیدا نیم | 26 | 26.8 |
| کۆ | 97 | 100 |

**خشتەی ژمارە (١٤)**

ئەو بابەتانەی لە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان پەخش دەکرێن، لەگەڵ یاساکان و ئیتیکی میدیایدا ناجۆرن

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 4 | 4.1 |
| بێلایەنم | 8 | 8.3 |
| لەگەڵیدا نیم | 85 | 87.6 |
| کۆ | 97 | 100 |

**خشتەی ژمارە (١٥)**

بەهۆی ڕەچاوکردنی بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردیی، بینەرانی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان لە زیادبووندان

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 13 | 13.4 |
| بێلایەنم | 30 | 31 |
| لەگەڵیدا نیم | 54 | 55.5 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (١٦)

کەناڵە کوردیە ئیسلامییەکان هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی کەناڵەکانی دیکە لە ڕەچاوکردنی بەها و ئایین و کەلتووری کۆمەڵگەی کوردیدا چاویان لێبکەن

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 53 | 54.6 |
| بێلایەنم | 25 | 25.8 |
| لەگەڵیدا نیم | 19 | 19.6 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (١٧)

ڕەچاوکردنی بەهاکان و کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی لە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکاندا، وێنەیەکی واقیعییانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە گەلی کوردی بەخشیوە

| گۆڕاوەکان | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|
| لەگەڵیدام | 61 | 62.8 |
| بێلایەنم | 28 | 28.8 |
| لەگەڵیدا نیم | 8 | 8.4 |
| کۆ | 97 | 100 |

## خشتەی ژمارە (١٨)

گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان | | | دووبارە | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕەگەز | | نێر | 95 | 67.4 |
| | | | مێ | 46 | 32.6 |
| | کۆ | | | 141 | 100 |
| | | | کەمتر لە 25 | 11 | 7.8 |
| | | | 26–30 | 24 | 17 |
| | | | 31–35 | 29 | 20.6 |
| | | | 36–40 | 23 | 16.3 |
| | | | 41– 45 | 22 | 15.5 |
| | | | 46 و زیاتر | 32 | 22.7 |
| | کۆ | | | 141 | 100 |
| | | | سلێمانی | 101 | 71.6 |
| | | | هەڵەبجە | 40 | 28.4 |
| | کۆ | | | 141 | 100 |
| | ئاستی خوێندن | | سەرەتایی | 1 | 0.8 |
| | | | دواناوەندی | 14 | 9.9 |
| | | | دیبلۆم | 24 | 17 |
| | | | بەکالۆریۆس | 80 | 56.7 |
| | | | ماستەر | 13 | 9.2 |
| | | | دکتۆرا | 9 | 6.4 |
| | کۆ | | | 141 | 100 |

## دەرەنجام:

لە دەرەنجامی ئەم ڕاپرسییە و وەڵامەکان بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بینەری کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکانن و بوونی کەناڵی ئاسمانی بەهێزتر لە هەرێمی کوردستاندا فاکتەری سەرەکی سەیرنەکردنی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکانە لای بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها زۆرینەی بەشداربووان پشتگیری لەوە دەکەن کە کەناڵە ئیسلامییە کوردییەکان بەشدارن لە پرۆسەی سەقامگیری کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستاندا و نیوەی بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدا نین کە کەناڵە ئیسلامییە کوردییەکان بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکانی هەرێمی کوردستاندا ناکەن، لەلایەکی دیکەوە ڕێژەیەکی زۆر لە بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدا نین کە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان دووبەرەکیی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

لەبەشێکی تری ڕاپرسییەکەدا زۆرینەی بەشداربووان پێیان وانەبوو کە لە دەرنجامی سەیرکردنی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان دڵەڕاوکێ و نائارامی دەروونیان بۆ دروست ببێت، بەڵام جیاوازی لە بۆچوونی سامپڵەکەدا هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی کەناڵە ئیسلامییە کوردیەکان لە پێدانی ماف بە کەمینە ئایینییەکان و ئاییزاکانی تر لە هەرێمی کوردستاندا و ڕێژەیەکی زۆر لە بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدا نین کە کەناڵە ئیسلامییە کوردییەکان بەها و نەریتەکانی کورد لەبەرچاو ناگرن، هەروەها ڕێژەیەکی زۆر لە بەشداربووان هاوڕابوون کە ئەو بەرنامانەی لە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکاندا پەخش دەکرێن، تەبان  لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا.

لە تەوەرێکی تری ڕاوبۆچوونەی سامپڵەکە، زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدا نین کە بیرۆکەی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردی لە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکاندا پەخش بکرێن و ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەشداربووان پشتگیری لەوە دەکەن کە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکاندا دوورن لە دیمەنی توندوتیژیی و توندڕەویی، هەروەها زۆربەی ئەندامانی سامپڵەکە پێیان وانیە کە کەناڵە ئیسلامییە کوردییەکان دژی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بن، لەلایەکی دیکەوە ڕێژەیەکی زۆر لە سامپڵەکە پێیانوایە کە فاکتەری پێکەوە ژیانن لە پێکهاتەکانی گەلی عێراقی.

لە بەشێکی دیکەدا زۆرینەی بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئەو بابەتانەی لە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکاندا پەخش دەکرێن، لەگەڵ یاسا و ئەخلاقی میدیادا ناکۆک بن، و نزیکەی نیوەی سامپڵەکە پێیانوایە کە کەناڵەکانی دیکە شوێنپێی شێوازی کارکردنی کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکانیان هەڵگرتووە و لە هەندێک لە بەرنامەکانیاندا لاسایی ئەوان دەکەنەوە، ڕێژەیەکی زۆر لە سامپڵەکە پێیانوایە کە کەناڵە کوردییە ئیسلامییەکان وێنەیەکی واقیعییان لە دەرەوەی هەرێم بە کۆمەڵگەی کوردی بەخشیوە.

# سەرچاوەکان


١. جعفر حسن جاسم الطائي، التطبيقات الاجتماعية لتكنولوجيا المعلومات، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

٢. دينيس ماك كويل، نفوذ الإعلام وتأثيراته، عن دوريس ايه جريبر، سلطة وسائط الإعلام في السياسة، ترجمة: أسعد أبولبدة، دار البشير، عمان، ١٩٩٩.

٣. ربحي مصطفى عليان وعدنان محمود الطوباسي، الاتصال والعلاقات العامة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ، ٢٠٠٥.

٤. طه أحمد الزيدي، المرجعية الإعلامية في الإسلام، مركز البصيرة للبحوث و التطوير الإعلامي، دار النفائس للنشر و التوزيع، الأردن، ٢٠١٠.

٥. طه أحمد الزيدي، معجم مصطلحات الدعوة و الإعلام الإسلامي، دار النفائس للنشر و التوزيع، الأردن، ٢٠١٠.

٦. عادل الأنصاري، الإعلام الإسلامي.. إشكاليات الواقع والمصطلح، موقع مجلة المجتمع/ https://mugtama.com/hot-files/item/64836-2017-12-09-07-31-32.html

٧. عبدالرحمن عزيز، دراسات في نظرية الاتصال، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٣.

٨. غازي زين عوض الله، الإعلام والمجتمع، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٥.

٩. فيليب جيه تشينور، وسائل الاتصال والصراع في المجتمع، عن دوريس ايه جريبر: سلطة وسائط الإعلام في السياسة، ترجمة: أسعد أبولبدة ، دار البشير، عمان، ١٩٩٩.

١٠. محمد سليمان المومني، السلم الاجتماعي- دراسة تأصيلية، مجلة الدراسات الإسلامية للدراسات الشرعية والقانونية.
pdf.PB-2718-13628-3/Downloads/20ict%soma/Users/:C///:file /

١١. محمد منير حجاب، الإعلام الإسلامي: المباديء-النظرية-التطبيق، دار الفجر للنشر و التوزيغ، ٢٠٠٢.

١٢. وليام ل.ريفرز وآخرون، وسائل الإعلام والمجتمع الحديث، ترجمة: ابراهيم امام، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٥.

٣١. عبدالكريم بن عبدالله الحربي، ،الانترنت والقنوات الفضائية ودورها في الإنحراف والجنوح، مكتبة كنعان، الرياض، ٢٠٠٣.

١٤. موسى شتيوي، مساهمة وسائل الإعلام في إحداث التغيير الاجتماعي وتطوير المجتمع المدني في العالم العربي، دراسة مقدمة لمؤتمر الإعلام العربي في عصر المعلومات، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتجية، ٢٠٠٦.

١٥. جيا ياسين، القيم الاجتماعية في البرامج الحوارية في قناة NRT الفضائية جامعة السليمانية، ٢٠٢٠.

د. عادل باخەوان:

# تەنها بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی، ئیسلامە



**گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی**

لەم گفتوگۆیەدا، د.عادل باخەوان کۆمەڵناس و شرۆڤەکار لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە باس لە گرنگی و پێگەی ئایین دەکات، باس لە دۆخی ئیسلامییەکانی کوردستان و هەلومەرجی گەشەکردنیان دەکات، بە قوڵایی ١٤٠٠ ساڵەی مێژوودا شۆڕدەبێتەوە و ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە ئیسلام چی پێشکەشی کورد کردووە؟ یان بە دیوێکی تردا ئەگەر کورد مسوڵمان نەبوایە و ئایینی ئیسلامی وەرنەگرتایە ئێستا لە کوێی دونیا بوو؟

**خاڵ: ئەو تەوەرەیەی کە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، ئیسلامییەکانی کوردستان و بەدیاریکراویش باشووری کوردستان، مەسەلەی ئیسلامییەکان و کاریگەری ئیسلامییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕوانگە کۆمەڵناسییەوە بچینە ناو بابەتەکەوە، سەرەتا بەو پرسیارە دەست پێدەکەین، بەگشتی ئەرکی ئایین لەناو کۆمەڵگەدا لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە چییە؟**

د. عادل باخەوان: زۆر خۆشحاڵم بەوەی گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزتان دەکەم، بەتایبەتی گۆڤاری خاڵ، کە گۆڤارێکی توێژینەوەیە، نەک گۆڤاری ڕۆژانە و هەفتانە و خەریکی بابەتە هەنووکەییەکان بێت، ئەم پرسیارەی بەڕێزت پرسیارێکی دوورمەودایە، دەکرێت ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکەیت، وەک دەکرا ساڵێک لەمەوپێش قسەی لەسەر بکەین، وەک دەکرا دەیان ساڵیش لەمەودا قسەی لەسەر بکرێت، واتە بابەتێکی جەوهەرییە، بۆیە ئامادەبوونی ئایین لە کۆمەڵگەیەکدا بەگشتیی و لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەتایبەتی، بابەتێکی ڕۆژانە نییە تێپەڕێت، گۆڤارەکەی ئێوەش بابەتی ڕۆژانە ناوروژێنێت، بۆیە بەختەوەرم کە گفتوگۆتان لەگەڵ ئەکەم، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، من دەزانم لە ئێستا و لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان بەریەککەوتنێکی توند هەیە لەناو کێڵگەی ڕۆشنبیری کوردیدا، لەناو ڕادیکاڵەکاندا، ڕادیکاڵی ئەوسەری ئەوسەر لەگەڵ ڕادیکاڵی ئەمسەری ئەمسەر، زۆر زۆر بە دەگمەن دەنگێک هەیە لە نێوان ئەم هەموو ڕادیکاڵە، ئەگەر ڕێگە بدرێت بوترێت ڕادیکاڵی چەپی چەپ و ڕادیکاڵی ڕاستی ڕاست، ڕەنگە بۆ کوردستان وا چاک بێ بوترێت ڕادیکاڵی عەلمانیی لەگەڵ ڕادیکاڵی ئیسلامیی، بەداخەوە لە نێوان ئەم دوو ڕادیکاڵلیزمەدا سڵ لەوە ناکرێتەوە بە هەردووکیان بڵێن من ڕادیکاڵم. بەڕاستی هەردووکیان ڕادیکاڵن، ڕادیکاڵ بریتییە لەوەی کە یەک بۆچوونت هەیە کە بەشێوەیەکی قەتعی دەتەوێ بیسەپێنێت بەسەر هەموو لایەکدا، ئەوە لە چەپی عەلمانی هەمانە، لە ڕاستی ئیسلامیش هەمانە، بۆیە ئەم گۆڤارە کە هەوڵ دەدات دیالۆگێکی وا دابمەزرێنێ خۆی بۆ خۆی کارێکی باشە لە نێوان ئەم دوانەدا، من پێموایە دەکرێت قسە لەسەر ئایین بکەین، بۆ نموونە پیاوێکی وەک کارل مارکس، ئێمە هەمیشە ئەو ڕستەیەمان لەبیرە کە دەڵێت ئایین تلیاکی گەلانە، بەڵام ئەو ڕستەیەمان لەبیر نییە کە دەڵێت ئایین دڵی هەموو چەوساوەکانە، چونکە هەرکەسێک بە لێکدانەوەی خۆی بە دوای ڕستەکەی تردا دەگەڕێت، بۆچی کارل مارکس دەڵێت ئاین دڵی چەوساوەکانە، بۆ دەڵێت ئایین دڵی هەموو ئەوانەیە دڵیان نییە، ئەمە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییانەی کارل مارکسە بۆ بوونی ئایین لە ناو کۆمەڵگەدا، بۆچی دەڵێت ئاین تلیاکی گەلانە، خۆی باسی خودی ئایین ناکات، بەڵکو لە چرکەساتێکدا کە شیکاری ئامادەیی ئایین لە کۆمەڵگەیەکدا کە کۆمەڵگەی

ئەڵمانی یان فەرەنسی، ئەو لەوێوە دەگەڕێتەوە سەر شیکارکردنی دەرکەوتنی ئایین لە کۆمەڵگەدا نەک بێ ئایین. پرسیارەکەی جەنابت ڕۆڵی ئاین چیە لە هەرێمی کوردستاندا؟ دەکرێت بە شێوەیەکی تر ئەم پرسیارە بکەین، باشە ئەگەر لە کوردستاندا ئایینی ئیسلام نەبوایە، ئێستا کۆمەڵگەی کوردستانی چی بوو؟

**خاڵ: بە دیوێکی تردا ئەمە پرسیاری ئێمەشە کە ئیسلام چی پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردی کردووە؟**

د. عادل باخەوان: پرسیارەکان لە هەردوو سەرەوە گرنگن، ئەگەر کورد ئیسلامی نەبوایە وەکو ئایین، ئێستا چی پێ بوو؟ ئێستا چی دەبوو؟ ئیسلام توانیویەتی چی بکات لەناو مێژووی کۆمەڵگەی کوردیدا؟ هەردوو پرسیارەکە بە هەردوو سەرەکەی زۆر زۆر گرنگە. تەماشاکە ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ مێژووی کۆمەڵگەی کوردی، بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، بەدرێژایی مێژووی فیکری کوردی، نابێ فیکری کوردی تەنها لە سەدەی بیستدا ببینی، لەگەڵ هاتنی ناسیۆنالیزم بۆ کوردستان و هاتنی قوتابخانە جیاوازەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتیی، پێش ئەمەش کۆمەڵگەیەک هەبوو بەناوی کۆمەڵگەی کوردی، پێش ئەمەش هەر ڕۆشنبیر هەبووە، ڕاستە پێی نەوتراوە ڕۆشنبیر، ڕاستە پێی نەوتراوە بیرمەند، لە فەرەنساش هەر پێی نەوتراوە ڕۆشنبیر یان بیرمەند، پێش سەدەی بیستیش شتێک هەبووە بەناوی کێڵگەی فیکر. تەماشا دەکەی بە درێژایی ئەم هەزار ساڵە بمانەوێ و نەمانەوێ ئامادەبوونی ئیسلام هەمیشە ئەو پرەنسیپە باڵایە بووە کە ژیانی فیکریی و ژیانی کۆمەڵایەتیی و ژیانی کەلتووریی لە کوردستاندا ڕێکخستووە، ئێستا من باسی ئەوە ناکەم بڵێم جەنابتان، بەڕێزتان هاوڕان لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە یان نا، دەکرێت جەنابتان هاوڕا نەبن، دەکرێت بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەتان هەبێت، دەکرێت بۆچوونێکی لایەنگرانەتان هەبێت، هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە بەدرێژایی هەزار و چوارسەد ساڵ ئیسلام ئەو پرەنسیپە باڵایە بووە کە چوارچێوەکانی بوون و ئامادەبوونی کورد لەناو مێژوودا دەستنیشانکردووە، ئەگەر ئیسلام بێنیتە دەرەوە لە چوارچێوە شیکارییەکەت، ئایا دەتوانن لە فیکر لە کوردستاندا تێبگەن، ئایا دەتوانن لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی تێبگەن؟

**خاڵ: ئەگەر بیهێننە دەرەوە لەو سیاقە مێژووییەی کە ١٤٠٠ ساڵ کورد تیایدا ژیاوە، چیمان بۆ دەمێنێتەوە؟**

د. عادل باخەوان: ئەگەر ئیسلامی لێ دەربهێنی ئیتر شتێکی تر نامێنێ ڕێگە بە جەنابت بدات کە واتای کوردی مەفهوم بێت، واتە تەنها و تەنها دەرگایەک کە هەیە لێی بڕۆیتە ژوورەوە بۆئەوەی لە مێژووی ١٤٠٠ ساڵەی کۆمەڵگەی کوردی تێبگەی، ئەوە

هەر دەرگای ئیسلامە، ئەمە خاڵێک، بە لامەوە گرنگە وەکو تێبینی، خاڵێکی تریش بە لامەوە گرنگە ئەوەیە ئیسلام خۆی لە خۆیدا دۆخێکی نەرێنی یان ئەرێنی نییە، ئەوەی کە نەرێنی و ئەرێنییە چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئیسلامدا، تەماشا دەکەیت ئیسلام لە وڵاتێکدا دەکرێت چەکی چەوساوەکانی دنیا بێ، بۆ بەرگری لە بەرامبەر چەوساندنەوە، هەروەک دەکرێت ئیسلام لە کۆمەڵگەیەکی تردا بکرێ بە چەک بۆ چەوساندنەوەی چەندین کۆمەڵگەی تر، بۆ نموونە برۆ بۆ عەرەبستانی سعودیە، بەناوی ئیسلامەوە دەکرێت چەندین چینی کۆمەڵگە هەیە سەرکوت بکرێت، بەڵام لە چەندین شوێنی دونیا ئیسلام بەکاردەهێنرێ وەکو چەکی بەرەنگاربوونەوە بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی و ئازادیخوازی، پرسیاری من لەناو کۆمەڵگەی کوردی ئەمەیە، کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا دەکات؟

**خاڵ: ئەو فۆڕمەی ئێمە وەرمانگرتووە لە ئیسلام، چی پێشکەش کردووین لە ڕابردوو و لە ئێستادا؟**

د. عادل باخەوان: من پێموایە هەڵە دەکەین ئەگەر پێمانوابێت کورد بە یەک شێوە مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامدا کردووە، کورد بە یەک فۆڕم مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامدا نەکردووە، فۆرمەکان زۆر زۆر جیاوازن، ئەگەربێتو نموونەی ئێستا وەربگرین ڕەنگە قسەمان زیاتر لەگەڵدا بکات، تەماشا دەکەیت سەلەفییەکان لەگەڵ ئیسلامدا هەمان فۆڕمی یەکگرتووەکان نییە، فۆڕمی یەکگرتووەکان هەمان فۆڕمی کۆمەڵییەکان نییە، ئەگەر قسەکەم ڕاست بێ، فۆڕمی ئەو مسوڵمانە پراکتیکییە مولتەزیمانەی کە ئینتیمای سیاسییان نییە جیاوازە لە فۆڕمی ئەو مسوڵمانە مولتەزیمانەی کە ئینتیمای سیاسییان هەیە، بۆیە هەڵە دەکەین ئەگەر پێمانوابێت یەک فۆڕم بێت، ئیسلام یەک ئیسلامە، یەک ئایینە، کە ئاینێکی یونیفیرساری کەونی تەوحیدی یەکگرتووی مێژووییە، کە لە دەرەوەی زمان و لە دەرەوەی هەموو شتەکان هەیە، بەڵام چۆنێتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ئەم ئایینە تەوحیدیە مێژووییەدا، یەک جۆر نییە، یەک فۆڕم نییە، بەڵکو زۆرتر لە فۆڕمێکە، بۆیە بۆچوونی من ئەوەیە ئەگەربێتو قسە بکەین لەگەڵ مامەڵەکردنی کورد وەکو یەکەیەکی یەکانگیری یەکگرتووی یەکگرتووکراو لەگەڵ ئیسلامدا، هەڵە دەکەین.

**خاڵ: بەڕێزتان ئاماژەتان بەوەدا کە چەندین فۆڕمی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسلام لە کوردستان هەیە، پارتی ئیسلامیمان هەیە لە کوردستاندا هەریەکە و جۆرێکی قاڵبی ئیسلامی پێشکەش دەکات، بە بڕوای بەڕێزت ئەم ڕەوت و پارتە ئیسلامیانەی هەرێمی کوردستان لە کوێی کۆمەڵگەی کوردیدان؟**

د.عادل باخەوان: زۆرجار بیستوومە و خوێندوومەتەوە لە کوردستان، باس لەوە دەکرێت مادەم یەک حیزبی ئیسلامیمان نییە، مادەم زیاتر لە حیزبێکی ئیسلامی هەیە لە

کوردستاندا، ئەمە خۆی بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەلەلێک هەیە، خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گرفتێک هەیە، چونکە ئیسلام خۆی یەکە، کەواتە یەک حیزبیشی پێویستە، ئەمە ئەو سیستمەیە ئەرگۆمینەیشن بە ئیستیدلال بەردەوام دەهێنرێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە زۆر زۆر هەڵەیە، بەپێچەوانەوە، بوونی زیاتر لە گرووپێک، بوونی زیاتر لە بۆچوونێک، بوونی زیاتر لە فۆڕمێک ئەمە خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵگەکەیە، ئەگەر کۆمەڵگەیەکت هەبێت بە یەک جۆر بیر بکاتەوە لە ئیسلام، بە یەک شێوە ڕەفتار بکات لەگەڵ ئیسلامدا، بە یەک شێوە ئیسلام تەفسیر و شیکار بکات، ئەوکاتە تەماشا دەکەیت ئەمە جۆرێک لە هەژارییە، هەژاری فیکریی، هەژاری کۆمەڵایەتیی، هەژاری کەلتووریی و هەژاری سیاسیی، بەڵام کاتێک کە دەبینیت زیاتر لە کۆمەڵت هەیە، یەککگرتووت هەیە، بزووتنەوە هەیە، ئەمە ئاماژەی ئەرێنییە.

**خاڵ: بەڕێزت بوونی ئەم فۆڕمە جیاوازانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە دەوڵەمەندی و ئەرێنی دەزانیت؟**

د. عادل باخەوان: بە دەوڵەمەندی و بە ئەرێنی دەزانم، ئەگەر نەبونایە دەوڵەمەندی نەبوو، ئەگەر نەبوونایە ئەرێنی نەبوو، من پێموایە هەر کۆمەڵگەیەک کە توانای بەرهەمهێنانی فرەیی نییە، ئەوەی کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (دایڤەر سیتی) بە فەرەنسی پێی دەوترێ (دیڤەر سیتی). هەر کۆمەڵگەیەک توانای بەرهەمهێنانی فرەیی نەبێت، فرەیی بۆچوون، فرەیی فیکر، فرەیی چوارچێوە، ئەوە کۆمەڵگەیەکی هەژار و لە کۆمەڵگەی سعودی دەکات، لە کۆمەڵگەی قەتەریی و ئیماراتی دەکات، بەڵام کۆمەڵگەیەک بتوانێت زیاتر لە گرووپێکی ئیسلامیی هەبێت، ئەوە خۆی کۆمەڵگەیەکی زیندووە، ئەوە خاڵی یەکەم، بەڵام گرفتەکە لە کوێدایە، گرفتی هەرە سەرەکی لە کوردستاندا لای ئیسلامییەکان مادەم گفتوگۆ لەسەر ئیسلامییەکانە، دەبێت لەو ئاستەدا بوەستین، ئەگینا دەتوانین گشتیگری بکەین بۆ حیزبەکانی تریش، بۆ پارتی و یەکێتی، دەتوانین بیگشتێنین لەسەر عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرفتەکە ئەمەی خوارەوەیە، بوونی فرەیی، بوونێکی زۆر زۆر ئەرێنییە، نەبوونی فۆڕمێک بۆ ئیدارەدانی فرەیی کارەسات و تراژیدیایە، بوونی یەککگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە و سەلەفییەکان، کۆمەڵێک بوونی ئەرێنییە، چونکە دەریدەخات کۆمەڵگەی ئێمە یەک ڕەهەندی نییە، کۆمەڵگەی یەک جۆری نییە، کۆمەڵگەیەکی یەک مۆسیقایی نییە، یەک ئاهەنگی نییە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی فرە ئاهەنگە، بەڵام ئەوەی کارەساتە کە شێفێکت نەبێت، ئۆرکسترایەکت نەبێت، کە ئۆرکستراکە بجولێنێ، ئەوەی کە مۆسیقارەکان دەجولێنێت – سەپەرشتیاری ئاوازەکان – ئەو سەرپەرشتیاری ئاوازە چی دەکات، پێت دەڵێت ئەم عودە کەمانەکە نییە، کەمانەکە سازەکە نییە، سازەکە دەفەکە نییە، دەفەکە تەپڵ نییە، ئەمە

که ئێستا ئیسلامییەکان هەیانە، عەلمانییەکانیش بێگومان، ئەو فۆڕمەیە بۆ ئیدارەکردنی (دایڤەر سیتی) خۆی، کە تۆ فۆڕمەکەت نەبوو، چی دروست دەبێت، ئەو فۆڕمە ئەگەر هەبوو، سنوور دیاری دەکات، چوارچێوە دیاری دەکات، حەرام و حەڵاڵەکانی دیالۆگ دیاری دەکات، حەرام و حەڵاڵەکانی ڕەفتار دیاری دەکات، خەتی سوور دیاری دەکات، خەتی زەرد دیاری دەکات، خەتی خۆڵەمێشی دیاری دەکات، بە تۆ دەڵێت تا کوێ مافت هەیە بڕۆیت، تا کوێ دەتوانیت قسە بکەیت، لە کوێدا دەبێت بوەستیت، نە ئیسلامییەکان و نە عەلمانییەکان، مادەم گفتوگۆ لەسەر ئیسلامییەکانە ئەوەیە کە تا ئێستا فۆڕمیکیان نییە بۆ ئیدارەکرنی ئەم فرەییە، لەبەرئەوەی فۆڕممان نییە، تەماشا دەکەیت دیالۆگێکی زۆر زۆر سادە لە نێوان یەکگرتوویەک و کۆمەڵێکدا دەکرێت تا سنووری تەکفیر بیانبات، لە نێوان سەلەفیەک و سۆفیەکدا تا سنووری کوشتن بیانبات، ڕووداوێک ڕوویدا لە سۆران لەم ماوەدا، گەنجێکی سەلەفی چەقۆیەکی زۆر زۆر گەورەی پێیە برا گەورەکەی لە ژووردا دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، لەبەرئەوەی کە هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە. لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بینیویەتی سەیری فیلمێک دەکات کە لە فیلیمەکەدا ژنێکی تیا بووە قاچی بە دەرەوە بووە، هەر ئەوەندەی کە قاچی بە دەرەوە بووە، وتوویەتی براکەم دەیەوێت لە ڕێگای ئەم فیلمەوە کە قاچی ژنەکە دیارە ئیمانی من زەعیف بکات، بۆیە من هەڵدەستم بە جیهادی شەرعی خۆم دەبێت بیکوژم، برا گەورەکەشی دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستووە و تەلەفۆنی بۆ ئاسایش کردووە بۆئەوەی فریای بکەون، ئەمە مەبەستم ئەوەیە لەبەرئەوەی فۆڕمێک نییە بۆ ئیدارەکردنی ئەم فرەییە لە نێوان دوو مسوڵماندا لەکاتێکدا کە براکەی ئیماندارە، مسوڵمانە، نوێژ دەکات، ڕۆژوو دەگرێت، هیچ گرفتێکی لەگەڵ ئیسلامدا نییە، ئەوەش نییە عەلمانی بێت، بەڵام ئەم دوو مسوڵمانە کە دوو فۆڕمی جیاوازیان هەیە لە ئیسلام ناتوانن ئیسارەی دیالۆگ و هەڵسوکەوتەکانیان بەیەکەوە بکەن، ئەمە لەم نموونە بچووکەوە دەتوانی بیبەی هەتا نموونەیەکی زۆر زۆر گەورە کەوای لێ بکەین بگەینە حەدی دابڕان، ئیتر کە نەتوانین لەگەڵ یەکدا قسەی بکەین، دابڕان بگاتە ئەوەی کە حیزبێک ئامادەبێت لەگەڵ عەلمانییەکان قسە بکات، بەڵام ئامادە نەبێت لەگەڵ ئیسلامییەکان قسە بکات. هەست بەوە بکات کە ئیتر هیچ شتێک نامومکین نییە.

**خاڵ: ئەم فرەییەی بەڕێزت باست کرد چی پێشکەشی کۆمەڵگەی کوردی کردووە؟**

د. عادل باخەوان: وەک باسم کرد، هەر بوونی فرەییەکە خۆی لە خۆیدا ئەوەیە چانسێک دەدات بە کۆمەڵگەی کوردی کە ئینتیماکانیان بۆ ئیسلام، مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئیسلامدا بەو ڤێرژنەی کە گرووپە سیاسییەکان پێشکەشی دەکەن، یەک ڕەهەندی نەبێت، لە بازاڕدا، کاتێک گەنجێکی کوردی دەڕواتە بازاڕ، لە بازاڕدا یەک جۆر کاڵای لەبەردەستدا نەبێت،

زیاتر لە کاڵایەکی لەبەردەستدا بێت، گەنجی کوردی، مرۆڤی کوردی، هاوڵاتی کوردی، تەنها یەک بژاردەی نەبێت، بەڵکو زیاتر لە بژاردەیەکی هەبێت، بۆ نموونە لە نێوان کاڵای کۆمەڵ و کاڵای بزووتنەوە، کاڵای سەلەفیەکان و کاڵای یەکگرتوو، تۆ بژاردەت هەیە و هەر ئەوەندەی کە بژاردەت دەدەنێ ئەمە خۆی بۆ خۆی ئەرێنییە.

خاڵێکی تر، خوێندنەوەی یەکگرتوو بۆ ئیسلام جیاوازە لە خوێندنەوەی کۆمەڵ، خوێندنەوەی کۆمەڵ جیاوازە لە خوێندنەوەی سەلەفییەکان، بوونی ئەم جیاوازییە خۆی لە خۆیدا کەلتووری کۆمەڵگە دەوڵەمەند دەکات، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی دەوڵەمەندی دەکات، لەسەر ئاستی کرانەوە دەوڵەمەندی دەکات. خاڵێکی تریش ئەوەیە کە جۆرێک لە جۆرەکان ئاستی ڕادیکاڵیزم دادەبەزێنێ، چونکە ڕادیکاڵیزم تەنها یەک بۆچوونت لەبەردەستدایە، کە دەتباتە بنی بن، کە دەتباتە سەری سەرەوە، کە دەتبات تا مریشکە ڕەشە، ئەوکاتە ناچاری لەگەڵیدا بڕۆیت، بەڵام تۆ تەماشا دەکەی لەم گرووپە بێزار دەبیت دەتوانیت بڕۆیتە ناو گرووپێکی تر، لەم تەفسیرە بێزار دەبیت دەتوانی بڕۆیتە ناو تەفسیرێکی تر، ئەمەش واتلێدەکات ڕادیکاڵیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان ببێتە شێوەیەکی ڕێژەیی، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە بوونی زیاتر لە بۆچوونێک زۆر ئەرێنییە لە کۆمەڵگەدا. خۆزگە بۆ چەپەکانیش وابوایە، خۆزگە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردیش وابوایە، خۆزگە بۆ هەموو قوتابخانەکان وابوایە.

**خاڵ: کۆمەڵێك لە توێژەران و نووسەران سەرنجیان داوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە خەڵك زیاتر متمانەی بە ئیسلامییەکان کردووە بە بەراورد بە بوارە سیاسییەکە، کاتێك کە دێینە سەر بواری سیاسیی و هەڵبژاردن هەمیشە ئیسلامییەکان دەنگیان لە ئاستێکی نزم و کەمدایە، سەرنجی تۆ لەمبارەیەوە چییە؟**

د. عادل باخەوان: تێزی من هەمیشە ئەوە بووە، وتوومە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا و لە زۆر وڵاتی تریش لەسەر ئاستی سیاسیی هەرگیز نەیانتوانیوە یارییەکە ببەنەوە، بەڵام هەمیشە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی یارییەکەیان بردووەتەوە، بۆچی یارییەکەیان بردووەتەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی، چونکە ئەوان بەناوی ئاینێکی تەوحیدی مێژووییەوە قسە دەکەن کە زیاتر لە یەک ملیار و حەوت سەد ملیۆن کەس ئینتیمای بۆی هەیە، ئەمە خاڵێک، بەناوی هێزێکی ترانسانت فەوقییەوە قسە ئەکەن، کە هەموو مرۆڤەکان لە هەر شوێنێکی دنیا، بەشێکی هەرە زۆری مرۆڤەکان لە هەر شوێنێکی دنیادا بن لە بەرامبەریدا دەوەستن، واتە کاتێک بەناوی هێزێکی فەوقییەوە قسە دەکەی، با ئەو هێزە فەوقییەش خۆی بەلاوە گرنگ نەبێت، با ئەو هێزە فەوقییەش پێی وابێ تۆ نوێنەرایەتی ناکەیت. بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ توانیوتە، هێزی ئیسلامییەکان لەوەدایە وەکو

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی توانیویانە خۆیان وا بخەنە سەرشانەوە کە بەناوی ئەو هێزە فەوقییەوە قسە دەکەن، کە نوێنەرایەتی ئەو هێزە فەوقییە دەکەن، کە نوێنەرایەتی ئەو ئایینە تەوحیدییە مێژوویيە یونیڤارسادە دەکەن کە مێژوویەکی هەزار و چوارسەد ساڵی هەیە، کاتێک کە تۆ لە گەڕەکێکی وەکو کارێزەوشکدا لە ماڵێکدا دانیشتووی کە پەراوێزی پەراوێزکراوی ناو مێژووی ئێستامانە، بەڵام ئینتیمای خۆت لە ئاینێکدا دەبینیتەوە کە مێژووەکەی هەزار و چوار سەد ساڵە، کە کشاوە بەناو هەر چوار پارچەی زەویدا، کە ئەفریقییەکی ڕەش لە لادێیەکی دوورەدەست، کە ئەمریکییەکی چاو زەرد لە نیویۆرک، فەرەنسیەکی قژ زەرد لە پاریسدا، هەر هەموویان بە جارێ ئینتیمایان بۆی هەیە، هەست بە گەورەیی خۆت دەکەیت، هەست بە گەردوونیەتی خۆت دەکەیت، هەست بە مێژووبوونی خۆت دەکەیت، هەست بە باڵابوونی خۆت دەکەیت، ئەمانە هەستێکت لا دروست دەکات کە هەست بەوە نەکەیت کە لە گەڕەکێکی پەراوێزکراوی کارێزەوشکدایت، یان لە قالاوا دانیشتووی، یان دۆلاراوا دانیشتووی، بەڵکو هەست بەوە بکەیت لەناو کەون و لەناو مێژوودا کشاوی، ئیسلامییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لەوەی کە توانیویانە خۆیان بکەن بە ئەوەی کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (ئەنکەر ناسیۆن) واتە (تەجسید)، واتە بەرجەستەبوونی ئەم مێژووە لە هەزار و چوار سەد ساڵی ئەم ئایینە تەوحیدییە یونیڤێرسالە دەکەن لە ناو کۆمەڵگەدا، بۆیە کاتێک لەگەڵ باوکم قسە دەکات، لەگەڵ باوکت قسە دەکەن، لەگەڵ دایکم لەگەڵ دایکت، لەگەڵ هەژاران، لەگەڵ دەوڵەمەندان، لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، کە ئاینیان بە لاوە گرنگە، کە خۆیان بە لاوە گرنگە، هێزەکەیان لەوەدایە کە توانیویانە ئەم هێزە کۆمەڵایەتیانە قەناعەت پێبکەن، کە ئەمان بەرجەستەی بکەن، کە ئەمان نوێنەرایەتی کۆمەڵایەتی، نوێنەرایەتی خەڵک، نوێنەرایەتی ئاوات، نوێنەرایەتی حەز، نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئاینی ئیسلام بکەن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، لێرە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

بەڵام کە دەپەڕیتەوە بۆ دیوە سیاسییەکەی تەماشا دەکەیت بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە کۆمەڵگە قەناعەت پێبکەن سەرەڕای قەناعەتە کۆمەڵایەتییەکان کە لەسەر ئاستی سیاسیی ئەمان توانایان هەیە نوێنەرایەتی خەون و بەرژەوەندی و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە بکەن، هۆکارەکەی دوو جەمسەرە، یەکەمیان تێنەگەیشتنی هێزە ئیسلامییەکانە لە دنیای کۆمەڵایەتیی، واتە زۆرجار هێزە ئیسلامییەکانیی کوردستان کاتێک بەراوردیان دەکەیت بە هێزەکانی تر لە دەرەوە، ژێرخانی ڕۆشنبیرییان یاخود بە کوردی پێی ئەڵێن سەرخان، یاخود بنەماکانی ڕۆشنبیریان لە دەرەوەی ئەو زانستانەیە کە کۆمەڵگەمان وەک خۆی پێ دەناسێنن، بۆ نموونە کادرێکی باڵای بزووتنەوە، یان یەکگرتوو، یان

کۆمەڵ، بۆئەوەی لە دنیای کۆمەڵایەتی تێ بگات زۆر بە گرنگی نازانێ بزانێ کۆمەڵناسی دەڵێ چی، ئەنسرۆپۆلۆژیا دەڵێ چی، سایکۆلۆژیا دەڵێ چی، زانستە سیاسییەکان دەڵێن چی، بەڵکو بەلایەوە زۆر گرنگە بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ دەقی ئایینی تر، کە ئەم دەقە ئاینییانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرهەم نەهاتوون، لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا بەرهەم نەهاتوون، بڕیار نییە دەقەکانی قورئان دەقی کۆمەڵگەیەک بن، بڕیارە دەقی سەرووی کۆمەڵگە بن، بڕیارە دەقەکانی قورئان دەقی ناکۆمەڵایەتی بن، ناسیاسی بن، نامێژوویی بن، ناجوگرافی بن، نازمانەوانی بن، نارەگەزی و نانەتەوەیی بن، بڕیارە ئەم دەقە قورئانییانە دەقی یونیڤێرسالی بێ، کاتی بێ، شوێنی بێ، زمانی بێ و ڕەگەزنامە بن.

**بەدرێژایی هەزار و چوارسەد ساڵ ئیسلام ئەو پرەنسیپە باڵایە بووە کە چوارچێوەکانی بوون و ئامادەبوونی کوردی لەناو مێژوودا دەستنیشانکردووە.**

لە دۆخێکی ئاوا ناتوانی بە تەنها پشت بە دەقەکانی قورئان ببەستی بۆ ئەوەی بزانی چی لە کۆمەڵگەکەتدا دەگوزەرێت، ئەمە وایکردووە کە هەژارییەکی مێژوویی گەورە لای ئیسلامییەکان هەبێت، بۆ نموونە لەسەر بەڕێوەبردنی پەیوەندی هێز، لەسەر بەڕێوەبردنی پەیوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگەیەکدا، لەسەر بەڕێوەبردنی ئابووری، لەسەر بەڕێوەبردنی پرسە گەورەکانی وەکو مافی مرۆڤ، مافی ئافرەت و مافی منداڵ، لەسەر بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەموو ئەمانە وایکردووە کە ئیسلامییەکان نەتوانن وەکو پێویست لەناو دونیا بوونیان هەبێت، ئەمەش وا دەکات بەشێوەیەکی گرنگ بەشێکی زۆر لە هەڵوێستی ئیسلامییەکان لە بەرامبەر هەڵبژاردندا، لە بەرامبەر هاوپەیمانێتیدا، لە بەرامبەر وڵاتانی دەوروبەردا، بەشێکی زۆر لەسەر سۆزی فێڵلێکراو بینا کراوە، بۆ نموونە کاتێک پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و پاریس تێکچوو، ساڵێک لەمەوپێش، پەیوەندییەکانیان بۆ تێکچوو؟ خۆ لەسەر ئایین تێکنەچوو، تێکچوونەکە پەیوەندی بە جیۆپۆلیتیکەوە هەبوو، پەیوەندی بە ئامادەبوونی تورکیا یان فەرەنسا لە لیبیا لە سوریا، لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندی بە ئەمانەوە هەبوو، بەڵام سەرۆک ئەردۆگان زۆر عاقڵانە توانی بەشێکی زۆر لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان تەعبیئە بکات، بە برایانی مسوڵمانەوە بە خەڵکی ترەوە، بخاتە نێوان ئەم هەڵمەتەوە دژی فەرەنسا، من یەکێک بووم

لەوانە لە تەلەفزیۆن دەرکەوتم ئامۆژگاری ئیسلامییەکانی کوردستانم کرد و وتم ئەمە هیچ پەیوەندی بە ئێوەوە نییە، نە وەکو بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستاندا نە وەکو بزووتنەوەی ئایینی کە ئێوە ئاینتان بەلاوە زۆر زۆر گرنگە، ئەمە سەرۆکێکە شەرعیەتی ئەوەی هەیە دنیا تەعبیئە بکات لە بەرژوەندییەکانی تورکیا، ئێوە ئەم یارییە مەکەن زۆر بە قازانجتانە، کەچی تەماشا دەکەین سالێکی بەسەردا نەچوو پەیوەندییەکانی سەرۆک ماکرۆن و سەرۆک ئەردۆگان تەواو ئاسایی بوونەوە، سەرۆک ئەردۆگان وەزیری دەرەوەی نارد بۆ لای سەرۆک ماکرۆن، نامەیەکی بۆ نارد، لە نامەکەدا بە عەزیزی من دەستپێیکرد، بۆ سەرۆک ماکرۆن، هەروەها سەرۆک ماکرۆرنیش بە هەمان زمان وەڵامی دایەوە، ناچار وردە وردە دەرگاکان لەسەر برایانی موسڵمان داخرا، دەرگاکان تەنانەت لەسەر کۆمەڵێک بزووتنەوەی ئیسلامیی داخرا.

دەمەوێت بڵێم کاتێک ئیسلامییەکانی کوردستان بڕیاریاندا بەرگریی لە ئەردۆگان بکەن لە بەرامبەر ماکرۆندا بڕیارێکی سۆزداری بوو، نەک بڕیارێکی عەقڵانی، بۆ نموونە کاتیک تەماشا دەکەیت فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری دەڕوات بۆ لای کونسوڵی فەرەنسا و بەیاننامەیەکی دەداتێ لەسەر ئەوەی لە فەرەنسا ئەمە بەرەنجامی دیراساتێکی وردی پەیوەندییەکانی هێز و ئامادەبوونی کۆمەڵی دادگەری لەناو پەیوەندییەکانی فەرەنسا نییە، ئەم نامە نووسراوە، دوو سێ کەس دانیشتوون و ڕاوێژیان لەگەڵ خۆیاندا کردووە و بەیاننامەیەکیان نووسیوە و کۆنسوڵی فەرەنساش وەریدەگرێت، یاخوا بەخێربێن و کارێکی باشتان کردووە و کە ئێمەتان نەکوشتووە و بەڵکو بەیاننامەیەکتان دەرکردووە، ئەمە لێرە بۆ کۆمەڵ دەوەستێت، بەڵام بۆ فەرەنسا ناوەستێت، فەرەنسا دێت لەسەر ئاستی دوورمەودا ئەمە شیکار دەکات، دەیان ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی هەیە کە ئیشی ئەوەیە لەمانە تێبگات، ئەمە لە چ پاشخانێکەوە هاتووە، چۆن هاتووە، بۆ هاتووە، ئایا ئەم گرووپە مەترسییە، لە داهاتوو دەکرێت ببێ بە مەترسی بە سەر بەرژەوەندییەکانی فەرەنساوە، لە هەرێمی کوردستان، لە عێراق، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فەڕەنسا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا بکات، کۆمەڵ چ سوودێک وەردەگرێت بۆ نموونە بەیاننامەیەک بدا بە کونسوڵی فەڕەنسا، ئەوە هەروەها بۆ یەکگرتوو، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەژارییەکی مەعریفی تەواو هەیە کە وای لێکردوون، مەعقولە کە تۆ بزووتنەوەیەکی سیاسیت هەبێ بەلای کەمەوە لە ساڵی ١٩٥٢ لە کوردستاندا بوونی هەبێت، لە (١٩٥٢ تا ٢٠٢٢) چەند ساڵ دەکات؟ نزیکەی (٧٠) ساڵ ئەکات، کە حەفتا ساڵە تۆ بوونت هەیە کەچی تا ئێستا توانای ئەوەت نەبێت ڕێژەی (١٧٪) ی دەنگەکان تێپەڕێنێت، دەمەوێت بڵێم ئەم پرسیارە هەر ئەوەندەی کە نابێتە ئیشکالیەتی موراجەعات لای بزووتنەوە ئیسلامییەکان خۆی بۆ خۆی گرفتە.

**خاڵ: بەڕێزت ئایندەی ڕەوتەی ئیسلامییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینیت؟**

د.عادل باخەوان: لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی پێموایە هەموو شانسێکیان هەیە بەوەی کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بمێننەوە، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چەندین هێزی تر دروست بوون، بەتایبەتی (نەوەی نوێ)، من داتایەک بخەمە ڕوو، عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە گەنجەکانی کەون، ڕێژەی ئەوانەی تەمەنیان لە خوار (٣٠) ساڵەوەیە لە (٦٨٪)ی کۆمەڵگەیە، کە دەگاتە (٢٧) ملیۆن مرۆڤ لە کۆی (٤٠) ملیۆن، ئەوانەی کە تەمەنیان لەسەروو (٣٠) ساڵەوەیە بێگومان، یا لە سەرووی (٥٠) ساڵەوەیە یا لە سەرووی (٦٠) ساڵ ڕۆژانە دەمرن، بەتایبەتی ڕێژەی منالبوون لە باشووری عێراق (٧,٢)ە، ئەمە زۆر زۆرە، شتی وا کەمە، ئەمانە وا دەکەن کە عێراق گەنجترینی کۆمەڵگە بێت بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەناو ئەم چینی گەنجانەدا دەیان ئەفکار هەیە، ئەوە نەماوە بۆ نموونە وەکو دوو هەزارەکان کۆمەڵگەی ئێمە، یان دوو هەزار و دەکانیشدا، تەنها چەند ئۆپشنێکی لەبەردەستدا بێت، ئێستا ژمارەی ئۆپشنەکان لەبەردەم گەنجدا، ڕێژەی بژاردەکان لەبەردەم گەنجی کوردیدا زۆر زۆر بووە، دەڵێن ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی شانسی مانەوەیان زۆر زۆرە، ناڵیم شانسی فراوانبوونیان، ناڵیم شانسی بەهێزبوونیان، چونکە لەبەرامبەر ئەواندا کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتی تر دروست بووە کە دەیەوێت جۆرێکی کە بژی، کە دەیەوێت بە جۆرێکی تر دنیا بکات، کە دەیەوێت بە جۆرێکی تر بێت، دنیابینییەکی تری هەیە. بەڵام لەڕووی سیاسییەوە، هەست بەوە دەکەم هەلومەرجی بابەتی ئیسلامییەکان لەبار نییە کە نەپووکێنەوە. پێموایە لە دە ساڵی داهاتوودا ئەو ڕێژەی (١٧٪)یە کە چەندین جار بەدەستیان هێناوەتەوە بەشێوەیەکی دراماتیکی دابەزێ.

**خاڵ: زۆر جار ئیسلامییەکان بە تیرۆر، زەبر و زەنگ تۆمەتبار دەکرێن، پێتوایە ئەمە چ کاریگەرییەکی کردووەتە سەر پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا؟**

د. عادل باخەوان: پێموایە پێناسەکردنی ئیسلامییەکانی کوردستان بە تیرۆر هەڵەیە، هەر لەبەرئەوەی سێ بزووتنەوەی سیاسی هەیە کە خۆیان بە مونتەمی بۆ ئیسلام دەزانن، بنەماکانی یارییەکەیان قبوڵ کردووە، بنەماکانی یارییەکە بریتییە لە چی؟ بریتییە لەوەی تۆ دەتەوێت هەڵبژاردن بکەین، ئێمەش دەمانەویت هەڵبژاردن بکەین، تۆ دەتەوێت بەشداری حکومەت بکەیت؟ ئێمەش دەمانەوێت بەشداری حکومەت بکەین، ئەمە دوو، سێیەم تۆ دەتەوێت دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنیت، ئێمەش وەکو تۆ لە بەرنامە و پرۆگرامی خۆماندا خستوومانەتە ناو بەرنامە و پرۆگرامەوە و تا ئێستا پارتی یان یەکێتی بە فەرمی

نەیانخستووەتە ناو پرۆگرامیان کە خەبات دەکەن لەپێناو بیناکردنی دەوڵەتێکی کوردیدا، تەماشا دەکەی یەکگرتوو و کۆمەڵ بە فەرمی خستوویانەتە ناو پرۆگرامی خۆیانەوە، ئەمەش وەک پرسێکی سۆزداری دیسانەوە ئیسلامییەکان کردوویانە، چونکە ئەگەر تۆ وشیار بی بە پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتیدا، هەرگیز ئەمە ناکەیت.

**خاڵ: پێتوانییە ئەمە وەکو پەندە کورد دەڵێت لە کانی دواکەوتووە لە ڕێگا پەلە پەل دەکات، ئیسلامییەکان لە خەباتی چەکداری قۆناغی شاخ دواکەوتن و ئێستا پەلەیانە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی؟**

د. عادل باخەوان: بێگومان، بەڵام ئەمە ئەگەر کۆمەڵ و یەکگرتوو پێیانوابێت لە هەولێر و سلێمانی دانیشتوون و چاودێری ناکرێن و ناخوێنرێنەوە وەکو هێزی کۆمەڵایەتیی سیاسی و بە ئارەزووی خۆم هەڵدەستم بڕیار دەدەم دەوڵەتی کوردی دەخەمە بەرنامەوە، لای دەبەم، چەک هەڵدەگرم، چەک دادەنێم، ئەمە هەڵەی زۆر زۆر گەورەیە، لە پاریسەوە بۆ واشنتن، لە ئەنقەرەوە هەتا دەگاتە قاهیرە و تاران، دەیان و سەدان ناوەندی توێژینەوەی ئەکادیمی ورد هەیە کە مەعریفە بەرهەم دەهێنن لەگەڵ هەرشتێکیدا، بۆیە خستنە ناو پرۆگرامی دەوڵەتی کوردی و پرۆگرامییەوە ئەمەش هەڵوێستێکی سۆزدارییە، دەمەوێت بڵێم تۆمەتبارکردنی ئەم حیزبانە یەکگرتوو، کۆمەڵ و بزووتنەوە بە تیرۆریزم، لەسەر ئاستی کەلتووری هەڵەیە، لەسەر ئاستی سیاسیی هەڵەیە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە بزووتنەوە، یەکگرتوو و کۆمەڵ، بنکەی کۆمەڵایەتی خۆیان وا ڕاهێناوە کە ڕێز لە بنەماکانی یارییەکە بگرن، کە بەشداری سیاسی بکەن، کە بەشداری کەلتووری بکەن، کە بەشداری کۆمەڵایەتی بکەن، کە خۆیان بە مناڵی ئەم کۆمەڵگەیە بزانن، ئامادە بن بەشداری حکومەتێک بکەن هەموو شتێکی ئیسلامی نەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی ئیسلامی نییە و تەبەنیشی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ ئەمانە بتەوێت بە زۆر فڕێیان بدەیتە چوارچێوەیەکەوە و وەکو داعش و ئەلقاعیدە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، پێموایە ئەمە هەڕەشەیەکە لەسەر ئەمنی قەومی هەرێمی کوردستان، کە هەرکەسێ بیکات هەڵە دەکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر من دەسەڵاتدار بم لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان گوێ بۆ من بگرن، دەبێت هەموو هەلومەرجێک ئامادە بکەن بۆئەوەی باشتر ئیسلامییەکانی کوردستان، هەر سێ بزووتنەوەکە، بەشداربن لە پرۆسێسی سیاسی، هەر لە هەڵبژاردنەوە هەتا ئیدارەکردنی دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستان.

**خاڵ: دوایەمین پرسیار، بە بڕوای بەڕێزت ئیسلامییەکان چۆن دەتوانن ببنە هێزێکی کاریگەری ئەرێنی لە داهاتووی هەرێمی کوردستاندا؟**

د. عادل باخەوان: بە بەخۆداچوونەوە، بەخۆداچوونەوەی خۆیان، ئەوەی کە ئیسلامییەکان نایکەن، پێداچوونەوە و بەخۆداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەوەی کە کاری نەکردووە، ئەوەی کە ئامانجەکانی نەپێکاوە، ئەوەی کە وایکردووە ئیسلامییەکان ببن بە پەراوێز و پاشکۆ، ئەم خوێندنەوە و بەخۆداچوونەوە ڕەخنەگرانەیە لە یەک ئاستدا نەبێت، بۆ نموونە تەنها لە ئاستی سیاسییدا بێت، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی بێت، بۆچی ئێمە لە فراوانبوونەوە ئێستا کەوتووینەتە بەر بژاردەی گریمانەی مانەوە، لەسەر ئاستی کەلتووری، لەسەر ئاستی ئابووری، لەسەر ئاستی جیۆپۆلێتیک، لە هەموو بوارەکاندا، تەماشا بکە، بۆچی دەڵێم لەسەر ئاستی جیۆپۆلێتیک، کاتێک دەڵێم جیۆپۆلێتیک مەبەستم ئەوەیە چی ڕێگرە لە کۆمەڵ، یەککگرتوو و بزووتنەوە کە کۆمیسیۆنێکی باڵا دروست بکەن بۆئەوەی بەراوردی خۆیان بکەن بە ئەزموونی (نهضە) لە تونس، (داد و گەشەپێدان) لە تورکیا، (داد و گەشەپێدان) لە مەغریب، چی وا لەوە دەکات کە بێن لیژنەیەک بنێرن بۆ نموونە بۆ بەریتانیا، لیژنەیەک بنێرن بۆ ئەڵمانیا، چونکە ئەوەش هەر مسوڵمانە، ئەویش هەر ئیسلامییە، بۆ ئیسلامییەکان لە فەرەنسا پێیانوایە دەبێت ململانێ بکەن لەپێناوی پاریزگاریکردن لە عەلمانیەتدا، چونکە عەلمانیەت تاکە گەرەنتیەکە کە دەیانپارێزیت لە بەرامبەر هەموو ڕادیکاڵیزمێکدا، بەڵام بۆ ئیسلامییەک لە کوردستاندا پێیوایە عەلمانیەت بریتییە لە لوتکەی شەڕ، کە هەرچیمان کردووە دەبێت بە هەموو شێوەیەک ململانێی بکەین، ناڵێم ئەمە باشە یان خراپ، دەڵێم کۆمیسیۆنێک بنێرە با تێبگات، با بکرێتەوە بەسەر دنیادا بزانێ ئەو سیستەمی (ئەردی موشینە)ی ئەوێ چییە کە وا دەکات، دەمەوێت بڵێم ئەوەی کە ئێستا ئیسلامییەکان پێویستییانە ئەوەیە کە بە وردی موراجەعاتی گوتاری خۆیان بکەن، لە هەموو بوارەکاندا، ئەو موراجەعاتانە دەرەنجامەکانی تەبەنی بکەن لای خۆیان و ئەمە ڕێگەیان پێدەدات کە باشتر بتوانن لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا خزمەتی خۆیان بکەن و بوونی خۆیان لەناو مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری کوردستاندا دەستنیشان بکەن.



توێژەر: ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی

# پێگەی پارتە ئیسلامییەکان

## لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### پێشەکی

ئیسلامییەکان لە کوردستاندا لە گرووپ و ڕێکخراو و پارتی سیاسی جۆربەجۆردا ئامادەییان هەیە لە کایە جیاجیاکاندا و لە پانتاییەکی فراواندا کار و چالاکی هەمەچەشنیان هەیە. هەروەها لەڕووی سیاسییەوە سێ پارتە ئیسلامییەکەی کوردستان (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان) بەشێکن لە پێکهاتەی سیاسی کوردستان و بەردەوام بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە و کورسییان بەدەستهێناوە، ئەگەرچی بەردەوام دەنگ و ڕێژە و کورسییەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە کار و چالاکی پارتە ئیسلامییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتیی و میدیایی و ئایینی و ڕۆشنبیریی و ...هتد دا پانتاییەکی فراوانی لەخۆگرتووە و کاریگەری دیاریان هەیە بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە، بەڵام لەڕووە سیاسییەکەوە بچووکتر لەو قەبارەیە دەردەکەون و پێگەی سیاسییان بە بەراورد بە بوارەکانی تر کەمترە. لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو سێ پارتە ئیسلامییە کراوە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا و دەنگ و ڕێژە و کورسیەکانیان خراوەتە ڕوو و شیکاریی و بەراوردکاریان بۆ کراوە.

### گرفتی توێژینەوەکە

گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناڕوونی لە پێگەی  پارتە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەک و لەسەر ئاستی هەرێم بەگشتی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بە ئاڕاستەی خستنەڕوو و شیکارکردنی داتاکانی هەڵبژاردنەکان، بۆ دەرخستنی پێگە و دەنگ و ڕێژە و کورسی ئەو پارتانە و خستنەڕووی قەبارەی ڕاستەقینەیان.

### پرسیاری توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە دەبێت:

ئایا ژمارەی دەنگ و ڕێژە و کورسی پارتە ئیسلامییەکان (یەکگرتوو، کۆمەڵ و بزوتنەوە) لە هەڵبژاردنەکاندا بە تەنها و پێکەوە چەندە (لە سەر ئاستی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، هەر  پارێزگایەک، هەرێمی کوردستان)؟

### ١-٤ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١) خستنەڕووی پێگە و دەنگ و ڕێژە و کورسی ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی بدرێتە کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢) پێشکەشکردنی کۆمەڵە ڕاسپاردە و پێشنیازێک بۆ ئەو سێ لایەنە ئیسلامییە بۆ سودلێوەرگرتنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

### ١-٥ گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە پەیوەستە بە گرنگی بابەتەکەوە کە هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنیش لە پرۆسەی دیموکراسیدا سەرچاوەی متمانەیە و پارتەکان لەو ڕێگەیەوە شەرعیەت وەردەگرن تا کاروباری حکومەت و وڵات بگرنەدەست. بەو پێیەی یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە سێ لایەنی گرنگی کایەی سیاسین، ئەم جۆرە توێژینەوانە جێی بایەخ و گرنگییە بۆیان.

### ١-٦ سنوری توێژینەوەکە

داتاکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە کە بە فەرمی ڕاگەیەندراوە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٢١) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

### ١- ٧ ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕێبازی شیکاریی بەراوردکارییە بۆ داتاکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە لە هەڵبژاردنەکانی نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٢١) لە هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بە داتا فەرمییە پەسەندکراوەکان، تا زانیاری دروست و پێویست وەربگرێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی..

## بەشی دووەم: داتاکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا

لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا چوار جۆر هەڵبژاردن بە سیستمی جیاواز بەڕێوەچوون (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم). لەخوارەوە داتا فەرمییەکانی تایبەت بە پارتە ئیسلامییەکان خراونەتەڕوو.

### هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بۆ پەرلەمانی کوردستان پێنج هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، لە ساڵانی (١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩، ٢٠١٣، ٢٠١٨)، لە خوارەوە وردەکارییەکانی خراونەتەڕوو:

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ئیسلامییەکان پێکەوە بە لیستێک بەشدارییان کرد و توانیان (٤٩,١٠٨) دەنگ لەکۆی (٩٦٧,٢٢٩) دەنگ بەڕێژەی ٥,٠٨٪ بەدەستبهێنن، ئەگەرچی وەک دەنگ (٥) کورسییان بەدەستهێنا، بەڵام بەهۆی بوونی بەربەستی هەڵبژاردن کە ٧٪ بوو بۆ چوونە پەرلەمان، نەیانتوانی بەشداری یەکەمین پەرلەمانی کوردستان بکەن.

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ سەرجەم لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان جگە لە کۆمەڵ (لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان)یان پێکهێنا و لەکۆی (١١١) کورسی (١٠٤) کورسیان بەدەستهێنا، یەکگرتوو (١٠) کورسی و بزوتنەوەش (٢) کورسی بەرکەوت. کۆمەڵ بەتەنها (٨٥,٢٣٧) دەنگی بەڕێژەی ٤,٨٦٪ و (٦) کورسی بردەوە.

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ یەکگرتوو و کۆمەڵ لەگەڵ سۆشیالیست و زەحمەتکێشان پێکەوە (لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازی) پێکهێنا لە کۆی (١,٨٠٤,٤١١) دەنگی لیستە براوەکان (٢٤٠,٨٤٢) دەنگیان بەڕێژەی ١٣,٣٥٪ و (١٣) کورسی بەدەستهێنا (یەکگرتوو (٦)، کۆمەڵ (٤)، سۆشیالیست (٢)، زەحمەتکێشان (١)). بزوتنەوە بەلیستی سەربەخۆ بەشداری کرد (٢٧,١٤٧) دەنگی بەڕێژەی ١,٥١٪ و (٢) کورسی بەدەستهێنا.

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ هەرسێ لایەنەکە بە لیستی سەربەخۆی بەشدار بوون، لەکۆی (١,٩٣١,٩٣٤) دەنگی لیستە براوەکان، یەکگرتوو (١٨٦,٧٤١) دەنگی بەڕێژەی ٩,٦٧٪ و (١٠) کورسی بەدەستهێنا. کۆمەڵ (١١٨,٥٧٤) دەنگی بەڕێژەی ٦,١٤٪ و (٦) کورسی بەدەستهێنا. بزوتنەوە (٢١,٨٣٤) دەنگی بەڕێژەی ١,١٣٪ و (١) کورسی بەدەستهێنا.

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ یەکگرتوو و بزووتنەوە هاوپەیمانی (بەرەو ئیصلاح) یان پێکهێنا، لەکۆی (١,٥٣٤,٩٠٣) دەنگی لیستە براوەکان (٧٩,٩١٢) دەنگیان بەڕێژەی ٥,٢١٪ و (٥) کورسی بەدەستهێنا. کۆمەڵ (١٠٩,٤٩٤) دەنگی بەڕێژەی ٧,١٣٪ و (٧) کورسی بەدەستهێنا.

## هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا شەش هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوە چووە، دوو هەڵبژاردن لە ساڵی (٢٠٠٥) پاشان ساڵانی (٢٠١٠، ٢٠١٤، ٢٠١٨، ٢٠٢١) لە خوارەوە وردەکارییەکانی خراونەتەڕوو:

- ساڵی ٢٠٠٥ دوو هەڵبژاردن ئەنجامدرا، یەکەمیان لە ٢٠٠٥/١/٣٠ کە ناونرا ئەنجومەنی دامەزراندن، عێراق هەمووی یەک بازنە بوو، هەموو لایەنە کوردستانییەکان جگە لە کۆمەڵ لیستی (هاوپەیمانی کوردستانی)یان پێکهێنا (٢,١٧٥,٥٥١) دەنگیان بەڕێژەی ٩٧,٣٪ی دەنگی کوردیان بەدەستهێنا و کۆمەڵ بە تەنها بەشدار بوو (٦٠,٥٩٢) دەنگی بەڕیژەی ٢,٧٪ی دەنگی کورد بەدەستهێنا.

- لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ دووەم هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدرا، هەموو لایەنە کوردستانییەکان جگە لە یەکگرتوو بە لیستی (هاوپەیمانی کوردستانی) بەشدارییان کرد (٢,٦٤٢,١٧٢) دەنگیان بەڕێژەی ٩٤,٣٧٪ی دەنگی کورد بەدەستهێنا و (٥٣) کورسیان برد. یەکگرتوو بە تەنها (١٥٧,٦٨٨) دەنگی بەڕیژەی ٥,٦٣٪ی دەنگی کورد و (٥) کورسی بەدەستهێنا.

- ئەم هەڵبژاردنە فرە بازنەیی بوو، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی (١,٨٤٧,٤٣٤) دەنگی بەڕێژەی ٩٢,٧١٪ برد و یەکگرتوو (١٤٥,٣٢٣) دەنگ بەڕێژەی ٧,٢٩٪ و (٤) کورسی برد، بەم شێوەیە:

**خشتەی (٢-١) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

| لایەنەکان | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هاوپەیمانی | ٧٧٢,٩٩٨ | %٩٦,٣١ | ٦٩٦,٩٩٩ | %٨٩,٠١ | ٣٧٧,٤٣٧ | %٩٢,٧٢ |
| یەکگرتوو | ٢٩,٦٢٠ | %٣,٦٩ | ٨٦,٠٧١ | %١٠,٩٩ | ٢٩,٦٣٢ | %٧,٢٨ |
| کۆی گشتی | ٨٠٢,٦١٨ | %١٠٠ | ٧٨٣,٠٧٠ | %١٠٠ | ٤٠٧,٠٦٩ | %١٠٠ |

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ هەرێمی کوردستان (٤١) کورسی بۆ تەرخان کرا، لیستە براوەکان (١,٩٣٨,٧٥٤) دەنگیان بەدەستهێنا. یەکگرتوو (٢١٤,٢٢٢) دەنگ بەڕێژەی ١١,٠٥٪ و (٤) کورسی. کۆمەڵ (١٤٤,٩٩٦) دەنگ بەڕێژەی ٧,٤٧٪ و (٢) کورسی. بزوتنەوە (٨,٤٢٤) دەنگ بەڕێژەی ٠,٤٣٪. بەم شێوەیە:

-

### خشتەی (٢-٢) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٠

| لایەن | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکگرتوو | ٥١,٠٦٥ | ٪٧,٥ | ١٠٣,١٨٨ | ٪١٢,٤ | ٥٩,٩٦٩ | ٪١٤,١ | ٤ |
| کۆمەڵ | ٦٢,٧٠٦ | ٪٩,٢ | ٧٩,١٤٩ | ٪٩,٥ | ٣,١٤١ | ٪٠,٧ | ٢ |
| بزوتنەوە | ١,١٢٦ | ٪٠,١٧ | ٦,٣٥٥ | ٪٠,٧٦ | | | ٠ |
| **کۆی گشتی** | **١١٤,٨٩٧** | **٪١٦,٨٧** | **١٨٨,٦٩٢** | **٪٢٢,٦٦** | **٦٣,١١٠** | **٪١٤,٨٠** | **٦** |

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ لە کۆی (٢,١٢٨,١٦٧) دەنگ، یەکگرتوو (١٨٦,٤١٩) دەنگی بەڕێژەی ٨,٧٦٪ و (٤) کورسی بەدەستهێنا. کۆمەڵ (١٤٠,٢٣١) دەنگ بەڕێژەی ٦,٥٩٪ و (٣) کورسی بەدەستهێنا. بزوتنەوە (٨,٨٦٢) دەنگ بەڕێژەی ٠,٤٢٪ی بەدەستهێنا، بەم شێوەیە:

### خشتەی (٢-٣) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٤

| لایەن | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکگرتوو | ٢٠,٥٦٣ | ٪٢,٨ | ٨١,٣٩٢ | ٪٩,١ | ٨٤,٤٦٤ | ٪١٧,٣ | ٤ |
| کۆمەڵ | ٨٠,٤٩٢ | ٪١٠,٨ | ٥٧,١٠٢ | ٪٦,٤ | ٢,٦٣٧ | ٪٠,٥ | ٣ |
| بزوتنەوە | ٢,٥٤٤ | ٪٠,٣٤ | ٦,٣١٨ | ٪٠,٧١ | | | ٠ |
| **کۆی گشتی** | **١٠٣,٥٩٩** | **٪١٣,٩٤** | **١٤٤,٨١٢** | **٪١٦,٢١** | **٨٧,١٠١** | **٪١٧,٨٠** | **٧** |

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ لە کۆی (١,٧٦٦,٠٩٥) دەنگ، یەککگرتوو (٩٨,٢٩٧) دەنگی بەڕێژەی ٥,٥٧٪ و (٢) کورسی بەدەستهێنا. کۆمەڵ (٩٢,١٧٥) دەنگ بەڕێژەی ٥,٢٢٪ و (٢) کورسی بەدەستهێنا. بەم شێوەیە:

-

### خشتەی (٢-٤) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٨

| لایەن | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکگرتوو | ٢٤,٥٦٣ | ٪٣,٨١ | ٣٠,٠١٩ | ٪٤,٤٩ | ٤٣,٥٢٥ | ٪٨,٩٠ | ٢ |
| کۆمەڵ | ٣٦,٧٨٤ | ٪٥,٧٣ | ٥١,٥٦٣ | ٪٧,٧٢ | ٣,٦٢٨ | ٪٠,٧٤ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | **٦١,٣٤٧** | **٪٩,٥٤** | **٨١,٥٨٢** | **٪١٢,٢١** | **٤٧,١٥٣** | **٪٩,٦٤** | **٤** |

- هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ جیاواز بوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر و سیستمەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات و کوردستان کرایە (١٢) بازنە و یەکگرتوو تەنها لە (٦) بازنە و کۆمەڵ لە (٥) بازنە بەشدارییان کرد. لە کۆی (١,٢٣٠,٣٦٧) دەنگ، یەکگرتوو (١٠٧,٩٦٣) دەنگی بەڕێژەی ٨,٧٧٪ و (٤) کورسی بەدەستهێنا. کۆمەڵ (٦٤,٠٢٥) دەنگ بەڕێژەی ٥,٢٠٪ و (١) کورسی بەدەستهێنا. بەم شێوەیە:

**خشتەی (٢-٥) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١**

| لایەن | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆك | ڕێژە | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکگرتوو | ٣,٩٤٣ | ٪٠,٨٩ | ٢٢,٨٧٦ | ٪٥,٨٣ | ٨١,١٤٤ | ٪٢٠,٤٩ | ٤ |
| کۆمەڵ | ١٩,٣٨٦ | ٪٤,٣٩ | ٤٤,٦٣٩ | ٪١١,٣٧ | ٠ | ٠ | ١ |
| **کۆی گشتی** | **٢٣,٣٢٩** | **٪٥,٢٨** | **٦٧,٥١٥** | **٪١٧,٢٠** | **٨١,١٤٤** | **٪٢٠,٤٩** | **٥** |

## هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

لە هەرێمی کوردستان دوو هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەچووە لە ساڵانی (٢٠٠٥ و ٢٠١٤)، بەم شێوەیە:

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆی (١,٧١٢,١٠٢) دەنگ و (١٢٣) کورسی، یەکگرتوو (١٣٣,٢٠٦) دەنگی بەڕێژەی ٧,٥٣٪ و (١٠) کورسی بەدەستهێنا. کۆمەڵ (٧١,٨٦٩) دەنگ بەڕێژەی ٤,٠٧٪ و (٤) کورسی بەدەستهێنا. بەم شێوەیە:

-

**خشتەی (٢-٦) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵی ٢٠٠٥**

| لایەن | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆك | ڕێژە | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکگرتوو | ٢٢,٥٢٣ | ٪٣,٤٨ | ٧٥,٠٠٨ | ٪١٠,١٨ | ٣٥,٦٧٥ | ٪٩,٣١ | ١٠ |
| کۆمەڵ | ١٨,٧٨١ | ٪٢,٩٠ | ٥٣,٠٨٨ | ٪٧,٢١ | ٠ | ٠ | ٤ |
| **کۆی گشتی** | **٤١,٣٠٤** | **٪٦,٣٨** | **١٢٨,٠٩٦** | **٪١٧,٣٩** | **٣٥,٦٧٥** | **٪٩,٣١** | **١٤** |

- لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ لە کۆی (٢,١٦١,٠٣٨) دەنگ و (٩٠) کورسی، یەککگرتوو (١٥٥,٩٧٢) دەنگی بەڕێژەی ٧,٢٢٪ و (٦) کورسی بەدەستهێنا. کۆمەڵ (١١٧,٠١٥) دەنگ بەڕێژەی ٥,٤١٪ و (٤) کورسی بەدەستهێنا، بزووتنەوە (١٠,٠٥٦) دەنگ بەڕێژەی ٠,٤٧٪. بەم شێوەیە:

**خشتەی (٢-٧) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵی ٢٠١٤**

| لایەن | هەولێر | رێژە | سلێمانی | رێژە | دهۆك | رێژە | كورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەكگرتوو | ٢٧,٧١٣ | ٪٣,٦٧ | ٦٦,٠٩٧ | ٪٧,٢٩ | ٦٢,١٦٢ | ٪١٢,٤٣ | ٦ |
| كۆمەڵ | ٥٧,٩٠٧ | ٪٧,٦٨ | ٥٥,٤٥٧ | ٪٦,١٢ | ٣,٦٥١ | ٪٠,٧٣ | ٤ |
| بزوتنەوە | ٢,٦٧٨ | ٪٠,٣٦ | ٧,٣٧٨ | ٪٠,٨١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| **كۆی گشتی** | **٨٨,٢٩٨** | **٪١١,٧١** | **١٢٨,٩٣٢** | **٪١٤,٢٢** | **٦٥,٨١٣** | **٪١٣,١٦** | **١٠** |

## بەشی سێیەم: شیکاری داتاكانی هەڵبژاردنەكان

بە پشتبەستن بەو داتایانی كە لە بەشی دووەمدا نمایشكران پێگەی (یەكگرتوو، كۆمەڵ، بزووتنەوە) لە خوارەوە هەڵبژاردنەكاندا خراوەتەڕوو:

### هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان

هەڵبژاردنەكانی (١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩) لەبەر ئەوەی ئەو سێ لایەنە بەسەربەخۆ بەشدار نەبوون و لە یەک لیست یان هاوپەیمانییەتی دیكەدا بوون، ناتوانرێت دەنگی پارتەكان بەجیا دەستنیشان بكرێت. بەڵام هەڵبژاردنەكانی (٢٠١٣، ٢٠١٨) جیادەكرێتەوە بەم شێوەیە:

**خشتەی (٣-١) دەنگی پارتە ئیسلامییەكان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان**

| ساڵ | ناوەڕۆك | یەكگرتوو | كۆمەڵ | بزوتنەوە | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٣ | دەنگ | ١٨٦,٧٤١ | ١١٨,٥٧٤ | ٢١,٨٣٤ | **٣٢٧,١٤٩** |
| | رێژە | ٪٩,٦٧ | ٪٦,١٤ | ٪١,١٣ | **٪١٦,٩٣** |
| | كورسی | ١٠ | ٦ | ١ | **١٧** |
| ٢٠١٨ | دەنگ | ٧٤,٤٣١ | ١٠٩,٤٩٤ | ٥,٤٨١ | **١٨٩,٤٠٦** |
| | رێژە | ٪٤,٨٥ | ٪٧,١٣ | ٪٠,٣٦ | **٪١٢,٣٤** |
| | كورسی | ٥ | ٧ | ٠ | **١٢** |
| تێكڕا | دەنگ | ١٣٠,٥٨٦ | ١١٤,٠٣٤ | ١٣,٦٥٨ | **٢٥٨,٢٧٨** |
| | رێژە | ٪٧,٢٦ | ٪٦,٦٤ | ٪٠,٧٤ | **٪١٤,٦٤** |

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (٢٠١٣) هەرسێ لایەنەکە پێکەوە (٣٢٧,١٤٩) دەنگیان بەڕێژەی ١٦,٩٣٪ بەدەستهێناوە و (١٧) کورسیان بردووە. ئەگەر ڕێژەی سەدی بۆ دەنگی هەر یەک لەو سێ لایەنە ئیسلامییە وەرگرین لەم هەڵبژاردنەدا، ئەوا یەکگرتوو ٥٧,٠٨٪ و کۆمەڵ ٣٦,٢٤٪ و بزوتنەوەش ٦,٦٧٪ دەنگی ئیسلامییەکانن. بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (٢٠١٨) هەرسێ لایەنەکە پێکەوە (١٨٩,٤٠٦) دەنگیان بەڕێژەی ١٢,٣٤٪ بەدەستهێناوە و (١٢) کورسیان بردووە. واتە (١٣٧,٧٤٣) دەنگ کەمیان کردووە بەڕێژەی ٤,٥٩٪ و (٥) کورسیان لەدەستداوە. یەکگرتوو و بزوتنەوە دەنگ و ڕێژە و کورسییان کەمیکردووە. کۆمەڵ دەنگی کەمیکردووە، بەڵام ڕێژە و کورسی زیادی کردووە. ئەگەر ڕێژەی سەدی بۆ دەنگی هەر یەک لەو سێ لایەنە ئیسلامییە وەرگرین لەم هەڵبژاردنەدا، ئەوا یەکگرتوو ٣٩,٣٠٪ و کۆمەڵ ٥٧,٨١٪ و بزوتنەوەش ٢,٨٩٪ دەنگی ئیسلامییەکانن.

بەتێکڕای ئەو دوو هەڵبژاردنە هەر سێ لایەنەکە توانیویانە (٢٥٨,٢٧٨) دەنگ بەڕێژەی ١٤,٦٤٪ بەدەستبهێنن، کە یەکگرتوو ٥٠,٥٦٪ و کۆمەڵ ٤٤,١٥٪ و بزووتنەوەش ٥,٢٩٪ دەنگی ئیسلامییەکانن.

## هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

جگە لە دوو هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) کە ناتوانرێت دەنگی ئەو سێ لایەنە دیاری بکرێت لەبەر بوونی هاوپەیمانی، سەرجەم هەڵبژاردنەکانی تر بەم شێوەیە بووە:

خشتەی (٣-٢) دەنگی پارتە ئیسلامییەکان
لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ساڵ | | یەکگرتوو | کۆمەڵ | بزوتنەوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | دەنگ | ٢١٤,٢٢٢ | ١٤٤,٩٩٦ | ٨,٤٢٤ | ٣٦٧,٦٤٢ |
| | ڕێژە | ٪١١,٠٥ | ٪٧,٤٨ | ٪٠,٤٣ | ١٨,٩٦ |
| | کورسی | ٤ | ٢ | ٠ | ٦ |
| ٢٠١٤ | دەنگ | ١٨٦,٤١٩ | ١٤٠,٢٣١ | ٨,٨٦٢ | ٣٣٥,٥١٢ |
| | ڕێژە | ٪٨,٧٦ | ٪٦,٥٩ | ٪٠,٤٢ | ٪١٥,٧٧ |
| | کورسی | ٤ | ٣ | ٠ | ٧ |
| ٢٠١٨ | دەنگ | ٩٨,٢٩٧ | ٩٢,١٧٥ | | ١٩٠,٤٧٢ |
| | ڕێژە | ٪٥,٥٧ | ٪٥,٢٢ | | ٪١٠,٧٩ |
| | کورسی | ٢ | ٢ | | ٤ |
| ٢٠٢١ | دەنگ | ١٠٧,٩٦٣ | ٦٤,٠٢٥ | | ١٧١,٩٨٨ |
| | ڕێژە | ٪٨,٧٧ | ٪٥,٢٠ | | ٪١٣,٩٨ |
| | کورسی | ٤ | ١ | | ٥ |
| تێکڕا | دەنگ | ١٥١,٧٢٥ | ١١٠,٣٥٧ | ٨,٦٤٣ | ٢٦٦,٤٠٤ |
| | ڕێژە | ٨,٥٤ | ٦,١٢ | ٪٠,٤٣ | ٪١٤,٨٧ |

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی (٢٠١٠) هەرسێ لایەنەکە پێکەوە (٣٦٧,٦٤٢) دەنگیان بەڕێژەی ١٨,٩٦٪ بەدەستهێناوە و (٦) کورسیان بردووە، کە ئەوە بەرزترین ئاست و ڕێژەیە بۆ ئەو سێ لایەنە ئیسلامییە لە سەرجەم هەڵبژاردنەکاندا پێی گەیشتبن. ئەگەر ڕێژەیان بۆ وەرگرین ئەوا یەکگرتوو ٥٨,٢٧٪ و کۆمەڵ ٣٩,٤٤٪ و بزووتنەوەش ٢,٢٩٪ دەنگی ئیسلامییەکان پێکدێنن.

لە هەڵبژاردنەکانی پاشتر دەنگ و ڕێژەکانیان بەگشتی کەمی کردووە، ئەگەرچی کۆمەڵ لە ساڵی ٢٠١٤ کورسییەکی زیاد کردووە.

پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو کە کۆتا هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشتری ساڵی ٢٠١٨ دەنگی یەکگرتوو و ڕێژەکەی و کورسییەکانی هەڵکشاون ئەگەرچی تەنها لە (٦) بازنە لە کۆی (١٢) بازنە کاندیدی هەبوو، دەنگی کۆمەڵیش کەمیکردووە بەڵام تەنها لە (٥) بازنە لە کۆی (١٢) بازنە کاندیدی هەبوو. بەپێی توێژینەوەیەکی پێشتری توێژەر کە بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ ئەنجامی داوە و لە دوو توێی (١٥٠) لاپەڕەدا چاپ کراوە، بە پشتبەستن بە هەڵبژاردنی پێشتر و بەراوردی بە داتاکانی ئێستا بەشێوەیەکی زانستی ئەوەی خستۆتەڕوو، کە ئەگەر یەکگرتوو و کۆمەڵ لەسەرجەم بازنەکان کاندیدان هەبووایە و هەماهەنگییان هەبووایە، ئەوا دەنگ و ڕێژە و کورسییەکانیان زیاتر دەبوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ توانای هەستانەوەی ئەو دوو لایەنە و هەڵکشانی دەنگ و ڕێژە و کورسییەکانیان.

ئەگەر تێکڕایی بۆ ئەو چوار هەڵبژاردنەی سەرەوە وەرگرین لەگەڵ تێبینی ئەوەی بزووتنەوە لە دوو هەڵبژاردنیان بەشدار بووە و هەمان تێکڕای بۆ هەژمار بکرێت، ئەوا بەگشتی (٢٦٦,٤٠٤) دەنگیان بەدەستهێناوە بەڕێژەی ١٤,٨٧٪. لەو ڕێژەیەش یەکگرتوو ٥٦,٩٥٪ و کۆمەڵ ٤١,٤٢٪ و بزوتنەوەش ٣,٢٤٪ دەنگی ئیسلامییەکان پێکدێنن.

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر ئاستی پارێزگاکان ئەنجامدراون، دەتوانرێت داتای پارێزگاکانیش بخرێتەڕوو:

**خشتەی (٣-٣) پارتە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران**

| ساڵ | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ١١٤,٨٩٧ | ١٦,٨٧٪ | ١٨٨,٦٩٢ | ٢٢,٦٦٪ | ٦٣,١١٠ | ١٤,٨٠٪ |
| ٢٠١٤ | ١٠٣,٥٩٩ | ١٣,٩٤٪ | ١٤٤,٨١٢ | ١٦,٢١٪ | ٨٧,١٠١ | ١٧,٨٠٪ |
| ٢٠١٨ | ٦١,٣٤٧ | ٦,٥٤٪ | ٨١,٥٨٢ | ١٢,٢١٪ | ٤٧,١٥٣ | ٩,٦٤٪ |
| ٢٠٢١ | ٢٣,٣٢٩ | ٥,٢٨٪ | ٦٧,٥١٥ | ١٧,٢٠٪ | ٨١,١٤٤ | ٢٠,٤٩٪ |
| **تێکڕا** | **٧٥,٧٩٣** | **١١,٤١٪** | **١٢٠,٦٥٠** | **١٧,٠٧٪** | **٦٩,٦٢٧** | **١٥,٦٨٪** |

بەسەرنجدان لەو خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە:

- دەنگی ئیسلامییەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لەڕووی دەنگ و ڕێژەوە بە شێوەیەکی دراماتیکی بەردەوام لە داکشاندایە، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنی ٢٠٢١ لە پارێزگای سلێمانی سەرەڕای دابەزینی دەنگەکانیان، بەڵام ڕێژەکەیان هەڵکشاوە لەبەر کەمی ژمارەی دەنگدەران.
- لە پارێزگای دهۆک لە نێوان هەڵکشان و داکشاندایە.
- لە پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژە ١٦,٨٧٪ بووە و کەمترینی ٥,٢٨٪ کە دەنگی کۆمەڵ بەگشتی زیاترە لە دەنگی یەککگرتوو.
- لە پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژە ٢٢,٦٦٪ بووە و کەمترینی ١٢,٢١٪ کە دەنگی یەککگرتوو لە دوو هەڵبژاردنی سەرەتادا زیاتر بووە، بەڵام لە دوو هەڵبژاردنی پاشتردا دەنگی کۆمەڵ زیاترە لە دەنگی یەککگرتوو.
- لە پارێزگای دهۆک بەرزترین ڕێژە ٢٠,٤٩٪ بووە و کەمترینی ٩,٦٤٪ کە زیاتر دەنگی یەککگرتووە و کۆمەڵ ڕێژەی لە ١٪ کەمترە لەو پارێزگایە.

## هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

لە دوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجامی پارتە ئیسلامییەکان بەم شێوەیە بووە:

خشتەی (٣-٤) پارتە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

| ساڵ | ناوەرۆک | یەکگرتوو | کۆمەڵ | بزوتنەوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | دەنگ | ١٣٣,٢٠٦ | ٧١,٦٨٩ | | **٢٠٤,٨٩٥** |
| | ڕێژە | ٪٧,٧٨ | ٪٤,١٩ | | **٪١١,٩٧** |
| | کورسی | ١٠ | ٤ | | **١٤** |
| ٢٠١٤ | دەنگ | ١٥٥,٩٧٢ | ١١٧,٠١٥ | ١٠,٠٥٦ | **٢٨٣,٠٤٣** |
| | ڕێژە | ٪٧,٢٢ | ٪٥,٤١ | ٪٠,٤٧ | **٪١٣,١٠** |
| | کورسی | ٦ | ٤ | ٠ | **١٠** |
| تێکڕا | دەنگ | ١٤٤,٥٨٩ | ٩٤,٣٥٢ | ١٠,٠٥٦ | **٢٤٣,٩٦٩** |
| | ڕێژە | ٪٧,٥٠ | ٪٤,٨٠ | ٪٠,٤٧ | **٪١٢,٥٣** |

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥ یەککگرتوو و کۆمەڵ پێکەوە (٢٠٤,٨٩٥) دەنگیان بەڕێژەی ١١,٩٧٪ بەدەستهێناوە و (١٤) کورسیان بردووە. لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ بەگشتی دەنگ و ڕێژەکانیان هەڵکشاوە. ئەگەرچی یەککگرتوو (٤) کورسی کەمی کردووە، بەڵام کورسییەکانیش بەگشتی لە (١٢٣) کورسی بوونەتە (٩٠) کورسی. بزووتنەوەش لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ دەنگ و ڕێژەی ئیسلامییەکانی بەرز کردۆتەوە.

## بەشی چوارەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

بە پشتبەستن بە داتا و شیکارییەکانی پێشتر لەم بەشەدا گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە توێژەر پێیگەیشتووە، لەگەڵ ڕاسپاردەکانیدا خراوەتەڕوو.

### دەرەنجامەکان:

**دەرەنجامەکانی هەر سێ لایەنەکە پێکەوە**

- لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر و سلێمانی هەرسێ لایەنەکە پێکەوە زۆرترین دەنگیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٠ بەدەستهێناوە. لە هەرێم (٣٦٧,٦٤٢) دەنگە بەڕێژەی ١٨,٩٦٪، لە پارێزگای هەولێر (١١٤,٨٩٧) دەنگە بەڕێژەی ١٦,٨٧٪ و لە پارێزگای سلێمانی (١٨٨,٦٩٢) دەنگە بەڕێژەی ٢٢,٦٦٪. بەڵام لە پارێزگای دهۆک زۆرترین دەنگیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٤ بووە کە (٨٧,١٠١) دەنگ بووە، زۆرترین ڕێژەش لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١ بووە کە تەنها یەکگرتوو لە (٢) بازنە بەشدار بووە و توانیویەتی ٢٠,٤٩٪ بەدەست بهێنێت.
- کەمترین دەنگی پارتە ئیسلامییەکان لە هەرێم و پارێزگای هەولێر و سلێمانی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١ بووە ئەگەرچی لە نیوەی بازنەکان کاندیدیان نەبووە. لە هەرێم (١٧١,٩٨٨) دەنگە بەڕێژەی ١٠,٧٩٪ . لە هەولێر (٢٣,٣٢٩) دەنگە بەڕێژەی ٥,٢٨٪. لە سلێمانی کە (٦٧,٥١٥) دەنگە، بەڵام کەمترین ڕێژە ١٢,٢١٪ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨. لە پارێزگای دهۆک کەمترین لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵی ٢٠٠٥ بووە کە تەنها یەکگرتوو بەشدار بووە (٣٥,٦٧٥) دەنگە بە ڕێژەی ٩,٣١٪.
- لەسەر ئاستی هەرێم بەردەوام دەنگ و ڕێژە و کورسی یەکگرتوو زۆرتر بووە لە کۆمەڵ جگە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨.
- لە پارێزگای هەولێر بەردەوام دەنگەکانی کۆمەڵ لە هی یەکگرتوو زیاتر بووە.
- لە پارێزگای سلێمانی بەردەوام دەنگەکانی یەکگرتوو زیاتر بووە لە دەنگی کۆمەڵ، جگە لە هەڵبژاردنی ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠٢١ کە پێچەوانە بووەتەوە و کۆمەڵ پێشکەوتووە.
- لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆک بزووتنەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکردووە و کۆمەڵیش بەردەوام کەمتر لە (٤,٠٠٠) دەنگی هەبووە. باقی دەنگەکانی تر تەنها هی یەکگرتوو بووە.
- لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زۆرترین کورسی پارتە ئیسلامییەکان (٧) کورسی بووە ساڵی ٢٠١٤، کەمترینیش (٤) کورسی لە ساڵی ٢٠١٨.
- لە پەرلەمانی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا ساڵی ٢٠٠٥ توانیویانە (١٨) کورسی و لە خراپترینیش ساڵی ٢٠٠٩ تەنها (١٢) کورسیان بەدەستهێناوە.

## دەرەنجامەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

- لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگاکانیش یەکگرتوو زۆرترین دەنگ و ڕێژەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٠ بەدەستهێناوە. لە هەرێم (٢١٤,٢٢٢) دەنگە بەڕێژەی ١١,٠٥٪، لە هەولێر (٥١,٠٦٥) دەنگە بەڕێژەی ٧,٥٠٪ و لە سلێمانی (١٠٣,١٨٨) دەنگە بەڕێژەی ١٢,٤٠٪ و لە دهۆک (٨٤,٤٦٤) دەنگە، بەڵام بەرزترین ڕێژەی دهۆک ٢٠,٤٩٪ لە هەڵبژاردنی ٢٠٢١، ئەگەرچی تەنها لە (٢) بازنە لە کۆی (٣) بازنە کاندیدی هەبووە..

- کەمترین دەنگی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ بووە کە (٧٤,٤٣١) دەنگە بەڕێژەی ٤,٨٥٪.

- کەمترین دەنگی یەکگرتوو لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١ بووە، لە هەولێر (٣,٩٤٣) دەنگە بەڕێژەی ٠,٨٩٪ لە سلێمانی (٢٢,٨٧٦) دەنگە بەڕێژەی ٥,٨٣٪. لە پارێزگای دهۆک کەمترینی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵی ٢٠٠٥ بووە کە (٣٥,٦٧٥) دەنگە بە ڕێژەی ٩,٣١٪.

## دەرەنجامەکانی کۆمەڵی دادگەری کوردستان

- لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی کۆمەڵ زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٠ بەدەستهێناوە. لە هەرێم (١٤٤,٩٩٦) دەنگە بەڕێژەی ٧,٤٨٪ و لە پارێزگای سلێمانی (٧٩,١٤٩) دەنگە بەڵام بەرزترین ڕێژەی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ کە ١١,٣٧٪ لەبەر کەمی بەشداربووان.

- لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر کۆمەڵ زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٤ بەدەستهێناوە کە (٨٠,٤٩٢) دەنگە بەڕێژەی ١٠,٨٠٪.

- کەمترین دەنگی کۆمەڵ لە هەرێم و پارێزگاکانیش لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١ بووە ئەگەرچی تەنها لە (٥) بازنە لە کۆی (١٢) بازنە کاندیدی هەبووە.. لە هەرێم (٦٤,٠٢٥) دەنگە کەمترین ڕێژەشی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵی ٢٠٠٥ بووە کە ٤,١٩٪ بووە، لە هەولێر (١٨,٧٨١) دەنگە بەڕێژەی ٢,٠٩٪ و لە سلێمانی (٤٤,٦٣٩) دەنگە بەڵام کەمترین ڕێژەیلە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵی ٢٠١٤ بووە کە ٦,١٢٪.

- لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆک کۆمەڵ بەگشتی لاوازە و هەندێکجار کاندیدی نەبووە یان کەمتر لە (٤,٠٠٠) دەنگ و کەمتر لە ١٪ ی هێناوە.

-

### دەرەنجامەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان

- لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بزووتنەوە زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩ بەدەستهێناوە کە (٢٧,١٤٧) دەنگە بەڕێژەی ١,٥١٪ و (٢) کورسی بەدەستهێنا. کەمترینیشی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ بووە کە لەگەڵ یەکگرتوو پێکەوە هاوپەیمانی بەرەو ئیصلاح یان ڕاگەیاند و کاندیدەکانی بزوتنەوە (٥,٤٨١) دەنگیان بەدەستهێنا بەڕێژەی ٠,٣٦٪ و هیچ کورسییەکیان نەبرد.
- لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و سلێمانی بزوتنەوە زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵی ٢٠١٤ بەدەستهێناوە. لە هەولێر (٢,٦٧٨) دەنگە بەڕێژەی ٠,٣٦٪ و لە سلێمانی (٧,٣٧٨) دەنگە بە ڕێژەی ٠,٨١٪.
- کەمترینیشی لە پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠١٠ بووە کە (١,١٢٦) دەنگە بەڕێژەی ٠,١٧٪. لە سلێمانیش کەمترینی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٤ بووە کە (٦,٣١٨) دەنگە بەڕێژەی ٠,٧١٪.
- لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆک بزوتنەوە بەشدارییەکی ئەوتۆی نەبووە.

### ٤-٤ ڕاسپاردەکان:

پاش خستنەڕووی داتاکانی هەڵبژاردنەکان و شیکاریی و بەراوردکاریی بۆ داتاکانی (یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە) پوختەی دەرەنجامەکان نمایشکرا. لە خوارەوە زۆر بەکورتی پوختەی پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژەر خراوەتەڕوو بۆ یەکگرتوو و کۆمەڵ، بەم شێوەیە:

یەکەم: گرنگیدانی زیاتر بە توێژینەوە و کەسانی تایبەتمەند و شارەزا لە بوارەکانی ئامار و هەڵبژاردن و کۆمەڵناسی و ...هتد.

دووەم: گرنگیدان و شارەزایی زیاتر بە سیستمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان و بازنەکان و چۆنیەتی بەشداری کردن تێیدا.

سێهەم: گرنگیدان بەداتای هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، بۆ خۆڕێکخستنەوە و نوێبوونەوە لەداهاتوودا.

چوارەم: گرنگیدانی زیاتر بە هەماهەنگی و هەنگاونان بەرەو یەک لیستی و هاوپەیمانیەتی فراوان لە هەڵبژاردنەکاندا، کە خواستی زۆری لەسەر تا دەنگەکانیان بەفیڕۆ نەچێت.

پێنجەم: گرنگیدان بە هۆشیاری هەڵبژاردن هاندانی جەماوەرییان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

شەشەم: گرنگیدان بە هەڵمەتی ڕاگەیاندن و هەڵمەتی هەڵبژاردن و پاراستنی سنورەکانی برایەتی و ئادابی ئیسلامیی لە کاتی کارکردن و هەڵوێستەکان و هەڵمەتەکاندا.

حەوتەم: گرنگیدان بە کۆبوونەوەی جەماوەریی و چالاکی پێکەوەیی و کارکردن بۆ ناساندنی کەسانی بەتوانا و دروستکردنی سیمبولی گشتی و نیشتمانی و جەماوەری لە بوارە جیاجیاکاندا.

هەشتەم: لە توێژینەوەکاندا ئەوە سەلمێنراوە کە دەنگدەری ئیسلامی زیاتر ڕەگەزی نێرینەی لاپەسەندترە لە مێینە. بۆیە جگە لەو حاڵەتانەی کە یاسا پێویستی کردووە باشترە کاندیدەکان لە ڕەگەزی نێرینە بن.

**لە توێژینەوەکاندا ئەوە سەلمێنراوە کە دەنگدەری ئیسلامی زیاتر ڕەگەزی نێرینەی لاپەسەندترە لە مێینە. بۆیە جگە لەو حاڵەتانەی کە یاسا پێویستی کردووە باشترە کاندیدەکان لە ڕەگەزی نێرینە بن.**

نۆیەم: : گرنگیدانی زیاتر بە گەنجان و بەو کەسانەی کە دەبنە هەژدە ساڵ و بەردەوام زیاد دەکرێن بۆ لیستی تۆماری دەنگدەران، کە ساڵانە بە نزیکەی (٧٦,٠٠٠) کەس دەخەمڵێنرێن و پارسەنگی گرنگن بۆ دەنگی پارتەکان لە هەڵبژاردنەکاندا.

دەیەم: لە هەموو ئەمانە گرنگتر، گرنگیدانە بە دەنگە تۆراوەکانی خۆیان، چونکە لە ئێستادا کەمترین خەڵک بەشداری دەنگدان دەکات، هەروەک لە خشتەکاندا ئەو جیاوازییە زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت. لە باشترین حاڵەتدا ئیسلامییەکان توانیویانە لە ساڵی ٢٠١٠ دەنگەکانیان بگەیەننە (٣٦٧,٦٤٢) دەنگ، کە بەپێی کۆتا هەڵبژاردن نزیکەی ٣٠٪ دەنگدەرانە، جگە لەوەی لەم (١٢) ساڵەدا زیاتر لە (٩٠٠,٠٠٠) دەنگدەر زیاد بووە بۆ تۆماری دەنگدەران.



هەژار حاتەم

## ڕێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکان:

# ژیانەوە و بوونیاتنان

## (ڕابیتەی مرۆیی و بەخشین بەنموونە)

**پێشەکی:**

**دەرکەوتنی گرووپ و ڕێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکان، کە چەند دەیەیەکە لە هەرێمی کوردستان پەیدابوون و بەهۆی ئەو ڕووبەرە ئازادییەی کە بوونی هەیە، کار و چالاکییەکانیان فراوانتربوو، هەرچەندە بێ ئاستەنگ و گرفتیش نەبوون. لەگەڵ داواکاریی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەمانیش ئامادەبوون و ڕۆڵ و جێدەستیان بە ڕوونیی و بە قووڵیی دەبینرێت، تەنانەت متمانەی خەڵك پێیان بەشێوەیەکە، کە توانیویانە لە ماوەی هەفتەیەکدا سەدان ملیۆن دینار بۆ ئاوارە و هەژار و زیانلێکەوتووانی لافاو کۆبکەنەوە، هەروەك خۆیان دەڵێن: «متمانەی هاوڵاتیان بە ئێمە لەوەدایە، کە ئێمە جیاوازیی لە نێوان هیچ کەسێکدا ناکەین، ئەو پارەش، کە دێتە لامان بە وەقفێك لێی تێدەگەین، کە حەرامە بە لامانەوە بۆ خۆمان دەستکاری بکەین“.**

لەم بابەتە شیکارییەدا، لە بارەی دوو کاریگەرترین و دیارترین ڕێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکانەوە، کە (ڕابیتەی مرۆیی و دەزگای بەخشین)ن دەدوێن.
کار و چالاکییەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، کە ئێمە بتوانین لێرەدا حەقی خۆیان پێ بدەین، بەڵام هەروەک وتراویشە «مشتێک نموونەی خەروارێکە».

**ئامانجەکانی ڕێکخراوە خێرخوازییە ئیسلامییەکان:**

١- ڕاستگۆبوون لەگەڵ پرەنسیپە شەرعی و مرۆییەکانی ئایینی ئیسلام، کە داوای هاوکاریی و بەدەمەوەچوونی هەژاران و بێباوکان و خاوەن پێداویستی تایبەت و ئاوارەمان لێ دەکات.
٢- پێشکەشکردنی گەورەترین و زۆرترین پرۆژەی خێرخوازیی جۆراوجۆر، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی سیاسیی و باکگراوندی کەسی سوودمەند.
٣- ئاشتکردنەوەی چین و توێژی پزیشک و نەخۆش لەگەڵ یەکتریدا، چونکە نەخۆش پێیوابوو پزیشک هەر بەدوای پارەی زیاترەوەیە، بەڵام کاتێک دەبینێ، کە کەسێک بە بڕوانامەیەکی بۆردەوە دانیشتووە و بە تەنها (٣) هەزار دینار نەخۆش دەبینێت، بەوە گومانەکانی پێشووی دەڕەوێتەوە.
٤- یارمەتیدان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانکردن بۆ ئاوارە و هەژار و زیانلێکەوتووانی لافاو و کارەساتە سروشتییەکانی دیکە.
٥- بوون بە بەشێک لە چارەسەری گرفت و کێشەی هاوڵاتیان دوور لە موزایەدە.
ئێستاش بە گوێرەی مێژووی دامەزراندیان، کە کامیان پێشتر دامەزرا بێت، باسیان دەکەین:

**یەکەم/ ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی (ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامیی(خێرخوازیی):**

ڕابیتەی مرۆیی ڕێکخراوێکی ئیسلامیی خێرخوازیی کۆمەڵایەتییە ناحکومییە، سەرەتا بەناوی ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامیی کورد (خێرخوازیی) لە ساڵی ١٩٨٨دا لەشاری (ئەستانبوڵ)ی تورکیا لەلایەن ژمارەیەک کەسایەتی و ڕۆشنبیری کوردەوە دامەزرا، دواتر لە ئەڵمانیا توانی مۆڵەت وەربگرێت و (پ.د. عەلی قەرەداغی)ی بووە سەرۆکی ڕابیتە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و دامەزراندنی دامودەزگاکانی تر، ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوەکە لەژێر ناوی «ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامیی(خێرخوازیی)» مۆڵەتی لە هەرێم وەرگرت، پاشان لە کۆنگرەی (٢٦)ی خۆی، کە لە ٢٠١٩/٨/٢٦دا لە شاری سلێمانی سازکرا، بە کۆی دەنگ ناوی ڕێکخراوەکە بوو بە: «ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی»، پاش ئەوەی لە ئەڵمانیا تۆمارکرایەوە، لە هەرێمیش لە ٢٠٢١/١/٣١دا بەو ناوە

نوێیەوە تۆمارکرایەوە (ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی).

هەروەها نووسینگەی سەرەکی ڕابیتە لە شاری سلێمانییە و لە ناوخۆ و دەرەوەش لق و نووسینگەی هەیە، کۆی ئەو پرۆژانەی، کە تا ئێستا لە هەموو بوارەکاندا جێبەجێی کرووە، بریتی بووە لە (١٤٦٠) پرۆژەی جۆراوجۆر، دواتر لە خشتەی ژمارە(١)دا بەوردی باسی دەکەین. ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی لە (٥) بواری سەرەکی پێکدێت، یاخود دەتوانین بڵێین بوارەکانی کاری ڕێکخراوەکە ئەمانەن:

- ئاوەدانکردنەوە - تەندروستی- فریاگوزاری- دەسەبەری - ڕاگەیاندن.

**بوارەکانی کاری ڕێکخراوی خێرخوازیی ڕابیتەی مرۆیی:**

**١- دەستەبەرکردنی دارایی بۆ منداڵانی بێباوک (نازداران):**

بەگوێرەی داتاکانی ڕابیتەی مرۆیی لە ماوەی ئەو سێ دەیە لە کار و چالاکی، ڕێکخراوەکە توانیویەتی دەستەبەری دارایی بۆ (٣١٠,٠٠٠) سێ سەد و دە هەزار نازدار بکات، واتا ساڵانە (١١٠٠٠) یانزە هەزار منداڵ.

**٢- دروستکردنی مزگەوت:**

دروستکردنی مزگەوت لە شار و شارۆچکە و ئاواییە دوورە دەستەکان، لە کارە پێشینەکانی ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی بووە. کەم گوند و ناوچە هەبوو بە منارە و دیزاینە جوانەکانی ئەم پرۆژە ناوازەیە نەڕازابێتەوە، ئەوکات کەم کەس هەبوو بەهۆی ئابڵووقەی ئابووریی و شەڕی ناوخۆ و گرانییەوە، بیر لە دروستکردنی مزگەوت بکاتەوە، بودجەی ئەم پرۆژەیە نادیارە، تەنانەت لە کورڕاسەی چالاکییەکانیشیدا، ئاماژەی بۆ نەکراوە، دوای وەرگرتنی مۆڵەت بە فەرمی لە هەرێمی کوردستان دەستبەکارەکانی دەکات، تا هەنووکە (٥٢٥) مزگەوتیان دروستکردووە.

**٣- لێدانی بیری ئیرتیوازی:**

لێدانی بیری ئیرتیوازی پرۆژەیەکی گرنگی تر بوو، کە ڕابیتەی مرۆیی لە لادێ و شوێنەکانی دیکە ئەنجامی دەدا، بەتایبەت لەو ساڵانەی، کە شەڕی ناوخۆ بوو و نەهامەتی لە هەموو لایەکەوە تەنگی بە هاوڵاتیانی کوردستان هەڵچنی بوو، ڕێکخراوی ناوبراو توانی (٤٤٧) بیر لێبدات و ئەو ناوچانە لە تینوویێتی ڕزگار بکات.

**٤- پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:**

داتاکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ڕابیتەی مرۆیی (٣٧٩) پرۆژەی هاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەک: (یونیسێف، هابیتات، ئوفد) لە شارە و گوندەکاندا ئەنجامداوە، لە پرۆژەی ئاوی خواردنەوە، بنکەی تەندروستی و قوتابخانە.

**٥- پڕۆژەی (پەنا) بۆ دروستکردنی خانوو (شێوازی پشک، سەهم):**

پڕۆژەی (پەنا) بۆ دروستکردنی خانوو بە شێوازی پشک (سەهم)، کار و پڕۆژەیەکی نوێی ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆییە، کە هەر خانوویەک دابەش دەکرێت بۆ چەند پشکێک و نرخی هەر پشکێکیش بە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار دیاری دەکرێت.

ئەم پڕۆژەیە ئامانجی دروستکردنی خانووە بۆ هەژاران و بێلانە و نازداران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لە (٢٠١٩/١/١٥) یەکەم خانووی ئەم پڕۆژەیە لە شاری کەرکووک بە تەواوکراوی تەسلیم بە خێزانەکە کراوە، کۆتا خانووشی، کە ژمارە (٥١)ە لە (٢٠٢٢/٦/٢٢) لە شاری هەولێر دراوە بە خێزانێکی هەژار و پێی شادبوون.

**٦- پڕۆژەی نووسین و وەرگێڕانی کتێب:**

پڕۆژەی نووسین و وەرگێڕانی کتێب لەلایەن بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی ڕابیتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و تا ئێستا زیاد لە (٢٥) بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە، تازەترین کاریان بە هاوبەشی لەگەڵ گۆڤاری (خاڵ) بوو لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ (٢٠٢٢)دا، کە چاپکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی (شێخ عبدالعزیز پارەزانی) بوو، کە خۆی لە (٨) بەرگدا دەبینێتەوە.

> **دەکرێت بڵێین هەر لە بنەڕەتدا کردنەوەی نەخۆشخانەی بەخشین موجازەفە و گرەوێکی گەورەبوو، چونکە زۆر کەس پێیوابوو کە سەرکەوتوو نابن، بەڵام پێچەوانەکەی دەرچوو.**

**٧- دابینکردنی نەوت لە وەرزی زستاندا:**

پڕۆژەی دابینکردنی نەوت لە وەرزی زستاندا چەندین ساڵە ڕابیتەی مرۆیی لە شار و گوندەکاندا ئەنجامی دەدات، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە وەرزی زستاندا زۆر سارد دەبێ.

**٨- جێبەجێکردنی پڕۆژە لە کیشوەری ئەفریقا:**

ئەمەش پڕۆژەیەکی دیکەی ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆییە، کە سنووری عێراق و هەرێمی بڕیووە و گەیشتووەتە کیشوەری ئەفریقا، بەتایبەت وڵاتەکانی (چاد، تۆگۆ)، کە هەژاریی و گرانبوونی نرخی شمەک تەنگی پێهەڵچنیوون، لەو ڕووەوە تا ئێستا (٣٦) پڕۆژەی جۆراوجۆر لەوێ جێبەجێ کراون.

**٩- دروستکردنی نەخۆشخانەی (میهرەبانی) لە هەولێر:**

بەگوێرەی قسەکانی (شێخ حسێن نەجمەدین قەرەداغی)، کە بەرپرسی دەستەی باڵای ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆییە، لە ئێستادا ڕابیتە کار بۆ تەواوکردنی نەخۆشخانەی (میهرەبانی) لە هەولێر دەکات، هەرچەندە پێشتر ڕێکخراوی ناوبراو عیادەی پزیشکی خێرخوازیی لە سلێمانی و دهۆک و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستاندا هەبووە و بەشێکیان تا هەنووکەش ماون، بەڵام ئەزموونی نەخۆشخانەی (میهرەبانی) جیاوازتر دەبێ لەوانی تر.

**١٠- دروستکردنی بنکەی لەبەرکردنی قورئان:**

ڕابیتەی مرۆیی (١٢) بنکەی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە ساڵانی کارکردنیدا دروستکردووە.

**١١- دروستکردنی قوتابخانەی حکومی:**

پڕۆژەی دروستکردنی قوتابخانەی حکومی یەکێکی ترە لە پڕۆژەکانی ڕابیتە و لەو ڕووەشەوە (١١) قوتابخانەی دروستکردووە.

**١٢- هاوکاری نەخۆش و پیر و پەکەوتە:**

بەسەرنجدان لە داتا و کوڕڕاسەی چالاکییەکانی ڕابیتەی مرۆیی، شاهیدی هاوکاریی سەدان نەخۆش و پیروپەکەوتە و خاوەن پێداویستی تایبەت دەبیت، کە هاوکارییان کراوە.

**١٣- هاوکاری قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و مامۆستایان:**

ئەم پڕۆژەیەش هاوکاریکردنی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ژمارەیەک مامۆستا بووە، کە (١٣٣) کەس لێی سوودمەند بووە.

**١٤- هاوکاریی ماددیی بۆ هاوسەران:**

ئەم پڕۆژەیەش بریتی بووە لە هاوکاریی ماددیی بۆ ژمارەیەک لە هاوسەران، کە لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە و بڕی (٧٨،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە و (٣٩) کەس بە بڕی (٢) ملیۆن دینار قەرزیان پێدراوە و بۆیان کراوە بە پشک.

## خشتەی (١)

خشتەی هاوکارییەکانی ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی لە ١٩٨٨ تا کۆتایی مانگی ئایار (٥)ی ٢٠٢٢ ڕوون دەکاتەوە:

| ژمارە | جۆری هاوکاری | ژمارەی پرۆژە/ سوودمەند |
| --- | --- | --- |
| ١ | دەستەبەرکردنی دارایی بۆ منداڵانی بێباوک (نازداران) | ٣١٠,٠٠٠<br>(ساڵانە ١١٠٠٠ منداڵ |
| ٢ | دروستکردنی مزگەوت | ٥٢٥ |
| ٣ | پرۆژەی ئاوی خواردنەوە (بیری ئیرتیوازی) | ٤٤٧ |
| ٤ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی (یونیسێف، هابیتات، ئوفد) | ٣٧٩ |
| ٥ | پرۆژەی (پەنا) بۆ دروستکردنی خانوو بە شێوازی پشک | ٥١ |
| ٦ | دروستکردنی بنکەی لەبەرکردنی قورئان | ١٢ |
| ٧ | جێبەجێکردنی پرۆژە لە کیشوەری ئەفریقا | ٣٦ |
| ٨ | دروستکردنی قوتابخانەی حکومی | ١١ |
| ٩ | پرۆژەی نووسین و وەرگێڕانی کتێب | ٢٥ |
| ١٠ | دابینکردنی نەوت لە وەرزی ز ستاندا بۆ ماڵە هەژارەکان | |
| ١١ | دروستکردنی نەخۆشخانەی (میهرەبانی) لە شاری هەولێر | |
| ١٢ | هاوکاری قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و مامۆستایان | ١٣٣<br>(تەنها هی ساڵی ٢٠١٩)یە |
| ١٣ | هاوکاریی ماددیی بۆ هاوسەران | ٣٩ (تەنها ساڵی ٢٠١٩ ئەم پرۆژەیە هەبووە). |
| ١٤ | هاوکاری نەخۆش و پیر وپەکەوتە | |

**دووەم/ دەزگای خێرخوازیی بەخشین:**

دەزگای بەخشین، دامەزراوە و ڕێکخراوێکی ئیسلامیی خێرخوازیی کۆمەڵایەتیی ناحکومی سەر بە کۆمەڵی دادگەرییە، کە لە (١٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٩)دا دامەزراوە و ئێستا خاوەنی نەخۆشخانەیەکە لە شاری سلێمانی و (٥) کۆمەڵگەی پزیشکی دیکەیە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا. سەرەتا فیکرەی بەرنامەی بەخشین لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنییەوە بوو کە لە کەناڵی لۆکاڵی کەرکووکی (کۆمەڵی ئیسلامی)یەوە پەخش دەکرا، کە بەناوی «چاوی بەزەیی»ەوە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا پێشکەش دەکرا، دواتر ناوی (بەخشین) جێگیربوو، تا هەنووکە بەردەوامە و لەم بوارانەی خوارەوە کار دەکات:

- دروستکردنی خانوو.
- دەسەبەری دارایی بێباوکان.
- یارمەتی نەخۆشانی درێژخایەن.
- بوونیاتنانی نەخۆشخانە خێرخوازییەکان.
- هاوکاریی ئاوارەکان.
- سەبەتەی خۆراک.

نووسینگەی سەرەکی دەزگای بەخشین لە شاری سلێمانییە و تا ئێستا بڕی (٣١,٤٣٥,٧٨١,١٥٠) ملیار دیناری لە (٢٠) بواردا خەرجکردووە و (١٣٥٦٩٩) هەزار کەس لێی سوومەندبووە، کە دواتر بە وردەکاریی تەواو لە خشتەی ژمارە(٢)دا باسی دەکەین.

هەیکەلی دەزگای خێرخوازیی بەخشین لە بەرپرسێک و چوار بەشی سەرەکی پێکدێت، کە ئەمانەن:

- بەڕێوەبردن و دارایی.
- ڕاگەیاندن.
- بەرپرسی نووسینگەکانی بەخشین لە شارەکانی تر.
- تەندروستی، نەخۆشخانەی بەخشین و کۆمەڵگە پزیشکییەکانی تر.

**بوارەکانی کاری دەزگای خێرخوازیی بەخشین:**

**١- دروستکردنی خانوو (پڕۆژەی نیشتەجێبوون):**

پڕۆژەی دروستکردنی خانوو لای دەزگای بەخشین، گرنگیەکی زۆری پێدراوە و پلەی یەکەمی وەرگرتووە، ئەوەش بەهۆی ڕێژەی زۆری کرێچێتی و هەژاریی، بەشێوەیەک، کە بڕی (٩,٥٢٨,٩٠٣,٢٥٠) ملیار دیناری بۆ خەرجکراوە و (١٨٠) خێزان لێی سوودمەندبوون.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە دروستکردنی خانوو لای (بەخشین) پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی تەواوە بە هەموو پێداویستییەکانی ژیان و گوزەران وەک (تەباخ، جلشۆر، کەوانتەر، سپلیت، کانتۆر... هتد).

**٢- مووچەی بێباوکان:**

بە گوێرەی داتاکانی دەزگای بەخشین، دابینکردنی مووچە بۆ بێباوکان لە پلەی دووەمدا دێ و بەوپێیەش لە ماوەی (١٣) ساڵ کارکردنیدا (٥,٦٩٥,٤١٤,٧٥٠) ملیار بۆ ئەم مەبەستە بەسەر (٩٤٩) کەسدا دابەشکراوە.

**٣- دامەزراندنی نەخۆشخانەی بەخشین:**

دەزگای بەخشین لەگەڵ فراوانبوونی کارە مرۆییەکانیان بیریان لە دامەزراندنی نەخۆشخانە خێرخوازییەکانیان کردەوە، بۆ ئەوەش لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی (هەواری تازە) یەکەم نەخۆشخانەیان کردەوە، هەرچەندە لە سەرەتاوە تەنها لە یەک نهۆمی بینایەکدا بوون، پزیشکی پسپۆڕ و شارەزاشیان وەک پێویست نەبوو، بەڵام ناوبانگیان هەموو کوردستانی گرتەوە، ئەویش بەهۆی (هەرزانی نرخ و پشکنین)ەکانیانەوە، کە بەڕاستی ڕەچاوی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی هەژار و کەمدەرامەتیان کردبوو.

هەروەها دەکرێت بڵێین هەر لە بنەڕەتدا کردنەوەی نەخۆشخانەی بەخشین موجازەفە و گرەوێکی گەورەبوو، چونکە زۆر کەس پێیوابوو کە سەرکەوتوو نابن، بەڵام پێچەوانەکەی دەرچوو، بەهۆی ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی و دەستپاکییانەوە ناوبانگ و سوومعەیان تا دەهات گەورەتر دەبوو، ئەوەش یارمەتیدان، کە نۆرینگە پزیشکییەکانی تریش لە شارەکانی (هەڵەبجە، چەمچەماڵ، ڕانیە، کەلار، کفری) بکەنەوە، بەهۆی ئەوەشەوە سەدان هەلی کاریان بۆ هەردوو ڕەگەزەکە ڕەخساندووە. بودجەی کردنەوەشیان بریتی بووە لە: بڕی (٥,٤٠٦,٣٦٩,٤٠٠) ملیار دینار.

**٤- هاوکاری هەژاران و قوتابی:**

لە ماوەی کاردنیدا، بەخشین بڕی (٤,٥٥١,٨٦٦,٢٥٠) ملیار دیناری بۆ هاوکاری هەژاران و قوتابی کەم دەرامەت دابینکردووە و بەوشێوەیەش (١٨٠٥٨) کەس لێی سوودمەند بوون.

**٥- دابەشکردنی خۆراک:**

هەروەها بەخشین بۆ مەبەستی دابەشکردنی خۆراک، بڕی (١,٣٥١,٧٣٩,٠٠٠) ملیار دینار تەرخان کردووە و توانراوە بەسەر ( ٤٣٦٦٤) کەسدا دابەش بکرێت.

**٦- چارەسەری نەخۆش لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم:**

ئەمەش پڕۆژەیەکی گرنگی دیکەی بەخشینە، کە (٣٢) نەخۆش بۆ چارەسەر لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم بە بڕی (١,٠٠٨,٠٠٧,٧٥٠) ملیار دینار لێی سوودمەند بووە.

**٧- هاوکاریی بێباوکان:**

هاوکاریی بێباوکان (هەتیوان) واتا هاوکاریی ئەو کەسانەی، کە بە هەر هۆکارێک بێ باوکیان لەدەستداوە، بەبڕی (٨٣٧,٢٧١,٠٠٠) ملیۆن دینار یارمەتیدراون و (٩١٨٥) کەس سوودمەند بوون.

**٨- هاوکاریی نەخۆشی درێژخایەن:**

پڕۆژەی هاوکاریی نەخۆشی درێژخایەن بریتی بووە لە هاوکاریی هەموو کەسێک، کە چووبێتە ژێر ئەو ناونیشانەوە وەک: (شێرپەنجە، شەکرە، زەخت... هتد)، بۆ ئەوەش بڕی (٥٥٤,٨٤٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بە سەر (٤٥٣٣) نەخۆشدا دابەشکراوە.

**٩- هاوکاریکردنی ئاوارەکان:**

ئەمەش هاوکاریکردنی ئەو ئاوارانەی گرتۆتەوە، کە لە هەرێمدا بوون، بەتایبەت ئەوانەی لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و ڕۆژئاوای کوردستان و کۆبانێ- وە هاتبوون، توانراوە بڕی (٥١٨,٦٨٠,٠٠٠) ملیۆن دیناریان بۆ کۆبکرێتەوە و بەسەر (١١١٠٤) کەسدا دابەش بکرێت.

**١٠- پڕۆژەی قوربانی:**

بەخشین بۆ پڕۆژەی قوربانی، کە ساڵانە لە جەژنی قوربانی پیرۆزدا دووبارە دەبێتەوە، (٥٠٣,٤٧٥,٧٥٠) ملیۆن دیناری تەرخانکردووە و بەهۆیەوە (٣٥٢٦٠) کەس سوودی لێوەرگرتووە.

**١١- کورسی کارەبایی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت:**

بێگومان کورسی کارەبایی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت گرنگی زۆری دەبێت، بۆیە بەخشین لێرەشدا ئەو توێژەی بیر نەچووە و بە بڕی (٣٧٦,٦٥٣,٥٠٠) ملیۆن دینار کورسی کارەبایی بۆ (٢٩٧) کەس دابینکردووە.

**١٢- هاوکاری خاوەن پێداویستی تایبەت:**

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چەند بۆنەیەکدا هاوکاریی کراون، وەک (جەژنەکان و مەراسیمی تر)، بۆ ئەوەش بە بڕی (٣١٢,١٢١,٠٠٠) ملیۆن دینار هاوکاری دراوە بە (٢٣٩٥) کەس.

**١٣- کۆمەکی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی شاری هەولێر:**

دوای لافاوەکەی پارێزگای هەولێر، کە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ ڕوویدا و بەهۆیەوە سەدان ماڵ زیانیان بەرکەوت، دەزگای بەخشین هەستا بە کۆکردنەوەی کۆمەک و پارە، دواتر بە بڕی (٢٦٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار هاوکاری بەسەر (٤٥٠) ماڵدا دابەشکرد.

**١٤- هاوکاری ژینگەپارێزان:**

بۆ هاوکاری ژینگەپارێزان، کە مووچەیان زۆر کەمە، بەخشین بە بڕی (١٢٨,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار هاوکاریی کردوون و بەوەش (١٢٨٥) لێی سوودمەندبووە لێی.

**١٥- دابینکردنی ماتۆڕی بار بۆ بژێویی ژیان:**

دابینکردنی ماتۆڕی بار بۆ بژێویی ژیان ڕێگەیەکی تر بووە، کە بەخشین هەوڵیداوە، ئەو توێژەش سەرچاوەی بژێوییان بۆ دابین بکرێت، بە بڕی (١١٨,٩٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار یارمەتی دراون و (٦٧) کەس بوونەتە خاوەنی ماتۆڕی خۆیان.

**١٦- دابەشکردنی جلوبەرگی مناڵان:**

پڕۆژەی دابەشکردنی جلوبەرگی منالان، کە (٥٨٧٧) منال بە بڕی (٨٠,٤٩٠,٠٠٠) ملیۆن دینار سوودمەبوون لێی پڕۆژەیەکی تری بەخشینە.

**١٧- کڕینی پێنج ئۆتۆمبێل بۆ بژێویی ژیان:**

دەزگای بەخشین بە ئامانجی ئەوەی، کە ببنە خاوەنی سەرچاوەی ژیانی خۆیان بە بڕی (٧٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار، پێنج ئۆتۆمبێلی کارکردنی بۆ چەند ماڵێک کڕی، بەڵام ئەم پڕۆژەیە ئێستا بەردەوام نییە.

**١٨- دابینکردنی نەوت لە وەرزی زستاندا:**

دەزگای بەخشین بۆ دابینکردنی نەوت لە وەرزی زستاندا، بە بڕی (٥٤,١٤٢,٠٠٠) ملیۆن دینارە نەوتی دابینکردووە و (١٨٩٧) ماڵ لێی سوودمەند بووە.

**١٩- دابەشکردنی مەکینەی دروومان و کردنەوەی خوول:**

پڕۆژەی دابەشکردنی مەکینەی دروومان و کردنەوەی خوول بە ئامانجی ئەوەیە، کە ئەو کەسانە بتوانن سەرچاوەی بژێویی ژیانیان دابین بکەن، بڕی (٥٠,٧٩٩,٥٠٠) ملیۆن دینار بۆیان تەرخانکراوە و (٤٤٧) کەس لێی بەهرەمەندبوون.

**٢٠- نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە:**

نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە، کۆتا پڕۆژەیە، کە دەزگای بەخشین لە ماوەی ساڵانی کارکردنیدا پێی هەستاوە، تیادا (١٩) قوتابخانە بە بڕی (٢٧,٦٠٨,٠٠٠) ملیۆن دینار نۆژەنکراتەوە.

## خشتەی (٢)

خشتەی هاوکارییەکانی دەزگای بەخشین لە ٢٠٠٩/٦/١٥ تا کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠٢٢ ڕوون دەکاتەوە:

| ژمارە | جۆری هاوکاری | بڕی هاوکاری بە دینار | ژمارەی خێزانی سوودمەند |
|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی خانوو | ٩,٥٢٨,٩٠٣,٢٥٠ | ١٨٠ |
| ٢ | مووچەی بێباوکان | ٥,٦٩٥,٤١٤,٧٥٠ | ٩٤٩ |
| ٣ | کردنەوەی نەخۆشخانەیەک و پێنج کۆمەڵگەی پزیشکی | ٥,٤٠٦,٣٦٩,٤٠٠ | |
| ٤ | هاوکاری هەژاران و قوتابی | ٤,٥٥١,٨٦٦,٢٥٠ | ١٨٠٥٨ |
| ٥ | دابەشکردنی خۆراک | ١,٣٥١,٧٣٩,٠٠٠ | ٤٣٦٦٤ |
| ٦ | چارەسەری نەخۆش لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم | ١,٠٠٨,٠٠٧,٧٥٠ | ٣٢١ |
| ٧ | هاوکاری بێباوکان | ٨٣٧,٢٧١,٠٠٠ | ٩١٨٥ |
| ٨ | هاوکاری نەخۆشی درێژخایەن | ٥٥٤,٨٤٠,٠٠٠ | ٤٥٣٣ |
| ٩ | هاوکاریکردنی ئاوارەکان | ٥١٨,٦٨٠,٠٠٠ | ١١١٠٤ |
| ١٠ | پرۆژەی قوربانی | ٥٠٣,٤٧٥,٧٥٠ | ٣٥٢٦٠ |
| ١١ | کورسی کارەبایی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت | ٣٧٦,٦٥٣,٥٠٠ | ٢٩٧ |
| ١٢ | هاوکاری خاوەن پێداویستی تایبەت | ٣١٢,١٢١,٠٠٠ | ٢٣٩٥ |
| ١٣ | کۆمەکی زیانلێکەوتووانی هەولێر | ٢٦٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٤٥٠ |
| ١٤ | هاوکاری ژینگەپارێزان | ١٢٨,٥٠٠,٠٠٠ | ١٢٨٥ |
| ١٥ | دابینکردنی ماتۆڕی بار بۆ بژێویی ژیان | ١١٨,٩٠٠,٠٠٠ | ٦٧ |
| ١٦ | دابەشکردنی جلوبەرگی منداڵان | ٨٠,٤٩٠,٠٠٠ | ٥٨٧٧ |
| ١٧ | کڕینی پێنج ئۆتۆمبێل بۆ بژێوی ژیان | ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٥ |
| ١٨ | دابەشکردنی نەوت | ٥٤,١٤٢,٠٠٠ | ١٨٩٧ |
| ١٩ | دابەشکردنی مەکینەی دروومان و کردنەوەی خوول | ٥٠,٧٩٩,٥٠٠ | ٤٤٧ |
| ٢٠ | نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە | ٢٧,٦٠٨,٠٠٠ | ١٩ |
| کۆی گشتی | | ٣١,٤٣٥,٧٨١,١٥٠ ملیار دینار | ١٣٥٦٩٩ هەزار کەس |

## سەرچاوەکان

بۆ نووسینی ئەم بابەتە شکارییە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١- دەنگێک بۆ چاکسازی و نوێگەری و چاکەکاری; دیرۆکی دکتۆر عەلی قەرەداغی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: د.ئەبوبەکر پێنجوێنی، ئامادەکردنی دەزگای وەشان، چ١، سلێمانی، ٢٠٢١.

٢- منظمة بخشين الخيرية، اعداد: ڕیبوار میرانی، مطبعة بيرميرد، السليمانية، ٢٠١٨.

٣- مستشفى بخشين، اعداد: سالار ابراهيم، مطبعة بيرميرد، السليمانية، ٢٠١٧.

٤- پڕۆژەی پەنا (٢٠١٩- ٢٠٢٠)، ڕابیتەی ئیسلامی کورد (خێرخوازی).

٥- الرابطة الاسلامية الكوردية، التقرير السنوى لنشاطات عام ٢٠١٩.

٦- الرابطة الاسلامية الكوردية، التقرير السنوى لنشاطات عام ٢٠١٤.

**چاوپێکەوتن:**

٧- شێخ حسێن نەجمەدین قەرەداغی، بەرپرسی دەستەی باڵای ڕابیتەی مرۆیی، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٣.

٨- ڤیدیۆ: دیکیۆمێنتاری لەبارەی دەزگای بەخشین-ەوە، ئامادەکردنی بەشی ڕاگەیاندنی دەزگای بەخشین.



پ.د. یادگار لەتیف شارەزووری

# نەبوونی هۆشیاریی ڕەخنەیی و پەنگخواردوویی گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستان

**١-بنەمای هۆشیاریی:**

لە ڕێگەی هۆشیاریی و بەرچاوڕوونکردنی تاک بە تاکی مسوڵمانانەوە؛ ئیسلام توانی کۆمەڵگەیەکی سادەی نەخوێندەواری پەرتەوازە بکاتە ناوکی ژیارێکی مەزن، نزیکەی دە سەدە تەمەن بکات، ڕوانگەیەکی نوێی مرۆڤدۆستی و دادپەروەریی و یاساناسی پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکات و بە زانستە پەتی و مرۆییە جیاواز و قوتابخانە فیکریی و زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبییە جیاوازەکان بەهرەمەندی بکات. ئەم فرەیی و هەمەلایەنی و دەوڵەمەندییە، کارێکی وایکرد ژیاری ئیسلامی جیاوازییە کەلتوورییەکان لەخۆبگرێت، زمان و تایبەتمەندی هیچ نەتەوە و گەلێک زەوت نەکرێت، ڕێبازی فیقهی و فیکریی و ئەدەبی جۆراوجۆری لەیەک نزیک و دوورلەیەک لەخۆبگرێت، جوڵەی نووسین و داهێنان بگاتە ترۆپک، بە چاوی زانستییانە ڕووداو و مێژووی ژیارەکە بنووسرێتەوە، شیکارکاری بۆ هۆکارەکانی سەرکەوتن و گەشەسەندن، بۆ هۆکارەکانی نوشست و پەککەوتن بکرێت، بابەتییانە تەتەڵەی ژیان و ئاکار و سیستمی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و پێکهێنەرە جیاوازەکانی ئەم ژیارە بکرێت.

ئەم کرداری شیکاریی و ڕەخنەگرتن و گومانکردن و بەدواداچوونی لایەنە درەشاوە و تاریکەکانی ژیان و جوڵە و ئاکاری زانایان و کەسایەتییەکانی گۆڕەپانی ژیاری ئیسلامی و مێژووی ئیسلام، دەچێتە خانەی کرانەوەی عەقڵی مسوڵمانەوە. مێژوونووسە مسوڵمانەکان، سەرەڕای سەختی هاتووچۆ و ڕەنجکێشانێکی زۆریان لە دەستخستنی بەڵگە و زانیارییەکان، بەڵام توانیویانە ورد و درشتی مێژووی ئیسلام و مسوڵمانان بنووسنەوە و بڵاوی بکەنەوە بە باش و خراپیەوە، هیچیان نەهێشتۆتەوە باسی نەکەن، هەندێکیشیان بۆ ڕازاندنەوە بۆی زیاد کردووە. گێڕانەوە و بەرهەمەکانیشیان زۆر لە یەکەوە نزیک بووە بەتایبەت لە تیشک خستنە سەر لایەنی نا پرشنگداری ڕێڕەوی مسوڵمانان، سەرەڕای ئەوەی مێژوونووسانی ئەو سەردەمە لە یەک وڵاتدا نەژیاون، لە سەردەمێکیشدا نەبوون، سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیاریشیان جۆراوجۆر بووە، گەر بەرهەمەکانی ئەم مێژوونووسانەی کە کتێبەکانیان ورد و درشتی مێژووی ئیسلامیان تۆمار کردووە بەگشت ئەو کەموکوڕی و هەڵانەی کە چاوەڕوان نەکراوبوو هەڵگرانی قورئان تێی بکەون، بەراورد بکەین بە مێژووی هەر حیزبێکی شۆڕشگێڕ، کە بە قەڵەمی خودی حیزب نووسرابێت، دوو خەوشی گەورە لەخۆدەگرێت: یەکەمیان: بە دوورگرتنی خود لە هەموو هەڵە و کەموکورتییەک، بەچاوی فریشتە تەماشاکردنی. دووەمیان: دزێوکردنی نەیار و بە ناشیرنترین شێوە وەسفکردنی. نهێنی ڕاستگۆیی لە مێژووی ئیسلامیشدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مێژوونووسان سەر بە حکوومەتەکان نەبوون و

چییان زانیوە نووسیویانە و وەک ئەو زانایانەیان کردووە کە بە دوای سەرچاوەی حەدیسەکاندا گەڕاون و ئەوانیش هەوڵی زۆریانداوە سەرچاوەکان بدەنەوە پاڵ جێی خۆیان. لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا لەوەش زیاتر بۆ کۆکردنەوەی قورئان کراوە. ئەتوانم بە ئەوپەڕی دڵنیاییەوە بڵێم کە مێژوونووسانی ئیسلام لە خەمی ڕاستی و دروستی هەواڵەکاندا بوون، بە هەمان خەمخۆری زانایانی شەریعەت بۆ گەیشتن بە یەقین لەناو دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا، لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر زانایانی زمانی عەرەبی لە بوارەکانی (النحو) و (الصرف) و (ڕەوانبێژی) خودی خۆیان تواندووەتەوە بۆ دەرهێنانی یاساکانی بە وردترین پێوەرەکان (المجتمع البشری ..؟ لماذا یشبه مستشفی المجانین؟، مسعود محمد: ١١٨ –١١٩).

ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە بۆچی حیزب و دەستە و تاقمە ئیسلامییەکانی کوردستان نەیانتوانیوە بەم شێوە خێرا و فراوان و مەودا دوورودرێژە پەلبهاوێژن، وایان لێبێت تێکڕا یاخود بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بە هی خۆیانی بزانن، ئەوا یەکێک لە وەڵامەکان بریتی دەبێت لە نەبوونی (هۆشیاری ڕەخنە لەخۆگرتن)، نەبوونی (هۆشیاری وەرگرتنی ڕەخنەی ئەندامان و کەسانی دەرەوەی بازنەی ڕێکخستنەکانیان). داخران بە ڕووی ڕەخنەدا گەورەترین کێشەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانە بە هەموو ئاڕاستەکانییەوە؛ هیچ لایەن و حیزبێک دەزگایەکی کارایی نییە بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی کار و کارنامە، ئەوەی دەگوزەرێت لە کۆنگرەکانیاندا، جێبەجێکردنی ئەجێندا پێشتر پلان بۆ داڕێژراوەکانە بۆ مانەوەی کەسی یەکەم لە لوتکە دەسەڵات و هەڵبژاردنەوە و دانانی ئەو کەسانەی دڵخوازی خۆی و هێڵەکەین. ئەمەش بووەتە هۆکاری پەرتەوازیی بەردەوام و لەیەکتر جیابوونەوە و وەدەرنانی کەسانی بەتوانا و کارا و مراندنی کاری ڕێکخراوەیی.

## ٢- چەمکی دەروونی خودلۆمەکەر:

ئەم داخرانە پێچەوانەی گوتاری قورئانیی و کار و کردەوەکانی پێغەمبەرە (د.خ)، چونکە هەر لە سەرەتاکانی دابەزینی قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە سەرنجی تاک و پاشان کۆمەڵگەی مسوڵمانی بۆ لای چەمکێکی زۆر گرنگ ڕادەکێشێت، ئەوەیش چەمکی (دەروونی خودلۆمەکەرە – النفس اللوامە) **(لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَە * ولا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَە** / سورە الإنسان ١ –٢) ئەم چەمکە مرۆڤ هاندەدات ڕۆژانە پێداچوونەوە بۆ کار و کردەوە هەڵەکانی بکات، ڕەخنە لە خۆی بگرێت. کەواتە پێداچوونەوە و ڕەخنە لە خۆگرتن بنەمای دروستکردنی کەسایەتییە، گەر تاک و کۆمەڵگە هەستی بە هەڵەی خۆی نەکرد،

دەستی نەخستە سەر برینی هەڵە و لە ڕێدەرچوونەکانی بەدواکەتوویی و پەنگخواردوویی دەمێنێتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا پێغەمبەر (د.خ) لە کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات و پلانی جەنگەکان و چالاکییە جیاوازەکاندا ڕاوێژی بە شارەزایانی دەوروبەری کردووە، وەک هاوەڵان و هاوسەرانی، لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونە دروستەکانیاندا، پلان و کارنامەی خۆی گۆڕیوە. ئەو کاتەی کۆمەڵگەی مسوڵمانان پشتی کردە ئەم چەمکانە، پەنگخواردوویی بووبە واقیع، سروشتکراوەیی ژیاری ئیسلامیی گۆڕی بۆ داخراویی، بێئاگایی لەبری هۆشیاریی ڕەخنەیی قورئانی پیرۆز، ڕەگی داکوتا.

لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە لۆمەی پێغەمبەرەکەی دەکات تەنیا لەبەرئەوەی لە دانیشتنێکدا وەک پێویست لای بەلای کەسێکی نابینادا نەکردووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەناو مەجلیسێکی تایبەتدا بووە و قسەوباسەکانی بۆ بانگەشەکردنی ئامادەبووان بووە بۆ ڕێگای ئیسلام، بەڵام خودای گەورە یەک سورەتی تەواو لەسەر ئەم بەسەرهاتە دەنێرێتە خوارەوە و ڕەخنە لە نێردراوە پاکە بێگەردەکەی دەگرێت (د.خ). کاتێک مسوڵمانان لە هەردوو جەنگی (أحد) و (حنین)دا دووچاری شکست دەبن بەرامبەر هاوتاکارەکانی قورەیش و ئەوانی تر، قورئانی پیرۆز ڕەخنە لە کەمتەرخەمی مسوڵمانان دەگرێت، هۆکارەکانی شکست دەداتە پاڵیان، خاڵەکانی لاوازیی دڵ و دەروون و جەستەیان بۆ ڕووندەکاتەوە، وا لە مسوڵمانان دەکات فێرببن ئەنجامەکانی شکست و نشست بگرنە ئەستۆ، نەیخەنە پاڵ دەستی دەرەکی و بەدبەختی و ستەمی ڕۆژگار.

### ٣- نەمانی هەستیاریی ڕەخنە لە خۆگرتن:

نەمانی هەستیاریی ڕەخنەیی و شان نەدانە پاڵ شکستەکان و دەستبەرنەبوون لە پلەوپایە، دەردێکە تووشی چین و توێژ و دەستە و تاقمی کۆمەڵگە دواکەتووەکان دەبێت، دەتوانین ناوی بنێین (ئاریشەی دارمانی ژیاریی). لەم ڕوانگەیەوە بیرمەندی نوێی ئیسلامی (مالك بن بنی) ڕەخنەگرتن لە خود بە یەکێک لە بنەماکانی دروستبوون و بەرەوپێشچوون دادەنێت، ئەو دەڵێت مسوڵمانان لە پاش کەوتنی ئەندەلووسەوە ئەم هەستەیان لەلا نەماوە؛ واتە (هەستکردن بە کەموکوڕییەکانی خود). نەمانی ئەم هەستەش بووەتە هۆکاری ئیفلیجییەک هەموو بوارەکانی ئاکار و کۆمەڵایەتی و عەقڵیی گرتووەتەوە، گرفتی ئاکاری بە ترسناکترین گرفت دادەنێت، چونکە هەندێک جار دەبێتە هۆکاری دوو گرفتەکەی تر، پێشی وایە سەرچاوەی ئەم دەردە ئاشکرایە، دەگەڕێتەوە بۆ خراپ تێگەیشتن لە ئایەتی (الیوم أکملت لکم دینکم). گومانی تێدا نییە کە ئایینی ئیسلامی ئاینێکی کامڵە، بەڵام ئەم بابەتە لە ویژدانی کۆمەڵگەی مسوڵمانانی پاش کەوتنی ژیاریی

له ئەندەلووسدا گۆڕا بۆ بابەتێکی تر، ئەویش (ئێمە مسوڵمانین) کەواتە ئێمە (تەواوی بێکەموکوڕین). ئەم کۆمەڵگەیە هەڵسوکەتی ڕەخنەلەخۆگرتنی عومەری کوڕی خەتابیان لە بیر چووەتەوە، ڕۆحی بە خوداچوونەوە و لێپرسینەوە لە خودی لە دەستداوە، کەس نییە لۆمەی خۆی بکات، یاخود دڵتەنگ بێت بە خراپەکاریی و نەزانینی، تەنانەت سەرانی چاکسازی ئیسلامیش ئەم چەمکەیان لەلا ونە، هەموویان هەستی دڵنیایی ئاکاری باڵی کێشاوە بەسەریاندا، کەسێکمان لێیان نەدی لەسەر مینبەر و بە ئاشکرا ڕووبەڕووی خەڵک دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت. بەمەش نمونە بەرزەکەی ئیسلامیان شوێن بزرکرد؛ نمونەی بەرزی ژیانکردن و جوڵە، لەناو زریانی خۆبەزلزانی و لوتبەرزی، بەڵکو لە ناو زریانی ئەو بڕوایەی پیاوی ئایندار هەیەتی، ئەو کاتەی وا دەزانێت بە ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکەی سەری گەیشتووەتە لوتکەی کەماڵ، بێئەوەی هەوڵی گۆڕینی هەڵسوکەوتی بدات و باری خۆی باش بکات، تاکە کەماڵ کە هەیەتی کەماڵی نەزۆکییە یاخود کەماڵی مەرگ و نەبوون (عدم). ئەمەش ئەبێتە هۆی لاسەنگبوونی جوڵەی پێشکەوتنی دەروونی لەلای تاک و کۆمەڵگە، ئیتر ئەوانەی بێخەمبوون لە هەژاریی ڕۆح و کەموکورتی دەروونیان، دەبنە پێشەنگی ئاکار، لەناو کۆمەڵگەیەکدا حەقیقەت بەرەو نەبوون (عدم) هەنگاو هەڵئەگرێت.

(مالک بن نبی) زۆر جەخت لەسەر کارایی دەکاتەوە؛ کارایی تاک و کارایی کۆی کۆمەڵگەی مسوڵمانان، لە ڕێی بە زیندوویی هێشتنەوەی بیرەوە، لە ڕێی کردنی زانست بە ئامرازی هەستانەوە و بوژاندنەوە، لە دژی کردنی زانست و بیر بە ئامرازی ڕووکەشکاریی و خۆدەرخستن دەوەستێتەوە، لەم حاڵەتدا بیر نابێتە جوڵە و کارێکی ئەرێنی، ملکەچ نابێت بۆ لۆژیکێکی تیۆریی و کرداری، بەڵکو ملکەچی حەزی پاش کەوتن و لەدەستدانی ئەندەلووسە. ئەگەر بیر و هزر هەروا بێ پێز و بێکاریگەریی بمێنێتەوە، ئەوا چالاکییەکانی دەبێتە جوڵە لەناو بێسەروبەریدا، دەبێتە شێوازێک لە شێوازەکانی ئیفلیجی کۆمەڵایەتی. هەموو چالاکیی کرداری پەیوەندی بە بیرەوە هەیە، هەرکاتێک ئەم پەیوەندییە نەما، ئەوا چالاکییەکە ڕێ لێتێکچوو دەبێت و دەشڵەژێت، دەبێتە ڕەنجکێشانێکی بێ پاڵنەر، بە هەمان شێوە گەر بیر دووچاری گرفت بوویەوە یاخود هەر نەما، ئەو کاتە چالاکی لاسەنگ و ئەستەم دەبێت و هەڵسەنگاندنمان بۆ شتەکان دەبێتە هەڵسەنگاندنێکی خود، ئەمەش لە ڕوانگەی حەقیقەتەوە ناپاکییە بەرامبەر سروشتی شتەکان، ستەمکردنە لە گرنگییەکەیان، ئیتر ئایا ئەم ستەمکردنە لە ڕێی پەرگیرییەوە بێت یاخود لە ڕێی شلگیرییەوە (وجهە العالم الإسلامی: ٨٢ – ٨٧).



پ.د.ڕەعد ڕەفعەت محەمەد
مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین

# هەڵسەنگاندنێك بۆ بەشداری ئیسلامییەکان لە حکومەتەکانی هەرێم

## یەکەم: بەشداری دەسەڵات یان حکومەت؟

پێش هەرشتێک پێویستە لە هەرێمی کوردستان دوو زاراوەی گرنگی تێکەڵ بەیەک لێکجودا بکەینەوە، ئەوانیش حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی هەرێمە.

لە دەستور و یاسای دەوڵەتان سێ دەسەڵاتی سەرەکی دەوڵەت هەیە و هەریەکەیان دامەزراوەی سەربەخۆن و کارەکانی خۆیان بەبێ دەستوەردانی ئەوانی تر ڕادەپەڕێنن، ئەوانیش دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) و دادوەری (قەزا) و جێبەجێکردنە (حکومەت).

بەڵام لە هەرێمی کوردستان حکومەت خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە و فیعلی نیە، بەڵکو چەتر و پەردەییێکە بۆ بەڕێوەبردن و ڕایی کردنی کاروباری خاوەن دەسەڵاتەکانی هەرێم کە بریتین لە حیزب، بنەماڵە، زۆن، عەشیرەت، هێزی چەکداری، بەرپرسی حیزبی» هتد...

حکومەتی هەرێم خاوەن هێزی چەکدار، نەختینە و پارە، میدیا، ئاسایش و هێزی ئەمنی، دامەزراوە و فەرمانبەرەکانی، زانکۆ و قوتابخانە، مزگەوت و کەنیسە نیە، بەڵکو هەموو ئەمانە و زیاتریش لەوانە وەک پەرلەمان و دادگا لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە ڕاستەوخۆ ئاڕاستە دەکرێن.

هەربۆیە هەڵەی گەورەی ئیسلامییەکانی کوردستان –حیزبەکانی تریش- تێنەگەیشتن و کارنەکردن بووە بەم هاوکێشەیەی «دەسەڵات لەلای حکومەت نیە، بەڵکو لەلای حیزبە«، واتە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەلای هەردوو حیزبی دەسەڵاتی هەرێمە کە (پارتی ویەکێتی)یە.

لەڕاستیدا حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لە ناخەوە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەوان ناتوانن ببنە دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان؛ هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بەجۆرێک پێیانوایە ئەمریکا و ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی کەنداو دژی گرتنە دەسەڵاتی ئیسلامییەکانن لە کوردستان. هەربۆیە لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆکی یەکێک لە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری هەولێر بەڕاشکاوانە ئەو سەرکردە ڕایگەیاند: ئێمە ناتوانین (صدارة) و بەپێش پارتی و یەکێتی بکەوین، بەڵکو تەنها دەمانەوێ پارێزگاری لەوەی ئێستا هەمانە بیکەین!!!

لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەی سەرەوە، کاتێک حیزبەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بۆ پارێزگای لەوەی هەیانە و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی و چاکسازی بەشداربوونە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، نەیانتوانیوە مەبەستەکانیان بپێکن؛ چونکە لە بنەڕەتدا مەبەستی گرتنە دەسەڵاتیان نیە، لەلایەکی تریشەوە نەیانتوانیوە ببنە خاوەن کەرەستەی گۆڕانکاری و چاکسازی، ئەمەش دەگەڕێتەوەی بۆئەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەلای حیزب و بنەماڵە حوکمڕانەکانە نەک حکومەت.

تێنەگەیشتن لەم هاوکێشەیە، وای لەحیزبە ئیسلامییەکان کردووە بە دەستبەتاڵی

دەربچن لە دوای چوار ساڵ بەشدارییان لە حکومەت و بگرە هەندێک جاریش عەیبداربن لای دەنگدەر و لایەنگرانیشیانەوە. هەروەها کاتێک ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنیان بینیوە، بەهەمان شێوە تووشی هەڵە بوونە لە ئۆپۆزسیۆن بوون بەرامبەر حکومەتێک کە خاوەن هیچ دەسەڵاتێک نەبووە.

**دووەم: بەشداری بۆ پۆست و ئیمتیاز نەك بەرنامە و کارنامە.**

کارنامەی حکومەت لە وڵاتان گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن ئەو حیزبانەی کە کابینەکە پێکدەهێنن، بەشێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانیان بێت. کارنامەکە بۆماوەی ئەو چوار ساڵەی حوکمڕانی کابینەکە دەبێت و پێویستە گرنگی بدات بە چەند سێکتەر و بوارێک کە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستان پێویستیەتی و جێگای ڕەزامەندی و پەسەندی و ستراتیژیەتی ئەو لایەنانە بێت کە کابینەکە پێکدەهێنن.

یەکێک لە سیما هەرە سەرەکییەکانی کارنامەی حکومەت، دەبێت پلانی وردی جێبەجێکردنی ئامانجەکان لەخۆ بگرێت نەک تەنها چەند بەڵێنێکی کار بۆ نەکراو بێت. بۆیە دەبینین وڵاتان لە کارنامەی حکومەتەکەیان گشت وردەکاری سێکتەرەکانی ئامانجی حکومەت دیاری دەکەن.

بۆئەوەی بابەتەکە زیاتر ڕوون بێت و تەنها ڕەخنە نەبێت لە حیزبێکی ئیسلامی دیاریکراو، سێکتەری تەندروستی وەردەگرین لە کابینەی هەشتەم کە لەدەست ئیسلامییەکان نەبوو، ئەم سێکتەرە بەراورد دەکەین لەگەڵ کارنامەی حکومەتی ئوردن و کوێت.

کارنامەی حکومەتی ئوردنی بۆ کەرتی تەندروستی بۆ ساڵانی (٢٠١٢ تاکو ٢٠١٦): دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی چەند نەخۆشخانەیەک –کە ژمارەیان (١٠) دانەیە و ناو و شوێنی دروستکردنیان بە تێروتەسەلی هاتووە لە کارنامەی حکومەتی ئوردن، بەجۆرێک بۆ هەر (١٠٠٠٠) هاوڵاتی (١٨) قەروێڵە و بۆ (١٠٠٠٠) هاوڵاتی (٢٦) پزیشکی پسپۆر.

کارنامەی حکومەتی کوێتی بۆ کەرتی تەندروستی بۆ ساڵانی (٢٠١٣ تاکو ٢٠١٧): قەروێڵەی نەخۆشخانەکان زیاد دەکات لە (٧٩٩٠) بۆ (١١٤٣٩)، زیادکردنی سەنتەرەکانی پزیشکی لە (١٠١) بۆ (١٢٥)، باشترکردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی کادیری پزیشکی، پێکهێنانی سەنتەرێکی هەرێمی بۆ نەخۆشییە درێژخایەنە نەگواستراوەکان.

هەر لەم ڕووەوە بەپێویستی دەزانم دەقی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی تەندروستی بۆ ساڵانی (٢٠١٤ تاکو ٢٠١٨) بخەمە ڕوو بۆئەوەی خوێنەر خۆی بەراوردیان بکات: «حکومەت کاردەکات بۆ پەیڕەوکردنی سیستەمی تەندروستی

پێشکەوتوو و جیاکردنەوەی کەرتی گشتی و تایبەت لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیدا.»

پێویستە زۆر بەوردی سەرنجی ئەو دەقە مەتاتی و لاستیکی و گشتگیرە بدەین بۆئەوەی بزانین چۆن هەموو سێکتەر و بوارەکانی حکومەتیان هەر بەم شێوازە بەڕێکردووە! دیارە هۆکاری ئەو جۆرە کارنامەی حکومەتە دەگەڕێنمەوە بۆ زیرەکی و ئەزمونی هەردوو حیزبی پارتی و یەکێتی لە فریودان و لەخشتەبردنی حیزبەکانی تری بەشداربوو لە حکومەت، ئەمە ڕوویەکی، ڕووەکەی تری دەگەڕێتەوە بۆ هەڵپە و توێنویەتی حیزبەکان بۆ پۆست و پارە و ئیمتیازاتی دەسەڵات، کە وایان لێ‌هاتووە بەشداری حکومەتێک بکەن کارنامەکەی ڕەنگدانەوەی واقعی و زانستی قۆناغی ئێستای کوردستان نەبێت، بەڵکو تەنها بەرنامەیەکی پڕ لە بەڵێنی ڕۆژنامەوانی بێت بۆ هەر کات و شوێنێک بگونجێت.

**زۆربەی جار حزبە ئیسلامییەکان لەبەر مانەوە لە پۆستەکانی ناو حکــومەت و وەرگرتنی ئیـمتیازی بەشــداربوون لە حکومەت، بەڵێن و ڕێکەوتنە مەبدەئییەکانی چاکسازیی و بەرەنگاربونەوەی زوڵم و گەندەڵیان لەبیرکردووە.**

زۆربەی جار حیزبە ئیسلامییەکان لەبەر مانەوە لە پۆستەکانی ناو حکومەت و وەرگرتنی ئیمتیازی بەشداربوون لە حکومەت، بەڵێن و ڕێکەوتنە مەبدەئییەکانی چاکسازیی و بەرەنگاربونەوەی زوڵم و گەندەڵیان لەبیرکردووە. تەنها بۆ نمونە لە کۆبونەوەی هەردوو لیژنەی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیی (دادگەری) کوردستاندا بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتوون:

**تەوەری یەکەم:**

١- کارنامەی حکومەت سەرچاوە بگرێت لە بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستە براوەکان و پرۆژەکانی چاکسازیی هەموو لایەنەکان و دژایەتیکردنی گەندەڵی و بەرپاکردنی شەفافیەت و دادگەری، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی هاوبەش لەلایەنە هاوبەشەکانی حکومەتەوە پێکبهێنرێت.

٢- پشتیوانی دامەزراوەی پەرلەمان بکرێت وەک دامەزراوەیەکی یاسادانان و چاودێری بەشێوەیەک بتوانێت بەتەواوی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

٣- کابینەی نوێ بکرێتە حکومەتی دامەزراوەکان و دەستی حیزبەکان لە حکومەت دووربخرێتەوە.

٤- لە کابینەی هەشتەمدا هاوڵاتیبوون پێوەری ئەرک و مافەکان بێت.

٥- هەردوولا لەم بارودۆخەدا بانگەشە دەکەن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف و دوور لە سزا و فشار.

**تەوەری دووەم:**

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان هاوبەشی کابینەی هەشتەم دەبێت کە حکومەتێکی بنکەفراوانە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان.

ب- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە.

ت- بەرپرسی دەستەیەک.

پ- بەپێی قەبارەی خۆی لە جومگە و کایەکانی حکومەت هاوبەش دەبێت[١].

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم ڕێکەوتنە بکەین، دەبینین تەنها خاڵەکانی تەوەرەی دووەمی تایبەت بە پۆستەکان وەکخۆی جێبەجێکراوە و خاڵەکانی پەیوەست بەتەوەرەی یەکەمیش هیچیان جێبەجێنەکراوە و بگرە لەماوەی کارکردنی کابینەی هەشتەم خراپتریش بووە.

**سێیەم: پەیڕەونەکردنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو:**

هەرچەندە ئیسلامییەکانی کوردستان زۆر بەچڕی دروشمی «کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو» یان بەرزکردۆتەوە و بانگەشەشی بۆ دەکەن لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوە گشتی و تایبەتییەکانیان، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە کەم وایە لەکاتی بەشدارییان لە حکومەتەکانی هەرێم ڕەچاوی ئەو بنەمایەیان کردبێ، بەڵکو پێچەوانەکەشی کاریان کردووە.

---

1. (http://webalwand.6te.net/?paged=4)

ئیسلامییەکان لە کاروانی بەشداریان لە پێکهێنانی حکومەتەکانی هەرێم پۆستی وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەی زۆریان وەرگرتووە لە دامەزراوە جیاجیاکان، بەڵام ئەم پۆستانە لەلایەن کەسانێک پڕکراوەتەوە کە خاوەن شارەزایی و پسپۆری و ئەزموونێکی بەرچاو نەبوون بۆئەوەی بتوانن گۆڕانکاری و چاکسازی ئەنجامدەن لە دامەزراوەکانیان. بۆ ئەم شکستەش هۆکار زۆرن، گرنگترینیان:

١- بێ بەشکردنی ئیسلامییەکان -بۆ ماوەیەکی درێژ لە دوای ڕاپەرین تا ئێستا- لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵات بۆ وەرگرتنی پۆستی مامناوەندی (لە ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتییەوە بەرەو خوارترەوە) لە گشت دامەزراوەکانی هەرێم. ئەمەش بۆتە هۆی لەدەستدانی ئەزموون و شارەزایی بۆ بەڕێوەبردنی پۆستی باڵاتر لە هەرێم.

لەڕاستیدا ئەمە تەنها کێشەی ئیسلامییەکان نیە، بەڵکو کێشەی گشت کەسانی سەربەخۆ و ئەندامانی حیزبەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتییە کە تەنانەت بێ بەش دەکرێن لە بچووکترین پۆست لە دامەزراوەکانی هەرێم بەهۆی ئەندام نەبوونیان لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدا. ئەوە لەکاتێکدا پێویستە هەلی یەکسان برەخسێ بۆ هەر هاونیشتمانییەک لە هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێکی خوارتر لە وەزیر لەسەر بنەمای لێهاتویی و شارەزایی و خزمەتییەوە.

٢- بەهۆی ئەو مووچە و ئیمتیازاتە زۆرانەی خاوەن پۆستەکان وەریدەگرن؛ زۆر جار ئیسلامییەکان پۆستەکانی هەرێم بە غەنیمەت و دەسکەوت هەژمار دەکەن و چاو دەگێڕن بۆ ئەو کادیر و بەرپرس و خزمە نزیکانەی کە سوودمەند نەبوون لە پۆست و مووچەی خانەنشینی باڵا بۆئەوەی ئەو پۆستانەیان پێ پڕبکەنەوە بێ ڕەچاوکردنی لێهاتوویی و شارەزایی و سەقامگیری.

یان هەندێک جار ڕوویداوە کەسێکی نزیک لە بەرپرسە باڵاکانی حیزبە ئیسلامییەکان بۆ چەندەمین جار پۆستی جیاواز و لێکجودای پێدەبەخشرێ بەبێ ڕەچاوکردنی پیسپۆڕی و لێهاتویی بۆ ئەم شوێنە.

٣- نەشارەزایی و بەئاگانەبوونی زۆربەی پۆستهەڵگرە ئیسلامییەکان لە زانست و زانیاری بەڕێوەبردنی وڵات و دامەزراوەکانی و خۆپڕچەک نەکردنیان بە یاساکانی عێراق و هەرێم و ڕێنمایی و بڕیارەکانی وەزیر و حکومەتەکانی پێشووی خۆیان و پرس نەکردن بە کەسانی شارەزای دڵسۆز و خاوەن ئەزموونەکانی پێشەخۆیان.

من لێرەدا تەنها ڕوداوێک دەگێڕمەوە سەبارەت بەبێ ئاگایی وەزیرێکی ئیسلامی لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیراندا کە دەتوانین بڵێین بناغەی کاری حکومەتی هەرێمە لە گۆڕانکاریدا. چەند ساڵێک پێش ئێستا کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ وەزیرێک سەبارەت

بە ڕۆڵ و پێگەی وەزیر لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیراندا، لەوەڵامدا ئەو وەزیرە زۆر بەدڵنیاییەوە گوتی: ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆمان نەبووە تا لەسەری بڕۆین!

منیش گوتم: مامۆستا ئەنجومەنی وەزیران لە ساڵی ٢٠٠٦ وە خاوەن پەیڕەو و کاری پێدەکرێ و هەموو بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمیش لەوەوە سەرچاوە دەگرن...

٤- زۆربەی جار لە حیزبە ئیسلامییەکان، ئەو کەسانەی دەبن بە وەزیر و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی لە دامەزراوەکانی هەرێم وعێراق جگە لەوەی ناتوانن شتێکی جیاواز و گۆڕانکاریەکی کاریگەر لە دوای خۆیان بەجێبهێڵن، سەیردەکەین بزر دەبن و تەنانەت بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشیان جیا ناکەیتەوە لە بەرپرسی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، دەبینین ڕەفتارەکانی خۆدەوڵەمەنکردن و جیابوونەوە لە خەڵکی ئاسایی و گلەییکردن لە میللەت و دەنگدەر و پاساوهێنانەوەی ناڕاستەوخۆ بۆ کەموکورتییەکانی حکومەت، دەبنە سیمای سەرەکی ئەو پۆستهەڵگرانە.

هەربۆیە ئەو پۆستهەڵگرانە مەبەستە سەرەکییەکەیان لە وەرگرتنی پۆست لەبیر دەکەن و بەتێپەڕبوونی کاتێکی کەم ئامانج و بەرژەوەندی کەسییان لەلا زاڵ دەبێت و خەمی گەورەیان دەبێتە خۆدەوڵەمەندکردن یان چۆن سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی پارتی و یەکێتی لەخۆیان ڕازی بکەن! زۆرجار وەزیری ئیسلامی هەبووە دەسەڵاتی نەشکاوە بەسەر بەڕێوەبەرێکی گشتی یان بەرپرسێکی بچووکی ناو وەزارەتەکەی کە لەحیزبێکی تر بووە.

لە لێکەوتەکانی ئەم حاڵەتانە سەرسامبوونی پۆستهەڵگرە ئیسلامییەکانە بە بەرپرسەکانی پارتی و یەکێتی و دواتر وەکو دەرئەنجامێکی سرووشتی هەندێک لەوانەمان دیت بوون بە ئەندام و جێبەجێکاری ئەجێندای حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

کەچی لە مێژووی هاوچەخدا حاڵەتی جوان و پێچەوانەی ئیسلامییەکانی کوردستان بەدیدەکەین. بۆ نمونە کاتێک حەسەن تورابی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری ئاشت دەبێتەوە لەگەڵ سەرۆکی سودانی جەعفەر نومەیری، نومەیری هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەی تورابی و بەشداری لە حکومەتەکەی دەکاتە پێشمەرجی ئاشتەواییەکە و تورابی بە دووربینی و لێهاتوویی خۆی ڕازی دەبێت بە مەرجەکانی نومەیری و بەماوەی هەشت ساڵ (١٩٧٧-١٩٨٥)، تورابی توانی دەوڵەت و حکومەت و دامەزراوە سەربازیی و مەدەنی و ئابووریی و زانستی و پەروەردەیی و ئەمنییەکانی سودان بنکۆڵ بکات و بنکەی جەماوەری دەهێندە زیاد بکات.

٥- نەبونی لێپرسینەوە و سزا بەرامبەر وەزیر و پەرلەمانتار و بەرپرسە حکومییەکان:
یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی حوکمڕانی ڕەشید بریتییە لە هەبوونی لێپرسینەوە و

پاداشت و سزا بۆ بەرپرسەکان. ئەوە ڕاستە بۆ بەرپرسی دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەرپرسە حیزبیەکانیش.

پۆستهەڵگرە ئیسلامییەکانی هەرێم لە کەسانی ئاساییەوە بوونەتە کەسی گشتی و پێویستە بەدواداچوون بۆ ڕەفتار و گوفتارەکانیان بکرێتەوە لەلایەن دامەزراوە گشتیەکانی لێپرسینەوە؛ بەڵام لەبەرئەوەی لە کوردستان دامەزراوەی لێپرسینەوە و بەدواداچونەکان لەکارخراون لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە، بۆیە پێویستە لەلایەن خودی حیزبەکانیانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ. لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا یەک پەرلەمانتار و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم وعێراقی لە ئیسلامییەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە و پاداشت یان سزا نەدراون لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیان.

ئەمەش وادەکات هەڵەکانیان دووبارە بێتەوە لەداهاتوو.

هەندێک جاریش خودی پۆستەهڵگرەکە لاواز نیە، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی بەشداری حیزبەکەی لە پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش کاتێک پارتی یان یەکێتی حیزبێکی ئیسلامی لاواز بەکاردەهێنن دژی حیزبێکی تری ئیسلامی و چەندین پۆستی وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی پێدەبەخشن لە حکومەت بۆ لاوازکردنی پێگەی حیزبەکەی تر.

لەکۆتاییدا پێویستە پسپۆڕان و ڕۆژنامەنوسان و چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا ئازادەکان و...هتد ڕۆڵی خۆیان ببینن لە چاودێری و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئەو پۆستهەڵگرانە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی کاروانی پەیامەکەیان.

**لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا یەك پەرلەمانتار و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و عێراقی لە ئیسلامییەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە و پاداشت یان سزا نەدراون لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیان. ئەمەش وادەکات هەڵەکانیان دووبارە بێتەوە لەداهاتوو.**



د.عوسمان عەلی

# گفتوگۆی نووسەرانی عەلمانی لەسەر چەند پرسێکی ئیسلامی سیاسی

لە ساڵانی ڕابردوو گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر بیروتێروانینی ئیسلامییەکان کراوە، بەشێك لەو نووسەرانە بەڕاستەوخۆو بەناڕاستەوخۆ بوونی ئیسلامییەکانیان بە فاکتەری دەرەکی بەستووەتەوە، لەبەرانبەردا هەندێ لە نووسەرەکان پێیانوایە، فاکتەری دەرەکی ئەگەر هەشبێت، ئەو کاریگەرییە بەهێزەی نییە. هەوڵدەدەین لەم نووسینە تیشك بخەینە سەر بیروبۆچوونی بەشێك لەو نووسەرانە و ڕوانینیان بەرانبەر ئیسلامییەکانی کوردستان.

عەدنان ئەبوزید نوسەری کوردی سووری دەڵێت: ئەمڕۆ زۆر لە گەلانی ناوچەکە دەیانەوێ بیروباوەڕە ئاینەکانیان لە سایەی شەپۆلی ئایینی لەگەڵ خواستە سیاسییەکانیان بگونجێنن، ڕژێمێک پێکدەهێنن کە گوزارشت لەوە بکات، کورد لە دەرەوەی ئەو دیدگایە مەلە دەکات، ئەوانە کۆششی چڕ دەکەن هەتا هەستی نەتەوەی و ئایینی بەکارلێکی دووسەرە بەرهەمەکەی بچننەوە».

ئەبوزەید لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی عێراقی ئەیاد دەلیمی دەگێڕێتەوە، «کە کورد لە دەیەکانی سەدەی ڕابردوو بەدەست ئەو حکومەتانەی باڵادەستن بەسەرەوە چەوساونەتەوە، هەتا دوایی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٩١ سەرەتاکانی هەرێمی کوردستان دروست بوو، لێرەوە بزاڤی کورد خۆی بە پارێزەری بزاڤەکانی دیکەی نەتەوەیی دانا، ئەمەش وایکرد، کورد بە ڕووی ئەو ڕەوتە ئیسلامییانە بوەستێتەوە، کە پەرەیان سەندبوو». دواتر دێتە سەر قسەی دەلیمی لە چاوپێکەوتنێکی لە (ئاکانیوز) کە ئاماژەی بە جەدەلییەتی کارلێکی نێوان ئیسلامی – نەتەوەی کردووە، دەڵێت: «لەوباوەڕەدام ئەو دۆخە زۆر ناخایەنێ، چونکە لە کۆتاییدا کورد میللەتێکی مسوڵمانەوە لەو بزاڤە ئاینییانەوە نزیکە، کە پەیدابوون، دوایی دەروازەی تر نیە کورد دەکەوێتە ژێر کاریگەی تەوژمی ئیسلامی لەسەر حیسابی تەوژمی نەتەوەیی.»١

بەڵام نووسەرانی کورد لە بایەخی ئیسلامی سیاسی کوردستان کەم دەکەنەوە و دەڵێن، بڵاوبوونەوەی لەناو کورد زۆر کەمترە بە بەراورد لەگەڵ بڵاوبوونەوە لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بەهۆی کەڵەکەبوونی هەڵەکان لە مێژووی هێزە ئیسلامییە هاوچەرخەکان بایەخی جددی و گونجاویان بە مافی چارەنووسی گەلی کورد نەداوە و سنووریان بۆ ستەمی ئەو چوار وڵاتە ئیسلامییە دانەناوە، کە ستەمیان لە گەلی کورد کردووە، لەوبارەیەوە ئازاد عەلی نوسەری کوردستانی ڕۆژاوا دەنووسێت:»پارتە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرانبەر هەوڵەکانی گەلانی دەورووبەر لە بە زۆر تواندنەوەی شوناسی نەتەوەیی نەوەستاونەتەوە لە بەرانبەر شاڵاوی جینۆساید کە لەژێر ڕووخساری شەرع ئەنجام دراون و بێلایەن بوون، (وەک شاڵاوی ئەنفال دژی کورد لە عیراق) کە ڕەوتە ئیسلامییەکان زۆر دووربوون لە ناڕەحەتییەکانی کورد»٢

فاروقی حاجی موستەفا نوسەری کوردی چەپی سوریا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەڵێت: ڕەوتە ئیسلامییەکان دەروازەیان لەسەر خۆیان تەسک کردووە، یان لەسەر خۆیان داخست بەرانبەریان پەیدابوون و نەیانتوانی کارلێک بکەن لەگەڵ دیموکراتیەت، کە بووە بەشێک لە ژیانی سیاسی لە کوردستان، دوایی نەیانتوانی فەرهەنگی دیکە وەربگرن».

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە سوودیان لە ئەزموونی پارتە ئیسلامییەکانی وڵاتانی

دراوسێ وەرنەگرت، بۆ نمونە بە ئەزموونی (پارتی دادو گەشەپیدان) بەهرەمەند نەبوون، هەروەها حاجی مستەفا دەڵێ: «وەک سەرنجمان داوە کۆمەڵی ئەنسارولڵا – ئەو ڕێکخستنەی دوایی گۆڕا بۆ ئەنسار و سوننەی عیراقی – تەوێڵە و بیارە و ڕانیە و شوێنەکانی تریان کردە هاوشێوەی دەوڵەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان* کە لەو شوێنانە پیرۆزیی و یاسای ڕۆژئاوایی لێ پەیڕەو دەکرا، کە پەیوەندی بە ئیسلامییەوە نەبووە».

ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە لەسەر ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتە عەلمانییەکان، لەگەڵ ئەو پرسیارەی ئایا پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان شوێنی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) دەگرنەوە، لە ڕێبەرایەتیکردنی بزوتنەوەی کورد، هەروەک چۆن حەماس جێگەی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی گرتەوە لەسەرکردایەتی کردنی فەلەستینییەکان؟

لەوبارەیەوە دوو بۆچوون هەیە: بۆچوونی یەکەم دەڵێن ئەوە کارێکی بەکردەیی ئیسلامی سیاسی کوردی باڵادەست بوو، بەڵام بۆچوونی دیکە هەیە ئەمە دەبەستنەوە بە نوشستی عەلمانیەکانی کوردستان لە ئاستی خزمەتگوزاریی و پرۆژەکانی پەرەپێدان بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، ئەگەر ئیدارەی کورد هەروا دەستەوەستان بێ بەرانبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و کاروباری وڵات فەرامۆش بکەن، ئەوە ئیسلامییەکان گۆڕەپانی سیاسی کۆنترۆڵ دەکەن، بەواتایەکی تر ئەگەر ئەو دوو حیزبە باری بژێوی هاووڵاتیان چارەسەر نەکەن و کارنەکەن بۆ دابینکردنی پرۆژەکانی پەرەپێدانی گشتگیر لەسەر ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، (سنورێک بۆ گەندەڵی ئیداری دانەنێن، ئەوە ئایندە بۆ ئیسلامییەکان دەبێ)، بەڵام بۆچوونی دووەم تەواو پێچەوانەیە، دەڵێن ئەوەی ڕوویدا لە فەلەستین لە نێوان ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و حەماس بەراورد بکرێ لەگەڵ کوردستان هەڵەیەکی گەورەیە، ئەو دەرفەتەی لەوێ هەیە موزایەدەکردنە لە نێوان ڕێخکراوی ئازادیخوازی فەلەستین و بەتایبەت فەتح لەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و حەماسیش لەلایەکی ترەوە، ئەوە دیارە کە خواست و پرسەکانی شەقامی فەلەستینی جیاوازە لەگەڵ شەقامی هەرێمی کوردستان»٣.

ئازاد عەلی دەنوسێت: وا چاوەڕوان دەکرێ ئایندەی پەیوەندی نێوان کورد و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە زیاتر ڕوخساری تێکگیران و پێکدادان وەربگرێ، چونکە ئیسلامی سیاسی بە ئاشکرا بەسەر سێ وڵاتدا باڵادەستن کە کوردستان بەسەریاندا دابەش کراوە، وەکو ئێران (ئیسلامی سیاسی شیعی خومەینی) و ئیسلامی کاڵی لیبراڵی لە تورکیا (حکومەتی دادو گەشەپێدان) و هەروەها ئەوەی ئێستا لە عێراقدا هەیە بەدەست هێزە ئیسلامییەکانەوە بە شیعەو سوننەوە، واش چاوەڕوان دەکرێ لە سووریاش هێزە

سیاسییە ئیسلامییەکان کە ئێستا پێگەیان هەیە لە نهێنییەوە ببنە ئاشکرا، ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی ئێستا بەردەوام بێ یان نا دەگەنە دەسەڵات.

بەو هاوکێشەی ئازاد عەلی دیاری کردووە لە واقیعی سیاسی لە بابەت ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە پێ ناچێ کورد بگاتە مافی خۆیی و چارەنووسی سیاسی خۆی دیاری بکات و بەشێوەی فیدراڵی بێت یان سەربەخۆیی تەواو بە مافەکانی خۆی بگات. چونکە لە بەرنامە و قەناعەتی هێزە ئیسلامییەکان داننان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد نییە، بێجگە لە چەند بژاردەیەکی شەرمنانەی وەکو چارەسەر دادگەرانە بۆ گەلی کوردی مەزڵوم. هەتا ئێستاش گوتاری ئیسلامی گوتارێکی تیۆریی و خەیاڵییە، بەوشێوەی هەموو مسوڵمانان یەک دەوڵەتیان هەبێ، هەندێ لە توێژەران پێیانوایە، «ئیسلامی سیاسی کوردی هێزێکە نادیدە ناگیرێ، بەڵام بارودۆخی ئابووری تا ئەندازەیەک گەشەی ئیسلامی سیاسی دواخستووە، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان پەرەسەندنێکی ئابووریی و ئاسایشی سیاسی هەیە، بەڵام باڵادەستی سیاسی لە هەرێم لە دەستی ئەو دوو حزبە کوردییە دایە، (پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی). ئەم باڵادەستییە گیانی بەرەنگاری لای بزاڤی ئیسلامی سیاسی دروستکردووە، بەتایبەت سێ هێزە ئیسلامییە سەرەکییەکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی: کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان. لەگەڵ ئەوەدا ئەو بزووتنەوانە لە ڕابردوودا لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمە کوردییەکان و لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥و٢٠٠٩ سەرکەتوو نەبوون، بەڵام چاودێران لە کوردستان بۆچوونیان وایە، ئەو بزاڤ و ڕەوتە ئیسلامییانە بەشێوەیەکی گشتی فاکتەری گرنگن لە ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی لە هەرێم، بەتایبەت لە بەرانبەر ئەو گەندەڵییەی لە دامەزراوەکانی حکومەتدا هەیە، کە دەسەڵات لە نێوان کادیرانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا دابەشی کردووە.

مایکل ڕۆبن و دیڤید ڕۆمانو، کە دوو توێژەری ئەمەریکین لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیان سەبارەت بە پەرەسەندنی ڕەوتی ئیسلامی کردووە، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی ئەگەر ئەو دوو پارتە فەرمانڕەوایە گۆڕانگاری پەیوەست بە گەندەڵی ئیداریی و خۆفەرزکردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات نەکەن، ئەوە ئایندە بۆ ئیسلامی سیاسی دەبێ.٤

ڕۆمانۆ دەڵێ، (پارتی و یەکێتی) دەرکیان بەو گەندەڵییە کردووە و دەبێ خۆیانی لێ دەرباز بکەن، بەڵام ڕۆمانۆ دەڵێ: لەبارەی چاکسازییەوە زۆر سستن، بۆیە هەستێکی میللی فراوان هەیە بەوەی ئەگەر ئەوە گەندەڵییە پەیوەستە بە یەکێک لەو دوو پارتە چارەسەر نەکرێ، ئەوە ئایندەی نزیک و پێشبینی نزیک پێمان دەڵێ: خەڵک بە خێرایی

ڕوو لە ئیسلامییەکان دەکەن، بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ٥.

جێمس براندونی پەیامنێری ڕۆژنامەی (کریشسیان باینس مونیتەر)یش لە هەولێر هەمان بۆچوونی تویژەرە ئەمریکییەکانی هەیە . ٦

- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان:

هۆکارە ناوخۆیی و کاریگەری هێزە هەرێمییەکان.

هەندێک لە نووسەران بۆچوونیان وایە، دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پاڵپشتی هەندێ وڵاتی ناوچەکە لەپێناو لاوازکردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد، ئەوانی دیکە پێیانوایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەندەڵییە ئیدارییی و دەستەوەستانە سیاسیی و ئابوورییەی هەرێمی گرتۆتەوە لەسەر دەستی پارتە عەلمانییە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام خاوەنانی پرۆژەی ئیسلامی لە ناوچەکە بۆ خۆیان دەڵێن ئەم ڕابوونە بەشێکە لە ڕابوونی جیهانی ئیسلامی و دەگەڕێتەوە بۆ نووشستی ڕۆژئاوایی لیبراڵی و مارکسی... نووسەر هەیە دەڵێ: کۆمەڵێک فاکتەر هەبووە بۆ گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان.

توهامی عەبدولی نووسەر و توێژەری ئەنسرۆپۆلۆژی بەڕەگەز تونسی، دەربارەی بزاڤە ئیسلامییە کوردییەکان دەڵێت: نابێ زیادەڕەوی بکەین ئەگەر وامان دانا ئیسلام بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ڕووخساری بزاڤێکەوە بگۆڕی بۆ بزاڤێک، بەبێ سەرهەڵدانی نەتەوایەتی کوردی و دامەزراندنی دەوڵەت، چونکە هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە کوردستان پەیوەستن بە بزاڤی ئیسلامی جیهانی وەکو ئیخوان و قاعیدە و.... کە لای خۆیانەوە لایەنگرانیان لەسەر ئیسلامییەکی جیهانی ڕادەهێنن» ٧.

لە کۆڕێکدا کە بنکەی ڕووناکبیری کاوە بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر ئامادەی کردبوو، زنجیرە لێکۆڵینەوەی زانستی هەبوو بەناونیشانی «نوێبوونەوەی فیکری ئیسلامی» لە ساڵی ٢٠٠٨ دکتۆر محەمەد شەریف مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق، خوێندییەوە بەناونیشانی «نوێبوونەوەی فیکری کوردی و ئیسلامی سیاسی» جەختی کردەوە کە گفتوگۆ و ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بۆ باشترکردن و پەرەپیدانی فیکری نەتەوەییە، ئاماژەی بەوەدا هەڵوێستی سیاسی نەتەوەیی لە ڕابردوو ئیجابی بووە لەگەڵ ئەو ڕەوتە، «بەڵام لەگەڵ ئەوەدا» گرەنتی نییە لە داهاتوو وا بمێنێتەوە، چونکە پەیڕەوی لە مەرجەعیەتی دەرەوە و نێودەوڵەتی دەکات٨.

لەوبارەیەوە کتێبەکەی تەهامی عەبدولی»ئیسلامی کوردی لە خزمەتی هۆزایەتیدا» زاگرۆس عوسمان دەڵێت: «کورد دوا نەتەوە بووە لەناویدا ڕێکخستنی ئیسلامی سیاسی پەیدا بووە، هەتا ئێستاش ئەو ڕێکخستنە لەناو هەموو کورد پەیدا نەبووە، لاوازترین

ڕێکخستن و پێگە هی ئیسلامی سیاسییە». سەبارەت بە دواکەوتنی ئەو ڕێکخستنە لەناو « کوردانی عێراق و تورکیا دەڵێت: کورد دوودڵ نیە لە پیادەکردنی شەریعەتی خوا لەسەر زەوی هەتا پەلە نەکات لە پێکهێنانی پارتی ئیسلامی بۆ دروستکردنی دەسەڵاتی خوا و چاوەڕوانی مەهدی چاوەڕوانکراو. بەڵکو زیاتر دوودڵە لەمەڕ مافی نەتەوەیی و مرۆڤی دەستبەسەراگیراو، بۆیە ئیسلامی سیاسی کوڕی ژینگەی کوردی نییە، بەڵکو ئایدۆلۆژیایەکی خوازراوە، ئەو مەنهەجە هاتووە بۆ کوردەکانی عێراق بە ئامانجی خزمەتی ئەجێندای هێزە هەرێمییەکان، حکومەتی ئێرانی هەوڵیداوە شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئیسلامی لایەنگری خۆی بگوازێتەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، بۆیە ئاساییە ڕابوونی ئایینی کوردستانی عێراق سەرەتاکەی دروستکراوەی ئێران بن، هەتا لەڕێگەی ئەو ڕێکخستنە ئیسلامییەوە دۆست بۆ خۆی زامن بکات، لە شێوەی حیزبوڵڵای لوبنان، بەتایبەتی کە ناکۆکی هەبووە لەگەڵ ڕژێمی عێراقی لەناوچوو، دوایی لەگەڵ بوونی ئەمریکییەکان، کوردستانی دراوسێی ئێران بایەخی ستراتیژی – جیۆپۆلەتیکیی هەیە بۆ تاران، ئەمە سەرەڕای ئارەزووی ئێران بۆ باڵادەستی بەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق لەڕێگەی ئەو ڕێکخستنانەوە، ئەمە لێکدانەوەیە بۆ وەڵامی بۆچی پارتە ئیسلامییەکان دوای شۆڕشی خومەینی لەناو کوردی عێراق سەریانهەڵدا «٩.»

سەرۆ قادر بۆچوونی هاوشێوەی هەیە، یەکەم ڕێکخستنی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەگەڕێنیتەوە بۆ ١٩٨١، لەدایکبوونی ئەو ڕێکخستنەش بەهۆی هەوڵی گواستنەوەی شۆڕشی ئێرانی و شەڕی عێراقی – ئێرانییەوە بووە، بەڵام سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەڵامی ئەو تاوانبارکردنە دەداتەوە و، دەڵێت: گەلی کورد بەشێکی زیندووی ئومەتی ئیسلامییە، ئاساییە ئیسلامی بکەوێنە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی دەروووبەری خۆی، لە بازنەی ئیسلامی، هەروەک ئەمە بۆ پارتە عەلمانیەکانیش هەروایە، دەکەونە ژێرکاریگەری ڕووداوەکانی ئەوروپا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەندامی سۆسیالیزمی نێودەوڵەتییە، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ یەکێتی نیشتیمانی لە بڕیارەکانی پاشکۆی وڵاتانی ئەورووپیە، بەهەمان شێوە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەڕووی فیکر و ئاڵوگۆڕی بیرورا بەشێکە لە ڕێکخستنی برایان «ئیخوان»، هەروەها سەلاحەدین دەڵێ: «ئێمە نکۆڵی لە کوردستانیبوونی خۆمان ناکەین و موزایەدەی کوردایەتی لەهەر کەس و گرووپێکەوە بێ ڕەتدەکەینەوە، ئێمە ئەزموونی دیموکراتیمان قبوڵکرد و بەشداری هەڵبژاردنە دیموکراتییەکەی ساڵی ١٩٩٢مان کرد، بەئەنجامەکەی ڕازی بووین» (١٠)

هادی مەحمود نووسەری چەپ دەڵێت: بەگشتی سەرەتاکانی پەیدابوونی بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان سادە بووە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی دیموکراتیەتی سیاسی و

بێبەشبوونی جەماوەر لە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و بوونی پرسی نەتەوەیی و دوایی شەڕی قڕکردنی تەواوی میللەتی کورد لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەرانبەر گەلی کورد، کورد لەپێناو بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی ڕەوای خۆی خەباتی خوێناوی کرد. هەروەها هادی مەحمود دەڵێت: پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی بەرچاوە کە بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و شەڕی عیراق – ئێرانەوە بووە، بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دوای چەند ساڵێک دروست بوو. ١١

مشیل لیزبرغ نووسەری پۆلۆنی پسپۆڕ لە ئیسلامی سیاسی لە ناوچە کوردییەکان، دەڵێت: دەبێ پیاو بەوریایی و دوور لە سادەبینی و گشتاندن و پەیوەستکردنەوە بە هۆکاری دەرەکی ڕێگەچارە بۆ «گەڕانەوەی ئیسلام» لە کوردستان بکات، لەگەڵ ئەوەدا فاکتەری هاوبەش هەیە لە نێوان ڕابوونی ئیسلامی لە کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. (وەک خێرایی شارستانیەت و نەمانی کۆمۆنیستی، کاڵبوونەوەی مەزهەبە عەلمانییەکان، کاریگەی هەوڵەکانی برایانی مسوڵمان و شۆڕشی ئێرانی، کە پاڵنەری کاریگەر بوون).. هەندێ هۆکاری ناوخۆی تایبەت بە هەرێمیش هەیە، لە نەوەدەکان و دوای کشانەوەی ئیدارەی عێراقی لە کوردستان گۆڕەپانێکی فراوان بۆ کاری حیزبی دروست بوو، دەرفەت و دەروازەی زۆری جەماوەری کرایەوە بۆ کاری چاکەخوازی کە کۆمەڵە ئاینییەکان سوودیان لێ بینی، ئەمە سەرەڕای شەڕی چەکداری درێژخایەنی نێوان نەتەوەییە کوردەکان، ئەو هۆکارانە هەموویان ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەکردنی کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە ناوچەکە.

هەروەها (مشیل) لە ڕای هەندێ نووسەری کوردەوە ئەوەمان بۆ باس دەکات، کە لە سەردەمی شەڕی کەنداو و ئەوەی بەدوای خۆیدا هێنای، لە شەڕی حیزبەکان، بارودۆخێکی سەختی ئابووریی و کۆمەلایەتی دروست کرد، خەڵک ناچار بوون ڕوو لە گرووپە ئاینییەکان بکەن، ئەو گرووپە ئیسلامییانە کاری خێرخوازی زۆریان هێنابووەیە ناوچە کوردییەکان ١٢.

بەڕای زۆربەی چاودێران سەرەڕای گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لە کوردستان لەوانە چاودێری خستنە سەر قوتابخانە ئاینییەکان و ئیمامی مزگەوتەکان دوای نوێژ، لەگەڵ ئەوەش ئیسلامی سیاسی ژینگەیەکی گونجاوی بۆ ڕەخسا گەشە بکات، چاودێران ئاماژە بە گەندەڵی ڕێکخراوی بەرچاو دەکەن، لە حکومەتی کوردی کە دەرهاویشتەی سەرهەڵدانی هەژاری لێکەوتەوە و ئەمەش دەرفەتی بۆ گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی ڕەخساند لە ناوچەکە١٣.

پرۆفیسۆر دیڤید ڕۆمانۆ هاوڕایە لەگەڵ موشیل، کە نابێ لە هۆکارە دەرەکییەکان قورسایی زیاد لە پێوست بدەینە ئێران، چونکە کاریگەری ئێرانی بەسەر ئیسلامییەکانەوە زۆر جیاوازتر نیە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کاریگەری بەسەر پارتە کوردییەکانی

ترەوە، لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو پێگەی ئێران لە کوردستانی عێراق زیادی کرد، ئەو کاریگەرییە زیاتر فراوان بوو لەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان، هەندێ جار ئەو پاڵپشتییە لە لایەنی مەعنەوی و دیپلۆماسی تێدەپەڕی و دەبووە پاڵپشتی ماددی بەدرێژایی سنوورەکان یان وەکو پەناگە هاوکاری دەکران. پرۆفیسۆر ڕۆمانو جەخت دەکاتەوە (سەبارەت بە ئێران کەرەستەکانی بۆ پێگە و پاڵپشت وەکو یەک نەدەگەیاندە هەموو لایەنە کوردستانییەکان، بەڵکو ئامرازەکانی بەکارهێنانی بۆ پێگەی خۆی لە ناوچەکە بەجۆرێک بوو خزمەتی پرۆسەی سوودی خۆی بێ لەگەڵ ئەو لایەنە یان لایەنەکەی تر بۆ بەرژوەندی زیاتری ئێران، بۆیە پەیوەندی ئێران بە بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئامانجە، یان هەندێ جار وەکو چەک بەکاری دەهێنان بۆ پاڵپشتیکردنی پەیوەندی باشتر، لەوکاتەی دەیوست کاریگەی پێگەی خۆی زیاد بکات لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی١٤.

لەبەرانبەردا ئەمەریکا و سعودییە بە بەردەومی لە هەوڵدابوون مامەڵە لەگەڵ پێگەی ئێرانیدا بکەن، ئەمەش لەڕێگەی پشتگیریی و هاریکاری بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان، تەنانەت ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٨ەوە لە ڕۆژگاری کلینتۆنەوە ناوی بزوتنەوەی ئیسلامی خستبوویە لیستی پارتە عێراقییە دیموکراتییەکانەوە بۆئەوەی پاڵپشتی ئەمەریکی هەبێت بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام، لەگەڵ ئەوەدا هەندی جار پەیوەندییەکان تێکدەچوون، بەتایبەت کە مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستگیر کرا لەلایەن ویلایەتە یەککگرتووەکانەوە١٥.

لێرەدا هادی مەحمود هۆکارەکانی کورت دەکاتەوە بەوەی قەیرانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بەگشتی لە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت قەیرانی حکومڕانی کە کار کارگەیشتە شەڕی ناوخۆیی نێوان دوو هێزە سەرەکییەکەی ڕەوتی نەتەوەیی، بەمەش بەگشتی ڕەوتی نەتەوەیی نوشستی هێنا و ڕەوتی دیموکراتی چەپ نەیتوانی لە ڕێگەی بەگەڕخستنی کاریگەری جێگرەوە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە بێتە گۆڕەپانەکە، ئەمە بووە هۆی زیادبوونی چالاکی ئیسلامی سیاسی و لە ناوەندە میللییەکانەوە ڕوویان کردە ئەو ڕەوتانە، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری ماددی، کە بارودۆخی ژیان لە کوردستانی عیراق ناچاری کردبوون١٦.

ئاسۆ کەریم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، داهاتووی بزوتنەوە ئیسلامییەکان دەبەستێتەوە بە سەرکەوتنی ئەو دوو پارتە سەرەکییە لە هاوپەیمانیەتی ستراتیژی دوای یەکخستنی ئیدارە و دابینکردنی دیموکراتیەت و شەفافیەت و زاڵبوون بەسەر گەندەڵی، ئەگەر ئەمانە نەکرێ دەرەفەت واڵا دەبێ بۆ ئەو بزوتنەوانە پێگەی خۆیان فراوان بکەن.

هەر لەسەر ئەو بابەتە «جۆست هیلترمان» بەڕێوەبەری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کۆمەڵێک لە قەیرانە دەولییەکان کە بارەگاکەی لە برۆکسل»ە، دەڵێت: دوور نیە یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بگۆڕێ و ڕادیکاڵ نەمێنێ و هەتا زۆربەی ئەوانەی پەیوەندی پێوە دەکەن لە ئایندە بۆیان دەربکەوێ، بازنەی گرتنەخۆیی ئەو پارتە سنووردارە و لەوێوە بڕۆن بۆ لای گرووپە توندڕەوەکان».

ئەوەی ئاریشەیە بۆ ئەمەریکا ئەو مەیلەی هەیەتی بۆ بزوتنەوە ئسلامییە ڕادیکاڵیەکان زیانی گەورە بگەیەنێ بە هاریکاری کلاسیکی نێوان ئەمریکا و کورد. ئەمە لەکاتیکدا واشنتۆن بۆ هەموو زانیارییەک لەسەر ڕێکخستنە ئیسلامی و عەرەبیە توندڕەوەکان پشتدەبەستی بە پارتە کوردییەکان، ئاماژەی بەوە کردووە کوردەکانی عێراق لە ڕەگەزی جیاوازن، زمان و مێژوو و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە و جیایە لەگەڵ عەرەبی عێراقی، کوردەکان وەکو پرسێکی شەخسی مامەڵە لەگەڵ ئیسلام دەکەن. بەوە زۆر دەستوەرنەداتە کاروباری ژیان بەگشتی، بۆ ئەو جیاوازییەی لە نێوان کورد و دراوسێییەکانی دا هەیە لە عەرەب. «سارا کلیر» پسپۆڕ لە کاروباری کوردی لە زانکۆی «کینت»ی بەریتانی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کوردەکان ..» بەوشێوەیە نیە کوردەکان بەرەو پیری بانگەشەی بانگەوازە ئوسوڵییەکان بچن، بەتایبەت بانگەشەی ئیخوان» ئەمە وادەکات هێزی پارتە ئیسلامییە کوردییەکان لە بەرگری لە ئینتیما بۆ ئیسلام لەسەر حیسابی نەتەوەیی نەبێت، بەڵکو بۆ دابینکردنی بنەمای ئەخلاقی بێ بۆ بەرەنگاری پارتە عەلمانییەکان، کە بە گەندەڵی خراپی ئیدارە و ئابووری تاوانبارن، هەر لەوبارەیەوە محەمەد ئەحمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ: حزبەکەی دەنگی زیاتری هێناوە بەوەی پێنج کورسی مسۆگەر کردووە بۆ پەرلەمان لە کۆی ٢٧٥ کورسی، بەهۆی ئەوەی «ئێستا خەڵک باش حاڵی بووە لایەنگران و ئەندامانمان لە پەرلەمان گەندەڵ نین» ئەو شرۆڤەیە ڕاست دێتەوە لەگەڵ شرۆڤەی چاودێرە سیاسییەکان کە بەڕاستی قەناعەتیان وایە، بێ ئومێدی کورد بەرانبەر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان»وایکردووە خەڵکی دەنگ بدەنە پارتەکانی دیکە١٨.

تێڕوانینی ماددی بۆ لێکدانەوەی دیاردەی پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان خەسڵەتی مەنهەجیانەی مارکسی و بۆچوونی ڕۆژئاوایە بەگشتی کە پێیانوایە هوشیاری ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئابووری. ئەمە لەکاتێکدا هەیە لەو بڕوایەدایە، «پترۆ دۆلار» بەوردتر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە دوای شەڕی عەرەبی – ئیسرائیلی ١٩٧٣ هاندەربووە بۆ دیاردەی ئیسلامی سیاسی، یان نوشستی عەرەب لە ١٩٦٧. واتە نوشستی پرۆژەی نەتەوەیی ناسریی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هۆکاری پەرەسەندنی ئیسلامی

سیاسی بووە١٩.
فرید هاڵدای شارەزای بەریتانی لەوباوەڕەدایە ئیسلامی سیاسی بەرهەمی نووشستی پرۆژەی نوێگەری هەندێ لە ڕێکخراوە عەلمانییە ناکارامەکانی ناوچەکەیە٢٠، لەگەڵ ئەوەدا هەندێ لەو لێکدانەوانە بەشێک لە ڕاستی تێدایە بەڵام ناتەواون، چونکە گەڕانەوەی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی کورت ناکرێتەوە لە وڵاتانی عەرەبی یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیاردەیەکی جیهانییە لە بەنگلادیشەوە بۆ مەراکیش و لە ئەستەنبوڵەوە بۆ جاکارتا درێژ دەبێتەوە، بەبۆچوونی ئەوانەی خاوەنی پرۆژەی ئیسلامین دەگەڕێتەوە بۆ هوشیاری گەلانی مسوڵمان بەرانبەر ئایدولۆژیا و پرۆژەکانی دیکەی هاتوو لە ڕۆژئاوا کە نوشستیان هێنا لە بەڵێنەکانیان بۆ دابینکردنی ئازادی و پەرەپیدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی.
لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تەلەفزیۆنیدا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە نێوان سەرۆ قادر بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوکات و ئیکرام کەریم ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، سەرۆ قادر دەڵێت: پارتە ئیسلامییەکان شەرعیەتی مێژوویيان نیە، هەرێمەکە پێوستی بە ئەوان نیە، بە درەنگەوە هاتنە گۆڕەپانەکە. هەروەها دەڵێت: کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی مسوڵمانە و پێوستی بە پارتە ئیسلامییەکان نیە سەرلەنوێ بیانکاتەوە بە مسوڵمان، سەرکردایەتی پارتە عەلمانییەکان بە ئەرکی پاراستنی ئاکاری ئیسلامی هەڵدەستن، زانایانی ئاینی هەن و قوتابخانە ئاینییەکان و ڕێبازەکانی سۆفیگەری بەو ئەرکە هەڵدەستن، پارتە ئیسلامییە سیاسییەکان بۆ شەرعیەت بەخۆدان ئیسلامیان قۆرغکردووە، لەکاتێکدا ئایین هی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەیە، ئیکرام کەریمیش وەڵامی دەداتەوە بەوەی ڕەوتی ئیسلامی شەرعیەتی مێژوویی هەیە، ئیسلام لە سەرەتای بزوتنەوەی کوردایەتییەوە بزوێنەرێکی گرنگ بووە، مزگەوت و تەکیە هەموویان بەرگریان لە کورد کردووە، زۆربەی سەرکردە مێژوویيەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرچووی قوتابخانە ئیسلامییەکان و ڕێبازەکانی سۆفیگەری بوون. وەکو شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ سەعیدو..... هتد.
زانایانی ئیسلام لە شۆڕشی ئەیلول بەشداربوون لەگەڵ بارزانی، هەروەها پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە شەڕی بەرگری بەرانبەر حیزبی بەعسی دوژمن بە کورد بەشدار بوون، پارتی ئیسلامی پێداویستییەکی شەرعییە، دەبێ بڕواداران بەکارکردن بەشەریعەت وەکو ئایین و ئایدۆلۆژی بەشداربن لە چارەسەری کێشەی کۆمەڵگەی کورد، هەروەها ئەوانە پێویستییەکی نەتەوەیین و ئیسلامییەکانیش ئیسلامییەتی کەسیان ڕەفز نەکردووە و نەیانگوتووە ئێمە نوێنەرایەتی ئیسلامی دەکەین لە کوردستان٢١.

## سەرچاوەکان


١ـ عدنان أبو زيد تحليل: الكرد.. زهرة قوميهة تينع فى ربيع إسلامى
“http://www.aknews.com/ar/ aknews /29786/8
19:25 2012/03/25/0

٢ازاد أحمد على الحوار المتمدن-العدد: ١٨٨٢ - ٢٠٠٧ / ٤ / ١١ - ١١:٠١

٣ مستقبل الإسلام السياسى فى كردستان» الرأى الاخر العدد السادس.
2007/4/10، www.yek-dem.com/moxtarat=2007-4-17-6

4. Michael Rubin، “The Islamist Threat from Iraqi Kurdistan.”Middle East Intelligence Bulletin،December 2001. ; David Romano، “An Outline of Kurdish Islamist Groups in Iraq” . http://www.jamestown.org/uploads/media/Jamestown-RomanoIraqiKurds_01.pdf

٥( النور ملف نشوو صعود وانشقاقات ومستقبل الحركات الاسلامية الكردية) نقلا ٢٠٠٨/٠٦/٢٤ وطن للجميع.
http://www.wattan4all.org/wesima_articles/derasat-27395-20080624.html

6. James Brandon Pro-US Kurds eye nascent Islamic parties”The Christian Science Monitor ، July 2006 ،6URL: http://www.csmonitor.com/0706/2006/p07s-02woiq.html

٧ اسلام الاكراد، بيروت : دار الطليعة،٢٠٠٧، ص١٧٩.

٨ عفرين. نت - عربى - تجديد الفكر القومى الكردى #حلقة دراسية حول www.efrin.net/cms/.../index.php تشرين الاول (أكتوبر) ٢٠٠٨ – رابطة كاوا للثقافة الكرديه– اربيل: نظمت رابطة كاوا للثقافة الكرديهة بالتعاون مع رئاسة جامعه صلاح الدين»

٩، الإسلام الكردى فى خدمة القبيلة، عرض عوسمان زاكروس معهد الوارف للدراسات الانسانية، ٢٠٠٩.
http://www.alwaref.org/arab
ic/15-30-01-08-04-2009-132/11-00-02-26-02-2009

١٠ سەرۆ قادر: دين و سياسەت ،٢٠٠٠، ص٩٠-٩١.

١١ الحركات السياسية الإسلامية فى كردستان العراق. نظرة أولية».
www.althakafaaljadeda.com/295/malff4.htm
12 Michiel Leezenberg á POLITICAL ISLAM AMONG THE KURDS" University of Amsterdam Paper originally prepared for the International Conference 'Kurdistan: The UnwantedState، March 2001 ،31-29، Jagiellonian University/ Polish-Kurdish Society، Cracow، Poland http://home.hum.uva.nl/oz/leezenberg/PoliIslamKurds.pdf pp.26-25
13 David Romano، "An Outline of Kurdish Islamist Groups in Iraq" . http://www.jamestown.org/uploads/media/Jamestown-RomanoIraqiKurds_01.pdf P.15
١٤ (النور) تفتح ملف نشوء وصعود و انشقاقات و مستقبل الحركات الاسلامية الكردية نقلا ٢٠٠٨/٠٦/٢٤ وطن للجميع
http: //www.wattan4all.org/wesima_articles/derasat-27395-20080624.html
١٥ هەمان سەرچاوە.
١٦ «الحركات السياسية الإسلامية فى كردستان العراق. نظرة أولية»
www.althakafaaljadeda.com/295/malff4.htm - .
١٧- -Niqash العلاقة مع اسلامى كردستان، علاقه التظامن والصراع !www.niqash.org/articles/?id=١٩٤٥&lang.
18. James Brandon "Pro-US Kurds eye nascent Islamic parties"The Christian Science Monitor ، July 2006 ،6URL: http://www.csmonitor.com/0706/2006/p07s-02woiq.html
19. Perilous Power: The Middle East and U.S. Foreign Policy Dialogues on Terror Democracy، War، and Justice by Gilbert Achcar، Stephen R. Shalom and Noam Chomsky (Paperback - Oct 2008 20) pp.28-26
20. 1996 ،Fred Halliday Islam and the Myth of Confrontation London: I. B. Tauris
٢١ ـ سەرۆ قادر ، دین و سیاسەت ،ص ١٦١-١٧٦.





پ.د.ئاراس محەمەد ساڵح

# گەشەکردن و خەسڵەتەکانی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان

**لەگەڵ گەشەکردنی ڕابوونی نوێی ئیسلامی لە وڵاتانی ئیسلامیدا و دەرکەوتنی قوتابخانەی نوێی فکریی و ئاڕاستەی جیاواز لە وڵاتانی موسڵماندا، بە تایبەتی لە میسر و پاکستان و تورکیا، کوردستانیش لەو گۆڕان و پێشهاتانەدا بێکاریگەر نەبووە و لێرەولەوێ بەشێوازی جیاواز ئەو کاریگەرییە دەرکەوتووە، سەعیدی نووسی لە کوردستانی باکوور وەک ئاڕاستە و قوتابخانەیەکی نوێ کاریکردووە، مەلای گەورەی کۆیە هەرزوو کەتووەتە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕێفۆرمی ئیسلامیی و بەگژ ڕەوشی چەقبەستوویی ئایینی کوردستاندا چووەتەوە، شێخ محەمەدی خاڵ لە ڕێگەی نوسینەکانییەوە ڕێگەخۆشکەربووە بۆ ئەدەبیاتی نوێی ڕابوونی ئایندارییی و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی ڕابردوو، ڕەخنەگرتنی خاڵ لە ڕەوشی دینداریی و ئەو هەڵەوپەڵانەی تێکەڵاوی ئایینداری خەڵکی ببوو سەرەتا و زەمینەسازی باشبوو بۆ کارکردنی زیاتر لەو بوارەدا.**

ئەگەرچی هەریەکە لە مەلای گەورە و شێخ محەمەدی خاڵ لە هیچ ڕێکخراو و کارێکی ڕێکخستندا نەبوون، بەڵام بیرکردنەوە و نووسینەکانیان کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی توێژی ئایینداری نوێ و دەستپێکی قوتابخانەیەکی ئاینداری لە کوردستاندا بە بەرگوباوێکی تازەوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی بەرچاو ئاڕاستە و بیرکردنەوەی سیاسی و فیکری جیاواز لە کوردستاندا دەردەکەون و گەشەدەکەن، بیری چەپ و نەتەوەیی لە دیارترین ئەو ئاڕاستە فیکرییانە بوون کە کاری ڕێکحستن و ڕۆشنبیریی و فیکریان کردووە، ئاڕاستە نەتەوەییەکان لەبەرئەوەی لەناو ئەم نەتەوانەی دەوروبەردا تەنها کورد نەبووە بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و کێشەی نەتەوە و نیشتمانی هەبووە، لەبەرئەوە لە هەمووان بیانوویان بەهێزتربووە هەتا خەبات و کاری سیاسی بکەن.

ئاڕاستەی چەپیش وەک مۆدێلێکی سەردەست و ئیلهام وەرگرتنی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری وڵاتی شورەویی ئەو ڕۆژگارە، خۆیان بە فریادەڕسی گەلانی ژێردەست و بەشخوراو و توێژی کرێکار و جوتیار و ڕەنجدەر زانیوە، لەبەرئەوەی کوردستانیش گیرۆدەی دەیان دەردی دواکەوتوویی و نەخوێندەواریی و ئاغا و دەرەبەگ بووە، خەڵکێکی زۆر بەهیوای ڕزگاری ڕوویان لەم ئاڕاستە فیکریی و سیاسییە کردووە.

لە نێوان ئەو هەموو ئاڕاستە فیکرییە نوێیانە و گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی و فکریی و خوێندەواری لە کوردستاندا، لەگەڵ هەموو ئەو پێشهاتانەشدا ناوەندە ئاینییە تەقلیدییەکە نەیتوانیوە خۆی نوێ بکاتەوە و هەوڵبدات لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانەکانی کۆمەڵدا هەنگاوبنێ، هەتا هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش گوتاری خورافی و خەو و ئیسرائیلیات و کەرامەتی شێخەکان وەک مۆدێلی دینداری سەنتەر بووە.

لە ئاوەها بارودۆخێکدا ئاڕاستەیەکی نوێی دینداری لەنێو توێژی خوێندەواری نوێی کوردیدا دەرکەوتووە، ئەم ئاڕاستەیەش ئیلهامی فکریی و خوێندنەوەیان ئەدەبیاتی نووسەرە میصرییەکان و قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و برایانی موسڵمان بووە زیاتر، هەروەها کتێبەکانی ئەبوئەعلای مەودودی و نووسینەکانی سەعیدی نوورسی لە سەرچاوە هەرە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری ئاڕاستەی ئیسلامی کوردستان بووە.

هەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە شێخ محەمەد مەحمود صەواف و هاوڕێکانی چەند جارێک سەردانی کوردستانیان کردووە و وتاری گەرموگوڕیان پێشکەشکردووە، لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییان لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی کوردستان دروستکردووە، بەتایبەتی مامۆستایانی هەڵەبجە و دەوروبەری، ئەم سەردان و پەیوەندییانە بەهێزنربووە و مامۆستایانی هەڵەبجەش سەردانی بەغداد و موصڵیان کردووە و هەتا کار گەیشتووەتە

کاری ڕێکخراوەیی و ڕیکخستن.

هەرچەندە ژمارەیەک مامۆستای ئایینی بوونەتە ڕووخسار و ڕووی دەرەوەی کاری ئیسلامی نوێ، بەڵام قوتابیی و هاوکار و گوێگرانیان زیاتر لە توێژی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان بوون، چونکە ناوەندە دینییەکە هێشتا قۆناغی ڕابردووی تێنەپەڕاندبوو، بیری دەروێشی و پارێزگار بوون و ڕۆیشتن لەسەر ڕچەی باوی ئایینداری کرۆکی بیرکردنەوەیان بووە.

جگە لە پەیوەندی زانایانی موصڵ و بەغداد و سەردانەکانیان بۆ کوردستان، چوونی ژمارەیەک قوتابی زۆر بۆ زانکۆ و پەیمانگاکانی عێراق و  پەیوەندییان لەگەڵ ژینگە عەرەبییەکە و مامۆستایان زانکۆ، کە بەشێکی زۆریان دەرچووی زانکۆکانی میصر بوون و ببوونە ئەندام و لایەنگر و هەواداری ئاڕاستە ئیسلامییەکانی میصر، ئەم قوتابیانەش کە کاریگەربوون بۆ بیری ئیسلامی نوێ توانایەکی مرۆیی و فیکری باش بوون کاتێک بە بڕوانامەی زانکۆوە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی برایان و نووسینەکانی مەودودیدا ژمارەیەک لە مامۆستایان جگە لە دەرس و بازنەی پەروەردەیی ڕێکخراو، دەستیان داوەتە قەڵەم و چوونەتە بواری نووسین و ڕۆشنبیرییەوە، چونکە لەو ڕۆژگارەدا ئاڕاستە فیکرییەکانی تری کوردستان لە هەوڵی زۆری نووسین و بڵاوکراوەدا بوون، کتێب و گۆڤار بازاڕی گەرم بووە.

سەرەتا مامۆستا عەبدولعەزیز پارەزانی لەژێر تێز وبیر و نووسینەکانی مەودودیدا لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە نووسین کردووە، کتیبەکانی (خێزانی بەختیار و کۆمەڵی کامەران) و (لە دەروازەی ئیسلامەوە) ی نووسیوە، لە حەفتاکاندا هەردوو بەرگی کتێبی (ژیانی پێغەمبەری مەزن)ی چاپ و بڵاوکردووەتەوە، کتێبی ژیانی پێغەمبەر هەوڵێکی ناوازە و نوێ بووە بە زمانی کوردی، هەتا ئەو ڕۆژگارەش خەڵکی پێغەمبەریان لە ڕێگەی مەولودنامەکانەوە ناسیبوو، ئەوانیش پڕبوون لە شتی شاخ و گوێدار کە دەمێک بوو سەردەمیان بەسەرچووبوو.

هەر لە حەفتاکاندا مامۆستا صەلاحەدین محەمەد بەهادین کتێبی (لەسەرە ڕێی کاروانی باوەڕا)ی بڵاوکردووەتەوە، ئەو کتێبە هەندێ چیرۆکی ئیمانی ئەدەبی بەرزن، خوێنەر لەسەر گیانی شۆڕشگێڕیی و نەترسان و ئازایەتی پەروەردە دەکەن، ئەم چیرۆکانە کاریگەرن بە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی ئەو ڕۆژگارەی چەپەکان کە زیاتر جەختیان لەسەر گیانفیدایی و قوربانیدان و گیانی شۆڕشگێڕی دەکردەوە.

نووسینەکانی مامۆستا محەمەد مەلا صاڵحی شارەزووری قۆناغێکی نوێ بوون لەو

ڕۆژگارەدا، ئەو نووسینانەی شارەزووری ئیسلامی لە وەعز و دەروێشییەوە هێناوەتەوە ناوەندە فیکریی و سیاسیی و فەرهەنگییەکە و بەشێوەیەکی مەیدانی هەڵگرانی بیری ئیسلامی چوونەتەوە مەیدانی ململانێی فیکریی و سیاسی، کتێبەکانی (ڕێکەوت لە تەرازووی ژیریدا)، (فرۆید لە تەرازووی ژیریدا) و (داروین لە تەرازووی ژیریدا)دا وەرچەخانێکی گەورەی ناوەندی فەرهەنگیی و ڕۆشنبیریی ئایینداری بووە لەو کاتەدا.

لە هەشتاکاندا ژمارەیەکی تری بەرچاو نووسەری دەرکەوتن، وەرگێڕانەکانی مامۆستا فاروق ڕەسوڵ یەحیا بۆ نووسینەکانی سەعیدی نوورسی هەنگاوێکی گرنگ و ئاڕاستەیەکی نوێی بیرکردنەوەی ئیسلامی بە ناوەندە ئیسلامییەکە ناساند، هەروەها نووسینەکانی مامۆستا حەبیب محەمەد سەعید و ئەحمەد کاکە مەحمود و دەیان قەڵەمی بەپێزی تر جوڵەیەکی نوێی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری ئیسلامییان بەرهەمهێنا.

> **لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەر پارت و ڕێکخراوێک لە کوردستاندا دروست بووبێت کێشەی کوردی کردووە بە ناسنامە و بەرنامەی کاری خۆی.**

بزاڤی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان هەر لەسەرەتاوە بە ئاڕاستەیەکی گونجاو دەستیپێکردووە و هەنگاوی ناوە، ئەوەش وایکردووە ئەم ئاڕاستە نوێیە لەناو فەزای بیر و ئایدیا سیاسییە جیاوازەکاندا بڕواتە پێشەوە، لێرەدا دەتوانین گرنگترین ڕووخسار و تایبەتمەندییە بەهێزەکانی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە، لەوانە:

**یەکەم**/ هەڵگری گوتاری نوێ و جیاواز لەوەی باوبووە: لەبەرئەوەی ئەم بزاڤە لەناو توێژی خوێندەواری نوێی زانکۆ و پەیمانگاکانەوە دەرکەوتووە و گەشەی کردووە، توانیویەتی دیدێکی نوێ و بیرکردنەوە و گوتارێکی سەردەمیانە بەرهەم بهێنێ، کتێبەکانی مامۆستای پاڕەزانی و شارەزووریی و چەندانی تر بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەم بۆچوونەن و پێشتر لە ناوەندی گوتار و نووسینی ئاییندا ئەم جۆرە نووسین و ئەدەبیاتە نەبووە.

**دووەم**/ زانکۆ و پەیمانگاکان دەبنە ناوەندی بڵاوکردنەوەی بیری ئیسلامی نوێ: ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو قوتابی ڕوویان لە زانکۆکانی بەغداد و موصڵ و شارەکانی تری عێراق کردووە، ئەگەر ئەو ناوەندە زانستی و مەعریفیانە بۆ بیروباوەڕەکانی تریش

شوێنێکی گرنگ بوویێت، ئەوا بۆ بیر و ئاڕاستەی ئیسلامیش گرنگی زیاتری هەبووە، تێکەڵاوبوون و بە زمانی عەرەبی و شارەزابوون لە ڕۆشنبیری عەرەبی هەنگاوێکی زۆر باشبووە بۆ گەشەکردنی هۆشیاری ئیسلامی، هەروەها لەژێر کاریگەری ژمارەیەک مامۆستای زانکۆی هەڵگری بیری ئیسلامی نوێ، ژمارەیەک لەم قوتابیانەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیر و ئەندێشەی ئەوان.

**سێیەم**/ لەڕێگەی نووسین و بڵاوکردنەوە: هەرچەندە نووسین و کتێب چاپکردن لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا زۆر سەخت و دژوار بووە، بەهۆی سەرکوتکردن و تۆقاندن و چاودێری بەعسەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگ و ڕێگریانەشدا ژمارەیەک نووسەر بە لێبڕان و گوێنەدان بە هاتووچۆی ڕێگای بەغداد و سەردانی فەرمانگەی چاودێری ڕۆشنبیریی و دەیان بەربەستی تر، بە ماندووبوونێکی زۆر چەندین کتێبی بەپێز و بەنرخیان نووسیوە و چاپ و بڵاویان کردووەتەوە، ئەو کتێبانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و لە کۆکردنەوەی دەیان و سەدان قوتابی و خوێنەر و ئاشناکردنیان بە ڕابوونی ئیسلامی نوێ.

**چوارەم**/ توێژی گەنجی خوێندەوار: یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ڕابوونی نوێی ئیسلامی بەشی هەرزۆری ئەندام و لایەنگرەکانیان توێژی گەنج و قوتابی و دەرچووی زانکۆ بوون، ئەم توانا مرۆییە سامانێکی گەورە و قەڵایەکی بەهێزبوون بۆ کاری بانگەواز و ڕێکخراوەیی، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆبوونەوەی هەزاران گەنجی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و دەرکردنی چەند گۆڤارێک و بوونی کەناڵی ڕاگەیاندن لەلایەن لایەنە ئیسلامییەکانەوە ببووە جێگەی سەرنج و هەڵوەستەکردنی لایەنە جیاواز و هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە.

**پێنجەم**/ پێکەوەگرێدانی خەمەکانی نەتەوە و ئایین: هەر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەر پارت و ڕێکخراوێک لە کوردستاندا دروست بوویێت کێشەی کوردی کردووە بە ناسنامە و بەرنامەی کاری خۆی، لەبەرئەوەی کورد خاوەن پرسێکی نەتەوەیی بووە کەس ناتوانێت لە کوردستاندا کاربکات ئەگەر ئەو پرسە نەکات بە خەمی خۆی، ڕابوونی ئیسلامیش لە یەکەم ڕۆژی دەرکەوتنیەوە میللەتی کوردی وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراو ناساندووە و هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو ستەمەشی بە ئەرکی شەرعی و ئایینی خۆی زانیوە و سڵی لە باسکردنی نەکردووەتەوە.

**شەشەم**/ کارکردن لەسەر پەروەردە و بنیاتی خێزان: بیری ئیسلامی نوی ئاڕاستەیەکی سیاسی ڕووت نەبووە و تەنها کار لەسەر یەک وەتەر بکات، بەڵکو کارێکی هەمەلایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ساسی بووە، سەرەتا زۆر جەختیان لەسەر دروستکردنی

تاکی پەیامدار و ئیماندار کردووەتەوە، پاشان دروستکردنی خێزانی پابەند بە بنەما ئیسلامییەکانەوە، دواتر کارکردن و بۆ هۆشیاری کۆمەڵایەتی و چارەسەکردنی کێشە سیاسییەکان، ئەمە یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی ڕابوونی ئیسلامی نوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕابوونی ئیسلامی خاڵی بەهێزی زۆری هەبووە، بێگومان وەک هەرکارێکی مرۆیی بەدەر نەبووە لە خاڵی لاواز، بەتایبەتی گەشەکردنی بزاڤ و بیرێکی نوێ لەژێر دەسەڵاتی سیستەمیکی دیکاتۆری تاکڕەوەی وەک بەعسدا بەشێوەیەکی سروشتی گەشەناکات، گرتن و ڕاونان و کۆچکردن، بەرنامە و بیرکرنەوە و پەروەردە تێکدەدات، زۆرجار ئەو ئاڕاستە فیکرییانە ناچار دەبن پەنا بەرنە بەر ڕژێم و لایەنێکی لەوەیان خۆیان خراپتر، هەروەها ئەو گرتن و ڕاونانانە جگە لەوەی توانایەکی زۆری کارکردن لەبار دەبات، زۆرجار ڕێگاخۆش دەکات بۆ چوونە پێشەوەی کەسانی نەشیاو، بێگومان ئەو باردودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ڕابوونی ئیسلامی کوردستانی تیدا لەدایکبووە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەکردنی هەبووە، لە کاریگەریانەش لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:

**یەکەم**/ ناچاربوونی کۆچی ئەندامانی ڕابوون بۆ وڵاتانی دەروبەر: بەهۆی داپۆڵسین و تۆقاندنی بەعسەوە بەشێک لە مامۆستایان و ئەندامانی ڕابوون ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ وڵاتانی دەروبەری عێراق، ئەم کۆچ و دوورکەوتنەوەش کاریگەری هەبووە لە سستبوون درەنگ گەشەکردنی ڕابوونەکە.

**دووەم**/ تێکەڵاوکردنی کاری ئیسلامی بە هەندێ کێشەی بنەماڵەیی و خێزانی و ناوچەیی: هەندێ لەو بنەماڵە ئاینییەکان کە چووبوونە ڕیزی ڕابوونی ئیسلامییەوە جۆرێک لە حەساسییەت و خودپەسەندی لە نێوانیاندا هەبووە، لەدوای ئەوەی چوونەتە ناو ڕیزی کاری ئیسلامییەوە، ئەو حەساسییەتەی بنەماڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا تیکەڵاوی پرۆژە ئیسلامییەکە کردووە، هەتا کار گەیشتووەتە جیابوونەوە و دروستکردنی حیزبی جیاواز. یەکتر نەخوێندنەوە و خۆپەسندی جۆرێک لە سەنگەری جیاواز و دژایەتی یەکتر و تۆمەتی ناڕەوای خستووەتە ناو کار و پرۆژە ئیسلامییەکە و توانایەکی زۆری دەعەویی و کاری سیاسیی و گەشەکردنی توانای سیاسی ئیسلامی بەهەدەرداوە، هەتا کار گەیشتووەتە ئەوەی ژمارەیەک لە کەسە بە تواناکان ناچار بوون بچنەوە ماڵی خۆیان و دابنیشن.

**سێیەم**/ کەوتنە ناو گێژاوی شەڕی ناوخۆ و ململانیی چەکدارییەوە: لەدوای ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی وەک هێزێکی بەرهەڵستکار چەکی هەڵگرتووە و بەشداری خەباتی سیاسی و سەربازی دژی بەعس کردووە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لەو شەڕە کوشندە

ناوخۆییە لابدا کە لە ساڵی ١٩٦٤ وە جەستەی کۆمەڵی کوردەواری ئەکرۆژێ.

مەخابن شۆڕشی چەکداری کوردستان بەهۆی دەستێوەردانی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە و ڕیکنەکەوتنی سەردارانی کورد بەهۆی کێشەی بنەماڵەیی و ناوچەییەوە، دەیان خولی شەڕی ناوخۆی کردووە و هەزاران گەنجی هەژاری لەپێناوی هیچدا بە کوشتداوە و وڵاتیان وێرانکردووە، پەتای شەڕی ناوخۆ مێژووی بزاڤی ڕزگاری کوردی لەکەدارکردووە، ئیسلامییەکانیش نەیانتوانی خۆیان لەو شەڕە بەدناوە بپارێزن و بوونە بەشێک لەو مێژووە ناڕەوایە.

چوارەم/ هەڵپەی چوونە ناو پەرلەمان و وەرگرتنی پۆست: لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، هەرچەندە بەرەی دژی دوو حیزبی دەسەڵات هەبووە و فراوانبووە، بەڵام هەتا ئێستا یارییەکی سیاسی خراپ لە کوردستاندا دەکرێت، قۆرخی بڕیاری سیاسیی و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و ناڕوونی داهاتی وڵات ڕۆژبەڕۆژ لەلایەن دوو حیزب و کۆمپانیاکانیانەوە خراپتر دەبێت.

هەرچەندە پەرلەمان بووەتە جێگەی مووچەی زۆر و خانەنیشی چوار ساڵ جارێکی ئەندامەکانی، هیچ کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکی و چاودێری حکومەت نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەر خولێکدا ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حیزبە ئیسلامییەکان سوودمەندبوون لەو بەشدارییە پەرلەمانییە و لە کاری ئیسلامی دوورکەوتوونەتەوە، تەنانەت ژمارەیەکیان لە کەناڵەکانی حیزبەکانی دەسەڵاتەوە بە باڵای ئەواندا هەڵدەدەن.

پێنجەم/ هەر لەپێناو پۆست و پلەی زیاتردا بە واجیبەکردنەوەی واعیزە تەقلیدییەکان: هەرچەندە سەرەتایەکی کاری ئیسلامی بە ململانێی فیکریی و بڵاوکردنەوەی کتێبی فیکری دەستپێکردووە، هەتا نەوەدەکانیش ئیسلامییەکان دەزگای ڕۆشنبیریی و گۆڤاری باشیان هەبووە، بەڵام مەخابن ئەو قۆناغە تەمەنی کورت بووە، جارێکی تر بۆ کۆکردنەوەی دەنگی ڕەشە خەڵکەکە دەیان واعیزی بێ فیکریان هێناوەتە سەر کەناڵەکانیان و بە گێڕانەوەی خەو و چیرۆکی ناڕاست و قسەی بازاڕی، جارێکی تر گوتاری ئیسلامییان گەڕاندووەتەوە بۆ وتارە خورافییەکانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەگەر لە ترسی هەڵای ڕاگەیاندن نەبێت باسی دنیا لەسەر پشتی گاڕەشە دەکەنەوە.


شەشەم/ زوو ماندووبوون و پاشەکشە لە مەیدانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری: ئەو گوڕ و تینەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تەمەنی کورتبوو، ئەو ئیرادەی نەوەدەکان لە دەرکردنی گۆڤاری باش و هیمەتی ململانێی فیکریی و کۆڕەکانی نووسەران زوو پاشەکشەی کرد و جارێکی تر تەوژمە ئیسلامییەکەی گەڕایەوە سەر


ئەصڵە کۆنەکەی خۆیی و کەوتە بازاڕ گەرمکردنی گوتاری وەعزیی و نووسینی بێ فیکر و نەمانی کۆڕ و دەرسە پەروەردەییەکان.


لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کارو بیری ئیسلامی نوێ بووەتە بەشێک لە پێکهاتە و بیرکردنەوە و کەلتووری کوردی، وەک سروشتی کۆمەڵی مرۆیی چۆن بەبێ کار و بیرکردنەوە و جوڵەی سیاسی و فەرهەنگی و مەعریفی نابێت، بێگومان لە ئێستا و دوارۆژیشدا هەموو جوڵە و گۆڕان و پێشهاتەکان بێ کاری ئیسلامی ناگوزەرێ.

## سەرچاوەکان


١. محەمەد مەلا صاڵح شارەزووری، گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ، چاپی یەکەم ، ١٩٧٤.
٢. محەمەد مەلا صاڵح شارەزووری، سروشت لە تەرازووی ژیریدا، چاپی یەکەم، ١٩٧٧.
٢. محەمەد مەلا صاڵح شارەزووری، ڕێکەوت لە تەرازووی ژیریدا، چاپی یەکەم، ١٩٧٥.
٣. محەمەد مەلا صاڵح شارزووری، فرۆید لە تەرازووی ژیریدا، چاپی یەکەم، ١٩٨٥.
٤. محەمەد مەلا صاڵح شارەزووری، داروین لە تەرازووی ژیریدا، چاپی یەکەم، ١٩٨٢.
٥. عبدالعزیز پارەزانی، ژیانی پێغەمبەری مەزن، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٧٤.
٦. عبدالعزیز پارەزانی، خێزانی بە ختیار و کۆمەڵی کامەران، چاپی یەکەم، ١٩٧٥.
٧. صەلاحەدین محەمەد بەهادین، لە سەرەڕێی کاروانی باوەڕا، چاپی یەکەم، ١٩٧٣.
٨. ئیدریس سیوەیلی، ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.



د. ئیدریس کاریتانی

# چی بکەین؟

**بۆ هەموو کار و هەنگاوێکی مرۆڤ نەتیجە و دەرئەنجام و بەرهەم گرنگە. هەروەها پێوەری بەرەوپێشچوون و پاشەکشە ئەوەیە تۆ چەندە توانای ئیدارەدانی باشت هەیە، لەهەمانکاتدا دونیا دوای شۆڕشی زانیاریی و تەکنەلۆژیا، هەروەها داهینانی فکری عەولەمە و جیهانگیری خێرایی و گەشەیەکی گشتکیری بەخۆوە بینیوە، دەتوانم بڵێم لەوەتەی مرۆڤ هەیە لەسەر زەوی ئەم خێراییە بەخۆوە نەبینیوە، خێرایی لە ئیدارەدان و ژیان وایکردوە ئامراز و ئالیەتی سەرجەم بەشەکانی پەیوەست بە ژیان گوڕانکارییان بەسەردا بێت، ئەگەر بەهەمان ڕەوڕەوەی سەردەم نەڕۆی بێگومان لە تەواوی سێکتەرەکانی ژیان دوا دەکەویت.**

کاری سیاسەت و حیزبایەتیش وەک ئامراز و ئالیەت بۆ هەر سەردەم و شوێن و کاتێک گۆڕانکاری بەسەردا دێت، پێویستی بەداهێنان و دیدگا و پرۆژەی جیاواز هەیە، چونکە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی چەترە بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی و سیکتەریی کۆمەڵایەتی، ئەم دوو سێکتەرەش کاکڵ و بنچینەی هەموو کۆمەڵگایەکن، وەک قول هانس مورغنتاو دەڵێت: (السیاسه: صراع من أجل القوه والسیطره)[1] واتە: سیاسەت ململانێیە لەپێناو هێزو زاڵبوونی دەسەڵات. کەواتە نەتیجە ئەوەمان پێ دەڵێت کێ لە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەدان بەهێز بێت، خاوەنی ئابوورییە و کلیلی کۆمەڵگاشی بەدەستە.

جاران هەر حیزب و پارتێکی ئیسلامی لۆکاڵی و ناوچەیی دروست دەبوو، پرۆژە و هەنگاوەکانی ناوچەیی و لۆکاڵی بوون، کاریگەری جیهانی لەسەر نەبوو، کەواتە پێویستی بە ئامراز و ئالیەت و دیدگا و پرۆژەی ناوچەیی هەبوو، ئێستا کە دونیا گۆڕاوە ئیسلامییەکان بەهەمان ئالیەت و دیدگا و پرۆژە و میکانیزمی پێشوو کاردەکەن، هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەر شێوازی کارکردنیاندا نەهێناوە، بۆیە پاشەکشە و دواکەوتنیان حەتمییە و هیچ مەجالی تێدا نیە.

## چی بکەین باشە؟

بەشێکی زۆر لە تاکی فکریی و ڕۆشنبیر و کەسایەتی ئیسلامی و گرووپ و دەستە و تەنانەت لەڕێگەی گرووپەکانی ئەلیکترۆنی خەریکی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەن، بەڵام ئەوەی بەندە لە هەندێکیان بەشدارە و لە هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراس گوێبیستی دەبم، هیچ یەک لەم پێشنیاز و بیرکردنەوە و بۆچونانە برینی قوڵی پاشەکشە و گۆڕینی ئالیەت و ئامرازی پرۆژەی ئیسلامییەکان چارەسەر ناکات. بۆچونەکان بەسەر چوار چۆر دابەشبوون:

بەشی یەکەم: پێی وایە هەرئەوەندە دەکرێت و ئەوەی کراوە زۆریشە، ئەوەی بڵێت ئێمە لەپاشین، یان وەک پیویست نین، ئەمە لای ئەوان حاڵی نەبووە، پێویست ناکات گوێی لی ڕابگیرێت.

بەشی دووەم: کۆمەڵێکن خەریکی بەرژەوەندیخوازی خۆیانن، شوێنێکیان بۆ خۆیان گرتووە، هەر گۆڕانکارییەک بێت پیشەکەی لەدەست دەدات و لێی تێک دەچیت، ئەمەیان هەر زۆر دژە بەگۆڕینی ئالیەت و ئامرازی کارکردن.

جۆریی سێیەم: هەموو هۆکارەکان دەخاتە ملی بەرامبەر، دوو مەترێک لە خۆیانی دوور دەخاتەوە، دەڵێت هێز و پارە و پول لای دەسەڵاتە، ڕێمان پێ نادەن بەئازادی

---

١. بڕوانە: السیاسه بین الامم ، هانس مورغنتاو، لا ١٣.

خۆمان کار بکەین، ئەگەر نا هیچ تاوانمان نییە.

بەشی چوارەم: نوخبەیەکی ڕۆشەنبیر و دڵسۆز و عاقڵ بەهۆی ڕەخنەی بونیاتنەر دوورخراونەتەوە یان دوورکەوتوونەتەوە، ناڕازین بەم ئالیەت و ئامرازەی کارکردن، دوورکەوتوونەتەوە لە خەمی ئەم حاڵەتە، دەزانن بەم شێوازە کار ناچێتە پێش و ڕۆژ بەرۆژ خراپتر دەبێت، دان دەنێن کە ئەم حالەتە ئەم جۆرە حیزبایەتییە بەم شێواز و ئالیەتە ناتوانی لەگەڵ سەردەم بڕوات و بەجێ دەمێنێت. لێرە ئەوەی پێویستە بکریت، چەند هەنگاوێکمان وەک حاڵەتی فریاکەوتن پێویستە، بۆئەوەی ئیسلامییەکان جڵەوی ئەم سەردەمە بگرنە دەست.

## یەکەم: ئامراز و ئالیەتی ئومێد و دیگای گەورە لە ئاستی سەردەم.

لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئومێد و دیدگای گەورە و تموحاتی فراوان و گشتگیرە، وەک خاوەن تەماشای حاڵی کوردستان بکرێت، چونکە عەلمانییەکان بازرگان دەرچوون بە نیشتیمانەوە، پیغەمبەر (د.خ) سەرەتای دەعوەی لە غەزوەی ئەحزاب هەر چوار دەوری گیرابوو دەیفەرموو: (فَإِنِّي حِينَ ضَرَبْتُ الضَّرْبَةَ الأولَى رُفِعَتْ لِي مَدَائِنُ كِسْرَى وَمَا حَوْلَهَا، وَمَدَائِنُ كَثِيرَةٌ، حَتَّى رَأَيْتُهَا بِعَيْنَيَّ! قَالَ لَهُ مَنْ حَضَرَهُ مِنْ أَصْحَابِهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ : ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَفْتَحَهَا عَلَيْنَا وَيُغَنِّمَنَا دِيَارَهُمْ!. فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ- صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – بِذَلِكَ .

قال: « ثُمَّ ضَرَبْتُ الضَّرْبَةَ الثَّانِيَةَ فَرُفِعَتْ لِي مَدَائِنُ قَيْصَرَ، وَمَا حَوْلَهَا، حَتَّى رَأَيْتُهَا بِعَيْنَيَّ!

قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ: ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَفْتَحَهَا عَلَيْنَا وَيُغَنِّمَنَا دِيَارَهُمْ ...

فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ– بِذَلِكَ

« ثُمَّ ضَرَبْتُ الثَّالِثَةَ فَرُفِعَتْ لِي مَدَائِنُ الْحَبَشَةِ، وَمَا حَوْلَهَا مِنْ الْقُرَى، حَتَّى رَأَيْتُهَا بِعَيْنَيَّ!.[١]).

ئەمە تموحاتی قائیدە. تموحاتی بچووک بچووک کاری ئیسلامی کوشتووە، تۆ هەر ڕەخنەیەک بگری دەڵێن بابە ئەدی ئەوە نیە تەحفیزی قورئانمان کردۆتەوە، لەبری ئەوەی بڵێت هەموو کوردستان دەبێ ئێمە خاوەنی بین و ئێمە ئیدارەی بکەین.

عَلى قَدرِ أَهلِ العَزمِ تَأتي العَزائِمُ ・

وَتَأتي عَلى قَدرِ الكِرامِ المَكارِمُ ・

وَتَعظُمُ في عَينِ الصَغيرِ صِغارُها ・

وَتَصغُرُ في عَينِ العَظيمِ العَظائِمُ..

---

١. أخرجه النسائى فى ((السنن الكبرى)) (٨٨٥٨)، والرويانى فى ((المسند)) (٤١٠)، والبيهقى فى ((دلائل النبوه)) (٤٢١/٣).

## دووەم: ئامراز و ئالیەتی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی.

دیارە هەندێ حەقیقەت هەیە دەبێ وەک زانست بیزانین، ئەوەی پێی وایە دەعوە بەهێز دەکات بەبێ بەهێزکردنی چەتری سیاسی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی! ئەمەیان لە خەیاڵ دەژی. هەروەها ئەوەی بڵێت من کۆمەڵگا دەپارێزم لەلادان و خراپەکاری، بەبێ دەستگرتن بەدەسەڵاتی سیاسی ئەمەشیان هەر لە خەیاڵدا دەژی، هیچ ئالیەت و ئامرازێک نیە لە دونیا بتوانێ -گۆڕانکاری جەزری لە کۆمەڵگا بکات، بەبێ چەتری سیاسی. ئەگەر بەهێز بوو چەتری دەعوە و کۆمەڵگەش بەهێز دەبێت، هەرکات چەتری سیاسی لاواز بوو، چەتری دەعوە و کومەڵگەش لاواز دەبێت، گۆڕانکاری گەورەی پیغەمبەر(د.خ) بەئامراز و میکانیزمی سیاسی نوێ و سەردەمیانە بوو بۆیە جیهانی گۆڕی، ڕۆژئاوا و شارستانیەتی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانیاری ئێستای ڕۆژئاوا، شۆڕشی فەڕەنسی بوو هەموویان بەگرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی بەرهەم هات.

بابەتێکی تر هەیە لەوانەش گرنکتر، ئەویش دەبێ بزانین سیاسەت کردن واتە گەیشتن بە دەسەڵات و کارکردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، هەر پارتێکی ئیسلامی هەوڵی گرتنەدەستی دەسەڵات نەدات و پرۆژە و ئامراز و ئالیەتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات نەبێت، ئەوە یان ئەوەتا سیاسەت کردنەکەی وەک پیشە تەماشا دەکات، نەک ئامانج، یان لە سیاسەت کردن تێنەگەیشتووە.

## سێیەم: ئامراز و ئالیەتی ململانێی گوتارەکان.

ئامرازێکی تر بۆ ئەم سەردەمە، سیاسەت واتە شەڕ و ململانێ گوتارەکان، دەبێ سیاسی ئیسلامی میکانزمی گوتاری سیاسی جیاواز بێت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، گوتار یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی سیاسەتکردن، گوتاری سیاسی ئێمە لە ساڵەکانی هەشتاکانەوە هەر هەمان گوتار و ئامۆژگاری و قسە نەقڵ کردنە. ڕاڤەکردنی هەندێک ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)، وەک مامۆستایەکی ئایینی ئامۆژگاریکار قسە دەکات، نەک گوتاری سیاسەت و دیپلۆماسییەت و گرتنەدەستی دەسەڵات و سیستەمی ململانێ فکری، ئیسلامییەکان گوتاریان بەئامادەکراوی هەیە! بەڵام پارچە پارچە کراوە و تیکەڵ بە بانگراوندی مەدرەسە جیاوازەکان بووە. تووشی ئەزمە هاتووە، جاری وا هەیە یەک حیزبی سیاسی بەدەست کێشەیەکی فیقهی دەناڵێنێ، پێی چارەسەر ناکرێت.

جاخەڵک بیر لەوە دەکاتەوە گوتارێکی ئیسلامی نەتوانێ لەنێو خۆیدا یەک کێشەی فیقهی چارەسەر بکات، چۆن توانای هەیە کوردستان بەڕێوە ببات، کەواتە میکانزمی گوتاری سیاسی ئیسلامی لە ئەزمەیەکی قوڵدایە.

تێبینی: (بۆیە میکانیزمی وردم لێرە باس نەکردووە، چونکە بەپێی گوتاری سیاسی

و ئومێد و ڕووئیاکان میکانیزم و ئالیەتی کارکردن دەگۆڕدرێت). واتە: ئالیەت و ئامراز بەرمەبنای دیدگا و ئومێد و گوتارە.

لەکۆتاییدا، شێوازی ژیان و پێداویستی تاکەکانی کۆمەڵگە گۆڕاوە- هەر سەردەم و زەمانێک تاکەکان پێویستییەکانی ژیانیان دەگۆڕدرێت، ئەگەر حیزبی سیاسی نەتوانێ لە قەدەر پێداویستییەکانی خەڵک بێت، بەپێی سەردەم میکانیزمی کارکردنی نەگۆڕێت، بێگومان دوادەکەوێت، میکانیزم و هەنگاوەکان چۆن بن باشە؟

٢- ئامراز و ئالیەتی سیاسی پێویستە بگۆڕدرێت هەر لە ناوەکەوە هەتا ناوەرۆکی.

٣- دروستکردن و داهێنانی کاری نوێ و تازە بە پرۆژە و ئامراز و میکانیزمی سەردەمیانە و جیاواز، لەوانەیە بڵێین خەڵک تاقەتی لە هیچ نەماوە، ئەم بۆچوونە بۆ ئەوانە ڕاستە کە شتی تازە دروست دەکەن، بەهەمان ئالیەت و میکانیزمی پێشوو و تەقلیدی، بڕوانە ڕۆژئاوا تائێستاش شتی تازە دروست دەبێت بەدوو ساڵ دەگاتە حوکم، بەڵام تەقلیدی نیە و پێداویستی کۆمەڵگەی پێیە، هەڵگری قەزییەی خەڵکە.

٤- لێکجیاکردنەوەی دام و دەزگا پیشەیی و دەعەویی و پەروەردییەکان لەسەر ئەساسی پسپۆڕی ورد و تەخەصوصی، هەروەها بەدامەزراوەیی کردنی سێکتەرە جیاوازەکانی حیزب.

٥- میکانزمی داڕشتنی فکریی تەکامولی بۆ گۆڕانکاری، کاری گۆڕانکاری پرۆسەیەکی زۆر قورسە، بەتەنها سیکتەر و گرووپێک ناکرێ و ئەستەمە، بەڵام ئەگەر پرۆژەی گشتکیر و تەکامولی هەبێت، هەموو تاک و ڕێکخراو و حیزب و کەسایەتی بەشدار بن، پرۆسەکە خێرا دەکات و دەگاتە ئامانج.

٦- شێواز و میکانیزمی هەرەمی لە بەڕێوەبردنی حیزب باوی نەماوە، حیزب بەرەو بڕیاری تاکڕەوی دەبات، دەبێت میکانیزمی دامەزراوەیی لەگەڵ لیژنەی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان خاوەندارێتی بکات. ئەوەی ئێستا هەیە بە فەلی و بێ پلان دابەشکراوە بەبێ بوونی پسپۆڕی.

٧- میکانزمی ڕێکخستنی تاک تاکەی حیزبی نەماوە لە جیهانی عەولەمە و سۆشیال میدیا، ئەم ئالیەت و ئامرازە تیپەڕیوە، دونیای سۆشیال کاری حیزباتیشی گۆڕیوە، پێویستە لە ڕێگەی میدیاکان گوتار و پرۆژەی گشتکیر و هەمەلایەنی سیاسی هەبێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان.

٨- خزمەتی مرۆڤ بەگشتی بەشێکی ئەساسی لەسەر کەوتنی هەموو پرۆسەیەک، هەروەها لە بەجێ نەمانی لە کاروانەکە، ئینجا ئەم خزمەتە لەڕێی خزمەتگوزارییە سەردەمییەکان بێت، یان لەڕێی بەهێزکردنی لایەنی فیکر و زانیاری، یان ماف و ئەرک و دادپەروەری بێت.

# بابەتی گشتی



# مەولانزادە ڕەفعەت بەگ




د.هێمن عومەر خۆشناو

مەولانزادە ڕەفعەت کوڕی (عەبدولڕەحمان ناجم[1])ی نووسەر و کەسایەتی دیاری کوردە، ئەوان لە بنەماڵەیەکی دیاری شاری سلێمانین، کە بە محەمەد بەگ یان مەولانزادە ناسراون. لە ساڵی ١٨٦٩ لە ئەستەنبوڵ لەدایکبووە. دەربارەی ژیانی منداڵییەکەی زانیاریی ئەوتۆ لەبەردەست نین. ئەوەندە هەیە ناوبراو مەکتەبی حقووقی شاهانەی خوێندووە. کەسایەتییەکی ناودار، ڕۆشنبیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار بووە. بەڕێوەبەری کارگێڕیی ڕۆژنامەی (سەربەستی) بووە، کە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە کوردێک سەرپەرشتی کردبێ و ئەو ڕۆژنامەیەش نزیکەی دوازدە ساڵان بەردەوام بوو و بە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەژمێردرا.

مەولانزادە ڕەفعەت دوای ئەوەی خوێندنەکەی تەواو دەکات ماوەیەک لە قەڵەمی مەتبووعات کاری کردووە، لەبەر لێهاتووییەکەی بۆ قەڵەمی تەحریراتی موتەسەریفییەتی (بەیۆگلۆ) گوازراوەتەوە و دواتر لە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی (سنۆپێ) دامەزراوە. لەسەر شکایەتی موتەسەریفی سنۆپێ لە ڕۆژی ٢٢ی ئابی ١٨٩٥ دەستگیرکراوە و ماوەیەک هەر لە سنۆپی بەندکراوە و دواتر بڕیاری دوورخستنەوەی دراوە بۆ شاری چۆرمێ و لەوێوەش بۆ شاری قەیسەری. بەگوێرەی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان مەولانزادە ڕەفعەت تا مانگی ئازاری ١٩٠٥ لە قەیسەری بەندکرابوو، ئەمەش بە تۆمەتی ئەوە بوو کە ناوبراو لە محەمەد ڕەشادی برای سوڵتان عەبدولحەمیدەوە نزیکە، بۆیە دوازدە ساڵان سزای بەندکردنی بۆ دەرچووبوو. هەر لەبەر ئەوەش سزای دوورخستنەوەیان دا ئەمجارەیان بۆ شاری سەنعای یەمەن. بەڵام دیار نییە کەی لە قەیسەرییەوە ڕەوانەی سەنعا کراوە و ئەو ماوەیە بۆ ئەو ڕۆژگارێکی زۆر ناخۆش بوو، ئەمەش لە نووسینەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

دوای ئیعلانکردنی مەشرووتییەتی دووەم کە لە ٢٤ی مانگی تەممووزی ١٩٠٨ بوو، لێبوردنێکی گشتیی دەردەچێ و مەولانزادەیش وەک زۆر کەسی تر دەکەوێتە بەر ئەم لێبوردنە. هەروەک خۆی دەڵێ: کە ئازادکراین وەک هەرکەسێکی تر دەمانویست زوو بگەینەوە ئەستەنبوڵ کە لەبەر تاریکیی ئیستیبداد خۆشییەکانمان ون کردبوون. هەر لە ڕێگا دەمانگوت ئەگەر سوڵتان عەبدولحەمید لە پۆستەکەی خۆی بمێنێ، ئەوا بۆ داهاتووی وڵات مەترسییەکی زۆر گەورەیە و ئەو مەترسییە ئێمەش دەترسێنێ.

---

١. لە یەکێک لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری (خاڵ)دا بەدرێژی وتارێکمان لەبارەی ژیان و بەرهەمی (عەبدولڕەحمان ناجم) نووسیوە.

ئامانجیشمان ڕووخاندنی دەسەڵاتی عەبدولحەمید بوو.

دوای ئەوەی دەگەنە ئەستەنبوڵ، ئەو دیمەنە سیاسییانە باس دەکات و دەڵێت: هەر کە گەیشتینە ئەستەنبوڵ، بەرپرسەکانی ئیتتیحاد و تەرەقی لەناو مەستی و سەرخۆشیی ئینقلابدا بوون.

دوای ئەوەی گەڕایەوە، ئیدی دەست بە خەباتی ئۆپۆزسیۆنبوون و سیاسەت دەکات، لەوبارەوە دەڵێت: سەرەتا ئێمە لەگەڵ دوورخستنەوەمان یەکترمان گرت، بۆیە لەگەڵ سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری قسەمان کرد، پێشنیازی ئەوەمان کرد یەکێتییەک لە ویلایەتەکانی ئەرمەن دروست بکەین.

ئەو کەسانەی دوورخرابوونەوە، کۆمەڵەیەکیان دروست کرد بەناوی جەمعییەتی فیداکارانی میللی، بە هاوڕێیەتی حەسەن فەهمی ئەو کۆمەڵەیە دادەمەزرێ و لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٠٨ دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (حقوق عمومیە) چاپ دەکەن، دوای ماوەیەک مەولانزادە ڕەفعەت دەبێتە مەسئول مودیری ڕۆژنامەکە و تا ژمارە شەست لەو کارە بەردەوام دەبێ. ئەو خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ، لەبەرئەوەی کەسانی بیانی و نەناسراو کەوتنە نێو جەمعییەتەکە، بۆیە ئێمە لەو جەمعییەتە جیابووینەوە و دەستمان کرد بە چاپکردنی ڕۆژنامەی (سەربەستی).

وەشانی ڕۆژنامەی (سەربەستی) لە شانزەی سەرماوەزی ١٩٠٨ یەکەم ژمارەی بڵاودەبێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە دوای نۆزدە ڕۆژ ڕۆژنامەی (کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی)یش بڵاودەبێتەوە. مەولانزادە دەبێتە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی سەربەستی. ڕۆژنامەکە هەر لە ژمارە یەکەوە ئەوەی تێدا نووسرابوو، کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە بێ جیاوازیی ڕەگەز و مەزهەبەکانی عوسمانییان خزمەتی هەمووان دەکات.

لەبەر بیری بەرەنگاریی و ئۆپۆزسیۆنبوون لە هەمبەر ئیتتیحاد و تەرەقیدا، ڕۆژنامەی سەربەستی ڕەخنەی زۆر توندی دەگرت و بەوهۆیەوە زۆر جار هەڕەشە لە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە دەکرا، تا کار گەیشتە ئەوەی لە شەشی نیسانی ١٩٠٩ دا حەسەن فەهمی بەگی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە لەسەر پردی گەلاتای ئەستەنبوڵ تیرۆر بکرێ. چەند ڕۆژ دوای ئەوە ڕووداوەکانی ٣١ی ئادار دەنگیاندایەوە و بەوهۆیەوە هێرشەکان بۆ سەر مەولانزادە تیژتر بوون و دیوانی حەربی عورفی سزای دە ساڵ دوورخستنەوەی بۆ مەولانزادە دەرکرد و بەوهۆیەوە ناوبراو ناچار بوو ڕووبکاتە وڵاتانی بیانی.

مەولانزادە بە ناچاری ڕوودەکاتە وڵاتی میسر و بە پێنج ڕۆژ ڕێبواریی سەفەر

دەگاتە قاهیرە و لەوێ نەخۆش دەکەوێت و لەبەر نەخۆشییەکەی ناچارە ڕووبکاتە ئەسینا. ئەو کاتەی لە ئەسینا دەبێت، دادگای عورفی بڕیاری گرتنی مەولانزادە دەردەکات. بۆیە ناوبراو دوای ماوەیەکی کورت دەچێتە پاریس و لەوێ سەردانی (شەریف پاشا) دەکات و شەریف پاشاش ئەو کاتە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی ئەوسا بوو و ئەو ساڵە بوو کە لە پاریس حزبێکی دامەزراندبوو بەناوی پارتیی عوسمانیی چاکسازیی بنەڕەتی. مەولانزادە لەوێ دەبێتە ئەندامی پارتەکە و بۆ بڵاوکردنەوەی جارێکی دیکەی ڕۆژنامەی سەربەستی، لەگەڵ شەریف پاشا پەیماننامەیەک دەنووسن کە لە دوازدە بەندان پێکهاتبوو، پەیمانەکە زیاتر لەسەر تەمویل و خەرجیی و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە بوو. بەوشێوەیە (سەربەستی) لە پاریس هەفتانە دەردەچوو و سێزدە ژمارەی لەوێ لێ چاپکرا. دوای ئەوە لەبەر هەندێ ناکۆکیی، شەریف پاشا واز لە پشتگیریی ڕۆژنامەکە دەهێنێت و بەو جۆرە ڕۆژنامەکە لە چاپکردن دەوەستێت.

دوای وەستاندنی ڕۆژنامەی سەربەستی، مەولانزادە ڕوودەکاتەوە میسر و لەوێ سەرلەنوێ هەوڵ دەدا جارێکی تر چاپی ڕۆژنامەی سەربەستی دەستپێبکاتەوە. بۆیە هەتا مانگی شوباتی ١٩١٠ حەوت ژمارەی تر لە ڕۆژنامەکە چاپ دەکات و دووبارە چاپەکەی ڕادەگیرێ. ئەمجارە ڕوودەکاتەوە پاریس و لەوێش چوار ژمارەی تر لە ڕۆژنامەکە چاپ دەکات و ئەمجارەش چاپەکەی دەوەستێ و ئیدی بۆ جاری سێیەم دەگەڕێتەوە میسر.

دووبارە مەولانزادە لە میسرەوە ڕوو دەکاتەوە یۆنان و دوای چەند مانگێک مانەوە، دەچێتەوە ئەستەنبوڵ، هەر کە دەگاتەوە ئەستەنبوڵ بە بڕیاری دیوانی عورفی دەکەوێتە بن چاودێری ناچاریی و دەینێرنە شاری بورسا. دوای ماوەیەک گۆڕانکاریی لە حکومەت ڕوودەدات و ئیتتیحادییەکان لە حکومەت دەکشێنەوە و حکومەتی نوێ بڕیاری لێبوردن دەردەکات و مەولانزادەیش دەکەوێتە بەر ئەو لێبوردنە گشتییە و ئازاد دەبێ و دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ.

سەرلەنوێ بۆ مەسەلەی چاپکردنی (سەربەستی) تێهەڵدەچێتەوە و سەردانی وەزارەتی ناوخۆ دەکات تا مۆڵەتی چاپکردنەکە وەربگرێتەوە، بەڵام وەزارەت مۆڵەت نادات. دوای هەندێک گۆڕانکاریی دەستووری، لە ٢٩ی تەمووزی ١٩١٢ جارێکی تر چاپی ڕۆژنامەی سەربەستی دەستپێدەکاتەوە، بەڵام زۆر درێژە ناکێشێ و لە ١ی ئەیلوولی ١٩١٢ بە بڕیارێکی سیاسی ئەو ڕۆژنامەیە لە چاپکردن ڕادەگیرێ.

دوای ساڵی ١٩١٣ گۆڕانی فکریی و کەسیی لە ژیانیدا ڕوودەدەن و ئەو لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا و لە ساڵی ١٩١٣ لەگەڵ (نورییە عولوییە) ژیانێکی تازە پێکدێنن. ئەو

خانمه ژنێکی چالاک بووه و له کۆمەڵەی پاراستنی مافی ژنان کاری دەکرد و لەگەڵ هاوەڵەکانی گۆڤاری (قادنلر دونیاسی/ جیهانی ژنان) یان چاپ دەکرد.

له سەرەتادا مەولانزاده هزر و ڕامانی لەسەر یەکێتیی خاکی عوسمانی بوو، بەڵام دوای ساڵی ١٩١٣ ئیدی هزری نەتەوایەتی له کەللەی دەدا و دەگاتە ئەو بڕوایەی لەنێو ئەو ڕەفتاره توندوتیژەی ئیتتیحادییەکان، تەنیا سەربەخۆبوونی وڵاتی کوردان دەبێ ئامانجی سەرەکیی هەر کوردێک بێ، بۆیه بەو ئامانجه دەست به خەبات و تێکۆشان دەکات. بۆیه تێکەڵی بزاڤ و کۆمەڵه کوردییەکان دەبێ و یەکەمجاریش نامەیەک بۆ گۆڤاری (هەتاوی کورد) دەنووسێ و وەڵامی (عەبدوڵڵا جەودەت) دەداتەوه و دەڵێ: ئێستا کاری سەرەکیی ئێمه ئەوەیه ئێمەی کورد بۆ خۆمان به دوای چارەسەری مەسەلەی خۆمان بچین، ئەوانەی مافی میللەتی خۆیان نازانن، ئەوانه دواکەوتوو و بێ ڕۆحن و لەناو میللەتەکەیان بەجێ ماون، ئێمه دەبینین که هەموو میللەتان بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن ئەڵقەیەکی نەتەوەییان بۆ خۆیان دیارکردووه، بۆیه دەبێ پێش هەموو شتێک ئێمه ئامانجی خۆمان دیاربکەین و دەست به ئامادەکاریی بکەین بۆ پێشکەوتنی کوردستان.

مەولانزاده جارێکی تر دەیەوێ بیر له دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کورد بکاتەوه، بۆیه لەگەڵ (ئەمین عالی بەدرخان) یەکەمین پارتی سیاسی بەناوی (پارتیی ڕادیکالی گەل) دادەمەزرێنن و لەگەڵ برادەرەکانی بەشداری (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) دەبن و خۆیشی دەبێته ئەندامێکی چالاکی ئەو کۆمەڵەیه که لەبن سەرۆکایەتیی (سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) بوو. جارێکی دیکه دەست به چاپکردنی ڕۆژنامەی سەربەستی دەکەنەوه و ئەمجاره وەک زمانحاڵی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان دەست به وەشانی خۆی دەکات. ئەگەر چی هەموو ژمارەکان ئێستا لەبەر دەست نین، بەڵام ژمارەی کۆتاییەکەی ژماره ٦٠١ ه و مێژووی ٢٥ی نیسانی ١٩٢٠ی لەسەره و ساڵی دوازدەمینی چاپکردنەکەیەتی.

دوای دروستبوونی کۆمار، بەشداری بزاڤی کوردیی ساڵی ١٩٢٥ دەبێت و دواتریش مەولانزاده پەیوەندیی به کۆمەڵەی خۆیبوونەوه دەکات. پێشتریش له ساڵی ١٩٢٢ ئەستەنبوڵ بەجێ دەهێڵێت و بەرەو یۆنان دەکەوێته ڕێ و دواتر دەچێته سووریا و لەوێ له شاری حەلەب نیشتەجێ دەبێ. لەوێش لەگەڵ ڕێکخستنه کوردییەکان پەیوەندی دەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ (کۆمەڵەی خۆیبوون) چالاک دەبێ و بەوهۆیەوه له هەواڵگریی ئینگلیز و فڕەنسییەکان دا حیسابێکی تایبەت بۆ مەولانزاده کراوه و چاودێری کراوه.

ئەو پیاوه زانا و ڕۆشنبیره له ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٠ دا له تەمەنی ٧١ ساڵیدا له حەلەب کۆچی دوایی دەکات.

**مەولانزادە ڕەفعەت لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و کۆماری تورکیادا**

لەنێو بەڵگەنامەکاندا و لە گەلێک شوێندا ناوی مەولانزادە هاتووە، تەنیا ڕێکەوت و بابەتەکان لەبارەی ناوبراوەوە ئاماژە پێدەدەین:

-لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٩٢٥/٦/١١ی لەسەرە، باس لە مەولانزادە ڕەفعەت و چەرکەس ئەدهەم دەکات کە سوریا جێدەهێڵن ئەم پەیامەش لە کونسوڵی تورکیا لە حەڵەبەوە هاتووە[١].

-چەرکەس ئەدهەم ئەو کاتەی لە حەلەب بووە دوو کەسی ناردووەتە ئورفا و لەگەڵ مەولانزادە ڕەفعەت داوای یارمەتییان لە کونسوڵی ئینگلیز لە بەیرووت کردووە. بەڵگەنامەکە مێژووی ١٩٢٥/٧/٧ی لەسەرە.[٢]

-لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٢٨/١١/٢٨ی ڕۆمی لەسەرە، نامەیەکی مەولانزادە ڕەفعەت هەیە کە تێیدا باس لەوە دەکات لەبەر ئەوەی لەگەڵ خاوەن خانووەکەی کێشە هەبووە و ٩٠ لیرە کرێیەکەی ماوە، بۆیە دەست بەسەر چاپخانەکەیدا گیراوە. بۆیە بۆ نەوەستانی ڕۆژنامەکەی، داوای هاوکاریی کردووە.[٣]

-لە بەڵگەنامەیەکدا کە ٢٧ لاپەڕەی لەخۆگرتووە و مێژووی ١٣٢١/٧/٢٨ی کۆچی بەسەرەوەیە، باس لە ڕاگیرانی مەولانزادە دەکات لە شاری قەیسەری و چەند بابەتێکی تری پەیوەندیداریش هاوپێچ کراون، کە تێیدا داخوازینامەی ناوبراویشی تێدایە باسی لەوە کردووە دوو ساڵە بێ تاوان لە قەیسەری ڕاگیراوە و داوای پێداچوونەوە بە بڕیارەکە و ئازادکرانی دەکات[٤].

-بەڵگەنامەیەکی تر کە مێژووی ١٣٢٥/٥/٢٣ی کۆچی لەسەرە، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەستەنبوڵ ئاماژە بەوە دەدات کە لە پاریس مەولانزادە ڕەفعەت جارێکی تر بڵاوکراوەیەکی بەناوی (سەربەستی) دەرکردووە و چەند نوسخەیەکی بۆ چەند کەسایەتییەک لە ئەستەنبوڵ ڕەوان کردووە، بۆیە دەبێ ڕێ و شوێن لەوبارەوە بگیرێتەبەر و ڕێی لێ بگیرێ[٥].

-لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٢٥/٤/٦ی ڕۆمی لەسەرە، باس لە ئەحمەد جەودەت خاوەنی ئیمتیازاتی ڕۆژنامەی ئیقدام و عەلی کەمال سەرنوسەر و مەولەنزادە ڕەفعەت خاوەنی ڕۆژنامەی سەربەستی دەکات کە دوای ئەوەی لە ڕووداوی ٣١ی

1. 30-10-0-0 / MUAMELAT GENEL MÜDÜRLÜĞÜ. 106 - 695 - 29
2. 0-10-0-0 / MUAMELAT GENEL MÜDÜRLÜĞÜ. 106 - 695 - 30
3. HSDHADB. 3 - 56
4. DH.TMIK.M.. H-28-07-1321
5. ZB. 335 - 97

ئازاردا لەنێو ڕێکخەران و هاندەرانی شۆڕشی سەربازیی ئیستەنبوڵدا بوون، دواتر هەڵاتوون، بۆیە بە غیابی دادگایی دەکرێن و ئەگەر نەیەنە دادگای جەنگ ئەوا دەست بەسەر موڵک و سامانیاندا دەگیرێت[1].

–لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٢٧/٧/١٨ی کۆچی لەسەرە، تێیدا ژمارە ١٥٦ی ڕۆژنامەی (سەربەستی) ی چاپی پاریسی لەگەڵ هاوپێچ کراوە و داواکراوە کە هاتنی ڕۆژنامەکە بۆ خاکی عوسمانی قەدەغە بکرێ.[2]

–لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٢٧/٧/٢٣ی کۆچی لەسەرە، تێیدا باس لەوە دەکات مەولانزادە لەکاتی هەڵاتندابوو، دەستگیرکرا و دیوانی حەربی عورفیش سزای دە ساڵ دوورخستنەوە و داخستنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی بۆ دەرکردووە، لەبەرئەوەی لە ڕۆژنامەکەیدا نووسینی دژی دەوڵەتی عوسمانی بڵاوکردۆتەوە.[3]

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣٢٥/١/٢٤ی ڕۆمی لەسەرە، تێیدا هاتووە ڕێگە درا بە گردبوونەوەی مەولانزادە ڕەفعەت و پێشکەشکردنی بابەتەکەی لە ئێوارەی پێنجشەممە لە مەیدانی سوڵتان ئەحمەد لە ئەستەنبوڵ.[4]

ئەمانە و چەندین بەڵگەنامەی تر لەبارەی مەولانزادەوە هەن، کە وەک نموونە باسمان کردن و دەشێ توێژەران زیاتر لەوبارەوە بکۆڵنەوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

**١–حق وطن یاخود طریق مجاهدەدە حقیقت کتم ایدیلەمز**[مافی نیشتمان، یان لە ڕێگەی خەباتدا حەقیقەت ناشاردرێتەوە]، سربستی صاحب امتیاز و محرری مولان زادە رفعت، استانبول سربستی مطبعەسی، ١٣٢٨. ١٠٩ لاپەڕە.

لەم کتێبەدا چەند نامە و وتاری خۆی تێدایە کە لە ڕۆژنامەی سەربەستی بڵاوکراونەتەوە و ئەو مشتومڕەی ئەوسای تێدایە دەربارەی سوڵتان عەبدولحەمید، شەریف پاشای خەندان، نامەی بەدیعوزەمان سەعیدی کوردی و چەند کەسایەتییەکی ترە، هەروەها ڕەخنەکانیەتی لەبارەی سیستەمی دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵدان بۆ چاکسازی و مافی گەلان.

---

1. ZB. 603 – 50
2. DH.MKT. 2892 – 97
3. DH.MKT. 2896 – 25
4. ZB. 331 – 94

چاپخانە: سربستی مطبعسی

ساڵی چاپ: ١٣٢٨ک، ١٩١٢ز

ژمارەی لاپەڕە: ١٠٩

کۆدی کتێبخانە:٠١١١٦٥٧

لە کتێبخانەی شارەوانی گەورەی ئەستەنبوڵ کتێبەکە پارێزراوە.

**٢- سربستی: مشروطیتی ادارەیە وبلاتفریق جنس و مذهب، عثمانلرن حقوقنە خادم غزتیدر**

ئەمە نوسخەکانی ڕۆژنامەی سەربەستین کە لەسەر ناوی مەولانزادە پارێزراون، نوسخەی ساڵانی ١٩٠٧،١٩٠٦، ١٩٢٠ ن و لە کتێبخانەی شارەوانی گەورەی ئەستەنبوڵ بە ژمارە (S95005)پارێزراون.

**٣-انقلاب عثمانیدن بر یاپراق، یاخود ٣١ مارت ١٣٢٥ قیامی، مولان زادە رفعت، مطبعة الاخبار، القاهرة، ١٨ ربیع الثانی ١٣٢٩.**

ئەم کتێبە زیاتر باسی ڕووداوی ٣١ی مارتی ١٣٢٥ دەکات و چۆنیەتی بەرپابوونەکە و شرۆڤەی واقیعەکەی تێدا باس کردووە. هەروەها ڕەخنە لە حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمید دەگرێ و ئەو ساڵانەی ئەو لە نێوان ١٨٧٦-١٩٠٩ کە حوکمی تێداکردووە.

چاپخانە: ؟

شوێنی چاپ: قاهیرە

ساڵی چاپ: ١٣٢٩ک/ ١٩١١ز

ژمارەی لاپەڕە: ٣٢

قەبارە: ٢٣*١٦ سانتیم

لە ئەرشیڤی کتێبخانەی شارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ بە ژمارە (956.101543) پارێزراوە.

**٤-یمن حقندە داخلیە ناظری طلعت بک افندییە اچق مکتوب، ١٩١١** (نامەیەکی کراوە بۆ تەلعەت بەگی وەزیری ناوخۆ لەبارەی یەمەنەوە).

٥- ٣١ مارت بیر احتلالن حیکایسی (٣١ مارت چیرۆکی داگیرکردنێک) ١٩١١

٦-مولانزادە رفعتن ئانلری (بیرەوەرییەکانی مەولانزادە ڕەفعەت)

٧-صهیونیستلر عثمانلیی ناصل یکتی ١٩٢٣ (صەهیۆنییەکان چۆن دەوڵەتی عوسمانییان ڕوخاند؟)

٨-ترکیا انقلابنن اچیوزو ١٩٢٩ (دیوی ناوەوەی ئینقلابی تورکیا)

## سەرچاوەکان

بۆ وەرگرتنی ژیان و بەرهەمەکانی مەولانزادە ڕەفعەت، سوود لەم بەرهەمانە وەرگیراوە:

-ئەرشیڤخانەی کتێبخانەی ئەرزەڕۆم

-مەولانزادە ڕەفعەت، لە نووسینی سەعید ڤەرۆژ، لە کتێبی:

(Seîd veroj, portreyên şophiştî, weşanên dara,diyarbekir, 2019.)

-گۆڤاری هەتاوی کورد، ژمارە ٢، ساڵی ١٩١٣.

-Mewlanzade Rifet û Serbestî, Seîd Veroj, weşanî İsmail Bêşikçî,İstanbul 2017.

-Mevlanzade Rıfat Bey'in Gazetecilik Hayatı Ve Siyasi Faaliyetleri, Mustafa Coşkun, Yüksek Lisans Tezi, İstanbul Üniversitesi 2019.

-کۆدی بەڵگەنامەکان:

- 30-10-0-0 / MUAMELAT GENEL MÜDÜRLÜĞÜ. 106 - 695 - 29

-0-10-0-0 / MUAMELAT GENEL MÜDÜRLÜĞÜ. 106 - 695 - 30

- HSDHADB. 3 - 56
- DH.TMIK.M.. H-28-07-1321
- ZB. 335 - 97
- ZB. 603 - 50
- DH.MKT. 2892 - 97
- DH.MKT. 2896 - 25
- ZB. 331 - 94

ئامادەکردن و داڕشتنەوەی: عادل صدیق عەلی

# حەسەن فەهمی بەگی جاف (١)
# (١٩٠٦-١٩٧٣)
# لە زاری هۆشمەند جافی کوڕییەوە



عادل صدیق و هۆشمەند جاف

(١) ناوەڕۆکی ئەم نووسینە بریتییە لە چاوپێکەوتنێکی نزیکەی یەک کاتژمێر و نیوی کە ڕۆژی ٢٤ی ئابی ٢٠٢١ لە شوقەکانی ئیمپایەر(ماڵی خۆیان) لە هەولێر لەگەڵ بەڕێز کاک هۆشمەند جاف ئەنجامدراوە، ئەوەندە هەیە ئێمە دوای نووسینەوەی چاوپێکەوتنەکە بەبێ دەستکاری قسەکانی ناوبراو زانیارییەکانمان ڕێکخستووەتەوە و پاشان وەک خۆی دامانناوەتەوە.



**حەسەن فەهمی بەگی جاف و ئەندامانی خێزانەکەی**

من ناوم مورەکەبە، هەموو کەس بە هۆشمەند بانگم دەکەن، لەکاتێکدا لە هەویە و ڕەسمیاتدا ناوم (مەحمودهۆشمەند)ە، باوکم بەناوی مەحمود پاشای باپیرییەوە ناوی ناوم، ئێستا من ناوم دەبێتە مەحمودهۆشمەند کوڕی حەسەن بەگ کوڕی عەلی بەگ کوڕی مەحمود پاشا کوڕی محەمەد پاشا کوڕی کەیخەسرەو بەگی جاف، ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١٠ لە هەڵەبجە لەدایکبووم.

خوێندن: لەڕاستیدا خوێندنی من هەمووی لە بەغداد بووە، باوکم لە ساڵی ١٩٤٨وە دەورەی یەکەمی نائیبی دەستپێکرد، بەوهۆیەشەوە ئێمە چووینە بەغدا، لە تەمەنی چوار ساڵیدا لە بەغدا خرامە ڕەوزە، خۆی ڕەوزە هەبوو تەمهیدی هەبوو ئەنجا ئەچوویتە یەکی سەرەتایی، هاوینان ئەگەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە، ئەو سێ چوار مانگی پشووەمان لە هەڵەبجە بەسەر ئەبرد، کاتێک مەکتەب دەستی پێ دەکردەوە من نزیکەی ١٠ ڕۆژێک لە هەڵەبجە دەمخوێند، بۆئەوەی لە قوتابخانە دوا نەکەوم و دەرسم لەدەست دەرنەچێت، دواتر ئەگەڕاینەوە بۆ بەغدا، خوێندنی من لە هەڵەبجە هەر ئەوەندە بووە.

دواتر بەشی فیزیای کۆلێژی زانستی زانکۆی بەغدادم تەواوکرد، واتە تەنها بڕوانامەی بەکالۆریۆسم هەیە. نەسرینی خوشکیشم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی خدمەی ئیجتیماعی هەبوو لە زانکۆی بەغدا.

ژنهێنانی هۆشمەند: ساڵی ١٩٧١ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە، خێزانەکەم ناوی (سومەیە)یە و کچی حەمەڕەشید بەگی حەسەن بەگی سلێمان بەگی محەمەد پاشای جافە، بە حەمەڕەشید بەگی کۆکز ناسراوە. هەر ئەو ژنەم هێناوە، دوو کوڕ (عەلی،

حەسەن)و دوو کچ(شاناز، شیرین)مان هەیە، هەمووشیان لە ژیاندا ماون، شاناز لە عەمانە، شیرین لە سلێمانییە، عەلی کونسوڵی عێراقە لە واشنتۆن، حەسەنیش لە هەولێرە و لە یەکێک لەم شوقانەی(ئیمپایەر) نزیک خۆمە.

گەڕانەوە بۆ کوردستان: من هەتا ساڵی ٢٠١٦ لە بەغدا مابوومەوە، لەو ساڵەدا بەیەکجاری گەڕامەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر گیرسامەوە، بەڵام خزمەکانم بەهۆی ململانێ و گرژیی و ئاڵۆزییەکانی بەغداوە زووتر بەغدایان بەجێهێشت، خانووەکەی بەغدا بەناوی منەوە بوو، هۆکاری درەنگ گەڕانەوەشم ئەوە بوو چاوەڕێی ئەوە بووم کڕیارێکی باشی بۆ پەیدا ببێت ئەنجا بیفرۆشم و بگەڕێمەوە، بەڵام هەر نەبوو، لە کۆتاییدا فرۆشتم و بە پارەکەی ئەم شوقەی(مەبەست شوقەکانی ئیمپایەرە لە هەولێر) کە ئێستا تێیدا دەژیم لەگەڵ دوو موڵکی دیکەدا کڕیم بۆ خۆم، شوقەیەکیشم بۆ حەسەنی کوڕم کڕیی و ئەویش نزیکی خۆمانە.

**حەسەن بەگی عەلی بەگی مەحمود پاشا (حەسەن فەهمی):**

لەدایکبوون: سەبارەت بە لەدایکبوونی باوکم هەندێک دەڵێن ساڵی ١٩٠٥ و هەندێکیش دەڵێن ساڵی ١٩٠٦ لەدایکبووە، بەڵام خۆی بۆچوونی وابوو کە ساڵی ١٩٠٦ لەدایکبووە، باوکم لەکاتی گەرمیان و کوێستانی عەشیرەتی جافدا لە شوێنێک کە پێی ئەڵێن کۆترەڕەش لە ناوچەی شەمێرانی نزیک هەڵەبجە و ئێستا کەوتووەتە ژێر دەریاچەی دەربەندیخان لەدایکبووە، زۆریش لەگەڵ باوکی نەژیاوە، تەمەنی (١٦-١٧) ساڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە.

دایکی باوکم: دایکی باوکم ناوی ناهیدەیە، کچی وەسمان پاشای جاف و عادیلەخانمە، ناهیدە لە دایکی خۆی سێ برا(تاهیر بەگ، عیززەت بەگ، ئەحمەدموختار) و دوو خوشکی (سەبیحە، ڕەعنا) هەبووە، هەرچی (مەجید بەگ، حەمەسەعید بەگ، عائیشە، فاتمە)یە لە مەنیجە خانی خێزانی یەکەمی وەسمان پاشایە، کە خوشکی جافرسانی هەورامی بووە.

ناهیدە لە دوو خوشکەکەی دیکەی گەورەتر بووە، بەڵام لە دوو کچەکەی ژنی پێشووتری پاشا بچووکترە، ساڵی لەدایکبوونی دیارنییە، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کردووە، عەلی بەگی هاوسەری کە دەکاتە باپیری من لە ساڵی ١٩٢٣ هەر بە گەنجی  لە هەڵەبجە بەنەخۆشی گرانەتا کۆچی دوایی کردووە و دواتر لە خانەقای بیارە نێژراوە. هۆکاری ناشتنەکەشی لە بیارە بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزە دەگەڕایەوە

کە پاشا و بەگزادەکانی جاف لەگەڵ شێخانی هەورامانذا هەیان بووە، دوو ساڵێک بەر لە ئێستا ڕۆیشتم بۆ بیارە ویستم زیارەتی گۆڕەکەی بکەم، بەڵام بەداخەوە دەرگای ئەو بەشەی خانەقا کە گۆڕەکانی تێدایە داخرابوو.

دوای مردنی عەلی بەگ، ناهیدە شوویکردووەتەوە بە کەریم بەگی فەتاح بەگی محەمەد پاشای ئامۆزای، بەڵام منالی لێی نەبووە، ناهیدە هەر بەناو ژنی کەریم بەگ بووە و زیاتر هەر لە هەڵەبجە ژیاوە، کەریم بەگیش لە کەلار نیشتەجێ بووە و دانیشتووە.

ناهیدە و عەلی  بەگ تەنها یەک منالیان هەبووە ئەویش حەسەن بەگی باوکمە، ئەڵبەت پێشتر منالیان بووە، بەڵام بۆیان نەماوەتەوە و هەموویان مردوون، بۆیە کاتێک باوکم لەدایک دەبێت دەیبەنە ماڵی پاشا و خانم لەوێ پەروەردە و گەورەی ئەکەن، هۆکارەکەشی ئەوە بووە وتوویانە ماڵی پاشا ماڵێکی بە بەرەکەت و بە شەنسن، بەڵکو ئەم منالە بژی و گەورە ببێت، باوکم هەتا تەمەنی(٣-٤) ساڵی هەر لە ماڵی پاشادا بووە و زۆر بەناز گەورە کراوە. ئەو پەروەردەکردن و نازپێدانە وایکردووە حەسەن بەگ وایزانیوە خانم دایکییەتی و تاهیر بەگی خاڵیشی باوکییەتی.

ناهیدە خانی داپیرەم لەڕووی جەستە و باڵاوە زۆر بەرز نەبووە، بەڵام کەمێک قەڵەو بووە، زۆربەی جاریش کراسی کوردی ئاڵ و واڵاو جوانی لەبەرکردووە، خزمەتکارەکانیان لەسەر تەختە هەڵیان گرتووە و بردوویانە بۆ ماڵی پاشای باوکی.

وێنە: سەبارەت بەوێنە، ناهیدە تەنها دوو سێ وێنەی ماوە، سەبیحەش یەک دوو وێنەی هەیە، ئەو وێنەیان کە بە کۆمەڵ گیراوە و هەردووکیان تیایدا دەرچوون ئەوەیان زۆر بەناوبانگە، بەڵام ڕەعناخان کە هەر لە دایکی ئەمانە هەتا ئێستا وێنەی نییە، من بە بینین ڕەعناشم نەدیوە، تەنانەت وەسمان پاشاش هەتا ئێستا وێنەی بەردەست نییە.

برادەرێک هەیە لە هەولێر ناوی دارا عەتارە و خەڵکی سلێمانییە، من لە دوورەوە دەیناسم، بەڵام براکەی لە بەغدا هاوڕێم بوو، تائێستا دوو سێ جار بە تەلەفۆن قسەمان کردووە، بەڵام بەهۆی ئەم نەخۆشی کۆرۆناوە دەرفەت نەبووە کە سەردانی بکەم و لە نزیکەوە ئەو وێنانەی کە لایەتی ببینم. دارا لە لەندەن ژنەکەی مێجەرسۆن(لۆنێت) ی ناسیوە و بینیوە، وادیارە چەند شتێکی وەک دیاری لە لۆنێت وەرگرتووە و لای خۆی پاراستوویەتی.

ئاستی خوێندەواری حەسەن بەگ: باوکم هەر بەمندالی مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە

و نەچووەتە قوتابخانەی میری، دوو لەو مامۆستایانەی کە خۆی ناوی نووسیوون ئەمانەن(مەلا ئەحمەدی جوانرۆیی، مەلا سەید عەبدوڵلا)، بە منداڵی کتێبەکانی(قورئان، شانامە، بوستان، گوڵستان، دیوانی حافزی شیرازیی و سەعدی شیراز)ی خوێندووە. باوکم جگەلەوەی کە دەستووخەتی زۆر جوان بوو، زمانەکانی فارسی و تورکی بە نووسین و قسەکردن و خوێندنەوە دەزانی، عەرەبیشی دەزانی، بەڵام عەرەبییەکەی وەک فارسی و تورکییەکە نەبوو، تارادەیەکیش ئینگلیزی فێر ببوو.

کتێبخانە: باوکم خوێندەوارییەکی زۆر باشی هەبوو، کتێبخانەکەی دوای خۆی کەوتە لای من و ئێستاش ماوە و هەر لای منە، کتێبەکانی بەزۆری کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکین، کتێبە تورکییەکانی ئەوانەی سەردەمی عوسمانی بوون ئەوەی بەڕێنووسە کۆنەکەی سەردەمی عوسمانی نوسراوە، نەک ڕێنووسە لاتینییەکەی ئێستا، لەبەرئەوەی کە من فارسی نازانم ساڵی ٢٠١٦ کە ماڵەکەم بەیەکجاری لە بەغداوە هێنایەوە بۆ هەولێر هەموو کتێبە فارسییەکانم برد بۆ خەسرەو جافی کوڕی حەمەسەعید بەگی جاف، وتم ئەمانە بەشێکیان بۆ ئێوە و بەشەکەی دیکەیان بۆ دکتۆر حەسەن جاف، دکتۆر حەسەن خاڵی خەسرەو جافە، بەوشێوەیە بەشم کرد لە نێوانیاندا.

خەسرەو نزیکەی ٣٠ هەزار کتێبی هەیە، زۆرترین کتێبەکانی باوکم مێژوویی و ئەدەبی بوون، باوکم جگە لە نووسینەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ، دوو کتێبیشی وەرگێڕاوە بەناوەکانی(پاڵەوانی زەند، کوردستان شوێنی گەڕانەوەی ١٠ هەزار یۆنانییەکە)، باوکم هەر لە گەلاوێژ دەینووسی، نووسینەکانیشی زیاتر تەعلیقات بووە لەسەر شتێک یان ناوێک.

دوای مردنی باوکم ناوبەناو د.حەسەن جاف ئەهات بۆ ماڵمان ئەگەر پێویستی بە کتێبێک هەبووایە ئەیبرد و دواتر ئەیگەڕاندەوە، جارجاریش کتێبم لێ دەدا بە حەمەسەعید بەگی باوکی خەسرەو جاف و ئەویش دواتر ئەیگێڕایەوە بۆم. سەبارەت بە نووسین لەسەر باوکم، ئومێد ئاشنا شتێکی لەسەر باوکم نووسیوە و بڵاویکردووەتەوە، بەڵام نوسینەکە زۆرنییە و لە شێوەی ناملیکەیەکی بچووکدایە.

دەستنووس: باوکم هیچ کتێبێک و مەقالەیەکی دەستنووسی لە دوای خۆی بەجێنەهێشتووە، ئەوەی نووسیوویەتی لە گەلاوێژ بڵاویکردووەتەوە، ئەوەی هەیە هەندێک ئەوراقە کە تائێستاش هەڵمگرتوون و پاراستوومن.

شیعر: حەسەن بەگ ناوبەناو پارچە شیعری هەم بە کوردی هەم بە فارسی نووسیوە، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە، حەسەن بەگ حەزی لە شیعر بوو، شیعرێکی

بدیایە دەیزانی لەنگە یاخود لەنگ نییە، حسابی ئەبجەدی زۆرباش دەزانی.

خێزانەکانی حەسەن بەگ: باوکم لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، ئەوانیش بریتی بوون لە:

١ـ ئامینە، لە عەشیرەتی جمهوری ناوچەی گەرمیان بووە، ئەم عەشیرەتە لەوبەر ڕووباری سیروان ئەژین و جاف نین، شەش مانگ هاوسەری باوکم بووە و دواتر لێی جیابووەتەوە، منالّی لێی نەبووە، لەدوای جیابوونەوەی لە باوکم، ئامینە شوویکردەوە بە خزمێکی خۆی، لە هەشتاکاندا کوڕێکی قایمقامی کەلار بوو.

٢ـ ئەختەر، کچی عیززەت بەگی وەسمان پاشا بووە، کە دەکاتە خالّی خۆی، لەم ژنە چوار کچی هەبووە بەناوەکانی(نازەنین، پەروین، بانوو، پەریخان)، لە ئێستادا تەنها پەریخان لە ژیاندا ماوە. ئەختەر خۆشی ساڵی ١٩٤٠ کۆچی دوایی کردووە.

٣ـ ئامینە، کچی عەبدوڵلا بەگی کەیخەسرەو بەگی مەحمود پاشایە و دایکی منە، باوکی دایکم لەگەڵ باوکمدا ئامۆزان، دایکم جگە لە من دوو منداڵی دیکەی هەبووە، محەمەدسەروەر، لە تەمەنی دوو ساڵ و نیویدا مردووە، نەسرین تاکە خوشکمە، محەمەدسەروەریش ئەویش ناوەکەی مورەکەبە، نەسرینیش ناوی گوڵێکە، نەسرین ساڵێک لە من گەورەترە، بەڵام سەروەر دوو ساڵ لە من منالّترە، ئەم سێ منداڵە هەر لە هەڵەبجە لەدایکبووین.

نائیبی حەسەن بەگ: باوکم لە چوار خولی پەرلەمانی عێراقدا نائیب بووە، خولەکانیش لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨-١٩٥٨دا بووە، کاتێک کە پاشایەتی ڕووخا باوکم هێشتا هەر نائیب بوو، بەڵام حامید بەگ لەبری خۆی نائیبییەکەی دابوو بە جەلالی کوڕی، بۆیە لەکاتی ڕووخانی پاشاپەتیدا جەلال نائیب بوو.

تێکچوون و وێرانبوونی خانووەکەیان: هاتووچۆی ئێمە بۆ هەڵەبجە هەتا ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بوو، بەڵام ماڵ و خانووەکەمان هەر مابوویەوە، لە دوای ساڵی ١٩٦١ کە بارودۆخی کوردستان تێکچوو، چریک و جاش چووبوونە ماڵەکەی ئێمەوە و دەستیان بەسەردا گرتبوو، وێرانیان کرد بوو، ئێمەش نۆژەنمان نەکردەوە و بەوهۆیەشەوە ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لە داڕووخان ئەکرد هەتا دواتر زەوییە ڕووتەکەی مایەوە.

ماڵ و موڵکی حەسەن بەگ/ ماڵی ئێمە یەک نهۆم بوو زۆر گەورە نەبوو لەچاو ڕووبەری زەوییەکەیدا، لە شوێنی مەحکەمەی ئێستای هەڵەبجەدا بوو، خودی بینای مەحکەمە و گەراجەکەی تەنیشتی و پارکێکیش لە تەنیشتیدا بوو هەمووی بەسەریەکەوە ماڵی ئێمە بوو، ڕووبەرەکەی نزیکەی ٤٠٠٧م بوو، لە حەوشەکەماندا عەمبارێکی

گەورەی تێدابوو لەسەر شێوەی پیتی ئێڵ، ژوور لەناو ژوور، نزیکەی لە شەش ژوور پێکدەهات، هەندێکیان دەرگایان لە کۆتایی ژوورەکاندا بوو لەوێشەوە ئەڕۆیشتە ناو یەکێکی دیکەیان، هەندێکیشیان هەر ژووری جیاواز بوون، هەریەکە لە ژوورەکان (٥ بۆ ٦م) درێژبوون و نزیکەی ٤ مەتریش پان بوون، ئەو ژووورانە مەغزەنی واریداتی ئێمە بوو. بیرمە لە کۆتایی پەنجاکاندا (٥٩- ٦٠) پیاوێک و خێزانەکەی (مەلا عارف و سوعادی خێزانی) لە یەکێک لەو ژورانەدا بوون و لەوێ ئەژیان.

سەبارەت بە موڵکی باوکم لەناو شاری هەڵەبجەدا، جگە لەماڵی خۆمان، باوکم لەناو خودی هەڵەبجەدا موڵکی نەبوو، هەموو بەشەکانی خۆی دابوو بە خزمەکانی لەوانە ئەفراسیاب بەگ و ئەوان، بەڵام لە شارەزوور و دەربەندیخان موڵکی هەبوو، لە هەموو خزمەکانی موڵکی زۆرتری هەبوو، تەنانەت لە هەموو کوردستاندا زۆرترین ڕووبەری زەوی هەبوو، ئەمەی کە دەیڵێم لە کتێبەکەی (حنان بطاطو[1])دا باسکراوە، کتێبەکە سێ جوزئە، پێموابێ لە جوزئی یەکەمیدا باسکراوە، لەو کتێبەدا حەنان جەدوەلێکی دروستکردووە باسی موڵکدارەکانی عێراق دەکات، ئەوانەیان کە سی هەزار دۆنم زەوییان هەبووە، یەکەم ناو لەسەری سەرەوە نوسراوە بەگزادەی جاف، کە خاوەنی نزیکەی ٥٣٩٣٣٣ دۆنم زەوی بوون، حەسەن بەگی عەلی بەگی باوکی من گەورەترین موڵداری ئەم خێزان و بنەماڵەیە بووە، بەپێی تەقاریری قانوونی ئیسڵاحی زراعی ٥٦٧٦٤ دۆنم زەوی هەبووە، هێشتا لە ژیاندا بوو نزیکەی (١٠)هەزار دۆنم زەوی دابوو بە من، دایکیشم لە بەشی باوکی نزیکەی (١٠)هەزار دۆنمێکی بەرکەوتبوو، ئێمە هەموو ئەمانەمان هەبوو، بەڵام دواتر ئیسڵاحی زراعی هەموو ئەمانەی برد، ئەمانە هەمووی لە شارەزووردا نەبوون، بەنموونە ئەوەی دایکم کە لە باوکییەوە بەریکەوتبوو لە سەعدییە(قزرابات) بوو، بانیخێڵان موڵکی من بوو، هی باوکی باوکم بوو، بەڵام باوکم لە حەیاتی خۆیدا تاپۆی کرد لەسەر من، جگەلەوەش لە شارەزووردا هەندێک موڵکی دیکەی پێدابووم، لەوانە تەپی سەفا و قشڵاغەڕووتە لە نزیک هەڵەبجە، بەوشێوەیە نزیکەی چەند هەزار دۆنم زەوییەکم هەبوو.

کاتێک شۆڕش(١٤ی تەموزی ١٩٥٨) ڕوویدا باوکم نزیکەی ٥٦٠٠٠ دۆنمێکی بەناوەوە بوو، زۆربەی زۆری ئەو زەوییانە دەستیان بەسەردا گیرا و لە ئێمە وەرگیرایەوە، چونکە بەپێی قانوونی ئیسڵاحی زراعی بڕی (١٠٠٠) دۆنم زەوی بەراو

---

١. الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ت. غفيفه الرزاز، الكتاب الاول، ص٨١.

و (٢٠٠٠) دۆنم دێم دیاریکرا، ئەوە حەدی ئەعلا بوو، بەوپێیە من هەزار ، باوکم هەزار و دایکم هەزاری پێ بڕا و بۆ مایەوە، کاتێکیش بەعسییەکان بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٨ هاتنەوە سەر حوکم هەزارەکەشیان نەهێشت و کردیان بە ٤٠ دۆنم لە کوردستاندا، واتە لە کوردستاندا لە (١٠٠٠)وە بوو بە (٤٠) دۆنم، بەڵام لە ناوەڕاست و باشوور (٣٠٠) دۆنم بوو، هۆکاری ئەو جیاوازییەش ئەوەبوو وتیان بەرهەمی دانەوێڵەی ناوچەکانی کوردستان زیاترە وەک لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بۆیە ئێمە لەمەشدا زیانێکی زۆرمان بەرکەوت.

سەرکار: بۆ سەرپەرشتی موڵک و زەویی و زارەکانمان ژمارەیەکی زۆر سەرکارمان هەبوو، بەنموونە لە شەمێران حەمەی سان ئەحمەی سەرۆکی هۆزی یەزدانبەخشی بوو، کوڕە گەورەکەی ناوی ئەنوەر بوو، زۆر ئازا بوو، بەداخەوە دوو سێ کوڕی شەهید بوو، هەروەها حاجی غالی باوکی حامید لە بەشارەت سەرکاری ئێمە بوو، لە ئالان و حاسڵ کێی عەزیزمان هەبوو، ئێستا ناوەکەیم بیر نەماوە.

هاوڕێ و نزیکەکانی حەسەن بەگ: لە پشتی ماڵی خۆمانەوە لە هەڵەبجە دراوسێیەکمان هەبوو، ناوی وەستا هاشم بوو، هاشم خەڵکی کرماشان بوو هاتبوو بۆ هەڵەبجە و لەوێ نیشتەجێ ببوو، هۆکاری هاتنەکەی نازانم، لە تەمەندا لە باوکم گەورەتر بوو، وەستای بەنا بوو، وەکو نەدیمی باوکم وابوو، ئێواران ئەهات بۆ ماڵی ئێمە، باوکم حەزی بە دەمەتەقەی ئەکرد، هاشم فارسی ئەزانی و بە کرماشانی قسەی ئەکرد، زەوقی ئەدەبیشی هەبوو.

یەکێکی تر لە دۆستەکانی باوکم بارام بەگی ئەحمەدبەگی ڕیشێن بوو، هەمیشە لە ماڵمان بوو، عەبدوڵڵا بەگی حسێن بەگ کە دەکاتە  باوکی سیروان جاف خزمی بوو، زۆری خۆشدەویست، هەروەها مەحمود بەگی حسێن بەگ برای عەبدوڵڵا بەگ زۆر هاتوچۆی دەکردین، لەگەڵ ماڵ ئەحمەد بەگی حەمەساڵح بەگدا دیوار بەدیوار بووین، باوکم ئەویشی زۆری خۆشەویست، هەم خزم بوون و هەم ئاوەڵزاواش بوون، ئەختەرخانی خێزانی باوکم و  شەمسەخانی خێزانی ئەحمەد بەگ هەردووکیان کچی عیززەت بەگی عوسمان پاشای جاف بوون، ئەم دوو کچە لە دایکەوە خوشک بوون و لە باوکەوە ئامۆزابوون، دایکیان ناوی حەپسە بوو خەڵکی سلێمانی بوو، حەپسەخان پێشتر ژنی مەجید بەگی وەسمان پاشا بووە، شەمسە لە مەجید بەگە، دوای مردنی مەجید بەگ حەپسە شوویکردووەتەوە بە عیززەت بەگی برای، ئەختەر لە عیززەت بەگە.

چالاکی سیاسی: لەڕووی سیاسییەوە باوکم ئاگاداری جموجوڵە سیاسییەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوو لە هەڵەبجە، بەڵام پێگەی عەشیرەتی و نائیب

بوونی لە پەرلەمانی عێراق  و نهێنی بوونی چالاکی ڕێکخراوەکان وایکردبوو کە باوکم پەیوەندی ئەوتۆی لەگەڵیان نەبێت. بەتایبەتی شیوعییەکان، باوکم دوورونزیک حەزی بە بیروباوەڕیان نەدەکرد.

دوای ١٩٥٨: دوای شۆڕشی ١٩٥٨ باوکم لەماڵەوە دانیشت، لەگەڵ خزمان و هاوڕێکانی هەڵەستا و دادەنیشت و هاتوچۆی یەکترییان ئەکرد، لەوانەی کە زۆر هاتوچۆی باوکمیان ئەکرد: فوئاد عارف، نورەدین مەحمود کە پێشتر فەریق ئەوەل ڕوکن بوو، ساڵی ١٩٥٢ بوو بە سەرۆک وەزیران، دراوسێمان بوو، زوو زوو ئەهات بۆ لای باوکم و سەری لێ ئەدا، ڕەشید عارف دراوسێمان بوو، ئەویش هاتوچۆی باوکمی دەکرد. بەڵام باوکم زیاتر لەگەڵ خزمەکانی تیکەڵ بوو، هاتوچۆ و سەردانی یەکترییان دەکرد.

لەڕاستیدا باوکم دوای شۆڕش زۆر تەمەنی نەکرد، نزیکەی (١٥) ساڵ ژیا، کتوپڕ پیر بوو، سەری سپی بوو، دونیا لەبەرچاوی تاریک ببوو، سەورەی عێراقی زۆر پێناخۆش بوو، ئەو هەموو زەویی و زار و موڵکەی لەکیس چوو، جیاوازییەکی باوکم و حامید بەگ ئەوەبوو، حامید بەگ بەتەمەن زۆر لە باوکم گەورەتر بوو، کوڕ و منداڵەکانی گەورە بوون و ژنیان هێنابوو، بۆیە بەر لە شۆڕش زەوییەکانی لە نێوان کوڕەکانیدا دابەشکرد، ئەوەش وایکرد بەشێکی کەمی موڵکەکانی بەر ئیسڵاحی زراعی بکەون، بەڵام ئێمەی منداڵەکانی حەسەن بەگ بچووک بووین و لەو تەمەنەدا نەبووین کە موڵک و ماڵ بەسەرماندا دابەش بکرێت، ئەوەش وایکرد زۆربەی زۆری زەویی و زاری ئێمە بەر یاسای چاکسازی زەوی بکەوێت و دەستی بەسەردا بگیرێت.

سەرئێشە و دژایەتی شیوعییەکان: شیوعییەکان لە هەڵەبجە سەرئێشەی زۆریان بۆ بەگزادەکانی جاف دروستکرد، بەناوی دەرەبەگەوە کەوتنە دژایەتی توندی بەگزادەکان، لەبیرمە سێ چوار ڕۆژ دوای شۆڕش هاتن باوکمیان گرت و لە سەرا تەوقیفیان کرد، دواتر بردیان بۆ بەغدا، بۆ؟ من نازانم، لە بەغدا بردبوویان بۆ لای عەبدولکەریم قاسم، ئەڵبەتە بە سێ چوار قۆناغ گەیاندبوویانە لای، باوکم دواتر گێڕایەوە، وتی کاتێک بردمیانە لای قاسم، منیش ڕووم کردە قاسم و وتم فەرموون من فڵان کەسم، قاسم گوتبووی نازانم تۆیان بۆچی هێناوە بۆ لای من! دوای کەمێک گفتوگۆ، قاسم وتبووی لەگەڵ داودبەگی جافدا ئاشنایەتیمان هەیە و یەکتری دەناسین، بەڵام پێشتر ئێوەم نەدیوە، وادیارە ئیخباریی و شتیواکراوی، دواتر بەباوکمی گووتبوو بگەڕێرەوە بۆ هەڵەبجە، لێی پرسی بوو بەتەمای لە کوێوە بگەڕێیتەوە، باوکیشم گووتبووی لە ڕێگای کەرکوک ـ سلێمانییەوە ئەگەڕێمەوە، ل٥ قاسم پێی گووتبوو نا بەو ڕێگایەدا مەگەڕێرەوە، بە ڕێگای کەلار ـ دەربەندیخاندا

بگەڕێرەوە، لە کەلار سەرێک لە داودبەگ بدە و سڵاوی منی پێ بگەیەنە و نانێکیشی لەگەڵ بخۆ، وابزانن کە منیشتان لەگەڵە. باوکم وتی دوای هاتنە دەرەوەم بەقسەی قاسمم نەکرد و هەر بە ڕێگای کەرکوک ـ سلێمانیدا گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە.

خالید نەقشبەندی: هاوڕێی قاسم بوو، پیاوێکی زۆر باش بوو، پێشتر لە هەڵەبجە قایمقام بوو، دۆست و نزیکی باوکم بوو، هەڵەنەبم فەترەیەکیش بوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی.

سەعید قەزاز: باوکم هاوڕێیەتی زۆری لەگەڵ سەعید قەزازدا هەبوو، حەکایەتێکی خۆش لە نێوانیاندا هەیە، کە شۆڕش ڕوویدا خەڵکێکی زۆر بەبیانوو و تۆمەتی جیاواز گیران، یەکێک لەوانە سەعید قەزاز بوو، هێشتا حوکم نەدرابوون، باوکم وتی با سەرێک لەوانە بدەم کە دۆستایەتیم لەگەڵیان هەبووە نەک بڵێن بیوەفا بوو، لە هەڵەبجەوە بەڕێکەوت بۆ بەغدا بەمەبەستی سەردانیان لە بەندینخانە، وتی کاتێک چوومە ناو بەندینخانە تەماشا ئەکەم هەموو گیراوەکان مەعنەویاتیان ڕووخاوە، هێشتا سەعید قەزازم نەدیبوو و نەگەیشتبووم پێی، لە گیراوەکان هەواڵم پرسی وتیان لە فلان ژوورە، کە چووم ئەزانم شێرێک لەوێیە نەک مرۆڤێکی ئاسایی، وتم سەعید بەگ ماشائەڵڵا مەعنەوییاتت بەرزە، وەڵامیدایەوە و وتی: حەسەن بەگ دنیا ئەوە ناهێنێ، من ئێستا تەمەنم ٦٢ ساڵە، گریمان ١٥ ساڵی دیکە ژیام، با سەرم شۆڕ نەکەم بۆ ئەمانە، باوکم وتبووی مادەم وائەڵێی من تەشبیهت ئەکەم بە میرزا ڕەزای کرمانی ئەوەی کە ناسرەدین شای ئێرانی کوشت، کە قوتابی جەمالەدینی ئەفغانی بوو، چۆن ئەڵێی باوکی ڕۆحی بوو، سەعید قەزا وتبووی چۆن؟ باوکم گووتبووی کە بکوژەکەی ناسرەدینیان بردووە بۆ ئەوەی لەسێدارەی بدەن، وتبووی ئێستاش من خۆم بەبەرزتر لە ئێوە ئەزانم، چونکە ئێوە لە خواری پێڵاوەکانی منەوەن، سەعید قەزاز وتبووی حەسەن بەگ ئەوەم بۆ بنووسە لەسەر کاغەزێک، کاغەز دەستنەکەوتبوو، بۆیە باوکم لەسەر پاکەتێکی خاڵی جگەرە ئەوەی بۆ نووسی بوو، سەعید قەزاز دواتر لە دیفاعەکەیدا ئەو عیبارەتەی دووبارە کردبوویەوە، بەڵام بەجۆرێکی تر:

**إني أصعد إلى حبل المشنقه أرى أناسا لايستحقون الحياة تحت أقدامي**

باوکم ئەوەی خستە مێشکی سەعید قەزازەوە.

حەسەن بەگ و مەلا و شێخ: باوکم دۆستایەتی زۆری لەگەڵ شێخ عەلادین هەبوو، بە بەردەوامی هاتوچۆی یەکترییان ئەکرد، موریدی بوو، دۆستایەتییەکەش شتێکی نوێ نەبوو، باوک و باپیریشی هەمان دۆستایەتییان لەگەڵ شێخ عەلادین هەبوو، دواتریش لەگەڵ شێخ عوسمانی کوڕی، هەروەها لەگەڵ شێخ تەیب کە ئامۆزای شێخ

عەلاین بوو دۆستایەتی هەبوو، مەحمود پاشا هەمیشە هاوکاری شێخانی نەقشبەندی کردووە.

جگە لە شێخان، باوکم هاوکاری زۆری مەلا و مەدرەسە ئاینییەکانی ئەکرد، بەنموونە مزگەوت و مەدرەسەک مەحمود پاشا لە قزرابات(سەعدییە) باوکم ئیدارەی ئەکرد، چونکە مەحمود پاشا وەسیەتی کردبوو مزگەوت و مەدرەسەکەی لەژێر ئەرشەدی ئەولادیدا بێت، پێشتر لەژێردەستی باوکی دایکم(عەبدوڵلا بەگ)دا بوو، کە ئەو کۆچی دوایی کرد هاتە ژێردەستی باوکم.

کەسایەتی: حەسەن بەگ پیاوێکی لەسەرخۆ و هێمن بوو، زۆر درەنگ تورە ئەبوو، هەتا بڵێی مرۆڤێکی دڵساف و پاک بوو، زۆر هاوکاری خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی ئەکرد، بەڵام ئیلتیزاماتی ئایینی نەبوو، جارجار نەبێ کە لە حەمام ئەهاتە دەرەوە یەک نوێژی ئەکرد، ئیتر نوێژی نەئەکرد، ناو بەناویش مەشرووبی ئەخواردەوە.

جلوبەرگ/ باوکم هەتا ئەوکاتەی لە هەڵەبجە بوو یاخود بەسەردان ئەگەڕایەوە بۆ هەڵەبجە هەر جلوبەرگی کوردی لەبەرئەکرد، زیاتریش مرادخانی و ڕانک و چۆغە لەبەرئەکرد، لەگەڵیشیاندا کڵاو و مشکی ئەپێچایەوە، لە بەغداش ئەفەنی بوو، چاکەت و پانتۆڵی لەبەرئەکرد.

خواردن: لە ماڵی ئێمەدا شیرینی خۆش دروست ئەکرا، لەوانە کەریم کرێمیلە کە پێیان ئەگووت پودین، ئێمە لە پەنجاکاندا هێنامانە هەڵەبجە، لە بەغداش ڕەشید ناوێک هەبوو تەباخێکی بەناوبانگی بوو، کوردی فەیلی بوو، لە موناسەباتدا ئەهات بۆ ماڵی ئێمە خواردنی زۆرخۆشی بۆ دروست ئەکردین، باوکم بەوپێیەی کە نائیب بوو میوانی زۆر بوو، دەعوەتی ئەکردن، هەرکات میوانی بهاتایە ڕەشیدی بانگ ئەکرد بۆ چێشتلێنان.

خزمەتکارەکان: ئێمە دەست و پێوەند و ئیشکەر و خزمەتکاری زۆرمان لە ماڵەوە هەبوو، کە کاریان بۆ ئەکردین، لەوانە:

ـ حەمەگەلاڵی، کاتێک ئێمە لە پایزدا ئەگەڕاینەوە بۆ بەغدا حەمە هەر لە ماڵەکەی ئێمەدا ئەمایەوە و سەرپەرشتی ئەکرد. کاتێکیش کە ئەگەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە بە بەردەوامی ماڵمان پڕبوو، میوان و سەردانکەرمان زۆر بوو.

ـ مەحمود عەرەب، باوکی کورد بوو، بەڵام دایکی عەرەب بوو، بۆیە پێیان ئەگووت مەحمود عەرەب، سایەقی ئێمە بوو، دووبرای هەبوو حەسەنەفەنی و حەسونەفەنی، ژنەکەی مەحمود کەناوی ئایشێ(عائیشە) بوو دایەنی من بوو، شیری پێداوم، واتە

مناڵەکانی ئەوان براو خوشکی شیری منن، مەحمود لە کیمیابارانی هەڵەبجە بووبە قوربانی.

- حەمەئەمین کەریمی فەتاح جاف، بە مینە بەناوبانگ بوو، سەرپەرشتی ماڵی ئێمەی ئەکرد، مینەی گەورەشیان پێ ئەگووت، چونکە ئەوکاتە دوو مینە هەبوو، مینەی گەورە و مینەی بچووک.

- کەریم عەزیز، کاتی خۆی لەلەی باوکم بووە، بە کەریمە شەل بەناوبانگ بوو، لە تەمەندا زۆر لە باوکم گەورەتر بوو، هەمیشە کەبابی بۆ باوکم دروست ئەکرد، ئەو جارانەشی کە باوکم ئەڕۆیشت بۆ ڕاو بۆ دەشت و دەر پۆڕ و پەلەوەری ئەهێنایەوە کەریم بەخەڵوز بۆی چاک ئەکرد. مامەکەریم دوو کوڕی هەبوو ئەوانیش تۆفیق و مینە بوون، ئەم مینەیە بە مینەی بچووک بەناوبانگ بوو. مەلیحەی ژنی مامەکەریم هەر چێشلێنەرمان بوو.

- حەلاوی ژنی مینەی گەورەش هەمیشە لەگەڵ دایکمدا بوو، هەرکات دایکم بڕۆیشتایە بۆ ماڵان یان بۆ شوێنێک دوو ژنی لەگەڵ خۆیدا ئەبرد، یەکێک لەوانە حەلاو بوو، ژنە مەعقولی دایکم بوو.

- حەمەغەریبی مینالی، برای شیری پەریخانی خوشکمە، مینالی دایکی ئەو حەمەغەریبە بوو، هەورامی بوو، شیری داوە بە پەریخانی خوشکم، حەمەغەریب هەر لە ماڵی ئێمەدا گەورە بوو، چوار پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو، نزیکەی ١٠ ساڵ بەر لە ئێستا بە نەخۆشی سنگ کۆچی دوایی کرد، ئێستا کوڕەکانی لە سلێمانین یەکێکیان وەکیلی منە بۆ ئیشوکاری موڵکەکانی هەڵەبجە.

- حەمەعەلی ئەحمەدی سلێمان پێشتر لەلای ئەحمەدبەگی حەمەساڵح بەگ بوو، دواتر هاتە لای باوکم.

- سەرجوقە حسەین، سەرجوقە (سەر+جوق) پلەیەکی سەربازی ئێرانییە، بە نائب عەریف ئەڵێن، کە سەرپەرشتی ١٠ کەس ئەکات، واتە ئامری ١٠ کەس، ئەم کابرایە لەکاتی کەوتنی حکومەتەکەی ڕەزا شا و تێکچوونی بارودۆخی ئێران، هەڵهات و خۆی گەیاندە هەڵەبجە، خۆیی و خوشکێک و کوڕێکی بوون، لە ماڵی ئێمە گیرسانەوە، ماوەیەکی زۆر لە ماڵی ئێمەدا بوون، بیرم دێ تلیاکی ئەکێشا. بەگشتی نزیکەی (١٥-٢٠) ماڵ لە ماڵی ئێمەدابوون.

- ڕەنێ، ئەمە ئافرەتێک بوو لە ماڵی ئێمەدا بوو، ئێستا تا ئەوسا نازانم ناوی تەواوی ڕەنێ چی بوو، بەڵام هەر بەڕەنێ بانگیان دەکرد، لەوانەشە ناوی ڕەعنا بووبێ.

- پیرۆز، یەکێکی تر بوو لەو ژنانەی کە لە ماڵی ئێمەدا کاریان ئەکرد.

لەڕاستیدا ئەوانەی لە ماڵی ئێمەدا کاریان ئەکرد زۆربوون، بەڵام ئێستا هەر ناوی ئەوانەیانم لە یاد ماوە و ئەوانی دیکەم بیرچووە.

حەسەن بەگ و خالید پاشای دەروێش پاشا: ساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ دایک و باوکمدا بۆ گەشتکردن ڕۆیشتین بۆ لوبنان، لەویّ هاوینەهەوارێکی بەناوی بحمدون لێیە، شوێنێکی هەتا بڵێی بەناوبانگ و خۆشە، کەشوهەوای پاک بوو، بحمدون هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، لە ئوتێلێک دەماینەوە ناوی کارلتۆن بوو، شەوێک باوکم ئازار گورچیلە زۆری بۆ هێنا، ئێمەش غەریب بووین، دایکم خێرا چوویە دەرەوە تەقەیدا لە درگای ژوورەکەی بەرامبەرمان، پیاوێکی بەتەمەن هاتە دەرەوە، پیاوەکە پرسی لە دایکم چیتان ئەویّ؟ ئەویش وتی ئێمە خەڵکی ئێرە نین و غەریبین، پیاوەکەم ئازار زۆری بۆ هێناوە، ئەو پیاوە لە ئوتێل ئەچێتە خوارەوە و تەکسییەک ئەگرێت، باوکمیان برد بۆ نەخۆشخانە، دوای چارەسەر هێنایانەوە بۆ ئوتێل، دوای دوو سیّ ڕۆژ کە باوکم چاکبوویەوە وتی ئەبیّ من بڕۆم بزانم ئەم پیاوە کیّ بوو یارمەتی ئێمەی داوە بۆئەوەی سوپاس و دەستخۆشییەکی لیّ بکەم، دوای ئەوەی باوکم زۆرسوپاسی ئەکات و دەکەونە قسەکردن، باوکم خۆی پیّ دەناسێنێت و ئەڵیّ من ناوم حەسەن بەگە و خەڵکی عێراقم، کابرا ئەڵیّ مەحمود پاشای جاف ئەناسی؟ باوکم ئەڵیّ مەحمود پاشا باپیرمە، ئێوە چۆن ئەیناسن؟ ئەویش ئەڵیّ کاتی خۆی لە سەردەمی عوسمانیدا ئێمە ماڵمان لە ئەستەنبوڵ بوو، مەحمود پاشا زۆرجار بە میوانی ئەهات بۆ ماڵمان، باوکم پێی ئەڵیّ تۆ کێی؟ ئەویش ئەڵیّ من ناوم خالید دەروێش پاشایە، باوکم پێشتر سەدری ئەعزەم بووە لە دەوڵەتی عوسمانیدا، خالید پاشا ئەڵیّ بەوناونیشانە ئەوکاتەی کە باوکت ئەهات بۆ ماڵی ئێمە کوڕێکی لەگەڵدا بوو هاوتەمەنی من بوو، ناوی عەلی بووە، باوکیشم ئەڵێت ئەو کوڕە(عەلی) باوکی من بووە، دواتر دەروێش پاشا لەلای سوڵتان عەبدولحەمید واسیتەی بۆ مەحمود پاشا کردووە، سوڵتانیش لە پاشا خۆشبووە و ڕێگەی داوە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئەڵبەت پاشا دووجار چووەتە ئەستەنبوڵ، جاری یەکەم بەدزییەوە هەڵهاتووە و گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و ناو جاف، ئەو جارەیان کە دەروێش پاشا واسیتەی بۆ کردووە دووەم جار بووە.

مردنی باوکم: بەداخەوە من زۆر لەگەڵ باوکم نەژیام، باوکم لە ١٩٧٣/٦/٢٠ لە بەغدا بە جەڵدەی دڵ کۆچی دوایی کرد، ئەوە لەکاتێکدا باوکم هیچ جۆرە نەخۆشییەکی وای نەبوو کە مەترسی لەسەر ژیانی دروستبکات، من لەوکاتەدا لە شەریکەی نەوتی نیشتمانی بەسرە کارم ئەکرد، بە ئیفاد هاتمەوە بڕۆم بۆ کەرکوک، لە بەغدا لامدا،

ئەو شەوە لە ماڵ دایک و باوکم بووم، شەوەکەی بەیەکەوە دانیشتبووین و قسەمان ئەکرد، باوکم هیچ کێشەیەکی نەبوو، ساغ و سەلیم بوو، ڕۆژی داهاتوو من بەڕێکەوتم بۆ کەرکووک، دوای دوو ڕۆژ باوکم کۆچی دوایی کرد، هۆکارەکەشی جەڵدەی دڵ بوو، ئەوکاتیش چارەسەری پزیشکی وەک ئێستا پێشکەوتوو نەبوو، ئەم شەبەکە و باڵۆنەی کە ئێستا هەیە نەبوو، ئەگەر نەخۆشی دڵت هەبووایە قاتیل بوو، خێرا کەسەکە پێی ئەمرد.

ناشتنی حەسەن بەگ: باوکم لە مزگەوتەکەی قزرابات نێژراوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو باوکم زۆر هۆگری مەحمود پاشای باپیری بووە، لەسەر وەسیەتی باپیریشی ماوەیەکی زۆر ئیدارەی مزگەوتەکەی لەلا بوو، بۆیە حەزی کردووە لەوێ بەخاک بسپێردرێت، ئەگەرچی مردنەکەی کتوپڕ بوو و فریای وەسیەت کردن نەکەوتبوو، دوای کۆچی دوایی خۆمان بردمان و لەناو مزگەوتەکەدا بەخاکمان سپارد.



**وێنەکەی باوکم و خانم و ئەحمەدموختار جاف:**

کاتی خۆی کە باوکم کۆچی دوایی کرد، جەمال بابان وتی وێنەیەکم ئەوێ، ئەمەوێ لە چلەی باوکتدا وتارێک بڵاوبکەمەوە، ئێمەش ئەم وێنەیەمان پێدا، جەمال بەگ وتارەکەی لە ڕۆژنامەی (التأخي) بڵاوکردەوە، بەڵام لەوکاتەوە ئیتر وێنەکە ونبوو، دوو سێ ساڵ پێش ئێستا، وتم ئەگەڕێم بەڵکو بیدۆزمەوە، هەرچی گەڕام نەمدۆزییەوە، نزیکەی دوو هەفتە بەر لە ئێستا جەمال لۆلۆی ڕۆژنامەنووس جارێکی تر ئەو وێنەیەی دۆزییەوە و بۆی ناردم.

نووسین لەسەر باوکم: سەبارەت بە نووسینیش لەسەر باوکم، جگە لە نامیلکەکەی ئومێد ئاشنا و وتارەکەی جەمال بابان و پێموابێ د.حەسەن جافیش شتێکی لەسەر باوکم نووسیوە، هیچی تر شک نابەم.

کچەکانی محەمەد پاشای جاف: ناوی کچەکانی حەمە پاشا نازانم، تەنها خورشیدەخانی دایکی ئەحمەد بەگی حەمەساڵح بەگ نەبێ، بەوپێیەش بێت کوڕەکانی حەمەپاشا دەبنە خاڵی ئەحمەد بەگی حەمەساڵح بەگ.

کچەکانی مەحمود پاشا: مەحمود پاشا چەند کچێکی هەبووە، ئەوانیش فاتمە کە شویکردووە بە مامی ئەحمەدبەگی حەمەساڵح بەگ، ڕەعنا شویکردووە بە حسێن بەگی حەسەن بەگی محەمەد پاشا، کچێکی جوانی تری هەبووە بەناوی پەریخان، پەریخانی نازداری جافان، ئەوەی پیرەمێرد شیعرەکەی بەباڵادا وتووە، پورێکم هەیە بەناوی حەسیبە لێرە(هەولێر) دەژی، لەدایکەوە پورمە، واتە خوشکی دایکمە لە باوکەوە، زاکیرەی باشە، بەڵام بیستنی تۆزێک خراپە، لەو دەپرسم، ئەو زانیاری باشتری لایە لەسەر ئەو بابەتانە.

مردنی مەحمود پاشا: مەحمودپاشا لە گوندی نێرگزەجاری ڕۆژئاوای هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە، پاشا بەر لە مردنی وەسیەتی کردبوو هەر کات کۆچی دوایی کرد بیبەن لە مزگەوتەکەی خۆی لە قزرابات ئەسپەردەی بکەن، داواشی کردبوو کە لاشەکەی بخەنە سەر هێستریێک، دوو تا سێ پیاو لەگەڵی بڕوات، تا دەگەنە قزرابات لە سێ شوێن بۆ پشوو لابدەن، هۆکارەکەشی ئەوەبووە وتوویەتی من بۆ ژیانی بەرزەخ و لای خوای گەورە ئەڕۆم، بۆیە پێویست بە مەراسیم و فەخفەخە و خەڵک ئازاردان ناکات.

نووسینێکمان هەیە باسی ڕۆژ و مانگ و ساڵ و شوێنی مردن و ناشتنی مەحمود پاشا ئەکات، ئەوە عەلی بەگی کوڕی نوسیویەتی، چونکە عەلی بەگ خوێندەواری باشی هەبووە و خەتیشی زۆرجوان بووە.

کەشکۆڵەکەی مەحمود پاشا[١]: کەشکۆڵەکەی بە خەتی شکستە نوسراوە و هەموو کەس لێی تێناگات و ناتوانێت بیخوێنێتەوە، کەشکۆڵەکە بەرلەوەی بکەوێتە لای باوکم

١. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا بنکەی ژین کەلکۆڵەکەی مەحمود پاشای جافیان وەک خۆی چۆن نوسرابوو چاپ و بڵاوکردەوە، ئەم ساڵیش (مانگی ئازاری ٢٠٢٢) کەشکۆڵەکەیان جارێکی دیکە چاپ و بڵاوکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان عەبدوڵڵا حەبیبی کە لێکۆڵەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کاری وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی بۆ ئەنجامداوە. نوسخەی ئەم چاپە دواییەیان کاک هۆشمەند جاف بەدیاری بۆی ناردووم.

لەلای پیرەمێرد بووە، لەوە دڵنیام، باوکم داوای کردبوویەوە لە پیرەمێرد، بەڵام ئەو نەیدابوویەوە، وتبووی مەحمود پاشا لە من نزیکترە هەتا ئێوە، مەبەستی ئەو دۆستایەتی و نزیکایەتییەی خۆی بووە کە لەگەڵ پاشا هەیبووە کاتی خۆی، مەحمود پاشای زۆر خۆش ویستووە، پێشتر پیرەمێرد چەند ساڵێک لەگەڵ پاشا بووە و کاتبی بووە، باوکم هەرچی کردبوو پیرەمێرد گەڕانەوەکەی نەسەلماندبوو، پیرەمێرد خوشکەزایەکی هەبووە بەناوی(هادی صائیب)، کوڕێکی گەنج بووە، باوکم بە کەمێک پارە قایلی کردووە کە کەشکۆڵەکەی لەلای پیرەمێر بۆ بهێنێتەوە، ئەویش بۆی هێنابوویەوە. ئێستا ئەو نوسخە ئەسڵییە لەلای منە. کاتێک کە بردییان لە بەیروت چاپیان کرد ئەو نوسخەیەی منیان برد، بەڵام کۆمەڵێک لاپەڕەی دڕێنراوە و لێکراوەتەوە نازانم کێ و بۆچی لێیکردووەتەوە.

مەحمود پاشا و شیعر: سەبارەت بە هەبوونی شیعر، خودی مەحمود پاشا پارچە شیعرێکی هەیە شینی مردنی براکانی ئەکات، ئەو پارچە شیعرە هی خۆیەتی.

قورئانەکەی کەیخەسرەو بەگ: ئێمە دوو کەیخەسرەو بەگمان هەیە، یەکەمیان کەیخەسرەو بەگی باپیرە گەورەمانە کە دەکاتە باوکی محەمەد پاشای جاف، دووەمیان کەیخەسرەو بەگی مەحمود پاشایە، ئەو قورئانە زۆر بە نرخ و گرنگەی کە ئێستا لای منە هی کەیخەسرەو بەگی باپیرە گەورەمانە. کاتێک باوکم دایکمی خواستووە کە کچی عەبدوڵڵا بەگی کەیخەسرەو بەگی مەحمود پاشایە، باوکم وتوویەتی بە دایکم ئامینە هیچم لە تۆ ناوێ تەنها ئەو قورئانە نەبێت، بەڵکو هەوڵ بدەی لەماڵی باوکت بۆم بهێنی، ئەویش بۆی هێناوە، ئیتر قورئانەکە کەوتە لای باوکم، دوای مردنی باوکیشم هەموو کتێبخانەکەی بە قورئانەکەشەوە کەوتە لای من.

گۆڕەکانی ناو مزگەوتی پاشا: لەناو مزگەوتەکەی قزراباتدا کۆمەڵێک گۆڕی لێیە، بەڵام سەبارەت بە گۆڕەکانی ناو مزگەوتی پاشای هەڵەبجە هەموویان لە بەگزادەی جافن، لەوانەی کە گۆڕیان لەناو ئەو مزگەوتەدایە حەلاوەخانی خێزانی حامید بەگی جاف و محەمەدسەروەری برای منە.

گوندی پریس: ئەو گوندە موڵکی مەجید بەگی وەسمان پاشا بووە، دوای مردنی مەجید بەگ بە میرات ماوەتەوە بۆ حامید بەگ، حامید بەگیش دابووی بە بورهان بەگی کوڕی.



# ڕەوشی خوێندنەوەی کتێب

## لە هەرێمی کوردستان

### (پارێزگای سلێمانی بە نموونە)

دیاری ئەحمەد ئیسماعیل، ئیسماعیل ئیبراهیم

ئیدریس محەمەد،  هەژار حاتەم، یاسین محەمەد

## پێشەکی:

بێگومان خوێندنەوە ڕێگای پێشکەوتن و نیشانەی شارستانیبوونی کۆمەڵگاکانە، یەکێکە لەو لێهاتووییانەی بەشداری پێکهاتنی ئەقڵی تاک دەکات و یارمەتی گەشەپێدان و فێربوونی دەدات، زانست و زانیارییە(المعرفة) بە خوێندنەوە فراوان دەبن و بەرەوپێش دەچن. تاکی خوێنەر لە کۆمەڵگەدا کەسایەتییەکی سوودبەخش و بەرهەمهێن و داهێنەرە. خوێندنەوە بنچینەی شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن و دیالۆگی نێوان تاکەکانە و ڕێگایەکی سەرەکی گواستنەوەی ئەزموونی نەوەکانە بۆ یەکتری، هەروەها پردی پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕی کلتووریی نێوان کۆمەڵگە و گەلە جیاوازەکانە.

بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەرەڕای ئاسانبوونی ڕێگاکانی گەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، ئاستەنگ و لەمپەری زۆر لەبەردەم پرۆسەی خوێندنەوەدا دروستبوون، لەگەڵ زیادبوونی ژمارە و جۆر و شێوازەکانی پەخشکردن ئاڵنگارییەکانی بەردەم خوێندنەوە زۆرتر بوون و، زەین و بیری خوێنەر پەرشوبڵاو و ئاڵۆز بووە، جا ئەم ئاستەنگ و ئاڵنگارییانە هەرچیەک بن ئەنجامەکەی دوورکەوتنەوەیە لە خوێندنەوە. هەرێمی کوردستانیش لەم کەتوارەدا لە جیهان دابڕاو نییە و هەموو ئەو هەلومەرجانەی لە جیهاندا بوونەتە ڕێگر لەبەردەم خوێندنەوەدا هەرێمی کوردستانیشی پێدا تێپەڕ دەبێت.

بڵاوکردنەوەی کتێب و بوونی کتێبخانە و بەرزی ئاستی خوێندنەوە ئاماژەیەکی سەرەتاییە بۆ بەرزی ئاستی هۆشیاری. لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرنگییە (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی) وەک ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی فیکریی و کارا لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا، توێژینەوەیەکی مەیدانی بۆ خستنەڕووی ڕەوشی خوێندنەوە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، لەمەشدا پارێزگای سلێمانی وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە وەرگرتووە.

## ئامانجی توێژینەوە:

١. خستنەڕووی ڕەوشی خوێندنەوەی کتێب لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەی کە زۆرترین خوێنەریان هەیە.

٢. دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە زۆرترین خوێنەری هەیە لە ئەمڕۆدا لەناو خوێنەراندا.

٣. خستنەڕووی کاریگەریی و جیاوازی لەسەر خواستی کتێب بەپێی تەمەن، ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون.

## پرسیاری توێژینەوە:

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوە، توێژەران دەخوازن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- لە هەرێمی کوردستان کتێبی چ بوارێک زۆرترین خوێنەری هەیە؟

٢- چ بوارێکی ئیسلامیی لەناو ئەو کتێبانەی لە ئێستادا بڵاودەبنەوە زۆرترین خوێنەری هەیە؟

٣- خوێنەر لەسەر چ بنەمایەک بڕیاردەدات کتێبێکی دیاریکراو بخوێنێتەوە؟

## کۆمەڵگەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوە مەیدانییەدا، توێژەران تەواوی پارێزگای سلێمانی وەکو کۆمەڵگەی توێژینەوە دەستنیشان دەکەن، کە سەنتەری شار و قەزا و ناحیەکانیشی لەخۆدەگرێت کە کتێبخانە یان ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەیان تێدایە.

## نموونەی توێژینەوە:

توێژەران لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوە، نموونەیەکیان وەرگرت کە زیاترە لە (١٠٠٠) کەس تا نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی توێژینەوە بکەن.

## ئامرازی بەکارهاتوو:

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، توێژەران فۆڕمی ڕاپرسییان وەکو ئامرازێک بەکارهێنا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە. ئەمەش دوای ئامادەکردنی بەگوێرەی هەنگاوە زانستییەکانی ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی و خستنەبەردەست لیژنەی شارەزایان کە لە (٥) کەس پێکهاتبوون[١]، ئەوان ڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر شیاوی بڕگەکانی فۆڕمەکە خستەڕوو، دواجار فۆڕمەکە بەشێوەی کۆتایی[٢] ئامادەکرا و لەکاتی دیاریکراو بەسەر نموونەی توێژینەوە دابەشکرا. کردنەوەی پێشانگای کتێب لە سلێمانی دەرفەتێک بوو لەبەردەم توێژەران تا فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە بڵاوبکەنەوە، بەو مەبەستە لە ڕۆژانی (١٨- ٢٨/ ١١/ ٢٠٢٠) لە ڕێگەی تیمێکەوە لەناو پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی (١٠١٤) فۆڕم دابەشکرا بەسەر ئەو کەسانەی کە دانیشتووی سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن و لەلایەن نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە پڕکرایەوە.

دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمەکە، زانیارییەکانی ناوی خرانە سەر کۆمپیوتەر و لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS) و ئامرازی ئاماری گونجاو داتاکان شیکرانەوە و ئەنجامەکان خرانەڕوو.

١. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

٢. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

## خستنەڕوو و شیکاری ئەنجامەکان

لەو ژمارەیەی وەکو نموونەی توێژینەوە وەرگیراوە کە (١٠١٤) کەسن، (٦٢٠) کەس (٦١,١٪) لە ڕەگەزی نێر و (٣٩٤) کەس (٣٨,٩٪) لە ڕەگەزی مێ بوون، خشتەر ژمارە (١) پێکهاتەی نموونەی توێژینەوە بە گوێرەی ڕەگەز دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١) پێکهاتەی نموونەی توێژینەوە بە گوێرەی ڕەگەز:**

| | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 620 | 61.1 |
| مێ | 394 | 38.9 |
| کۆی گشتی | 1014 | 100.0 |

سەبارەت بە پێکهاتەی تەمەن؛ نموونەی توێژینەوەکە بۆ چوار گرووپی تەمەن دابەشکراوە: کەمتر لە ١٨ ساڵ، ١٨- ٢٤ ساڵ، ٢٥- ٣٩ ساڵ، ٤٠ ساڵ بەرەوژوور. لە کۆی نموونەی توێژینەوە (١٣) کەس تەمەنی دەستنیشان نەکردبوو. گرووپی تەمەنی (١٨- ٢٤ ساڵ) زۆرترین ڕێژەی نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، بەدوای ئەویش گرووپی تەمەنی (٢٥- ٣٩ ساڵ)، خشتەی ژمارە (٢) پێکهاتەی نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی تەمەن ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (٢) پێکهاتەی نموونەی توێژینەوە بەگوێرەی تەمەن:**

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە ١٨ ساڵ | 72 | 7.2 |
| ١٨- ٢٤ ساڵ | 431 | 43.1 |
| ٢٥- ٣٩ ساڵ | 301 | 30.1 |
| ٤٠ ساڵ و زیاتر | 197 | 19.7 |
| کۆی گشتی | 1014 | 100.0 |

سەبارەت بە پیشە؛ توێژەران (٧) پیشەی سەرەکییان دەستنیشان کرد، لە ئەنجامدا (٤) کەس لەسەر فۆڕمەکە پیشەکەی دەستنیشان نەکردبوو. زۆرینەی نموونەی توێژینەوە لە خوێندکاران پێکهاتوون بەڕێژەی (٤١,١٪)، بەدوای ئەوانیشدا مامۆستایان پلەی دووەم و فەرمانبەرنیش پلەی سێیەم، خشتەی ژمارە (٣) پیشەی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٣) پیشەی نموونەی توێژینەوە:**

| پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | 118 | 11.7 |
| مامۆستا | 182 | 18.0 |
| کاری ئازاد | 101 | 10.0 |
| خوێندکار | 415 | 41.1 |
| پزیشک | 27 | 2.7 |
| ژنی ماڵ | 24 | 2.4 |
| خانەنشین | 6 | 0.6 |
| هی تر | 137 | 13.6 |
| کۆی گشتی | 1014 | 100.0 |

سەبارەت بە بڕوانامەی نموونەی توێژینەوەکە؛ لە کۆی گشتیی بەشداربووان (٤٥) کەس بڕوانامەکەی دەستنیشان نەکردبوو، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە ڕێژەی (٤٣,٩٪) لە پلەی یەکەمی نموونەی توێژینەوەکەن، بەدوای ئەوانیشدا هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی. هەڵگرانی بڕوانامەی زانستی شەرعیش کەمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەن، خشتەی ژمارە (٤) بڕوانامەی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٤) بڕوانامەی نموونەی توێژینەوە:**

| بڕوانامە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئامادەیی | 312 | 32.2 |
| زانستی شەرعی | 18 | 1.9 |
| دبلۆم | 144 | 14.9 |
| بەکالۆریۆس | 425 | 43.9 |
| ماستەر | 49 | 5.1 |
| دکتۆرا | 21 | 2.2 |
| کۆی گشتی | 114 | 100.0 |

دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە، (١٩) کەس شوێنی نیشتەجێبوونی دەستنیشان نەکردبوو، ئەوانی تر کە ژمارەیان (٩٩٥) کەس بوو: سەنتەری پارێزگا (٧٤٤) کەس (٧٤,٨٪) زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان بوون، خشتەی ژمارە (٥) نموونەی توێژینەوە بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٥) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە.**

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | شوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|
| 74.8 | 744 | سەنتەری پارێزگا |
| 17.5 | 174 | قەزا |
| 7.0 | 70 | ناحیە |
| 0.7 | 7 | گوند |
| 100.0 | 1014 | کۆی گشتی |

* پرسیاری یەکەمی توێژینەوە بریتی بوو لە: لە هەرێمی کوردستاندا کتێبی چ بوارێک زۆرترین خوێنەری هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە گشتیی و بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، بڕوانامە و تەمەن ئەنجامەکان دەخەینەڕوو؛ کتێبی ئایینی بە ڕێژەی (٪١٨,٥) زۆرترین خوێنەری هەبوو لەناو نموونەی توێژینەوەکەدا؛ ڕەنگە ئەمەش چەند هۆکارێک ڕۆڵی تێیدا هەبێت، لەوانە: ئایین سەرچاوەی سەرکی مەعریفەیە و هانی شوێنکەوتووانی دەدات بۆ فێربوون و شارەزایی، خودی ئیسلامیش وەک ئایینێکی ئاسمانی گرنگی زۆری بە فێربوون و زانست و زانیاری داوە، هانی شوێنکەوتووانی داوە شارەزای ئایینەکەیان ببن و بە دوای زانستدا بگەڕێن، لەلایەکی تریشەوە بەئاوڕدانەوە لە مێژووی کورد دامەزراوە ئاینییەکانی حوجرە و مزگەوت بە درێژایی چەندین سەدە بنکەی فێربوون و بڵاوکردنەوەی زانست بوون، دەیان کەسایەتی لەو ناوەندە ئایینیانەوە پێگەیشتوون و خزمەتیان بە کایە جیاوازەکانی مەعریفە کردووە، بۆیە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەو پاشخانە کاریگەری هەیە لەسەر خوێندنەوەی زیاتری کتێبی ئایینی. هۆکارێکی تر ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ پڕکردنەوەی لایەنی ڕۆحیی و ئەو پێویستییەی مرۆڤ کە ئایین ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دابینکردنی پێویستی ڕۆحیی مرۆڤەکان و هاندانی بۆ بەها باڵاکان. هۆکارێکی تر ئەوەیە، ئایین بە ڕوونی و سادەیی وەڵامی پرسیارە وجودییەکان دەداتەوە بەشێوەیەکی دڵنیاکەرانە و عقڵانیی شوبهە و گومانەکان دەڕەوێنێتەوە.

دوای کتێبی ئایینی، کتێبی ئەدەبی بە (٪١٣,٥) لە پلەی دووەمدایە، بە بڕوای توێژەران ئەمەش دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارە؛ خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی ماندوبوونی کەمترە و هەموو تەمەنەکان بەڕێژەی جیاواز و بەپێی بابەت چێژ لە خوێندنەوەی وەردەگرن،

هاوكات تاڕادەیەک پێداویستی ڕۆحیی خوێنەر پڕدەکاتەوە و، بەگشتیش ناوەندەکانی چاپ و وەرگێڕەکان گرنگیان داوە بە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییە ناودار و بەناوبانگەکان و، لە کوردستان بە زمانی کوردی چاپ کراون و لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریدا برەویان پێدەدرێت.

بواری گەشەپێدانی مرۆیی لە پلەی سێیەمی خوێندنەوەدایە، ئەم بوارەش وێڕای نوێی لە بواری مەعریەفەدا، تاڕادەیەک پەیوەستە بە سەرکەوتن و گەشەی خود و بازاڕی کار، لەوانەیە ئەمەش هۆکار بێت کە بووبێتە مایەی سەرنج و گرنگیپێدانی خوێنەری کورد بەو بوارە. خشتەی ژمارە (٦) ڕێژەی خوێنەری هەر بوارێک دەردەخات.

**خشتەی ژمارە (٦) ڕێژەی خوێنەری بوارەکان:**

| بوار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئەدەبی | 353 | 13.5% |
| ئایینی | 486 | 18.5% |
| مێژوویی | 276 | 10.5% |
| پەروەردەیی | 260 | 9.9% |
| گەشەپێدانی مرۆیی | 321 | 12.3% |
| فیکریی و فەلسەفی | 217 | 8.3% |
| سیاسیی و یاسایی | 120 | 4.6% |
| زانستیی | 279 | 10.6% |
| زمان | 201 | 7.7% |
| هی تر | 107 | 4.1% |
| کۆی گشتی | 2620 | 100.0% |

لە ناو ڕەگەزی نێردا زۆرترین بابەتی خوێندراو بابەتی سیاسیی و یاسایی بوو (٧٦,٧٪)، بەڵام لەناو ڕەگەزی مێ بابەتی پەروەردەیی (٥٦,٩٪) بوو. خشتەی ژمارە (٧) ڕێژەی خوێنەری بوارەکان بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز دەستنیشان دەکات.

## خشتەی ژمارە (٧) ڕێژەی خوێنەری بوارەکان بەپێی ڕەگەز:

| بوار | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| ئەدەبی | 204 | 57.8% | 149 | 42.2% |
| ئایینی | 297 | 61.1% | 189 | 38.9% |
| مێژوویی | 201 | 72.8% | 75 | 27.2% |
| پەروەردەیی | 112 | 43.1% | 148 | 56.9% |
| گەشەپێدانی مرۆیی | 142 | 44.2% | 179 | 55.8% |
| فیکریی و فەلسەفی | 139 | 64.1% | 78 | 35.9% |
| سیاسیی و یاسایی | 92 | 76.7% | 28 | 23.3% |
| زانستیی | 169 | 60.6% | 110 | 39.4% |
| زمان | 91 | 45.3% | 110 | 54.7% |
| هی تر | 47 | 43.9% | 60 | 56.1% |
| کۆی گشتی | 1494 | 57.0% | 1126 | 43.0% |

بەپێی ئاستی تەمەن، بەوجۆرەی کە نموونەی توێژینەوە بۆ چوار ئاست دابەشکرا: گرووپی تەمەنی (٢٥- ٣٩ ساڵ) لە بواری سیاسیی و یاسایی بە ڕێژەی (٤٠,٨٪) و، بواری مێژوویی بە ڕێژەی (٣٥,١٪) لەپێش گرووپی تەمەنەکانی ترەوەن، بەڵام لە سەرجەم بوارەکانی تر گرووپی تەمەنی (١٨- ٢٤ ساڵ) زۆرترین خوێنەرن، بەڵام گرووپی تەمەنی (خوار ١٨ ساڵ) کەمترین ڕێژەیان تۆمارکردووە، خشتەی ژمارە(٨) ڕێژەی خوێنەری بوارەکان بەپێی گرووپی تەمەن دەخاتەڕوو.

## خشتەی ژماری (٨) ڕێژەی خوێنەری بوارەکان بەپێی تەمەن:

| بوار | تەمەن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمتر لە ١٨ ساڵ | | 18- 24 ساڵ | | 25- 39 ساڵ | | ٤٠ ساڵ و زیاتر | |
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| ئەدەبی | 27 | 7.8% | 151 | 43.4% | 99 | 28.4% | 71 | 20.4% |
| ئایینی | 35 | 7.3% | 200 | 41.5% | 144 | 29.9% | 103 | 21.4% |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مێژوویی | 12 | 4.3% | 88 | 31.9% | 97 | 35.1% | 79 | 28.6% |
| پەروەردەیی | 10 | 3.9% | 119 | 46.5% | 70 | 27.3% | 57 | 22.3% |
| گەشەپێدانی مرۆیی | 23 | 7.3% | 164 | 52.1% | 91 | 28.9% | 37 | 11.7% |
| فیکریی و | 12 | 5.6% | 108 | 50.7% | 61 | 28.6% | 32 | 15.0% |
| سیاسیی و یاسایی | 5 | 4.2% | 31 | 25.8% | 49 | 40.8% | 35 | 29.2% |
| زانستیی | 21 | 7.7% | 133 | 48.7% | 73 | 26.7% | 46 | 16.8% |
| زمان | 18 | 9.2% | 92 | 46.9% | 53 | 27.0% | 33 | 16.8% |
| هی تر | 9 | 8.6% | 58 | 55.2% | 22 | 21.0% | 16 | 15.2% |
| کۆی گشتی | 172 | 6.7% | 1144 | 44.3% | 759 | 29.4% | 509 | 19.7% |

سەبارەت بە گۆڕاوی بڕوانامە و کاریگەری لەسەر بواری خوێندنەوە:

- لەناو هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی (١٩,٧٪) بابەتی ئایینی دەخوێننەوە، (١٤,٩٪) بابەتی ئەدەبی و (١٢,٨٪) بابەتی گەشپێدانی مرۆیی دەخوێننەوە.
- هەڵگرانی بڕوانامەی زانستە شەرعییەکانن، (٣١,١٪) بابەتی ئایینی و (١١,١٪) بابەتی ئەدەبی، مێژوویی و گەشەپێدانی مرۆیی دەخوێننەوە.
- هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم بە پلەی یەکەم (٢٠,١٪) بابەتی ئایینی و (١٣,٥٪) بابەتی پەروەردەیی و گەشەپێدانی مرۆیی و (١١,٥٪) بابەتی ئەدەبی دەخوێننەوە.
- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە پلەی یەکەم بابەتی ئایینی (١٦,٩٪) و پاشان بابەتی ئەدەبی (١٣,٤٪) و گەشەپێدانی مرۆیی (١٢,٤٪) دەخوێننەوە.
- بڕوانامەی ماستەریش بە پلەی یەکەم (١٥٪) بابەتی ئایینی، بابەتی مێژوویی بە ڕێژەی (١٢,٩٪)، بابەتی ئەدەبیش بە ڕێژەی (١١,٤٪) دەخوێننەوە.
- هەڵگرانی بڕوانەمەی دکتۆرا هەردوو بابەتی ئایینی و ئەدەبی بە ڕێژەی (١٥,٤٪) و بە ڕێژەی (١٣,٥٪) بابەتی مێژوویی و زانستی دەخوێننەوە.

بەگشتیش لای سەرجەم خاوەن بڕوانامەکان بابەتی  ئایینی لە پلەی یەکەمدایە، تەنها لای هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا بابەتی ئەدەبی بە هەمان ڕێژەی بابەتی ئایینی دەخوێندرێتەوە. خشتەی ژمارە (٩) ڕێژەی خوێندنەوەی بوارەکان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (٩) ڕێژەی خوێندنەوەی بوارەکان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە.**

| بوار | بڕوانامە | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئامادەیی | | زانستی شەرعی | | دبلۆم | | بەکالۆریۆس | | ماستەر | | دکتۆرا | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ئەدەبی | 108 | 14.9% | 5 | 11.1% | 46 | 11.5% | 155 | 13.4% | 16 | 11.4% | 8 | 15.4% |
| ئایینی | 143 | 19.7% | 14 | 31.1% | 80 | 20.1% | 196 | 16.9% | 21 | 15.0% | 8 | 15.4% |
| مێژوویی | 58 | 8.0% | 5 | 11.1% | 40 | 10.0% | 128 | 11.1% | 18 | 12.9% | 7 | 13.5% |
| پەروەردەیی | 58 | 8.0% | 4 | 8.9% | 54 | 13.5% | 116 | 10.0% | 13 | 9.3% | 6 | 11.5% |
| گەشەپێدانی مرۆیی | 93 | 12.8% | 5 | 11.1% | 54 | 13.5% | 143 | 12.4% | 12 | 8.6% | 6 | 11.5% |
| فیکریی و فەلسەفی | 66 | 9.1% | 3 | 6.7% | 27 | 6.8% | 99 | 8.6% | 14 | 10.0% | 5 | 9.6% |
| سیاسیی و یاسایی | 26 | 3.6% | 2 | 4.4% | 19 | 4.8% | 52 | 4.5% | 15 | 10.7% | 1 | 1.9% |
| زانستیی | 76 | 10.5% | 4 | 8.9% | 38 | 9.5% | 134 | 11.6% | 11 | 7.9% | 7 | 13.5% |
| زمان | 60 | 8.3% | 1 | 2.2% | 29 | 7.3% | 90 | 7.8% | 14 | 10.0% | 2 | 3.8% |
| هی تر | 38 | 5.2% | 2 | 4.4% | 12 | 3.0% | 44 | 3.8% | 6 | 4.3% | 2 | 3.8% |
| کۆی گشتی | 726 | 100.0% | 45 | 100.0% | 399 | 100.0% | 1157 | 100.0% | 140 | 100.0% | 52 | 100.0% |

* پرسیاری دووەمی توێژینەوە بریتیی بوو لە: چ بوارێکی ئایینی لەناو ئەو کتێبانەی لە ئێستادا بڵاودەبنەوە زۆرترین خوێنەری هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، بڕوانامە، تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوون شیکاری دەکەین. توێژەران لەناو بواری ئایینی، چەند بابەتێکیان دیاریکرد تا خوێنەر ئەو بابەتە دەستنیشانی بکات کە زۆرتر دەیخوێنێتەوە و داواش لە خوێنەر کرابوو دەتوانێت (١-٣) بژاردە دیاری بکات.

بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکە دەریدەخات کە ڕەگەزی نێر بابەتی تەفسیر (٢٠,٣٪) زۆرترین خوێنەری هەبوو، بابەتی ئادابی گشتیش (٤,٥٪) کەمترین خوێنەری هەبوو، بەڵام لەناو ڕەگەزی مێ ژیاننامەی پێغەمبەر (١٩,٣٪) پلەی یەکەم و فەرموودە (١٧,٨٪) پلەی دووەم و تەفسیر (١٦,٧٪) لە پلەی سێیەمدا خوێنەری هەبوو. دەردەکەوێت جیاوازیی هەیە لەنێوان هەردوو ڕەگەز لە خوێندنەوەی بابەتە ئایینییەکاندا، خشتەی ژمارە (١٠) ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتە ئایینییەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٠) ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتە ئایینییەکان**
**بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز:**

| کتێبی ئایینی | بوار | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | | مێ | |
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | تەفسیر | 135 | 20.3% | 90 | 16.7% |
| | فەرموودە | 106 | 16.0% | 96 | 17.8% |
| | فیقهـ | 85 | 12.8% | 45 | 8.3% |
| | عیرفان | 55 | 8.3% | 49 | 9.1% |
| | ژیاننامەی پێغەمبەر | 100 | 15.1% | 104 | 19.3% |
| | شەریعەت | 54 | 8.1% | 48 | 8.9% |
| | ئادابی گشتیی | 30 | 4.5% | 44 | 8.2% |
| | عەقیدە | 66 | 9.9% | 33 | 6.1% |
| | هی تر | 33 | 5.0% | 30 | 5.6% |

بەگوێرەی گرووپی تەمەن، گرووپی تەمەنی (خوار ١٨ ساڵ) هەرسێ بابەتی تەفسیر، فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر بەڕێژەی (٢٠,٢٪) دەخوێننەوە، بەڵام کەمتر مەیلیان بە لای بابەتی عیرفاندایە، کە کەمترین ڕێژەیە (٣,٢٪). گرووپی تەمەن (١٨- ٢٤ ساڵ) بەڕێژەی (١٦,٨٪) هەردوو بابەتی تەفسیر و ژیاننامەی پێغەمبەر دەخوێننەوە، بەڕێژەی (١٦٪) بابەتی فەرموودە لە پلەی سێیەمدا دەخوێننەوە، بەڵام گرووپی تەمەنی (٢٥- ٣٩ ساڵ) بابەتی تەفسیر بەڕێژەی (١٨,٩٪) و هەردوو بابەتی فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر بەڕێژەی (١٦,٥٪) لە پلەی دووەمدا دەخوێننەوە، بەراورد بە تەمەنەکانی تر بابەتی فیقهی ئیسلامیی زۆرتر دەخوێننەوە بەڕێژەی (١٢,٣٪)، بەڵام گرووپی تەمەنی (٤٠ ساڵ بەرەوژوور) بەڕێژەی (٢٢,٥٪) بابەتی تەفسیر و بەڕێژەی (١٧,٩٪) بابەتی فەرموودە و بەڕێژەی (١٦,٧٪) ژیاننامەی پێغەمبەر دەخوێننەوە. وەک تێبینی دەکرێت لە هەموو تەمەنەکاندا بابەتەکانی تەفسیر، فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر ڕێژەی خوێندنەوەی لە بابەتەکانی تر زۆرترە. خشتەی ژمارە (١١) ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتە ئایینییەکان بەگوێرەی گرووپی تەمەن ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١١) ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتە ئاینییەکان بە گوێرەی تەمەن:

| بابەتی ئاینی / بوار | تەمەن: کەمتر لە 18 ساڵ (ژمارە) | کەمتر لە 18 ساڵ (ڕێژەی سەدی) | 18- 24 ساڵ (ژمارە) | 18- 24 ساڵ (ڕێژەی سەدی) | 25- 39 ساڵ (ژمارە) | 25- 39 ساڵ (ڕێژەی سەدی) | 40 ساڵ و زیاتر (ژمارە) | 40 ساڵ و زیاتر (ڕێژەی سەدی) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەفسیر | 19 | 20.2% | 88 | 16.8% | 63 | 18.9% | 54 | 22.5% |
| فەرموودە | 19 | 20.2% | 84 | 16.0% | 55 | 16.5% | 43 | 17.9% |
| فیقهـ | 8 | 8.5% | 55 | 10.5% | 41 | 12.3% | 25 | 10.4% |
| عیرفان | 3 | 3.2% | 53 | 10.1% | 29 | 8.7% | 17 | 7.1% |
| ژیاننامەی پێغەمبەر | 19 | 20.2% | 88 | 16.8% | 55 | 16.5% | 40 | 16.7% |
| شەریعەت | 6 | 6.4% | 48 | 9.1% | 31 | 9.3% | 16 | 6.7% |
| ئادابی گشتیی | 5 | 5.3% | 35 | 6.7% | 18 | 5.4% | 14 | 5.8% |
| عەقیدە | 10 | 10.6% | 45 | 8.6% | 26 | 7.8% | 18 | 7.5% |
| هی تر | 5 | 5.3% | 29 | 5.5% | 16 | 4.8% | 13 | 5.4% |

بەپێی بڕوانامە: هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بە پلەی یەکەم بابەتی فەرموودە (١٩,٥٪)دەخوێننەوە. بڕوانامەی زانستە شەرعییەکان: بابەتی تەفسیر (٢٩٪). بڕوانامەی دبلۆم: ژیاننامەی پێغەمبەر (٢٠,٦٪). بڕوانامەی بەکالۆریۆس: تەفسیر (١٨,٣٪). بڕوانامەی ماستەر: تەفسیر و فەرموودە (١٧,٣٪). بڕوانامەی دکتۆراش: تەفسیر (٢٤,٢٪)، بەراورد بەوانی تر خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا گرنگی زیاتر بە بابەتی شەریعەت دەدەن. جێی تێبینیە کە لەناو نموونەی توێژینەوەکەدا هەڵگرانی بڕوانامەی زانستە شەرعییەکان هیچ بابەتی عیرفانی ئیسلامی ناخوێننەوە. خشتەی ژمارە (١٢) ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتە ئیسلامییەکان بەگوێرەی بڕوانامە دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٢) ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتە ئیسلامییەکان بە گوێرەی بڕوانامە:**

| کتێبی ئایینی | | بڕوانامە | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ئامادەیی | | زانستی شەرعی | | دبلۆم | | بەکالۆریۆس | | ماستەر | | دکتۆرا | |
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| | تەفسیر | 60 | 17.5% | 9 | 29.0% | 31 | 18.8% | 96 | 18.3% | 9 | 17.3% | 8 | 24.2% |
| | فەرموودە | 67 | 19.5% | 4 | 12.9% | 27 | 16.4% | 77 | 14.6% | 9 | 17.3% | 7 | 21.2% |
| | فیقە | 34 | 9.9% | 8 | 25.8% | 15 | 9.1% | 56 | 10.6% | 8 | 15.4% | 3 | 9.1% |
| | عیرفان | 23 | 6.7% | 0 | 0.0% | 18 | 10.9% | 55 | 10.5% | 4 | 7.7% | 2 | 6.1% |
| | ژیاننامەی پێغەمبەر | 55 | 16.0% | 2 | 6.5% | 34 | 20.6% | 89 | 16.9% | 8 | 15.4% | 3 | 9.1% |
| | شەریعەت | 30 | 8.7% | 3 | 9.7% | 15 | 9.1% | 44 | 8.4% | 4 | 7.7% | 4 | 12.1% |
| | ئادابی گشتی | 26 | 7.6% | 1 | 3.2% | 7 | 4.2% | 29 | 5.5% | 6 | 11.5% | 2 | 6.1% |
| | عەقیدە | 28 | 8.2% | 2 | 6.5% | 14 | 8.5% | 47 | 8.9% | 3 | 5.8% | 2 | 6.1% |
| | هی تر | 20 | 5.8% | 2 | 6.5% | 4 | 2.4% | 33 | 6.3% | 1 | 1.9% | 2 | 6.1% |
| | کۆی گشتی | 343 | 100.0% | 31 | 100.0% | 165 | 100.0% | 526 | 100.0% | 52 | 100.0% | 33 | 100.0% |

بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون: دانیشتوانی سەنتەری پارێزگا بە پلەی یەکەم (١٩,٨٪) تەفسیر دەخوێننەوە، بەڵام دانیشتوانی قەزاکان ژیاننامەی پێغەمبەر (١٨,٦٪) دەخوێننەوە. دانیشتوانی ناحیەش بابەتی فەرموودە (٢٣,٣٪)، بەڵام گوندنشینان فەرموودە (٦٦,٧٪)، هەروەها هەردوو بابەتی عیرفان و شەریعەت بە ڕێژەی (١٦,٧٪) دەخوێننەوە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی ژمارەی گوندنشین لە نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا کەمترە لەوانی تر. خشتەی ژمارە (١٣) ڕێژەی خوێندنیوەی بابەتە ئیسلامییەکان بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٣) ڕێژەی خوێیندنەوەی بابەتە ئیسلامییەکان بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون.**

| کتێبی ئایینی | بوار | نیشتەجێبوون | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەنتەری پارێزگا | | قەزا | | ناحیە | | گوند | |
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | تەفسیر | 167 | 19.6% | 39 | 16.9% | 18 | 17.5% | 0 | 0.0% |
| | فەرموودە | 138 | 16.2% | 35 | 15.2% | 24 | 23.3% | 4 | 66.7% |
| | فیقە | 85 | 10.0% | 36 | 15.6% | 8 | 7.8% | 0 | 0.0% |
| | عیرفان | 73 | 8.5% | 20 | 8.7% | 10 | 9.7% | 1 | 16.7% |
| | ژیاننامەی پێغەمبەر | 144 | 16.9% | 43 | 18.6% | 16 | 15.5% | 0 | 0.0% |
| | شەریعەت | 77 | 9.0% | 15 | 6.5% | 7 | 6.8% | 1 | 16.7% |
| | ئادابی گشتی | 55 | 6.4% | 13 | 5.6% | 4 | 3.9% | 0 | 0.0% |
| | عەقیدە | 63 | 7.4% | 25 | 10.8% | 10 | 9.7% | 0 | 0.0% |
| | هی تر | 52 | 6.1% | 5 | 2.2% | 6 | 5.8% | 0 | 0.0% |
| | کۆی گشتی | 854 | 100.0% | 231 | 100.0% | 103 | 100.0% | 6 | 100.0% |

بەسەرنجدان لە خشتەکانی (١٠، ١١، ١٢، ١٣) ڕووندەبێتەوە بابەتەکانی تەفسیر، فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت)، بەبوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوانیان بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە، لەناو بابەتە ئایینیەکاندا خوێنەری زۆرترە؛ بە بڕوای توێژەران ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ: میحوەربوونی قورئان، فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) لەسەر هزری تاکی مسوڵمان و کاریگەری گەورەی ئەو بوارانە لە دروستبوون و قەتماغەبەستنی دونیابینیی، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئان و لێکدانەوەی چەمک و زاراوەکان پەنا دەبرێتە بەر تەفسیر و فەرەموودە، پێشتریش بە زمانی کوردی کتێبی تەفسیر و فەرموودە کەمتر بوو، بەڵام لە ئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی پێدەدرێت و برەوی هەیە و بەشێوازی جۆراو جۆر، کورتە، پوختە، و ... تاد تەفسیری کوردی هەیە و بەردەستی خوێنەرە.

پرسیاری سێیەم: خوێنەر لەسەر چ بنەمایەک بڕیاردەدات کتێبێکی دیاریکراو بخوێنێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش توێژەران (١٠) بڕگەیان دیاریکردبوو کە خوێنەر دەیتوانی (١-٥) بژاردە دیاری بکات. بەگشتی خوێنەران بەم ڕیزبەندە پێنج بنەما یان پاڵنەری سەرەکییان بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو دەستنیشان کردووە: بڕگەی (حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو): (٣٠,٢٪)، بڕگەی (حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە): (١٦,٧٪)، بڕگەی (ناوبانگی نووسەر یان وەرگێڕ): (١٣,٦٪)، بڕگەی (ناونیشانی کتێب): (٩,٩٪)، بڕگەی (گونجاوی لەگەڵ ئایدۆلۆجیا و دونیابینیم): (٩,٧٪)، کە دەکرێت بەگشتی ئەوانە وەک پێنج دیارترین پاڵنەری خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو دابنێین. خشتەی ژمارە (١٤) بنەماکانی بڕیاردانی خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٤) بنەماکانی بڕیاردانی خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو.**

| بڕیاری خوێندنەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناوبانگی نووسەر یان وەرگێڕ | 349 | 13.6% |
| حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو | 772 | 30.2% |
| پێویستیم بە کتێبەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرت | 206 | 8.1% |
| کتێبەکە مەنهەجیە و سەرچاوەیەکی خوێندنە | 136 | 5.3% |
| وەسفی خاوەن کتێبخانە بۆ کتێبەکە | 47 | 1.8% |
| ڕێکلامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 65 | 2.5% |
| گونجاوی لەگەڵ ئایدۆلۆجیا و دونیابینیم | 249 | 9.7% |
| چاولێکەری لە دۆست و هاوڕێ | 54 | 2.1% |
| حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە | 426 | 16.7% |
| ناونیشانی کتێب | 253 | 9.9% |
| کۆی گشتی | 2557 | 100.0% |

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١٤) ڕووندەبێتەوە حەز و خولیای خودی خوێنەر بۆ بابەتێکی دیاریکراو و گەشەپێدانی مەعریفە، بەلای نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەوە لە پلەیەکی بەرزدایە، وەکو پاڵنەرێکی بڕیاردان بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری خوێنەری کورد، کە گرنگی بە حەز و خولیای خۆی بدات لە بوارێکی دیاریکراودا. هەروەک دەردەکەوێت نووسەری ناودار و بە ئەزموون کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی بوارێکی خوێندنەوە و کتێبی خوێندراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە، ڕێکلامکردن بۆ کتێب کەمترین کاریگەری کردووەتە سەر خوێنەرانی نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە، ڕەنگە ئەمە بە پلەی یەکەم بگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی هۆشیاری خوێنەر، پاشانیش بەگشتیی ڕێکلام لە بوارەکانی تر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە زۆرجار بەشێوەی نەرێنیی نمایش دەکرێت و ئەمەش جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری کردووەتە سەر کەمبایەخبوونی ڕێکلامی کتێب، هەروەک دەردەکەوێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەن کاریگەری ڕێکلام کەمتر بووەتەوە.

بەلای ڕەگەزی نێر برگەی (حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو) بەڕێژەی (٣١،٥٪) پاڵنەری سەرەکییە بۆ بڕیاردان لەسەر خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو، هەمان برگە لای ڕەگەزی مێ ڕێژەی (٢٨،٥٪)ی هەیە. خشتەی ژمارە (١٥) بنەماکانی بڕیاردان لە خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٥) بنەماکانی بڕیاردان لە خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز**

| بڕیاری خوێندنەوە | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| ناوبانگی نووسەر یان وەرگێر | 215 | 14.8% | 134 | 12.2% |
| حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو | 459 | 31.5% | 313 | 28.5% |
| پێویستیم بە کتێبەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرت | 130 | 8.9% | 76 | 6.9% |
| کتێبەکە مەنهەجیە و سەرچاوەیەکی خوێندنە | 85 | 5.8% | 51 | 4.6% |
| وەسفی خاوەن کتێبخانە بۆ کتێبەکە | 25 | 1.7% | 22 | 2.0% |
| ڕێکلامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 29 | 2.0% | 36 | 3.3% |
| گونجاوی لەگەڵ ئایدۆلۆجیا و دونیابینیم | 144 | 9.9% | 105 | 9.5% |
| چاولێکەری لە دۆست و هاوڕێ | 25 | 1.7% | 29 | 2.6% |
| حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە | 218 | 15.0% | 208 | 18.9% |
| ناونیشانی کتێب | 127 | 8.7% | 126 | 11.5% |
| کۆی گشتی | 1457 | 100.0% | 1100 | 100.0% |

بەگوێرەی گرووپی تەمەن: بڕگەی (حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو) بەڕێژەی جیاواز لای هەر چوار گرووپە تەمەن جیاوازەکان لە پلەی یەکەمدایە، بڕگەی (حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە) بە هەمان شێوە بە جیاوازی ڕێژە لای هەموو گرووپەکان لە پلەی دووەمدایە، بڕگەی (ناوبانگی نووسەر یان وەرگێڕ) لای هەموو گرووپەکان لە پلەی سێیەمدایە، بەڵام لە بڕگەکانی تر جیاوازی لە نێوان گرووپە تەمەن جیاوازەکان هەیە. خشتەی ژمارە (١٦) بنەماکانی بڕیاردان لە خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو بەگوێرەی تەمەن دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٦) بنەماکانی بڕیاردان لە خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز:**

| بڕیاری خوێندنەوە | تەمەن | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمتر لە ١٨ ساڵ | | 18 - 24 ساڵ | | 25 - 39 ساڵ | | ٤٠ ساڵ و زیاتر | |
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| ناوبانگی نووسەر یان وەرگێڕ | 24 | 14.5% | 147 | 13.2% | 105 | 13.8% | 69 | 14.3% |
| حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو | 49 | 29.7% | 336 | 30.2% | 223 | 29.3% | 156 | 32.4% |
| پێویستیم بە کتێبەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرت | 8 | 4.8% | 73 | 6.6% | 68 | 8.9% | 55 | 11.4% |
| کتێبەکە مەنهەجیە و سەرچاوەیەکی خوێندنە | 9 | 5.5% | 63 | 5.7% | 41 | 5.4% | 23 | 4.8% |
| وەسفی خاوەن کتێبخانە بۆ کتێبەکە | 4 | 2.4% | 24 | 2.2% | 7 | .9% | 9 | 1.9% |
| ڕیکلامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 6 | 3.6% | 29 | 2.6% | 23 | 3.0% | 5 | 1.0% |
| گونجاوی لەگەل ئایدۆلۆجیا و دونیابینیم | 11 | 6.7% | 111 | 10.0% | 83 | 10.9% | 41 | 8.5% |
| چاولێکەری لە دۆست و هاوڕێ | 8 | 4.8% | 26 | 2.3% | 13 | 1.7% | 6 | 1.2% |
| حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە | 25 | 15.2% | 184 | 16.5% | 133 | 17.5% | 76 | 15.8% |
| ناونیشانی کتێب | 21 | 12.7% | 120 | 10.8% | 66 | 8.7% | 41 | 8.5% |
| کۆی گشتی | 165 | 100.0% | 1113 | 100.0% | 762 | 100.0% | 481 | 100.0% |

بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە: بڕگەی (حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو) لای هەموو هەڵگرانی بڕوانامەکان بەڕێژەی جیاواز لە پلەی یەکەمدایە، بڕگەی (حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە) لای هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس و زانستی شەرعی لە پلەی دووەمدایە. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی بڕگەی (ناوبانگی نووسەر یان وەرگێڕ) لای هەڵگرانی زانستە شەرعییەکان بەڕێژەی (١٥,٩٪) لە هەمان پلەدایە لەپاڵ بڕگەی پێشوو، بەڵام لای هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بڕگەی (پێویستیم بە کتێبەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرت) لە پلەی دووەمدایە. بڕگەی (ناوبانگی نووسەر یان وەرگێڕ) لای هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس و ماستەر لە پلەی سێیەمدایە، بەڵام لای هەڵگرانی بڕوانامەی زانستی شەرعی بڕگەی (پێویستیم بە کتێبەکە

بۆ توێژینەوە و راپۆرت) لە پلەی سێیەمدایە. لای هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆراش بڕگەی (حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە) لە پلەی سێیەمدایە. خشتەی ژمارە (١٧) بنەماکانی بڕیاردان لە خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامە دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٧) بنەماکانی بڕیاردان لە خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو بەگوێرەی بڕوانامە:**

| بڕیاری خوێندنەوە | بڕوانامە | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئامادەیی | | زانستی شەرعی | | دبلۆم | | بەکالۆریۆس | | ماستەر | | دکتۆرا | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ناوبانگی نووسەر یان وەرگێڕ | 91 | 13.0% | 7 | 15.9% | 53 | 14.3% | 153 | 13.5% | 24 | 15.8% | 8 | 10.7% |
| حەز و خولیای خۆم بۆ بابەتێکی دیاریکراو | 237 | 33.8% | 13 | 29.5% | 104 | 28.1% | 334 | 29.4% | 38 | 25.0% | 18 | 24.0% |
| پێویستیم بە کتێبەکە بۆ توێژینەوە و راپۆرت | 46 | 6.6% | 6 | 13.6% | 15 | 4.1% | 90 | 7.9% | 32 | 21.1% | 15 | 20.0% |
| کتێبەکە مەنهەجییە و سەرچاوەیەکی خوێندنە | 36 | 5.1% | 3 | 6.8% | 15 | 4.1% | 56 | 4.9% | 14 | 9.2% | 7 | 9.3% |
| وەسفی خاوەن کتێبخانە بۆ کتێبەکە | 16 | 2.3% | 1 | 2.3% | 8 | 2.2% | 16 | 1.4% | 2 | 1.3% | 2 | 2.7% |
| ریکلامی دەزگاکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 18 | 2.6% | 1 | 2.3% | 13 | 3.5% | 29 | 2.6% | 1 | .7% | 1 | 1.3% |
| گونجاوی لەگەڵ ئایدۆلۆجیا و دونیابینیم | 58 | 8.3% | 2 | 4.5% | 41 | 11.1% | 125 | 11.0% | 12 | 7.9% | 7 | 9.3% |
| چاولێکەری لە دۆست و هاوڕێ | 19 | 2.7% | 2 | 4.5% | 6 | 1.6% | 21 | 1.9% | 1 | .7% | 1 | 1.3% |
| حەزی خۆم بۆ گەشەپێدانی مەعریفە | 112 | 16.0% | 7 | 15.9% | 68 | 18.4% | 200 | 17.6% | 18 | 11.8% | 11 | 14.7% |
| ناونیشانی کتێب | 69 | 9.8% | 2 | 4.5% | 47 | 12.7% | 111 | 9.8% | 10 | 6.6% | 5 | 6.7% |
| کۆی گشتی | 702 | 100.0% | 44 | 100.0% | 370 | 100.0% | 1135 | 100.0% | 152 | 100.0% | 75 | 100.0% |

بەپێی گۆڕاوی کتێبی کوردی و وەرگێڕدراو: ڕەگەزی نێر بەڕێژەی (٥٩,٨٪) و ڕەگەزی مێ ڕێژەی (٦٩,٢٪) کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی دەخوێننەوە. تەمەنی (خوار ١٨ ساڵ) بەڕێژەی (٧٣,٥٪) کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی دەخوێننەوە. تەمەنی (٤٠ ساڵ بەرەوژوور) بەڕێژەی (٥٢,١٪) کتێبی دانراو بە کوردی دەخوێننەوە، بەمەش دەردەکەوێت لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن خواستی خوێندنەوەی کتێبی دانراو بە کوردی زیاترە. سەرجەم خاوەن بڕوانامەکان بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی جیاواز کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی دەخوێننەوە، خشتەی ژمارە (١٨) ڕێژەی خوێندنەوەی کتێبی دانراو بە کوردی و وەرگێڕدراو ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (١٨) ڕێژەی خوێندنەوەی کتێبی دانراو بە کوردی و وەرگێڕدراو:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | جۆری خوێندنەوە | | | |
| | دانراو بە کوردی | | وەرگێڕدراو بۆ کوردی | | |
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | |
| ڕەگەز | نێر | 244 | 40.2% | 363 | 59.8% |
| | مێ | 119 | 30.8% | 267 | 69.2% |
| تەمەن | کەمتر لە 18 ساڵ | 18 | 26.5% | 50 | 73.5% |
| | 18- 24 ساڵ | 137 | 32.5% | 285 | 67.5% |
| | 25- 39 ساڵ | 104 | 34.9% | 194 | 65.1% |
| | 40 ساڵ و زیاتر | 100 | 52.1% | 92 | 47.9% |
| بڕوانامە | ئامادەیی | 118 | 38.4% | 189 | 61.6% |
| | زانستی شەرعی | 8 | 44.4% | 10 | 55.6% |
| | دبلۆم | 44 | 31.2% | 97 | 68.8% |
| | بەکالۆریۆس | 142 | 34.0% | 276 | 66.0% |
| | ماستەر | 17 | 36.2% | 30 | 63.8% |
| | دکتۆرا | 8 | 44.4% | 10 | 55.6% |

سەبارەت بە هۆکاری خوێندنەوەی کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی، بەلای هەردوو ڕەگەزەوە برگەی (نووسەرانی بیانی ئەزموونی نووسینیان زیاترە) لە پلەی یەکەم و برگەی (نووسەرانی بیانی بەشێوەیەکی زانستی تر دەنووسن) لە پلەی دووەمدایە وەکو هۆکاری پاڵنەر بۆ خوێندنەوەی کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی. خشتەی ژمارە (١٩) هۆکارەکانی خوێندنەوەی کێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١٩) هۆکارەکانی خوێندنەوەی کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:**

| | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | | مێ | |
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| خوێندنەوەی وەرگێردراو بۆ کوردی | نووسەرانی بیانی ئەزموونی نووسینیان زیاترە | 220 | 46.7% | 132 | 40.4% |
| | نووسەرانی بیانی بەشێوەیەکی زانستی تر دەنووسن | 114 | 24.2% | 70 | 21.4% |
| | کەمی پسپۆری نووسەری کورد | 89 | 18.9% | 64 | 19.6% |
| | ناسراوی نووسەرانی بیانی | 48 | 10.2% | 61 | 18.7% |
| | کۆی گشتی | 471 | 100.0% | 327 | 100.0% |

بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەش: بەلای هەموو خاوەن بڕوانامەکانە بڕگەی (نووسەرانی بیانی ئەزمونی نووسینیان زیاترە) لە پلەی یەکەمدایە وەکو هۆکاری پاڵنەر بۆ خوێندنەوەی کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی. خشتەی ژمارە (٢٠) هۆکارەکانی خوێندنەوەی کێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٢٠) هۆکارەکانی خوێندنەوەی کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە:**

| | | بڕوانامە | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ئامادەیی | | زانستی شەرعی | | دبلوم | | بەکالۆریۆس | | ماستەر | | دکتۆرا | |
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| خوێندنەوەی وەرگێردراو بۆ کوردی | نووسەرانی بیانی ئەزموونی نووسینیان زیاترە | 110 | 46.2% | 6 | 40.0% | 48 | 43.2% | 157 | 43.7% | 17 | 44.7% | 7 | 46.7% |
| | نووسەرانی بیانی بەشێوەیەکی زانستی تر دەنووسن | 51 | 21.4% | 4 | 26.7% | 25 | 22.5% | 83 | 23.1% | 10 | 26.3% | 3 | 20.0% |
| | کەمی پسپۆری نووسەری کورد | 35 | 14.7% | 2 | 13.3% | 26 | 23.4% | 76 | 21.2% | 8 | 21.1% | 4 | 26.7% |
| | ناسراوی نووسەرانی بیانی | 42 | 17.6% | 3 | 20.0% | 12 | 10.8% | 43 | 12.0% | 3 | 7.9% | 1 | 6.7% |
| | کۆی گشتی | 238 | 100.0% | 15 | 100.0% | 111 | 100.0% | 359 | 100.0% | 38 | 100.0% | 15 | 100.0% |

ڕەگەزی نێر بەڕێژەی (٨٩,٧٪) و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی (٩٣,٦٪) خوێندنەوە لەسەر چاپکراوی سەر کاغەز پەسەند دەکەن. هەروەک بەپێی گرووپی تەمەن و بڕوانامە و شوێنی نیشتەجێبوونیش، هەمووان خوێندنەوە لەسەر چاپکراوی سەر کاغەز پەسەند دەکەن بەڕێژەی جیاواز. خشتەی ژمارە (٢١) ڕێژەی پەسەندکردنی خوێندنەوەی چاپکراوی سەر کاغەز و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٢١) ڕێژەی پەسەندکردنی خوێندنەوەی چاپکراوی سەر کاغەز و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان:**

| | | خوێندنەوەی چاپکراوی | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | سەر کاغەز | | ئامێرە ئەلکترۆنییەکان | | |
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | |
| ڕەگەز | نێر | 556 | 89.7% | 64 | 10.3% |
| | مێ | 366 | 93.6% | 25 | 6.4% |
| تەمەن | کەمتر لە 18 ساڵ | 65 | 90.3% | 7 | 9.7% |
| | 18- 24 ساڵ | 389 | 90.7% | 40 | 9.3% |
| | 25- 39 ساڵ | 274 | 91.3% | 26 | 8.7% |
| | 40 ساڵ و زیاتر | 183 | 92.9% | 14 | 7.1% |
| بڕوانامە | ئامادەیی | 280 | 89.7% | 32 | 10.3% |
| | زانستی شەرعی | 17 | 94.4% | 1 | 5.6% |
| | دبلۆم | 136 | 95.1% | 7 | 4.9% |
| | بەکالۆریۆس | 382 | 90.3% | 41 | 9.7% |
| | ماستەر | 46 | 93.9% | 3 | 6.1% |
| | دکتۆرا | 21 | 100.0% | 0 | 0.0% |
| نیشتەجێبوون | سەنتەری پارێزگا | 676 | 91.0% | 67 | 9.0% |
| | قەزا | 160 | 92.5% | 13 | 7.5% |
| | ناحیە | 65 | 94.2% | 4 | 5.8% |
| | گوند | 4 | 57.1% | 3 | 42.9% |

سەبارەت بە کاتی تەرخانکراو بۆ خوێندنەوە لە شەو و ڕۆژێکدا: (٤٧٪) بەشداربووان (١) کاتژمێر دەخوێننەوە، (٣٪) بەشداربووان (٦) کاتژمێر و بەرەوژوور دەخوێننەوە. خشتەی ژمارە (٢٢) کاتژمێری تەرخانکراو بۆ خوێندنەوە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٢٢) کاتژمێرەکانی خوێندنەوە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا:**

| کاتژمێری تەرخانکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|
| 1 | 47 |
| 2 | 34 |
| 5-3 | 16 |
| 6 بەرەوژوو | 3 |
| کۆی گشتیی | 100 |

## دەرئەنجام

توێژەران لەم توێژینەوە مەیدانییەدا بە چەندین ئەنجام گەیشتوون، لەوانە:

١. کتێبی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا لە هەموو بوارەکانی تر خوێنەری زیاترە.

٢. بابەتەکانی تەفسیر، فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت)، بە بوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا، بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە، لەناو بابەتە ئایینیەکان خوێنەری زۆرترە لە بابەتەکانی تر.

٣. حەز و خولیای خودی خوێنەر بۆ بابەتێکی دیاریکراو و گەشەپێدانی مەعریفە، بەهێزترین پاڵنەرە لە بڕیاردان بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو .

٤. خوێنەری مێینە لە هەموو بوارەکاندا کەمترن لە خوێنەری نێرینە، لەوانەیە گرنگترین هۆکار بریتی بێت لە بوونی ئەرکی زیاتری ئافرەتان لە کاتە زێڕینەکانی خوێندنەوەدا.

٥. خوێنەرانی خوار (١٨ ساڵ) کەمترین ڕێژەن لەنێو خوێنەراندا، ئەوە دەردەخات کە خێزان و کەرتە پەروەردەییەکان کەمترین کاریان لەسەر بەهێزکردنی ئەم لایەنە کردووە لەسەر خوێندکاران.

٦. زۆرترین ڕێژەی خوێنەران لەناو چینی خاوەن بڕوانامە بەرزەکاندایە، کە لەگەڵ ئەوەی دیاردەیەکی ئاساییە، ئەوەش دەردەخات کە خوێندنەوە لە کوردستاندا بەزۆری کارێکی نوخبەوییە و نەبووەتە کولتوور کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە.

٧. ڕەوشی خوێندنەوە لە دەرەوەی سەنتەری شارەکاندا بە بەراورد لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواریاندا لە ئاستێکی باشدایە، کە نیشانەدەرێکی ئەرێنییە.

٨. زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوە بەلایانەوە خوێندنەوەی چاپکراوی سەر کاغەز پەسەندترە لە خوێندنەوەی سەر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان.



کاروان عوسمان خەیات «ڕێبین»/ تاران

# دەستنووسی زانایانی کورد

## لە کتێبخانەی دائیرەتولمەعاریفی گەورەی ئیسلامی ئێران لە تاران

**١-    ناوی کتێب: دیوانی خالد؛**

زمان: فارسی؛

بابەت: دیوان؛

ناوی نووسەر: مەولانا خالید؛

ناوی کاتب: ---؛

ژمارەی کتاب: ٥٧٩٠٠؛

ئەندازە: ١٣-١٤س، ٩×١٥سم؛

ساڵی نووسین: ---؛

شێوەی خەت: نەستەعلیقی پوختە؛

لاپەڕە: ٦گ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: دهید از من خبر آن شاه خوبان را به پنهانی/ که عالم زنده شد بار دیگر از ابر نیسانی؛

کۆتایی کتێب: کۆتاییەکەی کەوتووە و ئەوەی ماوەتەوە ئەمەیە: آخر بگفتمش مقصرم و معترف بلی/ درمانده از خجالت و مبهوت و شرمسار.

تێبینی: ئەم دەستنووسە لە کتێبەکەدا بە ئیحتیمال دانراوە کە هی مەولانا خالید بێت، لە ڕاستیدا دیوانی مەولانا خالیدە.

**٢-    ناوی کتێب: رساله منطقیه؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: مەنتق؛

ناوی نووسەر: یووسفی کوڕی شێخ موحەممەدی کوردی تەختەیی (پێشەکی)؛

ناوی کاتب: پێدەچێت شاگردی نووسەر نووسیبێتییەوە؛

ژمارەی کتاب: ٥٧٦٢٧؛

ئەندازە: ---؛

ساڵی نووسین: ١٢٦٨ق پێشەکی، یەکشەممە ١٢٩٧ق لە کۆتایی نوسخەکەدا نووسراوە؛

شێوەی خەت: نەسخی پوختەی تەحریری؛

لاپەڕە: گ ٩پ-١٠پ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: بسمله. الحمدلله الذی لا مانع لعطائه الجزیل و لا **رادّ** لقضائه الجمیل...

کۆتاییی کتێب: فی ساعه او ساعتین. والله الموفق لکل طاعه فی النشأتین فی ١٢٦٨ق. کتبه احقر تلامیز المصنف...

تێبینی: ئەم بابەتە لەناو مەجمووعەدایە.

## ٣- ناوی کتێب: سراج الطریق؛

زمان: فارسی؛

بابەت: عرفان؛

ناوی نووسەر: ئەبوو یووسف حەسەنی کوڕی هیدایەتوڵڵای پیرخزرایی؛

ناوی کاتب: سولەیمانی کوڕی جەمشید؛

ژمارەی کتاب: ٧٨٦٨؛

ئەندازە: ٢١×١٤/٥سم؛

ساڵی نووسین: ٩٨٤ق، چوارشەممە، موحەڕەمی ١٢٤٥ق؛

شێوەی خەت: نەستەعلیقی تەحریری پوختە؛

لاپەڕە: ٨٣گ، ١٥س، ٩×١٦سم؛

جۆری کاغەز: فستقی؛

سەرەتای کتێب: سپاس بی‌قیاس غیر متناهی و منتهای کماهی، مبدعی را که اطوار قلوب عرفان....

کۆتاییی کتێب: مگر از مقدم ایشان شود شاد/ زآشوب حوادث گردد آزاد. تمت الرساله... من مصنفات... فرید الدهر مولانا ابوبکر.

تێبینی: ئەم کتێبە لەسەر داوای ئاسەفجا دەستوور موکەڕەم میرزا موحەممەدی کوڕی میرزا یووسف.

## ٤- ناوی کتێب: الشافیه؛

زمان: عەرەبی؛

بابەت: سەرفی زمانی عەرەبی؛

ناوی نووسەر: ئیبن حاجیب، ابوعمرو عثمان؛

ناوی کاتب: موحەممەدنەسیری کوڕی موحەممەد ئەشرەف ئەلمەرائلی ئەلنائینی؛

ژمارەی کتاب: ٩٧٠٥٧؛

ئەندازە: ---؛

ساڵی نووسین: ئەوایلی زیقەعدەی ١١٠٧ق؛

شێوەی خەت: نەسخی پوختە؛

لاپەڕە: گ ١پ-٣٣ڕ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: ---؛

کۆتاییی کتێب: ---؛

تێبینی: لەناو مەجمووعەدا هاتووە.

**٥- ناوی کتێب: شرح الایساغوجی، الفوائد الفناریە؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: مەنتق؛

ناوی نووسەر: شەمسەددین موحەممەدی کوڕی حەمزەی فەناری؛

ناوی کاتب: یووسفی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حوسەینی کوڕی کاکۆری بەرزنجی؛

ژمارەی کتاب: ٩٧٠٦٩؛

ئەندازە: ---؛

ساڵی نووسین: سەدەی ١١ق.

شێوەی خەت: تەحریری؛

لاپەڕە: گ ٣٢پ-٦٠ڕ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: حمدا لک اللهم علی مالخصت لی منح عوارف الافاضل...

کۆتاییی کتێب: والعقده ای المعتمد علیه هو البرهان لاغیر لان تحصیل العقاید الحقه و تنزییل العقاید الباطله لیس الا به. ولیکن هذا آخر الرساله فی المنطق ختمنا الله تعالی بالعقاید الحقه و زوائل العقائد الباطله و حشرنا فی زمره الشهداء و الصالحین.

تێبینی: ئەم کتێبە لەناو مەجمووعەدایە و لە بەشی چوارەمدایە.

**٦- ناوی کتێب: شرح رساله العضدیه؛ الوضعیه؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: مەنتق؛

ناوی نووسەر: ---؛

ناوی کاتب: یووسفی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوڕی کاکۆری، مەشهوور بە بەرزنجی؛

ژمارەی کتاب: ٩٧٠٦٩؛
ئەندازە: ---؛
ساڵی نووسین: ---؛
شێوەی خەت: تەحریری؛
لاپەڕە: گ ٣پ-٢٢ڕ؛
جۆری کاغەز: ---؛
سەرەتای کتێب: الحمد لله الذی خص الانسان بمعرفه اوضاع الکلام و مبانیه...
کۆتایی کتێب: فانه جزئی لذلک المشخص، و کذا الحال فی مثل هذه الصوره. تمت الرساله الوضعیه بعون الملک الرحمان علی ید...
تێبینی: لەناو مەجمووعەدایە و ناوی نووسەری تێدا نەهاتووە؛ پێدەچێت کاتبی نووسەر یەکێک لە خوێندکارەکانی بووبێت و ناوی خۆی هێنابێت، «تلمیذ سید المحققین، مولانا خواجه علی السمرقندی».

**٧- ناوی کتێب: شرح شرح الزوراء؛**

زمان: عەرەبی؛
بابەت: عیرفان؛
ناوی نووسەر: مەلا شێخ کوردی؛
ناوی کاتب: عەبدولقادر لە شاری سەنەندج بۆ شێخ موحەممەدسەعید مودەڕیس لە مەدرسەی جەدیدەی سەنەندج نووسراوەتەوە؛
ژمارەی کتاب: ٦١٣٣٦؛
ئەندازە: ---؛
ساڵی نووسینەوەی دانراوەکە: ٨ی ڕەجەبی ١٠١٨ق؛
ساڵی نووسین: ١٢٣١ق؛
شێوەی خەت: نەسخی تەحریری؛
لاپەڕە: گ ١٢پ-٥١ڕ؛
جۆری کاغەز: ---؛
سەرەتای کتێب: الفقیر الحقیر المتوحد بجلال وحده ذاته فی کمال کثره اسمائه و صفاته...؛
کۆتایی کتێب: الفقیر الحقیر الشهیر بملا شیخ الکردی. قبیل الظهر الاول من الربعاء الثامن من شهر رجب ١٠١٨ق... قد تم الکتاب بعون الملک الوهاب بید... عبدالقادر لاجل.
تێبینی: ئەم دەستنووسە لەناو مەجمووعەدایە.

**٨-    ناوی کتێب: شرح العزی؛ شرح التصریف؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: سەرف؛

ناوی نووسەر: نەناسراو؛

ناوی کاتب: عەبدولغەفوور بۆ موحەممەدعەلی نووسیویەتییەوە؛

ژمارەی کتاب: ٥٧٥٦٦؛

ئەندازە: ١٨س، ١٣×٦/٥سم؛ ١٧/٥×١١سم؛

ساڵی نووسین: ١٣١ (١١٣١ق؟) مەتنی ژێرەوە بە خەتی سوور نووسراوە؛

شێوەی خەت: نەسخی تەحریری؛

لاپەڕە: ٦٨گ؛

جۆری کاغەز: کاغەزی فەرەنگی نۆکی؛

سەرەتای کتێب: الحمد لله الذی زین جمیع الاشیاء بوجود **نبیّ** من الانبیاء، و شرفهم بکرامته...

کۆتاییی کتێب: بکسرفاء الفعل فیهما ای حسن النوع من ... الجلوس. تم الکتاب....

**٩-    ناوی کتێب: شرح المقدمه الحضرمیه فی الفقه الشافعیه؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: فیقهـ؛

ناوی نووسەر: نەناسراو؛

ناوی کاتب: ئیبن بەلەدوەیسی نۆدشەییی ئەسڵ لە مەدرسەی دارولئیحسان بۆ مەلا موحەممەدشەریفی کوڕی مەلا مەحموودی هەجی ئەسڵ نووسراوەتەوە؛

ژمارەی کتاب: ٧٨٧٢٦؛

ئەندازە: ١٥س، ١٠×١٧سم؛ ١٦/٥×٢٤سم؛

ساڵی نووسین: ١٢٤٢؛

شێوەی خەت: نەسخی تەواو؛

لاپەڕە: ١٥٤گ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: حمدله. حمدا یوافی نعمه و یکافئی مزیده؛

کۆتاییی کتێب: تحملها و اداوها للعذر فی جمیع ذلک بخلاف اضداده. الحمد لله الذی وفقنا لاتمام هذا الکتاب....

**١٠- ناوی کتێب: شرح الملخص فی الهیئه؛ شرح چغمینی؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: ئەستێرەناسی؛

ناوی نووسەر: چغمینی- قازیزادەی ڕۆمی، مووسای کوڕی مەحموود؛

ناوی کاتب: حەسەنی کوڕی عەبدولغەفووری کوڕی جامی حوسەینی پیر خزرمی میهرەبانی موکری؛

ژمارەی کتاب: ١٠٧٦٢١؛

ئەندازە: ---؛

ساڵی نووسین: ١١٢٥ق؛

شێوەی خەت: نەسخی تەحریری تەواو؛

لاپەڕە: گ ١ر-٧٢ر؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: الحمد لله الذی جعل الشمس ضیاء والقمر نورا...

کۆتاییی کتێب: کما لا یخفی علی من له درایه فی الحساب. وهو اسرع الحاسبین. قال المصنف سئلت عن تاریخه، قلت لهم ارخوا ٨٠٨. الله اعلم بالصواب والیه المرجع....

تێبینی: لەناو مەجمووعەدا هاتووە.

**١١- ناوی کتێب: الفوائد البرهانیه فی تحقیق الفوائد الفناریه؛ الفرائد البرهانیه فی تحقیق الفوائد الفناریه؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: مەنتق؛

ناوی نووسەر: بورهانەددین کوڕی کەمالەددین حەمید؛

ناوی کاتب: یووسفی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوڕی کاکۆر «کاکەسوور» ناسراو بە بەرزنجی، سەدەی ١١ق؛

ژمارەی کتاب: ٩٧٠٦٩؛

ئەندازە: ---؛

ساڵی نووسین: ---؛

شێوەی خەت: تەحریری؛

لاپەڕە: گ ١٠٦پ-١٦٣پ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: الحمد لله الذی زین الاذهان باکتسان التصور والتصدیق... بعد، فیقول الفقیر... برهان‌الدین بن کمال‌الدین بن حمید...
کۆتاییی کتێب: قوله. ومن الرفعای السلب. تمت....
تێبینی: لەناو مەجمووعەدا بە ژمارە ٦ هاتووە.

### ١٢- ناوی کتێب: قصیدهٔ شکوائیه؛

زمان: فارسی؛
بابەت: شعر؛
ناوی نووسەر: موحەممەدوەسیم سەنەندجی؛
ناوی کاتب: نووسراوە «جهت مخلص خود فضایل مآب شیخ ابوالخیر»؛
ژمارەی کتاب: ٧٨٧٢٤؛
ئەندازە: ---؛
ساڵی نووسین: ج ١٢٩٩/٢ق؛
شێوەی خەت: نەستەعلیق؛
لاپەڕە: گ ١٤٩پ-١٥٠ر؛
جۆری کاغەز: ---؛
سەرەتای کتێب: دلم گرفت ز جور زمانه و ایام/ ولی چه چاره کنم، اوفتادەام دردام؛
کۆتاییی کتێب: چه روز حشر موازین قسط بگذارند/ من و مرافع□ خویش و مردم ایام.
تێبینی: لەناو مەجمووعەدا بە ژمارە ٥ هاتووە.

### ١٣- ناوی کتێب: الکافیه؛

زمان: عەرەبی؛
بابەت: نەحو؛
ناوی نووسەر: ئیبن حاجیب، ابوعمرو عثمان؛
ناوی کاتب: اقل السادات محمد موسوی بن مرحوم میرزا محمدتقی طبیب؛
ژمارەی کتاب: ١١٥٣٨٢؛
ئەندازە: ١٥/٥×٩/٥سم؛
ساڵی نووسین: ٦ی سەفەری ١٢٤٧ق؛
شێوەی خەت: نەستەعلیق؛
لاپەڕە: ٧٢گ، ٦س، ١٢×٥/٥سم؛

جۆری کاغەز: ئاهاری بەرەو سەوزی نۆکی؛
سەرەتای کتێب: ---؛
کۆتایی کتێب: ---.

**١٤- ناوی کتێب: المبدأ والمعاد؛**
زمان: عەرەبی؛
بابەت: کەلام؛
ناوی نووسەر: شێخ عەبدولقادری کوڕی موحەممەدسەعیدی تەختەیی؛
ناوی کاتب: ---؛
ژمارەی کتاب: ٧٨٧٢٤؛
ئەندازە: ---؛
ساڵی نووسین: ج ١٢٩٩/٢ق؛
شێوەی خەت: نەسخی تەحریری؛
لاپەڕە: گ ١٣٥ڕ-١٣٨ڕ؛
جۆری کاغەز: ---؛
سەرەتای کتێب: بسمله. بعد حمده على ما هدانا الى طريق الحق. طريق رسول الى الخلق عليه وعلى آله واصحابه... يقول العبد... عبدالقادر بن المرحوم محمد السعيدى الغفارى التختى...
کۆتایی کتێب: خاتم الانبياء لثبوت صدقه بالمعجزات. وهذا هو نبينا ص الى يوم القيامه رزقنا الله تعالى خير الاولى والاخره بجاهه.

**١٥- ناوی کتێب: المتعه؛ فتوايى در متعه؛**
زمان: عەرەبی؛
بابەت: فیقهـ؛
ناوی نووسەر: موحەممەد، ناسراو بە ئیبن حاج؛
ناوی کاتب: موحەممەدڕەحیمی کوڕی لوتفوڵڵا؛
ژمارەی کتاب: ٩٥٦٠٣؛
ئەندازە: ---؛
ساڵی نووسین: شەممە، ڕەمەزانی ١٣٣٣ق؛
شێوەی خەت: نەسخی تەحریری تەواو؛

لاپەڕە: گ ٢٧پ-٢٨ر؛
جۆری کاغەز: ---؛
سەرەتای کتێب: الحمد لله اولا و آخرا، وله الشكر باطنا وظاهرا... اما بعد، فقد سئلنی... احمد پاشا...
کۆتاییی کتێب: بمجرد اخباره. انتهی. کتبه... محمدرحیم بن لطفالله... بامر استاذنا... علاءالدین الهجیجی اداماللە عمره....

**١٦- ناوی کتێب: مخزن الرسائل؛**
زمان: فارسی؛
بابەت: نامەنووسی؛
ناوی نووسەر: نەناسراو؛
ناوی کاتب: ---؛
ژمارەی کتاب: ٧٨٧٣٥؛
ئەندازە: ٢٠/٥×١٣سم؛
ساڵی نووسین: ---؛
شێوەی خەت: نەستەعلیقی شێوە شکەستە؛
لاپەڕە: ٨٠+٦گ، ١٥س ٨×١٤سم؛ ٨/٥×١٥/٥سم؛
جۆری کاغەز: کاغەزی فەرەنگی ڕەنگاوڕەنگ، نۆکی و شین...؛
سەرەتای کتێب: ---؛
کۆتایی کتێب: ---.
تێبینی: ئەم کتێبە کۆمەڵەنامەیەکی نووسەر، شاعیر، مەلا و سیاسییانی دەورەی قاجارە و کۆکراوەتەوە، نامەکان هیی کۆتاییی سەدەی ١٣ و ١٤ی کۆچییە.

**١٧- ناوی کتێب: الوضعیه؛ الرساله العضدیه؛**
زمان: عەرەبی؛
بابەت: مەنتق؛
ناوی نووسەر: قازی عزەددین (عضدالدین) عەبدولڕەحمانی کوڕی ڕوکنەددینی کوڕی ئیجی شیرازی؛
ناوی کاتب: یووسفی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەسەن (حوسەین)ی کوڕی کاکۆری کوڕی حەسەن، ناسراو بە بەرزنجی؛

ژمارەی کتاب: ٩٧٠٦٩؛

ئەندازە: ---؛

ساڵی نووسین: ---؛

شێوەی خەت: تەحریری؛

لاپەڕە: گ ٢پ-٣پ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: بسمله. هذه فائده تشتمل على مقدمه و تنبيه وتقسيم وهاتمه...

کۆتاییی کتێب: الثانى عشر. لا يرييک تعاوض الالفاض بعضها مكان بعض، اذا لمعتبر الوضع الافرادى. تمت.

تێبینی: لەناو مەجمووعەدا بە ڕیسالەی ژمارە یەک هاتووە.

**١٨- ناوی کتێب: الوضعيه؛ علم الموضع، الرساله الوضعيه؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: مەنتق؛

ناوی نووسەر: مەولانا ئەبووبەکری ڕۆستەمی لە کوردانی عێراقە؛

ناوی کاتب: موحەممەدڕەشید؛

ژمارەی کتاب: ٥٧٥٦٩؛

ئەندازە: ---؛

ساڵی نووسین: ١٢٧٨ق؛

شێوەی خەت: نەسخی تەحریری؛

لاپەڕە: گ ١١٣ڕ-١١٦ڕ؛

جۆری کاغەز: ---؛

سەرەتای کتێب: الحمد لله الذى دل على وجوب وجوده استحاله الدور وامتناع تاثير...

کۆتاییی کتێب: برحزئيا لعمر وابى حفص **او كليّا واسد...** الرساله المنسوبه الى مولانا ابى‌بكر اكبر روستمى....

**١٩- ناوی کتێب: وفيات الاعيان فى انباء ابناء الزمان؛**

زمان: عەرەبی؛

بابەت: ژیاننامە؛

ناوی نووسەر: ئیبن خەلەکان؛

ناوی کاتب: مەهدی کوڕی عەلینەقیی تەبرێزی؛
ژمارەی کتاب: ٧٨٧٣٢؛
ئەندازە: ٢٠×٣٤سم؛
ساڵی نووسین: ٢٨ ج٢/١٢٧٥ق؛
شێوەی خەت: نەسخی تەحریری؛
لاپەڕە: ٤٢٨ ژمارەی هەیە؛
جۆری کاغەز: ---؛
سەرەتای کتێب: یقول العبد... احمد بن محمد... بعد حمد لله الذی تفرد بالبقاء...
کۆتایی کتێب: وخرجت منها بکره یوم الخمیس ثامن ذی القعده ٦٦٩ فلما وصلت الی القاهره... ثم قصدت لاتمام هذا الکتاب... فمن وقف علی هذا الکتاب من اهل العلم و رأی فیه شیئا من الخلل فلا یعجل بالمواخذه... والله یستر عیوبنا بکرمه الضافی ولا یکدر علینا ما منحنا فی مشرع....

## سەرچاوەکان


. منزوی، احمد (١٣٨٤): فهرست نسخەهای خطی کتابخانۀ مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی، جلد دوم، از شماره ٥٤٢-١١٥٠، مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی (بخش کتابخانه)، تهران.

خال ۷

ړیکلام

# کتێبی (معالم السنة النبوية)

کتێبەکە پوختەی (14) سەرچاوەی فەرموودەیە دوو صەحیحەکە و چوار سوننەنەکە و مەسنەدی ئیمام ئەحمەد و صەحیحی ئیبن حیبان




کتێبەکە لە چوار بەرگ پێکدێت و هەر بەرگەی لە دووتوێی (573) لاپەڕەدایە

ڕیکلام

# بڵاوکراوەی نوێی

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

